وەرزنامەی

# تورکیاناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە ( ٤ ) ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠٢٤

- پرۆژەی رێگەی گەشەپێدان و لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان.
- (15)تەمموز، یەکلاییبونەوەی ململانێ ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە تورکیا.
- پاڵنەرەکانی تورکیا بۆ ئۆپراسیۆنی سەربازی لە هەرێمی کوردستان.
- مشتومڕی دەستور، پێویستی یاخود سەرقاڵکردنی شەقام.
- کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕاودا.

دیداری تورکیاناسی لەگەڵ د. مستەفا پێکۆز:
هاوکیشەی سیاسی لە تورکیادا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

CFS
Center for Future Studies

**گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.**


ژمارە (٤)،ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: بەختیار ئەحمەد صاڵح
بەڕێوەبەری نووسین: ئەحمەد سیروانی



بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.عابد خالد رسول
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول



نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان
هەڵەگر: گرووپی زەنوێر (هەژیر عەبدولڕەحمان)



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

وەرزنامەی
# تورکیاناسی

تورکیاناسی؛ گۆڤارێکی تایبەتمەندە بە توێژینەوە و شیکاری سیاسەت و ستراتجی تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات.
دەرکردنی گۆڤارێکی لەم شێوەیە ئەگەر بۆخۆی پێدانی مەعریفەی گشتی بێت، ئەوا لە ئاستە تایبەتیەکەیدا ئەرکێکی وردتری هەیە کە هەوڵدەدات شرۆڤەو بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پرس و بڕیار و سیاسەتانە بکات کە تورکیای نوێ وەک پاشماوەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژویی بەرامبەر گەلان و وڵاتانی جیهان دەیانگرێتەبەر، لەناویشیاندا بەرامبەر بە گەلی کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە بەهۆی بوونی کومەڵێک فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کەلتورییەوە کاریگەری و لێکەوتەو دەرهاویشەکانی بۆسەر ئێمەی کورد زیاترەو ئەستەمە نادیدەیان بگرین و خۆمانی لێ بەدوربگرین.
هەروەها تورکیای نوێ وەک کارەکتەرێکی هەرێمایەتی و ئەندامی بەهێزترین هاوپەیمانی سەربازی (ناتۆ) وایکردوە بەردەوام جوڵەو کاروکردەوەکانی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە بێت. لەم روانگەیەوە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەرکردنی گۆڤارێکی پسپۆڕی تایبەتی بە تورکیا بە پێویست و گرنگ زانیوە.
تورکیاناسی کار دەکات لەسەر ئەوەی کە تورکیا وەک خۆی بناسێت بە بێ هیچ جۆرە پێش داوەرییەک تا بتوانێت ئەو دەرفەت و هەڕەشانە بخوێنێتەوە کە تورکیا دەتوانێت دروستی بکات لە پرسە جیهانی و هەرێمایەتیەکان و پرسی کورد بەتایبەتی.

# ناوەرۆك

## سەروتار


◇ بەدیلی ئۆپراسیۆنە سەربازییەكان.......بەختیار ئەحمەد ساڵح | ٥


## توێژینەوە


◇ پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە نێوان توركیا و عێراق؛ لێكەوتەكانی لە سەر هەرێمی كوردستان....زانیار حەمەد محەمەد ساڵح | ٩

◇ (15)ی تەمموزی (٢٠١٦)؛ شەوی یەكلاییبوونەوەی ململانێی ئیسلامی سیاسیو كۆمەڵایەتی لە توركیا.........ئەحمەد سیروانی | ٢٥

◇ پاڵنەرەكانی توركیا بۆ ئۆپراسیۆنی سەربازی لە هەرێمی كوردستان.......بەختیار ئەحمەد ساڵح | ٤٧

◇ پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (گاپ) لە نێوان واقیعو لێكدانەوەی سیاسیدا.......هاوبەش عەبدوڵڵا ئەحمەد | ٦١


## وەرگێڕان


◇ مشتومڕی دەستور، پێویستی یاخود سەرقاڵكردنی شەقام.......وەرگێڕانی: سەركۆ عەلی عەبدولقادر | ٨١

◇ بۆچی گرژییەكانی نێوان توركیا و ڕوسیا لە هەڵكشانداییە؟.......وەرگێڕان: توركیاناسی | ٩٥

◇ نزیكبوونەوەكانی توركیاو میسر؛ ئاڵنگاریو بەرژەوەندیی هاوبەش.......وەرگێڕانی: ئیسماعیل حاجی زەڵمی | ١٠١

◇ ستراتیژی دوای هەڵبژاردن و سیاسەتی توركیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.......وەرگێڕانی: لاڤە ڕەسوڵ | ١١٧


## چاوپێكەوتن


◇ "ئەناساندنی پەكەكە وەك گرووپێكی تیرۆریستی لەلایەن بەغدادەوە ئاماژەیە بۆ شكستی توركیا لە ڕووی دیبلۆماسییەوە" | ١٢٧
سازدانی: توركیاناسی


## خوێندنەوەی كتێب


◇ كوردەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕاودا.......فەرهاد قادر كاكۆ | ١٤٥


## چەمكناسی


◇ میللی گیۆروش.......توركیاناسی | ١٥٧

# سەروتار

## بەدیلی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان



بەختیار ئەحمەد ساڵح

لە دوای سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لە مانگی نیسانی ڕابردوودا، زۆرێک لە چاودێران پێشبینیی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی سەربازیی تورکیا دەکەن بۆ قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی دورخستنەوە بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لە سنوورەکانی، بە پێی بۆچوونی شرۆڤەکارانی سەربازی ئامانجی ئۆپراسیۆنەکە شاخی گارەو کۆنترۆڵکردنی تەواوەتیی سنووری تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دوورخستنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکەیە. کۆنترۆڵکردنی شاخی گارە، کە بەرزییەکەی (٢٢٥١) مەتر لە سەر ئاستی دەریاوەیەو درێژییەکەی (٣٨.٩) کیلۆمەترە، هەم بۆ تورکیا گرنگەو هەم بۆ پەکەکە، بەو پێیەی کە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک و ناوەندی شارۆچکەکانی مێرگەسوور، ئاکرێ، ئامێدی و زاخۆ بەیەکەوەدەبەستێتەوە. لە بناری شاخەکە (٩٤) گوند هەبووە، کە (٥٥) گوندیان لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە بە تەواوی چۆڵکراون و دانیشتوانەکەی ئاوارەبوون بە هۆی بۆردومانەکانی تورکیاوەو تەنها (٣٩) گوند ماونەتەوە. وەک ئامادەکارییەک بۆ ئۆپراسیۆنەکانی هاوین، لە سەرەتای ساڵەوە تورکیا بە چەکی قورس و فڕۆکە سنووری ناوچەکە دەکاتە ئامانج بۆ دروستکردنی گوشارو ناچارکردنی گوندنشینان و خەڵکی سڤیل، هەتا ناوچەکە چۆڵبکەن و تورکیا بتوانێت ئاسانتر ئۆپراسیۆنەکانی بکات. ئەم ڕێکارە زۆر جار لەلایەن سوپای تورکیاوە جێبەجێکراوە لە هەرێمی کوردستان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەیەکی دیاریکراو.

ئەمە یەکەم جار نییە تورکیا ئۆپراسیۆنی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی شاخی گارە بکات. لە مانگی شوباتی ساڵی (٢٠٢١)دا تورکیا ئۆپراسیۆنێکی بۆ گارە کرد، لە ڕێگەی بەکارهێنانی شەش کۆپتەرەوە، بە پاڵپشتیی فڕۆکەی جەنگیو فڕۆکەیبێفڕۆکەوان لە هەوڵێکدا بۆ ڕزگارکردنی (١٢) دەستگیرکراو، دوای چوار ڕۆژ لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی قورس، هێزە سەربازییەکانی تورکیا بەبێ دەستکەوت لە شاخەکە کشانەوەو کۆتاییان بە ئۆپراسیۆنەکە هێنا.

تورکیا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ نزیکبوونەوە لە ئامانجەکەیو دورخستنەوەی پەکەکە لە نزیک سنوورەکانی، هەموو توانا سەربازیو داراییەکانی خۆی خستووەتەگەڕ، بە هەزاران کەس لە هەردوولا کوژرانو بیرندرابوون، بەبێ ئەوەی ئاڕاستەی چەکەکان توانیبێتی هیچ شتێک لە ئاڕاستەی ململانێکە بگۆڕێت.

جەنگ دوا قۆناغی ململانێیە، مەترسیداترین قۆناغیشە، هەمیشە لە نێوان جەنگو ململانێدا جێگرەوەی دیکە هەیە، کەناڵە دیبلۆماسییەکان باشترین بژاردەن کە دەتوانن کەلێنی نێوان جەنگو ململانێ پڕبکەنەوە.

تورکیا دەبێت لەو ڕاستییە تێبگات کە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان جگە لە ئاڵۆزکردنی دۆخەکە، پێشبینیناکرێت لە سەر ئەرزی واقیع ئەنجامێکی هەبێت، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، تورکیا بە دەیان چالاکیو ئۆپراسیۆنی کردووە، لە کۆتاییدا قسەو باس تەنیا باسکردنی زیانە مادديو گیانییەکان بووە.

بۆ پەکەکەیش پرسەکە هەر چۆنێک بێت، هاوکێشەکە ڕوونە؛ چەک لەم سەردەمەدا ناتوانێت شتێکی ئەوتۆ لە دۆزەکە بگۆڕێت، سەردەمەکە خەباتێکی مەدەنیی ڕوونو ڕاستی پێویستە، کە هەردوولا باوەڕیان بە گفتوگۆ هەبێت. دواجار هەر ئەوە ڕێگە دروستەکەیە.

توێژینەوەکان

تورکیاناسی

# پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە نێوان تورکیا و عێراق؛ لێکەوتەکانی لە سەر هەرێمی کوردستان

زانیار حەمەد محەمەد ساڵح

**پێشەکی**

ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، نوێنەرایەتیی دوو لایەنی بەرچاوی ستراتیژیی نەتەوەیی تورکیا دەکەن، هەردوو ستراتیژییەکە وابەستەی یەکترینو کاریگەرییان لە سەر یەکتری هەیە، شکستهێنانی هەر یەکێکیان کاریگەریی نەرێنیی ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر ئەوی تریان. لە کاتێکدا ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان ئامانجیان ئاسایشی نەتەوەییە لە بەرانبەر هەڕەشە هەستپێکراوەکان لەلایەن پەکەکەوە، پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان تورکیا بەرەو سەردەمێکی نوێی خۆشگوزەرانیی ئابووریو کاریگەریی ناوچەیی دەباتو ستراتیژیی ئاسایشو گەشەپێدان بەردەوام کاریگەریی دەبێت لە سەر داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆییو دەرەوەی تورکیا، کە کاریگەریی قوڵی لە سەر داهاتووی ڕێڕەوی سیاسیو ئابووریی ئەو وڵاتە دەبێت. ئەم ڕێبازە گشتگیرە، هەرچەندە پڕە لە ئاڵنگاری، بەڵام جەخت لە سەر خواستەکانی تورکیا دەکاتەوە بۆ پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی خۆی لە

گۆڕەپانی ناوچەیی‌و جیهانیدا. سەرکەوتنی ستراتیژییەکانی تورکیا بەندە بە چەند هۆکارێکەوە. کاریگەریی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان بۆ لەناوبردنی هەڕەشەکانی پەکەکە، لەگەڵ هەوڵە دیبلۆماسییەکان بۆ چارەسەرکردنی ناڕەزایەتییەکانی کورد، یەکلاییکەرەوە دەبێت. لە هەمان کاتدا جێبەجێکردن‌و بەڕێوەبردنی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان پێویستی بە پلاندانان‌و وەبەرهێنان‌و هاوکاریی ناوچەیی بەهێزدەبێت. هاوسەنگکردنی ئەم دوو ئامانجە کلیلی دڵنیابوون دەبێت لەوەی کە تورکیا دەتوانێت هەم گەشەی ئەمنی‌و هەم گەشەی ئابووری بەدەستبهێنێت.

## پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە نێوان تورکیاو عێراقدا

کەسانێک هەن کە پێیانوایە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان پڕۆژەیەکی نوێ نییەو بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم‌و لە بنەڕەتدا بریتییە لە دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەری "بەسرە – بەغدا – بەرلین"، بەڵام ئەم پڕۆژەیە بە هۆی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ڕاگیراو دواتر بیرۆکەی دامەزراندنی پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە یان پڕۆژەیەکی هاوشێوەی جارێکی تر پێشنیارکرایەوە، کاتێک حکومەتە یەکلەدوایەکەکانی عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ژێر ناوی "کەناڵی وشک"دا قسەیان لە سەر کرد.

کۆمپانیای کۆریای باشوور (Daewoo) ڕاسپێردرا بۆ کارکردن لە سەر جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.(١) سەرەتا پڕۆژەکە بە"کاناڵی وشک" ناونرابوو بەر لەوەی لە ئازاری (٢٠٢٢) بگۆڕدرێت بۆ "پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان" یاخود ڕێگەی گەشە، کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەکەی نێوان محەمەد شیاع سودانی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراق‌و ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیادا، کە لە ئازاری (٢٠٢٢) لە ئەنقەرە کرا، ئێستا پڕۆژەکە بە "بناغەی پڕۆژەی ئابووریی بەردەوامی نانەوتی" ناودەبرێت.

پڕۆژی"ڕێگەی گەشەپێدان" پرسی گرنگی سەردانەکەی (٢٢ – ٢٤)ی ئابی (٢٠٢٣) ی هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، بوو بۆ عێراق، ئەمە جگە لە گفتوگۆکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، لە لوتکەی سەرکردەکانی (G٢٠) دا کە لە ڕۆژانی (٩)و (١٠)ی ئەیلوولی (٢٠٢٣) لە نیودەلهی بەڕێوەچوو. ڕۆژی (٢٧)ی ئایاری (٢٠٢٣)، بە بەشداریی نوێنەری هەریەک لە وڵاتانی سعودیە، تورکیا، سوریا، ئوردن، کوێت، بەحرەین، قەتەر، ئیمارات، عومان‌و ئێران، هەروەها نوێنەرانی بانکی نێودەوڵەتی‌و یەکێتیی ئەوروپا، کۆنفرانسی "ڕێگەی گەشەپێدان" لە بەغدا بەڕێوەچوو.(٢) ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، (٢٢)ی نیسانی (٢٠٢٤) لە سەردانێکی فەرمیدا سەردانی بەغدای پایتەختی عێراقی کرد. سەردانەکەی

ئەردۆگان بۆ عێراق دوای (١٣) ساڵ بوو، کە تێیدا ڕێککەوتنی "پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان" لەلایەن بەرپرسانی باڵای هەردوو وڵاتەوە واژووکرا.(٣) بە پێی ڕاگەیەنراوێکی نوسینگەی محەمەد شیاع سودانی، عێراق و تورکیا لە سەردانە یەکرۆژییەکەی ئەردۆگاندا زیاتر لە (٢٦) ڕێککەوتننامەیان واژووکردووە، ئەردۆگان و سودانی، هەروەها سەرپەرشتیی واژووکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی چوارقۆڵیی نێوان تورکیا، عێراق، قەتەرو ئیماراتیان کرد بۆ هاوکاریی هاوبەش لە سەر پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانی عێراق، کە (١٧) ملیار دۆلاری تێدەچێت، هەریەک لە وەزیری گواستنەوەو هەواڵداری قەتەرو وەزیری ژێرخان و گواستنەوەی ئیمارات ئامادەبوون. پڕۆژەی ڕێگەوبان و شەمەندەفەرەکە بە درێژایی (١٢٠٠) کیلۆمەتر (٧٤٥ میل)، ئامانجی ئەوەیە عێراق بکاتە ناوەندێکی ترانزێت، ئاسیاو ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە(٤). دوای تەواوبوونی "بەندەری فاو" دەبێتە یەکێک لە گەورەترین بەندەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە درێژییەکەی (١٤) هەزارو (٥٢٣) مەتر دەبێت. ئەو پڕۆژەیەی باسکراوە، عێراق بە ڕێگەی وشکانی و هێڵی شەمەندەفەرەوە بە ئاسیاو ئەوروپا دەبەستێتەوەو ئامانجیشی کەمکردنەوەی کاتەکانی گواستنەوەو گۆڕینی ناوچەکەیە بۆ ناوەندێکی ترانزێت. پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان کە بە "ڕێگەی ئاوریشمی عێراق" ناودەبرێت، وەک تێپەڕگەیەکی ڕکابەری نۆکەندی سوێس دادەنرێت و ئامانج لێی خێراکردنی گواستنەوەی کاڵاو شتومەکی بازرگانییە لەم ڕێگەیەوە. ئەو هێڵی ئاسنین و ڕێگە خێرایە کە بەندەری فاو بە سنووری تورکیاوە دەبەستێتەوە، بۆیە ئامادەیە ڕکابەریی هەردوو دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگەوبانی چین و کۆریدۆری ئابووریی هیندستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەوروپا بکات، کە هیچ کامیان بە عێراقدا تێناپەڕن.(٥) هێڵی پڕۆژەی گەشەپێدانی ستراتیژی بریتییە لە گواستنەوە لە بەندەری گەورەی فاوەوە لە بەسرە لە باشووری عێراق بۆ ناوچەی پێشخابوور لە سەر سنووری تورکیا. لەو چوارچێوەیەدا، هێڵێکی شەمەندەفەر بە درێژیی (١١٧٥) کیلۆمەترو ڕێگەیەکی وشکانی بە درێژی (١١٩٠) کیلۆمەتر دروستدەکرێت، ڕێگەکە لە باشووری وڵات دوو ڕێڕەوی جیاوازی هەیە، بەڵام لە باکووری پارێزگای کەربەلا یەکتر دەبڕن، پاشان هاوتەریبی یەکتر دەڕۆن هەتا دەگەنە ناوچەی پێشخابوور، لە بەندەری گەورەی فاو لە باشوورەوە درێژدەبێتەوە، پاشان بە پارێزگاکانی بەسرە، زیقار، کەربەلاو نەجەف، بەغدای پایتەخت، سەلاحەدین و نەینەوادا، تێدەپەڕێت و لە خاڵی سنووریی پیشخابوورەوە بەرەو دیوی تورکیا کۆتاییدێت. ڕێگەکە بە ناو (١١) پارێزگای عێراقدا تێدەپەڕێت.




**نەخشەی (١): هێڵی وشکانیو شەمەندەفەر لە عێراقو تورکیا ڕووندەکاتەوە**
**سەرچاوە: (https://www.aa.com.tr)**

کارەکانی دروستکردنی بەندەری گەورەی فاو لە پارێزگای بەسرە لە باشووری عێراق بەردەوامە، کە بە یەکەم وێستگەی پرۆژەی "ڕێگەی گەشەپێدان" دادەنرێت، بەندەرەکەیش دەکەوێتەسەر ڕووباری شەتولعەرەب، کە ئاوی ڕووبارەکانی دیجلەو فورات تێیدا کۆدەبنەوە، پێش ئەوەی بچنە کەنداوی عەرەبییەوە. پرۆژەکە لە ناوچەی بەندەری فاو لە پارێزگای بەسرە دەستپێدەکاتو بە شارەکانی دیوانیە، نەجەف، کەربەلا، بەغداو موسڵدا تێدەپەڕێت، پاشان دەگاتە بەندەری مێرسینی تورکیا. پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای (PEG Infrastructure)ی ئیتاڵییەوە دیزاینکراوەو دوای تێپەڕبوونی بە بەغدادی پایتەختو شاری موسڵدا، کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە، لە گوندی "ئۆڤاکۆی" لە پارێزگای شرناخەوە دەچێتە تورکیا.

بڕیارە لە ساڵی (٢٠٢٥)دا کارەکانی دروستکردنی بەندەری گەورەی فاو تەواوبکرێت، هەروەها پێشبینیدەکرێت (٩٠) شۆستە بۆ لەنگەرکردنی کەشتی تێیدا دروستبکرێت، توانای بەندەری "جەبەل عەلی" لە دوبەی تێبپەڕێنێت، کە (٦٧) شۆستەی بۆ لەنگەرکردنی کەشتی تێدایەو بە گەورەترین بەندەری کۆنتێنەر

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دانراوە، زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە کێبڕکێدەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانیی نێودەوڵەتی بە دامەزراندنی ڕێڕەوی ئابووریی نوێ، تورکیا ئامانجی ئەوەیە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لە بەستنەوەی بازرگانیی نێوان ئاسیاو ئەوروپا. یەکێک لە هەنگاوە هەرە چارەنوسسازەکانی ئەم هەوڵە دامەزراندنی ڕێڕەوێکی ئابوورییە لە نێوان عێراق و تورکیادا.(٦)

ئەم پرۆژەیە بە سێ قۆناغ دەکرێت: قۆناغی یەکەم لە ساڵی (٢٠٢٨) کۆتاییدێت، قۆناغی دووەم لە ساڵی (٢٠٣٨) کۆتاییدێت، قۆناغی سێیەم و کۆتایی پرۆژەکە لە ساڵی (٢٠٥٠) کۆتاییدێت و قازانجی چاوەڕوانکراو بۆ ئەم پرۆژەیە ساڵانە، کە بە زیاتر لە (٤) ملیار دۆلار مەزەندەدەکرێت، ساڵانە خزمەتگوزاریی گەشتکردن بۆ زیاتر لە (١٥) ملیۆن کەس دابیندەکات، زۆرترین خێرایی بۆ گواستنەوەی سەرنشین (٣٠٠) کیلۆمەترە لە کاژێرێکدا بە شەمەندەفەری خێراو نزیکەی (١٥٠) کیلۆمەترە لە کاژێرێکدا بۆ گواستنەوەی کاڵا.(٧)

## ئۆپراسیۆنی تورکیا دژبە پەکەکەو پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان

تورکیا لەم دوایانەدا ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی لە دژی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان چڕترکردووەتەوە. ئەم هێرشانە بە ناوی ئۆپراسیۆنی چنگ-قفڵ، هەردوو هێرشی زەمینیو ئاسمانی لەخۆدەگرێت، کە ئامانج لێی ڕێگریکردنە لەوەی پەکەکە عێراق وەک بنکەیەک بەکاربهێنێت بۆ هێرش بۆ سەر تورکیا. ئەم دەستپێشخەرییە دوای زنجیرەیەک ئۆپراسیۆنی هاوشێوە لە ساڵانی ڕابردوودا دێت و ڕەنگدانەوەی ستراتیژیی بەردەوامی تورکیایە بۆ دامەزراندنی ناوچەی پاراستنی ئەمنی بە درێژایی سنوورەکانی، ئەنقەرە بوونی پەکەکە لە سنوورەکانی بە گەورەترین هەڕەشەی ئەمنی دەزانێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی. (٨) .حکومەتی تورکیا ئەم ئۆپراسیۆنەی وەک ڕێکارێکی پێویست بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی ئەمنیی لەمێژینەی پەکەکە بە پاساو هێناوەتەوە.

**هاوسەنگکردنی هەریەک لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان بۆ لەناوبردنی پەکەکەو هەوڵە دیبلۆماسییەکان بۆ چارەسەری نارەزایەتیی کوردەکان، لەگەڵ بەرێوەبردنی ڕێگەی گەشەپێدان و ئاسانکاری بۆوبەرهێنانی ناوچەیی کلیلی گەشەی ئابووری و ئەمنیی تورکیا دەبێت.**

پەکەکە لەلایەن تورکیاو ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپاوە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسێنراوە، چالاکییەکانی

ئەم دوایییەی تورکیا بریتی بوون لە جێگیرکردنی ئامێرو کەرەستەی پێشکەوتووی سەربازی، وەک سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی (ئێس-٤٠٠)ی دروستکراوی ڕوسیا، بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی سنوورەکانو بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئاسمانییەکانی پەکەکەو قەوارە دوژمنکارەکانی دیکە.(٩) لە کانوونی دووەمی (٢٠٢٣)وە ئەنقەرە ئامادەکاریدەکات بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی بەرفراوان دژی پێگەکانی پەکەکە لە باکووری عێراق، بە ئامانجی دامەزراندنی ناوچەیەکی پارێزراو، کە درێژدەبێتەوە بۆ (٣٠-٤٠) کیلۆمەتر لە قوڵایی خاکی عێراقدا. ئەم دەستپێشخەرییە بریتییە لە دروستکردنی بنکەی چاودێریو سەربازی بۆ چاودێریکردن. ئەنقەرە بە دانانی بە پێویستیی هاوکاریی حکومەتی عێراق بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، هەوڵیداوە ڕێککەوتنێکی ئەمنیی تۆکمە لەگەڵ بەغدادا واژووبکات. ئەم ڕێککەوتنە، کە پەیوەستە بە هاوکاری لە بوارە جیاجیاکاندا، وەک بازرگانیو بەڕێوەبردنی ئاو، بە واژووکردنی (٢٦) یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنو ڕێککەوتنی ستراتیژی لە سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، بۆ بەغدا لە (٢٢)ی نیسانی (٢٠٢٤) جەختی لە سەر کرایەوە، تورکیا ئامانجی پەرەپێدانی هاوکارییە لەگەڵ هەردوو حکومەتی ناوەندی لە بەغداو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە هەولێر.(١٠)

لەگەڵ ئەم هەوڵە سەربازییانەدا، ئەنقەرە ئامادەسازیدەکات بۆ ئەوەی لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێداندا ڕۆڵێکی گرنگو تایبەتی هەبێت لە گۆڕەپانی سیاسیو ئابووریی هەرێمیو نێودەوڵەتی، کە ئامانجی بەرزکردنەوەی بازرگانیو پەیوەندیی نێوان تورکیاو عێراقو ناوچە فراوانەکەیە. ئەم پرۆژەیە کە پەیوەندیی ڕێگەوبانو شەمەندەفەر لەخۆدەگرێت، مەبەست لێی پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانو ئاسانکارییە بۆ هەناردەکردنی کاڵا بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان. پرۆژەکە جەخت لە سەر بەرژەوەندیی ستراتیژیی تورکیا دەکاتەوە بۆ ناوچەکە، نەک تەنها لە ڕوانگەی ئەمنییەوە، بەڵکو لە ڕووی یەکگرتنی ئابووریو کاریگەریی ناوچەییشەوە.(١١)

تورکیا دەیەوێت بەم پرۆژەیە حکومەتی عێراق لە دژی کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێتو لە ڕێگەی گواستنەوەی وزەو پەیوەندییە بازرگانییەکانەوە بەدەر لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، هیوایەکی گەورەی بە دروستکردنی ئەم ڕێڕەوە بازرگانییە هەیە. بە بەرەوپێشچوونی پرۆژەکە، چەمکێکی نوێی لەودیو سنوورەکانی تورکیای هێنایەئاراوە. تورکیا کە پێشتر ئۆپراسیۆنی ئاسمانیو وشکانی بەو شێوەیەی کە ئەمریکا ڕێگەیپێدابوو، لە دژی پەکەکە دەکرد، بەڵام لەم چەند

ساڵەی ڕابردوودا دەستی بە دروستکردنی بنکەی سەربازی لە زنجیرەشاخەکانی هەرێمی کوردستان کردووە. دەکرێت بگوترێت یەکێک لە هۆکارەکانی لەشکرکێشیی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان بە ئامانجی بەرەوپێشچوونی ڕێڕەوەی ڕێگەی گەشەپێدان بوو لە فاوەوە. ئامانجی ستراتیژیی تورکیا بۆ دڵنیابوون لە ڕێگەی گەشەپێدان، داگیرکردنی زنجیرەشاخەکانی هەفتانین، مەتینا، ئاڤاشین، خواکورک، زاپ، گارە، قەندیلو ئاسۆس بوو.(١٢)

**کەسانێک هەن کە پێیانو ایە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان پرۆژەیەکی نوێ نییەو بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەمو لە بنەڕەتدا بریتییە لە دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەری "بەسرە – بەغدا – بەرلین".**

لە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانو عێراقدا، ڕەچاوکردنی ئەمنیو ئابووری دوو بابەتی هەرە گرنگن. تورکیا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە بنکەی سەربازی بۆ ئۆپراسیۆنەکانی دژی پەکەکە لە لە دهۆکو هەولێر دامەزراندووە، هەتا ساڵی (٢٠١٦) ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، زۆربەیان کورتخایەن بوونو ئەنقەرە ئامانجی دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی لەوێ نەبووە، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە (٢٥)ی ئەیلوولی (٢٠١٧) و هەڵوێستی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ؛ سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا، سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریا، ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیای لە هەولێرو دهۆک زیادکرد، هەر بۆیە سوپای تورکیا لە ساڵی (٢٠١٨) دەستیکرد بە دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی لەو شوێنانە.(١٣) بۆ ئەو مەبەستەیش ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، ڕایگەیاندبوو کە پلانی کاریگەریان هەیە بۆ سڕینەوەی پەکەکە بۆ هەمیشەییو دروستکردنی ڕێڕەوی ئەمنی بە قوڵایی (٣٠-٤٠) کیلۆمەتری بە سەر سنووری وڵات لەگەڵ عێراقو سوریادا. ئاماژەی بەوەیش کرد کە هەتا هاوینی ئەمساڵ کێشەکانی سنوور لەگەڵ عێراقدا چارەسەردەکەن. هەروەها یەشار گیولەر؛ وەزیری بەرگریی تورکیا، جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە "تیرۆر چیتر نابێتە کێشە بۆ وڵاتەکەمانو هەتا ئەو کەلێنە ئەمنییە دانەخەینو باکووری عێراق لە تیرۆریستان پاکنەکەینەوە، ئەرکەکانمان کۆتایینایەت."(١٤)

لە لایەکی دیکەوە سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند کە پەیوەندییەکانی تورکیا

لەگەڵ عێراقدا دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، دوای ئەوەی وڵاتانی دراوسێ ڕێککەوتن لە سەر هاوکاریکردن لە دژی "پەکەکەو یەپەگە"، پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان لە ڕێگەی ڕێڕەوێکی نوێی بازرگانیو ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی عێراقەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لە عێراقدا. دواتر ئەردۆگان بە سەردانێکی زۆر چاوەڕوانکراو لە عێراق بوو، کە یەکەم سەردان بوو لەلایەن سەرکردەیەکی تورکیاوە لە ساڵی (٢٠١١)وە، ئەردۆگان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراقدا، ڕایگەیاند کە "من باوەڕی تەواوم هەبوو کە بوونی پەکەکە لە عێراق کۆتاییدێت." لە بەغداد محەمەد شیاع سودانی ئاماژەی بەوە کرد کە هەردوو وڵات ڕێککەوتن لە سەر "چوارچێوەی ستراتیژی"، کە چاودێریی ئاسایشو بازرگانیو وزە دەکاتو هەروەها ڕێککەوتنێکی (١٠) ساڵە لە سەر بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان، کە پێداویستییەکانی عێراق لەبەرچاوبگرێت. سودانی ئاماژەی بەوەیش کرد کە هەردوو وڵات هاوکار دەبن بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی سنوورەکانو مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکاندا، لە ئاکامی ئەو سەردانەدا عێراق بوونی پەکەکەی لە سەر خاکی خۆی بە نایاسایی ناساندو وەك ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو ناویهێنا، بەڵام ئامادەنەبوو وەک تیرۆریست بیناسێنێت. (١٥) بە پێی ئەو زانیارییانەی لە میدیاوە بڵاوکراوەتەوە، بڕیار وایە کە ئۆپراسیۆنی دژ بە پەکەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە ئەم هاوینە دەستپێدەکات، دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەغدادا، تەنیا پەیوەندیی بە ئاسایشەوە نەبێت، بەڵکو ئۆپراسیۆنەکە بەشێک دەبێت لە ستراتیژییەکی فراوانتر، کە پێشنیاری "ڕێگەی گەشەپێدان"ی تێدایە، کە تورکیاو عێراق بەیەکەوەدەبەستێتەوە، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووریو سیاسییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراقدا.

**ئامانجی ڕێگەی گەشەپێدان بریتییە لە کەمکردنەوەی کاتەکانی گواستنەوەو گۆڕینی ناوچەکەیە بۆ ناوەندێکی ترانزێت، هەربۆیە ئەم ڕێگەیە وەک ڕکابەری نۆکەندی سوێس دادەنرێت.**

دەکرێت ئەم هەوڵانە بەرەنگاری هەژموونی گەشەسەندووی ئێران ببێتەوە لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە عێراقدا، بەڵام لە پێناوی سەرکەوتنی هەردوو پلانەکەدا تورکیا پێدەچێت پێویستی بە ڕەزامەندیو گرەنتیی ئێران ببێت. (١٦) ئەنقەرە وەک یەکێک لە هاوبەشە

بازرگانییە سەرەکییەکانی عێراق ماوەتەوەو کاڵای تورکیایش لە عێراقدا باڵادەستە. گرێبەستەکانی ئەم دواییە دەیسەلمێنن کە بەغدادو ئەنقەرە بواری بازرگانیی زیاتر بەهێزدەکەن، هەروەها هاوکاریی دوولایەنە لە بوارەکانی وزە، بەرگری، گەشتیاری، پەروەردە، وەرزش‌و تەندروستیدا پتەوتردەبێت.(١٧)

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە بڵاوکراوەتەوە، تورکیا بیر لەوە دەکاتەوە سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی (ئێس-٤٠٠)ی دروستکراوی ڕوسیا بە درێژایی سنوورەکانی عێراق جێگیربکات، ئەمەیش لە چوارچێوەی ئەو ئۆپراسیۆنانەی ئەگەری هەیە لە داهاتوودا بۆ سەر پەکەکە لە کوردستانی عێراق جێبەجێبکرێت، ئەمە یەکەم ئۆپراسیۆنی تورکیا دەبێت کە سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی (ئێس-٤٠٠) جێگیردەکات لە سنوورەکان، لە دوای کڕینی لە ساڵی (٢٠١٧)، سەرەڕای ئیدانەکردنی بەرفراوان لەلایەن هاوپەیمانەکانی ناتۆوە. لە ئەگەری جێگیرکردنی (ئێس-٤٠٠)، کە بە ئامانجی بەرپەرچدانەوەی فڕۆکەبێفڕۆکەوانەکانە، کە گوایە لەلایەن پەکەکەوە دەستیانکەوتووە، بەڵام شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن کە تواناکانی (S-٤٠٠) لە بەرپەرچدانەوەی فڕۆکەبێفڕۆکەوانە بچووکەکان زیاترە بۆ بەرگریکردن لە مەترسییە ئاسمانییە گەورەکان، لەوانەیش موشەکی کروزو بالیستی، هاوشێوەی ئەوانەی لە هێرشەکانی ئەم دواییەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل بەکارهێنراون.

بڕیاری جێگیرکردنی ئەم سیستەمە دروستکراوانەی ڕوسیا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ناتۆدا ئاڵۆزبکات، بە تایبەتی ئەمریکا، کە بە توندی دژی خاوەنداریەتی‌و ئەگەری بەکارهێنانی (ئێس-٤٠٠) لەلایەن تورکیاوە، بە هۆی نیگەرانییەکانی لە کارپێکردنی یەکترو سازشکردن لە سەر سیستەمی بەرگریی ناتۆوە. ئەگەر بە ڕاستی (ئێس-٤٠٠) لەلایەن ئەنقەرەوە جێگیربکرێت، دەکرێت وەک وەڵامێک بێت بۆ هەڕەشە ئەگەرییەکانی موشەکە بالیستییەکانی ئێران، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی هێرشە موشەکییەکانی ئەم دواییە لە باکووری عێراق، بەڵام ئەگەری جێگیرکردنی (ئێس-٤٠٠) نیگەرانی‌و ئاڵۆزییەکی بەرچاو دەوروژێنێت، بە تایبەتی سەبارەت بە پەیوەندییە ستراتیژییەکانی تورکیا لە ناو ناتۆو ناکۆکیی بەردەوامی لەگەڵ ئەمریکادا لە سەر خاوەنداریەتیی ئەم سیستەمە دروستکراوانەی ڕوسیا.(١٨)

پێکەوەگرێدانی تورکیا لەگەڵ پڕۆژە گەورەکەی‌و ئۆپراسیۆنی دژە_پەکەکە، چانسی سەرکەوتنی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان‌و ئۆپراسیۆنەکان بەهێزتردەکات، بەڵام ئەم پەیوەندییە بەیەکەوە دەتوانێت شمشێرێکی دوولاتیژ

بێت؛ ئەگەر لایەنێکیان شکستیهێنا، لەوانەیە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ڕێگری لە سەرکەوتنی لایەنەکەی تر بکات. بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرشێکی کاریگەر دژی پەکەکە، ئەنقەرە سەرقاڵی دیبلۆماسییەکی چڕ بووە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندیی عێراقو فەرماندەکانی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێراندا، دوابەدوای سەردانەکەی ئەم دواییەی هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ بەغدا، عێراق بەیاننامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ تورکیادا بڵاوکردەوەو تێیدا پەکەکەی بە ڕێکخراوێکی "قەدەغەکراو"و "مەترسیدار بۆ ئەمنیەتی هەردوو وڵات" ناوزەدکرد، کە ئەنقەرە بە سەرکەوتنێکی گەورە سەیریکرد. لەوانەیە تورکیا ئۆپراسیۆنەکەی دژی پەکەکە لە "ناوچەی گارە"، کە دەکەوێتە پارێزگای دهۆک، چڕبکاتەوە. گرنگترین ئامانجی ئۆپراسیۆنەکە دڵنیابوونە لە ئاسایشی ڕێگەی گەشەپێدان، کە بە موسڵدا تێدەپەڕێت، کە نزیکەی (٣٠کم) لە گارەوە دوورە. ئەنقەرە بە تایبەتی نیگەرانە لەوەی کە بوونی پەکەکە لە شەنگال (ڕۆژئاوای موسڵ) ڕەنگە کێشە بۆ پرۆژەکە دروستبکاتو بەم شێوەیە کارەکانی لە هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەشتی موسڵو ڕێگەی گەشەپێدانەوە، بۆیە بەرپرسانی تورکیا دەڵێن: ئەگەر ئەو ڕێڕەوە بکرێتەوە، هەولێرو موسڵو کەرکووکو بەغدا بە هاوبەشی لە پرۆسەکەدا ئاوەداندەکرێنەوە.(١٩)

### ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان

دوای چەندین ساڵ لە قەیرانی ئەمنیو سیاسیو گرژیو ئاڵۆزی لە گۆڕەپانی عێراق، بە تایبەتی دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، عێراق لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرەو دەستپێشخەریو پرۆژەی زۆر هەنگاویناوە، کە هاوکار دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی خۆی لە ناوچەکەو دروستکردنی ڕۆڵێکی ناوچەیی کاریگەرو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو کەنداودا، بۆیە هەنگاوەکانی بە ئاراستەی گەڕانەوەی پێگەی نیشتیمانیی خۆی بووە، لە بەرانبەر دۆزینەوەی جۆرێک لە هاوسەنگی لە پەیوەندییە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکانیدا، کە بووەتە هۆی ناهاوسەنگی.(٢٠)

ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بریتین لە ناسەقامگیریی سیاسی، ئاڵۆزییەکان سەبارەت بە دامەزراوەکانی دەوڵەتو پرسە ئەمنییەکان لە عێراق. هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا دۆخی ئەمنیی عێراق باشتربووە، بەڵام لەوانەیە بوونی گرووپە میلیشیاکان مەترسی دروستبکەن بۆ پرۆژەکە. هەروەها چالاکییەکانی

پەکەکە لە باکووری عێراق مەترسییەکی دیکەیە بۆ پڕۆژەکە. تورکیا، کە پەکەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانێت، ماوەیەکە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئەو گرووپە لە عێراق دەکات، ئاڵۆزترکردنی بابەتەکان، قەیرانی بەردەوامی حوکمڕانیو دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا، بوونی گرووپگەلێک، کە وەک بریکاری زلهێزە دەرەکییەکان کاردەکەن، کە پەیوەندیی جۆراوجۆریان بە حکومەتی عێراقەوە هەیە، ئاستەنگ دروستدەکاتو هەروەها بوونی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، کە شانەی نوستوویان هەیە، ئەگەری زۆرە لە داهاتوودا کێشە بۆ پڕۆژەکە دروستبکات، جگە لەوەیش، هەتا ئێستا هیچ ئاشتەواییەکی تەواو لە نێوان هەولێرو بەغدا نەکراوە، کێشەی چارەسەرنەکراو لە سەر بودجەو دابەشکردنی داهاتی نەوتیو نانەوتی، بەڵام پەیوەندییە نزیکەکانی ئەنقەرە لەگەڵ هەولێر دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ئەم پرسانە کاریگەرییان لە سەر پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان نەبێت. لە هەمان کاتدا ئەردۆگان هەوڵدەدات پڕۆژەکە لە چوارچێوەیەکی ناوچەییدا دابنێت، نەک تەنها وەک دەستپێشخەرییەکی دوولایەنەی نێوان تورکیاو عێراق وێنابکرێت. ڕێگەی گەشەپێدان تەنیا لە ڕێگەی تورکیاوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەورووپاوە نابەستێتەوە، بەڵکو تورکیا بە دەوڵەتانی کەنداویشەوە دەبەستێتەوە. دیدی ئەنقەرە لەم ڕووەوە لەگەڵ سیاسەتی فرەلایەنیدا هاوتەریبە، کە وڵاتانی کەنداو لەم دواییانەدا پەرەیانپێداوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە تورکیا دوای ماوەیەک گرژیو ئاڵۆزی، کار بۆ دووبارە بونیادنانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیماراتو سعودیەدا دەکات.(٢١)

**پێشبینیدەکرێت (٩٠) شۆستە بۆ لەنگەرکردنی کەشتی لە بەندەری فاو دروستبکرێت، بەم جۆرە دەبێتە یەکەم بەندەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە تو انای لەخۆگرتنی زۆرترین کەشتیی کۆنتێنەری هەیە.**

لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی حیزبوڵڵای عێراق، ڕەخنەی توند لە پڕۆژەی ستراتیژیی "ڕێگەی گەشەپێدان" دەگرێت، ئەبوعەلی ئەلعەسکەری؛ گوتەبێژی هێزە چەکدارەکانی حیزبوڵڵای عێراق، لە پۆستێکدا لە سەر پلاتفۆڕمی (X) گومانی حیزبوڵڵای لە دروستکردنی ڕێگەی گەشەپێدان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نەشاردووەتەوەو داوای ڕوونکردنەوەی کردووە. حکومەتی عێراق لە سەروبەندی سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیادا

بۆ بەغدا، ڕایگەیاند کە پێشوو بە هەماهەنگی لەگەڵ تورکیادا دەستیان بە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە کردووەو لەو شارانەی دەبن بە ڕێڕەوی ڕێگەکە، وەك بەغدا، پلانی مەیدانی بۆ ڕێڕەوی ڕێگەکە پەسەندکراوە، بەڵام گوتەبێژی حیزبوڵڵا، کە هێزێکی چەکداری نزیك لە ئێرانە، ڕەخنەی توندی لە حکومەتی عێراق گرتووەو ئاماژەی بە نیگەرانیی هێزەکانی لەو ڕێگەیە پیشانداوەو باسی لەوەیش کردووە کە حکومەتی عێراق جددی نییە لە سەر دوورخستنەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە وڵاتدا.(٢٢)

هۆکارێکی دیکە بریتیی دەبێت لە لایەنی ئەمنیو ڕێگریکردن لە بوژانەوەی باکووری کوردستان، لەبەرئەوەی هێڵی شەمەندەفەر لە ناوچە کوردییەکاندا نییە یان زۆر خراپە. ئایا تورکیا چۆن ئەم پرسە چارەسەردەکات! بە دانانی پارێزەر بۆ هێڵەکان، کە تێچووی پڕۆژەکە زۆر زیاتردەکات، یان پرسی کورد چارەسەردەکات! کە ئێستا چاوەڕواننەکراوە.

لە سەرتاپای عێراق هێڵی نوێی شەمەندەفەریو تایبەت بە گواستنەوەی شەمەندەفەری تەنکەری لەگەڵ ڕێگەی خێرادا (High Way) نییە. لە عێراقدا دروستکردنی پڕۆژەکان بە پشک پشکێنەی کۆمپانیا تایبەتەکانی گرووپو حیزبو میلیشیاکانە، ئەمەیش کاردەکاتە سەر بڕی تێچوونو جۆری پڕۆژەکەو ڕێگەکە بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت لە شاری زاخۆ بە مەودای چوار کیلۆمەتر.

ئەگەر هەوڵبدرێت لە کوردستان بەدووربگیرێت، ئەوا نابێتە ڕێگەیەکی ئابووری، بەڵکو دەبێت بە ڕێگەیەکی سیاسی. لەم دۆخەدا دەبێت بە سوریادا تێبپەڕێت، هەروەها سوپای عێراق بگاتە سەرسنوور، تورکیا بێتەناو سوریاوە، دەسەڵاتی ڕۆژئاڤا دووربخرێتەوە، هێزەکانی سوریا بهێنرێتە ئەو ناوچەیە، بەڵام لەم دۆخەدا ئەمریکا نارازییە، چونکە دەبێتە هۆی شکانی ئابڵۆقەی سەر ئەسەد، هەروەها دەستەبەرکردنی سەقامگیریی ئەمنی سەختتردەبێت. هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە هیچ کۆمپانیایەکی گواستنەوەی جیهانی نییە بیەوێت ئەم هەموو سەرکێشییە بکات. هەروەها بازاڕەکانی ئەوروپا ناتوانن پشت بە ڕێگەیەکی وەها ببەستن کە هێندە ڕێگریو کێشەی هەبێت.(٢٣)

**ئەنقەرە دانیناوە بە پێویستیی هاوکاریی حکومەتی عێراق بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە خاکی باکووری عێراق بە قووڵایی (٣٠-٤٠) کیلۆمەتر. لەم پێناوەیشدا لە هەوڵی پەرەپێدانی هاوکاریدایە لەگەڵ بەغدادو هەولێردا.**

یەکێکی تر لەو ئاڵنگاریانەی کە رووبەرووی پرۆژەکە دەبێتەوە، بریتییە لە ئێران، کاتێک سەیری ئەو پرۆژانەی ئێران دەکەیت لە بواری گواستنەوەو پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ عێراقدا، بە تایبەتی لە بواری هەناردەکردنی غازو کارەباو کاڵاو پێداویستییەکانی دیکەدا، ئەمە پێچەوانەی ناوەڕۆکو ئامانجەکانی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانە، کە بەپێویستیدەزانێت، ئەمەیش بە واتای رزگاربوون لە پشتبەستن بە ئێران دێت، بە تایبەتی لە پرسی وزەی کارەباو گازدا، کە ڕەنگە ئێران بە لایەنی کەمەوە ڕەخنەی لە بارەوە هەبێت، ئەگەر دژایەتینەکات، یان ڕێگری لە جێبەجێکردن یان کارکردنی نەکات، ئێرانیش پێیوایە کە گرنگترین پرۆژە پەیوەندیی سێقۆڵیی هێڵی ئاسنین، پرۆژەی "ئێران - عێراق – سوریا"یە، جێگری وەزیری گواستنەوەی ئێرانی لە کاتی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسەکەی راگەیاندنی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێداندا ڕایگەیاند کە "پرۆژەی گەورەی نێوان عێراقو ئێران بریتییە لە بەستنەوەی پرۆژەی هێڵی ئاسنین لە شەلەمچە هەتا بەسرە". ئەم هێڵە درێژکراوەی هێڵی ئاسنینە لە بەندەری خومەینییەوە، هەر بۆیە ئێران کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە دەکات، ئەمەیش پێچەوانەی پرۆژەو ئاراستەی ڕێبازی گەشەپێدانی عێراقە. شاراوە نییە کە ئێران لە گۆڕەپانی عێراقدا کاریگەریو کەرەستەی هەیە، کە وایلێدەکات هەر پرۆژەیەک کە لەگەڵ ڕەوتی بەرژەوەندییەکانیدا بە شێوەی جۆراوجۆر ناکۆک بێت، هەوڵی پەکخستنی بدات.(٢٤) لە نوێترین هەڵوێستی ئێراندا ناسری کەنعانی؛ گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، کە لە (٢٧)ی ئایاری (٢٠٢٤) دەربارەی هەڵوێستی ئێران لەمەڕ پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان ڕایگەیاند: ئەم بابەتە پەیوەندیدارە بە بابەتی ڕێڕەوە ترانزێتییەکان لە ناوچەکەدا. ئێمە لە مێژە وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی ئەو پێگە تایبەتو ستراتیژییەی کە لە ناوچەکە هەمانە، بە تایبەتییش لە پرسی ڕێڕەوەکاندا، بەردەوام بە جددیو وردییەوە بە دوای ئەم پرسانەدا دەچین. ئێمە پشتیوانیمانکردووە لە هەر پرۆژە یان دەستپێشخەرییەک کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی، تایبەتمەندیو سوودی بازرگانیو ئابوورییەوە لە ناوچەکە خراوەتەڕوو و بەردەوامدەبین لەم سیاسەتەیشمان. بەسیاسیکردنی پرۆژە ترانزێتیو بازرگانییەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتانی ناوچەکەدا بە گونجاو نازانین. لە پرسی ڕێڕەوە ترانزێتیو بازرگانییەکان خاوەنی کارو پرۆژەی خۆمانین، لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ هاوبەشە ناوچەییو بازرگانیو هاوکارەکانماندا لە ناوچەکەدا چەندین ڕێڕەومان خستووەتە بەرنامەی کارەوە، لەوانەیش ڕێڕەوی گواستنەوەی باکوور - باشوور، ڕێڕەوی ئیسلام

ئاباد – تاران - ئەستەنبوڵ، ڕێڕەوی کەنداوی فارس - دەریای ڕەشو ڕێڕەوە هاوشێوەکانی تر، بۆیە سەبارەت بەم پرۆژانە کەمتەرخەم نیینو پرسەکان بە هۆشیاریو وردییەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت. گەلی ئێران دڵنیادەکەینەوە ڕێگەنادەین لە پرسی پرۆژە ترانزێتیو ڕێڕەو یان ڕێگە گواستنەوەییەکاندا بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی گەلو وڵاتی ئێران پەراوێزبخرێت، بۆیە لەم بارەیەوە پرسەکان بە وردی، هۆشیاریو نیگەرانییەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت.(٢٥)

**هەرچەندە تورکیا پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان وەک دەرفەتێک بۆ لەناوبردنی پەکەکە بقۆزێتەوە، زیاد لەوەیش مەبەستیەتی بە بەهانەی ڕێگری لە دروستبوونی "مەترسیی تیرۆر" لە سەر ڕێگەکە دەست بە سەر زنجیرەچیاکانی هەفتانین، مەتینا، ئاڤاشین، خواکورک، زاپ، گارە، قەندیلو ئاسۆسدا بگرێت.**

**ئەنجام**

پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بەشێکە لە دیدی فراوانی تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە کارەکتەرێکی سەرەکی لە بازرگانیی ناوچەییو جیهانیداو ڕۆڵی کاراو کاریگەر ببینێتو جێپەنجەی خۆی لە سەر سیاسەتی هەرێمیو نێودەوڵەتی دابنێت. ئەنقەرە بە باشترکردنی ژێرخانی ئابووریی خۆی، ئامانجی ڕاکێشانی وەبەرهێنانو زیادکردنی گەشەی ئابووریو کەمکردنەوەی پشتبەستن بە ڕێڕەوە بازرگانیو تەقلیدییەکانە. هەروەها ئەم پرۆژەیە لەگەڵ دەستپێشخەریی "کۆریدۆری ناوەڕاست"دا هاوتەریبە، کە هەوڵدەدات تورکیا وەک ناوەندێکی مەرکەزی لە دەستپێشخەریی پشتێنو ڕێگەوبان (Belt and Road Initiative/ مبادرة الحزام والطريق)، کە چین سەرکردایەتییدەکات، جێگیربکات.

لە ڕووی ئابوورییەوە، پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان توانای گۆڕینی تورکیای هەیە بۆ هێزێکی لۆجیستیو بەردەستخستنی هەلیکارو هاندانی کەرتە جیاوازەکان. لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە، کاریگەریی تورکیا لە کاروباری ناوچەکەدا بەهێزدەکات، ئەمەیش ڕێگەیپێدەدات ژێرخانی هاوبەشی ستراتیژیو هاوپەیمانی بەکاربهێنێت، بەڵام ئەم پرۆژە گەورەیە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانیش دەبێتەوە، لەوانە: دەستەبەرکردنی دارایی، بەڕێوەبردنی گرژییە ناوچەییەکانو دڵنیابوون لە بەردەوامیی پرۆژەکە.

لە نێوان ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا دژی پەکەکەو ئاواتە گەشەسەندووەکانی تورکیادا، پەکتربڕینێکی دیار هەیە. سەقامگیرکردنی

ئاسایشی ناوچە کێشەدارەکان وەک لایەنێکی گرنگی سەرکەوتنی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان سەیردەکرێت. حکومەتی تورکیا کاردەکات بۆ بنبڕکردنی نفوزی پەکەکە لەم ناوچانەدا، ڕێگەخۆشدەکات بۆ ژینگەیەکی ئەمنیو سەقامگیر، کە لەبار بێت بۆ گەشەپێدانی ئابووریو ژێرخانی ئابووری. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانی نێوان تورکیاو عێراق لێکەوتەی نەرێنیی دوورمەودای دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوەکان

١. https://marsaddaily.com/news.aspx?id=١٦٣٧٠&mapid=١٦.

٢. د.مثنى العبيدي، مشروع طريق التنمية في العراق.. ما له وما عليه، للمزيد من المعلومات ينظر:
https://www.aa.com.tr/ks/تورکیا/ڕێگای-گەشەپێدان-دەرفەتێکی-بەهێزی-وەبەرهێنانە-بۆ-عێراق-و-تورکیا/٢٩٩٤٣٨٧.

٣. Ylenia Gostoli,What's behind Turkey and Iraq's 'Development Road' project?, ٣٠ April, ٢٠٢٤, available at: https://www.newarab.com/analysis/whats-behind-turkey-and-iraqs-development-road-project.

٤. Timour Azhari, Ece Toksabay and Ahmed Rasheed .Iraq, Turkey to elevate security, economic ties after Erdogan visit, April ٢٢, ٢٠٢٤, available at:https://www.reuters.com/world/middle-east/turkeys-erdogan-iraq-push-reset-ties-cooperation-against-pkk-٢٠٢٤-٠٤-٢٢/.

٥. Ylenia Gostoli, What's behind Turkey and Iraq's 'Development Road' project?, Ibid.

٦. https://www.trtworld.com/turkiye/turkiye-iraq-development-road-project-forges-new-trade-path-١٧٩٢٩٠٣٤.

٧. د.مثنى العبيدي، المصدر سبق ذكره.

٨. https://www.dailysabah.com/politics/war-on-terror/turkiye-counts-down-to-major-operation-in-iraq-against-pkk.

٩. https://www.defensemirror.com/news/٣٦٦٢٦/Turkey_to_Deploy_S_٤٠٠_Air_Defense_Systems_on_Iraqi_Border_for_Operation_Against_PKK_

١٠. Turkey Studies Unit, turkish-iraqi-security-agreement-security-in-exchange-for-trade-water, Emirates Policy Center, Abu Dhabi, ٨ May ٢٠٢٤.

١١. https://www.aljazeera.com/news/٢٠٢٤/١/١٣/turkey-launches-airstrikes-against-kurdish-rebels-in-iraq-and-syria.

١٢. https://erada.media/news.aspx?id=١٣&mapid=٧.

١٣. İdris Okuducu,Turkey's Anti-PKK Operation and "Development Road" in Iraq Are Two Sides of the Same Coin,Fikra Forum,Apr ٨, ٢٠٢٤.

١٤. https://www.dailysabah.com/politics/war-on-terror/turkiye-counts-down-to-major-operation-in-iraq-against-pkk.
١٥. Timour Azhari, Ece Toksabay and Ahmed Rasheed .Iraq, Turkey to elevate security, economic ties after Erdogan visit,April ٢٢, ٢٠٢٤,available.
١٦. İdris Okuducu, Ibid.
١٧. Ylenia Gostoli,What's behind Turkey and Iraq's 'Development Road' project?, ٣٠ April, ٢٠٢٤, available at: https://www.newarab.com/analysis/whats-behind-turkey-and-iraqs-development-road-project.
١٨. https://www.defensemirror.com/news/٣٦٦٢٦/Turkey_to_Deploy_S_٤٠٠_Air_Defense_Systems_on_Iraqi_Border_for_Operation_Against_PKK.
١٩. İdris Okuducu,Ibid.
٢٠. د.مثنى العبيدي، المصدر سبق ذكره.
٢١. Bilgay Duman,Why Turkey-Iraq Development Road is the best way to connect Europe and the Middle East,١٨ September ٢٠٢٣, available at: https://www.middleeasteye.net/opinion/turkey-iraq-development-road-best-connecting-europe-middle-east.
٢٢. https://x.com/abualialaskry,@abuialalaskryhttps://x.com/abualialaskry, @abuialalaskry.
٢٣. د.سەردار عەزیز، ڕێگەی گەشە خەونێکی خۆشە، بۆ زانیاریی زیاتر؛ بڕوانە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=١٢٩٩٣.
٢٤. د.مثنى العبيدي، المصدر سبق ذكره.
٢٥. https://mdeast. https://mfa.gov.ir/, news/٢٠٢٤/٠٥/٢٧/واكنش-ايران-به-پروژه-جاده-توسعه-عراق/.

# (15)ی تەمموزی (2016)؛ شەوی یەکلاییبوونەوەی ململانێی ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە تورکیا

ئایهان جەسور
ئەحمەد سیروانی

**پوختە**

(١٥)ی تەمموزی (٢٠٢٤)، هەشت ساڵ بە سەر هەوڵێکی شکستخواردووی ئەنجامدانی کودەتا لە تورکیا تێدەپەڕێت.
هەوڵێک بە کوژرانی (٢٥٢) کەسو برینداربوونی (٢) هەزارو (٧٣٥) کەسو بۆمببارانی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماری ئەو وڵاتەو چەند دامەزراوەیەکی مەدەنیو سەربازی بە خوێناوترین هەوڵی کودەتای شکستخواردوو لە مێژووی تورکیادا تۆمارکرا.
ئەو کودەتایەی کە پلاندارێژەرانی بڕیاریاندابوو لە کاژێر (٣)ی بەرەبەیانی (١٦)ی تەمموزی (٢٠١٦) بیکەن، بە هۆی ئاشکرابوونی پێشوەختی پلانەکەیانو ئاگاداربوونەوەی هاکان فیدان؛ سەرۆکی ئەو کاتەی دەزگای هەواڵگری (میت)و خلوسی ئاکار؛ سەرۆکی گشتیی ئەو کاتەی ئەرکانی سوپا، بە ناچاری (٦) کاژێر پێش

کاتی دیاریکراو کودەتاکەیان لە کاژێر (٩)ی شەوی (١٥) لە سەر (١٦)ی تەمموزی (٢٠١٦) دەستپێکرد.
دوای هەشت ساڵ لەو هەوڵە شکستخواردووە کاریگەریو ئەنجامو کاردانەوەکانی هەتا ئێستایش بەردەوامە. ئەگەر هەوڵی کودەتاکە زەبرێکی کوشندە بووبێت بۆ تورکیا، ئەوا دەرفەتێکی باش بوو بۆ پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) و خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، تاوەکودۆستو نەیاری تورکیاو ئاکەپەو تەنانەت خودی خۆیشی لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات بۆ دەربکەوێت.
ئەمە جگە لەوەی هەلێکی زێڕینی بەخشی بە ئەردۆگانو پارتەکەی بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکانی، بە تایبەت لایەنگرانی پەکەکە، پەیەدە، هەدەپە، دەمپارتیو لە سەرووی هەموویانەوە گرووپی فەتحوڵلا گیولەن، وەک ئاڵا_هەڵگری بەرەی ئیسلامی کۆمەڵایەتی، ماوەیەکی زۆر بوو کەوتبووە ململانێیەکی ئێسک_شکێن لەگەڵ بەرەی ئیسلامی سیاسی بە ڕابەری ئەردۆگانو ئاکپارتی.
ئەگەر گرووپی فەتحوڵلا گیولەن، کە لە دوای کودەتاکەوە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە وەک "گرووپی تیرۆریستیی فەتحوڵلا گیولەن" (فەتۆ) (Fethullahçı Terör Örgütü) (FETÖ) دەناسێنرێت، بە ڕاستی بکەری هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) بووبێتن، یاخود سیناریۆیەکی ئەردۆگانو دارودەستەکەی بووبێت، ئەوا دەرفەتێکی زۆر باشی پێشکەش بە ئەردۆگان کرد، بۆئەوەی لە سایەی دوو ساڵ باری نائاساییو بڕیار لە برِی یاسا (کاهێکا)دا، سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت، دابڕێژێتەوە.

### کودەتا لە تورکیا

دەستەواژەی کودەتا لە تورکیا جیاواز لە هەر وڵاتێکی دیکە واتای جۆراوجۆری هەیە. کودەتا (Darbe) هەوڵێکە بۆ ڕوخاندنو گۆڕینی حکومەت بە بەکارهێنانی هێزی ڕەقو توندو چەک لەلایەن سوپا یاخود گرووپێک بە پشتیوانیی سوپا. وەک کودەتای سەربازیی (٢٧)ی مایسی (١٩٦٠) لە تورکیا، بەڵام هۆشداری (Muhtra) جیاوازە لە کودەتا، هۆشداری لەلایەن سوپاوە وەک بەیاننامەیەک ئاڕاستەی حکومەت دەکرێتو ئاگاداردەکرێتەوە لە "هەڵەو کارە چەوتەکانیو لادانی لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی دەوڵەتو دەستوور". وەک هۆشداریی (١٢)ی مارتی (١٩٧١). ئەم هۆشدارییەی سوپا خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە سوکایەتیو بەکەمتەماشاکردنی حکومەتو ئاگادارکردنەوەی، لە ئەگەری ڕاستنەکردنەوەی هەڵەو چەوتییەکانیدا بە زەبری هێزو چەک (کودەتا) دەسەڵاتی لێدەسەنرێتەوەو سزایشدەدرێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێک جار خودی هۆشدارییەکەی سوپا دەبێتە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت بە ڕەزامەندیی خۆی یاخود بە ناچاری، وەک کودەتای پۆست مۆدێرنی (٢٨)ی شوباتی (١٩٩٧).(١)

مێژووی ئەنجامدانی کودەتا لە تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەم و کاتی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان. یەکەم هەوڵی کودەتا لە (٢٠)ی مایسی (١٦٢٢) بە ناوی "ڕوداوی عوسمانی گەنج"ەوە تۆمارکراوە. لە (٢٨)ی ئەیلوولی (١٧٣٠) هەستانەوە یاخود یاخیبوونێک بە ناونیشانی "هەستانەوەی خەلیل پاترۆن" لە مێژوودا تۆمارکراوە. یاخیبوونی مستەفا کاباکچی لە (٢٧)ی مایسی (١٨٠٧)، ڕوداوی کولەلی لە (١٤)ی ئەیلوولی (١٨٥٩)، لابردنی سوڵتان عەبدولعەزیز لە سەر تەختی سوڵتانی لە (٣٠)ی مایسی (١٨٧٦)، مەشروتیەتی دووەم لە (٢٤)ی تەمموزی (١٩٠٨)، ڕوداوی (١٣)ی نیسانی (١٩٠٩)، ڕاگەیەنراوی هالاسکار زابیتان لە (١٦)ی تەمموزی (١٩١٢)، گوشاری بابی عالی لە (٢٣)ی کانوونی دووەمی (١٩١٣)، ئەو ڕوداوانەن لە مێژووی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا بە جۆرێک لە جۆرەکان تایبەتمەندیی کودەتایان وەرگرتووە.

سەبارەت بە مێژووی نوێو هاوچەرخو سەردەمی کۆماری نوێی تورکیا، هەریەک لە کودەتای سەربازیی (٢٧)ی مایسی (١٩٦٠)، هۆشداریی (١٢)ی مارتی (١٩٧١)، کودەتای سەربازیی (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٠)، کودەتای پۆست_مۆدێرنی (٢٨)ی شوباتی (١٩٩٧)، هۆشداریی ئەلیکترۆنی (٢٧)ی نیسانی (٢٠٠٧)، کە لە سایتی فەرمیی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپاوە بڵاوکرایەوە، بە جۆرێک لە کودەتا یاخود هۆشداریی سوپا بۆ حکومەت ئەژماردەکرێت.

ئەوەی کە بووە بە خاڵی بەهێزو پشتیوانییەکی دەستووریو یاسایی بۆ سوپای تورکیا لە کودەتاو دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، بریتی بووە لە ماددەی (٣٥)ی یاسای خزمەتی ناوخۆیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا. بە گوێرەی ماددەی (٣٥)ی یاساکە، ئەرکی هێزە چەکدارەکانی تورکیا (سوپا) بریتییە لە پاراستنی کۆماری تورکیا، کە بە گوێرەی خاکو دەستووری تورکیا وڵات بەڕێوەدەبات. لە هەمان کاتدا پاراستنی وڵات لە دوژمنی ناوخۆیی (گرووپە دواکەوتووەکان، کۆمۆنیزمو هاوشێوەکانیان). لەو ماددەیەدا مەبەست لە دەستەواژەی دواکەوتووەکان ئیسلامییەکانە. جگە لەوەیش، دانانی دەستەواژەی هاوشێوەکانیان لە ماددەی (٣٥)دا دەستی سوپای تورکیای ئاوەڵاکردووە لە وێناکردنی هەر گرووپو حیزبێک لە تورکیادا، بە هاوشێوەی "دواکەوتووەکانو کۆمۆنیزم"، بەڵام لە

ساڵی (٢٠١٣) لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە هەمواری یاسای خزمەتی ناوخۆیی هێزە چەکدارەکان کراو لەو چوارچێوەیشدا ماددەی (٣٥) بەم جۆرە دارێژرایەوە: "ئەرکی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بریتییە لە پاراستنی خاکی تورکیا لە هێرشی دەرەکی، ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن لە دەرەوەی خاکی تورکیا بە بڕیاری پەرلەمانو دەستەبەرکردنی ئاشتیی نێودەوڵەتی." بەم جۆرە دەستەواژەی "پاراستنی وڵات لە دوژمنی ناوخۆیی گرووپە دواکەوتووەکانو کۆمۆنیزمو هاوشێوەکانیان" لە ماددەی (٣٥)ی یاساکەدا لابرا.(٢)

سەرەڕای نەمانی بەهانەیەکی یاساییو دەستووری بە دەست سوپای تورکیاوە، بەڵام لە (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) جارێکی دیکە هەوڵی کودەتا درا، بەڵام جیاواز لە کودەتاکانی دیکە، ئەمەیان بە ڕابەرایەتیو فەرمانی پیاوانی ئایینی کرا.

## کودەتای (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) چۆن ڕوویدا؟(٣)

ئەو کودەتایەی کە حکومەتی تورکیا ڕێکخراوی فەتحوڵڵا گیولەن (فەتۆ) (Fethullahçı Terör Örgütü) (FETÖ) و پێکهاتەی دەوڵەتی هاوتەریب (پەیەدە) (Paralel Devlet Yapılanması) (PYD) بە بکەری تۆمەتباردەکات، دوای نیوەڕۆی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) دەستیپێکرد.

ڕۆژی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)، کاژێر (٤:١٦) خولەکی عەسر، ئەفسەرێک لە فەرماندەیی زەمینی لە ئەنقەرەوە خۆی گەیاندە بینای دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانیی تورکیا (میت)و هەواڵی پلانی هێرشێک لەلایەن ژمارەیەک لە سەربازانی فەرماندەییەکەی کە سەر بە ڕێکخراوی فەتۆ بوون بۆ سەر بینای میت، بە ئامانجی دەستگیرکردنی هاکان فیدان؛ سەرۆکی ئەو کاتەی میت، بە بەرپرسانی دەزگای هەواڵگریی ڕاگەیاند. دەستبەجێ فیدان تەلەفۆندەکات بۆ لیوا یەشار گیولەر؛ یاریدەدەری دووەمی ئەو کاتەی سەرۆکی گشتیی ئەرکانی سوپای تورکیاو وەزیری بەرگریی ئێستا لە کابینەکەی ئەردۆگانداو زانیاریی دەربارەی بابەتەکە پێدەدات.

کاژێر (٥:٣٢) خولەکی ئێوارە هاکان فیدان یاریدەدرێکی خۆی دەنێرێت بۆ سەرۆکایەتیی گشتی ئەرکانی سوپاو زانیاریی ورد دەدات بە یاریدەدەری دووەمی سەرۆکی گشتی ئەرکانی سوپا. گیولەر دەستبەجێ فەریقی یەکەم خلوسی ئاکار؛ سەرۆکی گشتی ئەو کاتەی ئەرکانی سوپاو وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتە لە کابینەی پێشووی حکومەتی ئەردۆگانو ئەندامی پەرلەمانی ئێستای ئاکپارتی لە وردەکاریی پلانەکە ئاگاداردەکاتەوەو لە هەمان کاتدا گیولەر هاکان فیدان بانگهێشتدەکات بۆ بینای سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا.

کاژێر (٦:١٠) خولەکی ئێوارە، کاتێک سەرۆکی میت دەڕوات بۆ بینای سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا،

لە ڕێگەی عەمیدێکی پلەبەرزەوە ئاگاداردەکرێتەوە کە پلانەکە زۆر لەوە گەورەترو مەترسیدارترە کە تەنها لە دەستگیرکردنی هاکان فیداندا بوەستێت.
کاژێر (٦:٣٠) خولەکی ئێوارە، خلوسی ئاکار تەلەفۆنی بۆ ناوەندی جوڵەپێکردنی هێزە چەکدارەکانی تورکیا کردو فەرمانیپێکردن ئەو فڕۆکەو هەلیکۆپتەرانەی بە ئاسمانەوەن، بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.
کاژێر (٧:٢٦) خولەکی ئێوارە، هاکان فیدان پەیوەندیی بە خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆمارەوە دەکات، کە لە قەزای مارماریس لە نزیک پارێزگای ئەنتالیا بووە، بەڵام پەیوەندییەکەی بەردەست نابێت. پاشان پەیوەندی بە بەرپرسی پاسەوانەکانیەوە دەکاتو هەواڵی دۆخی ئەمنیی سەرۆککۆمار دەپرسێتو داوای دڵنیایی لێدەکات لە سەلامەتی تەندروستیی ناوبراو.
کاژێر (٨:٢٢) خولەکی شەو، هاکان فیدان سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا بەجێدەهێڵێت. کاژێر (٨:٢٣) خولەک، (٣٣) کارمەندی هێزی تایبەت لە فەرماندەیی چوارەمی ئاکنجییەوە بەرەو سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا جوڵەیانپێکرا.
لەبەرئەوەی پلان وا بووە کاژێر (٣)ی بەرەبەیانی (١٦)ی تەمموز کودەتاکە دەستپێبکات، بۆیە فەریق ڕوکن مەهمەت دیشلی؛ بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی ستراتیژی لە سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا، کە یەکێک بووە لە بکەرانی هەوڵە شکستخواردووەکەی کودەتا، پێش تەواوبوونی دەوامی لە (١٥)ی تەممووزدا، گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە. ناچار مەهمەت دیشلی لە کاژێر (٨:٤٦) خولەکی شەو، بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا.
مەهمەت دیشلی کاژێر (٩)ی شەو دەڕوات بۆ ژووری فەریقی یەکەم خلوسی ئاکارو پێیدەڵێت: "فەرمانندەم، کەمێکی تر ئۆپراسیۆن دەستپێدەکات، هەر کەس دەستگیردەکرێت، لیواو فەرماندەکانی دیکەیش بەڕێوەن بۆ ئێرە، کەمێکی دیکە هەموو شتێک دەبینیت."

**ئەگەر هەوڵی کودەتاکە زەبرێکی کوشندە بوویێت بۆ تورکیا، ئەوا دەرفەتێکی باش بوو بۆ پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) و خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، تاوەکو دۆستو نەیاری تورکیاو ئاکەپەو تەنانەت خودی خۆیشی لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات بۆ دەربکەوێت.**

بەم جۆرە یەکەم زانیاریی کودەتا لەلایەن کودەتاچییەکانەوە دەگاتە باڵی

کودەتابەسەرکراوەکاندا. لە بەرانبەردا ئاکار کاردانەوەی توندی هەبووەو بە مەهمەت دیشلیی ڕاگەیاندووە کە بە هیچ جۆرێک پشتیوانیی هەوڵەکەیان ناکات. دیشلی لە بریی پاشگەزبوونەوە، دەچێتەدەرەوەو فەرمان بەو تیمە دەکات کە پێشوو ئامادەیکردبوو بۆ دەستبەسەرکردنی خلوسی ئاکار.

کاژێر (١٠:٥) خولەکی شەو، ئەو فڕۆکانەی لە ژێر دەستی سەربازە کودەتاچییەکاندا بوو، کەمێک بە نزمی بە سەر ئاسمانی ئەنقەرەدا فڕین.

کاژێر (١٠:١٠) خولەکی شەو، بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی پردی گەروو (Boğaziçi Köprüsü) لە ئەستەنبوڵ، لەلایەن فەرماندەیەکی سەر بە کودەتاچییەکانەوە ڕێگەی پردەکە بە ڕووی ئۆتۆمبێلدا داخرا.

کاژێر (١٠:٣٠) خولەکی شەو، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش بۆ بەجێهێنانی ئەرکی کتوپڕ تەواوی کارمەندانی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانیان بانگکردەوە.

کاژێر (١٠:٣٥) خولەکی شەو، فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵ لەلایەن کودەتاچییەکانەوە کۆنترۆڵکرا.

کاژێر (١١:١٠) خولەکی شەو، بینالی یەڵدرم؛ سەرۆک وەزیری ئەوکاتەی تورکیا، ڕوداوەکانی وەک "هەوڵی کودەتا لەلایەن گرووپێکی ناو سوپای تورکیاوە، کە سنووری دەسەڵاتی خۆیانیان بەزاندووە"، ڕاگەیاند.

هەرچەندە لە کاژێر (١١:٢٥) خولەکی شەودا، کودەتاچییەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان لە تەواوی تورکیادا داخست، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم تۆڕەکان کرانەوە.

کاژێر (١١:٣٧) خولەکی شەو فەریقی یەکەم یاشار گیولەر؛ جێگری دووەمی سەرۆکی گشتیی ئەرکانی سوپا، لەلایەن جەمیل تورهان‌و دوو کارمەندی هێزی تایبەتەوە بە دەستبەستراوی‌و بە هەلیکۆپتەر ڕەوانەی بنکەی فڕۆکەوانیی ئاکنجی کرا.

کاژێر (١١:٤٤) خولەکی شەو، لە گرووپێکی وەتسئەپ بە ناوی "ئاشتی لە نیشتیماندا"، کە تایبەت بووە بە کودەتاچییەکان، نامەیەک بڵاوکراوەتەوەو تێیدا نوسراوە: "پێویستە هێرشبکەینەسەر کڵەبی دەریایی مۆدەی ئەستەنبوڵ، لەوێدا ژمارەیەک ژەنەڕاڵ هەیە، دەستگیردەکرێن."

کاژێر (١١:٤٥) خولەکی شەو، کودەتاچییەکان لە ڕێگەی ئیمەیلێکی تایبەتییەوە، کە ئەوان‌و ژمارەیەک ڕۆژنامەوانی پێکەوە بەستووەتەوە، کە متمانەیان پێیان هەبووە، پەیامی "دۆخەکە بە تەواوی کۆنترۆڵکراوە" نێردرا.

کاژێر (١١:٥٠) خولەکی شەو، لە هەر چوار لای ئەنقەرەوە دەنگی تەقینەوەی زۆر بەرز بیسترا، هاوڵاتیان وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە هەوڵی

کودەتاکە ڕژانەسەر شەقامەکان.
کاژێر (١٢:٤) خولەکی شەو، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، یەکەم ڕوونکردنەوەی بڵاوکردەوە.
کاژێر (١٢:١٥) خولەکی شەو، سەربازە کودەتاچییەکان ڕۆیشتنەناو بینای ڕادیۆو تەلەفزیۆنی فەرمیی دەوڵەتی تورکیاوە (TRT)و لە پەخشی ڕاستەوخۆدا ڕاگەیەنراوێکیان بە ناوی ئەنجومەنی ئاشتی لە نیشتیمانەوە (Yurtta Sulh Konseyi) بە پێشکەشکاری کەناڵەکە؛ تیژەن کاراشا، خوێندەوە.(٤)
کاژێر (١٢:٢٤) خولەکی شەو، ئەردۆگان لە تەلەفزیۆنی (CNNTÜRK)ەوە، لە ڕێگەی (Facetime)ەوە بەشداری لە گەشتی هەواڵەکاندا دەکاتو داوای لە هاوڵاتیان کرد برژێنە مەیدانو سەر شەقامەکانو بەرەو فڕۆکەخانەو ناوەندە ستراتیژییەکانی دەوڵەت لە شارەکان بڕۆنو جەختی لەوە کردەوە کە "تاوەکو ئێستا هیچ هێزێکم جگە لە هێزی گەل نەناسیوەو لەمەودوایش هەر وا دەبم."(٥) ئەمە گرنگترین گوتەی ئەردۆگان بوو لەو بەرنامەیەدا، کە خەڵکی زیاتر هاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کودەتاچییەکان.
کاژێر (١٢:٣٣) خولەکی شەو، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی سەرەوەیان، دوو فڕۆکەی جۆری (F١٦) لە بنکەی ئاسمانیی ئاکنجییەوە هەڵفڕین.
کاژێر (١)ی شەو، لەلایەن داواکاری گشتیی کوچوکچەکمەجەوە لە ئەستەنبوڵ پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو کەسانە کرایەوە کە هەوڵی کودەتایان داوەو بڕیاری دەستبەسەرکردنیان دەرکرا.

**یەکەم هەوڵی کودەتا لە مێژووی تورکیاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە (٢٠)ی مایسی (١٦٢٢) بە ناوی "ڕوداوی عوسمانی گەنج"ەوە تۆمارکراوە.**

کاژێر (١:١٠) خولەکی شەو، هەلیکۆپتەرێک هێرشیکردەسەر کۆمەڵەی پەخشی ئاسمانیی تورکسات.
کاژێر (١:١٣) خولەکی شەو، ئەو فڕۆکەیەی لیوا سەمیح تەرزی فەرماندەی هێزی تایبەتی لە ئامەد هێنابوو، لە فڕۆکەخانەی ئەنقەرە نیشتەوە. لە کاتێکدا سەمیح تەرزی هەوڵیداوە دەستبگرێت بە سەر بینای هێزە تایبەتەکاندا لە ئەنقەرە، لەلایەن جێگری ئەفسەر عومەر خالیس دەمیرەوە تەقەیلێکراو دەستبەجێ گیانیلەدەستدا. لە هەمان کاتدا عومەر خالیس دەمیر هەر لەو شوێنەی تەقەی لە سەمیح تەرزی کردووە، لەلایەن کودەتاچییەکانی دیکەوە دەدرێتەبەر دەستڕێژی گوللەو دەکوژرێت. کوشتنی سەمیح تەرزی لەلایەن عومەر خالیس دەمیرەوە بە

یەکەم هەنگاوی شکستی کودەتاکە دادەنرێت.
کاژێر (١:٢١) خولەکی شەو، سولەیمان سۆیلو؛ وەزیری ناوخۆی ئەوکاتەو پەرلەمانتاری ئێستای ئاکپارتی، کودەتاچییەکانی وەک "چەتە" ناوبردو ڕایگەیاند کە سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا، هێزە چەکدارەکانی تورکیاو پۆلیس ڕووبەڕووی هەوڵی کودەتاکە بوونەتەوە.
کاژێر (١:٤٠) خولەکی شەو، تەقە لە ئەو خۆپیشاندەرانە کرا کە هەوڵیاندەدا لە پردی گەروو لە ئەستەنبوڵ بپەڕنەوە.
کاژێر (١:٤٥) خولەکی شەو، لە مزگەوتەکانەوە پێش بانگی بەیانی لەگەڵ خوێندنی قورئانو سڵاوات، داوا لە خەڵکی دەکرا دژی کودەتاکە بڕژێنەسەر شەقامەکان.
کاژێر (٢:٢١) خولەکی شەو، ئەو هەلیکۆپتەرەی کە هێرشیکردەسەر بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئەنقەرەو بە هۆیەوە (١٧) پۆلیس کوژران، لە ناوچەی گیۆل باشی دەرەوەی ئەنقەرە خرایەخوارەوە.
کاژێر (٢:٢٥) خولەکی شەو، بە هۆی زۆربوونی بەردەوامی ژمارەی هاوڵاتیانەوە لە مەیدانی تەقسیم لە ناوەڕاستی ئەستەنبوڵ، ئەو تیمە سەربازییەی لەو مەیدانەدا جێگیرکرابوون، دەستیانکرد بە تەقەکردن بە سەر خۆپیشاندەراندا.
کاژێر (٢:٥٠) خولەکی شەو، فڕۆکەی (F١٦)و هەلیکۆپتەرەکان هێرشیان بۆ سەر بینای پەرلەمان دەستپێکرد. (٤) بۆمب ئاڕاستەی دەرگای دەرەوەی بینای پەرلەمان کرا، ڕۆژنامەوانو پەرلەمانتاران خۆیان خزاندە پەناگەکانی بینای پەرلەمانەوە.
کاژێر (٣)ی شەو، ئەو سەربازو بەرپرسە سەربازییانەی هەوڵیاندا دەست بە سەر بیناو پەخشی (TRT)دا بگرن، لەلایەن پۆلیسو هێزە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەرکرا، بەم جۆرە پەخشی (TRT) کەوتەوە دەستی بەرەی ئەردۆگانو حکومەت.
کاژێر (٣:١٤) خولەکی شەو، لەلایەن فڕۆکەکانی ژێردەستی کودەتاچییەکانەوە وێستگەی کۆمەڵەی پەخشی ئاسمانیی تورکسات لە ناوچەی گیۆل باشی لە ئەنقەرە بە (٤) بۆمبی (MK-٨٢) هێرشیکرایەسەر.
کاژێر (٣:٢٠) خولەکی شەو، ئەو فڕۆکانەی لە ژێر کۆنترۆڵی کودەتاچییەکاندا بوون، لە ئەستەنبوڵ بە نزمی دەستیانکرد بە فڕین.
کاژێر (٣:٣٠) خولەکی شەو، لەلایەن کودەتاچییەکانەوە هێرشکرایەسەر دامەزراوەی میدیایی دۆغانو پەخشی کەناڵی تەلەفزیۆنی (CNNTÜRK) ڕاگیرا.
کاژێر (٤)ی بەرەبەیانی (١٦)ی تەمموز، لە پێناوی پاراستنی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆک کۆماری تورکیادا، لە هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی کودەتاچییەکان، بە فڕۆکەی گەشتیاری هات بۆ ئەستەنبوڵ.

ئەردۆگان دوای دابەزینی لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک بەرانبەر بە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان، کە بەدەمیەوەهاتبوون، ڕایگەیاند: "ئەوەی ڕویداوە، لە یاسا دەرچوونو یاخیبوونە، خیانەتە، جوڵەیەکە بۆ خیانەت لە نیشتیمان، سزای ئەو جۆرە کارانە زۆر قورس دەبێت."

کاژێر (٥)ی بەرەبەیان، داواکاری گشتیی باکرکۆی لە ئەستەنبوڵو داواکاری گشتیی ئەنقەرە پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ئەو کەسانە کردەوە کە پلانیان بۆ کودەتاکە دانابوو، لێکۆڵینەوە دەستیپێکردو بڕیاری دەستبەسەرکردنی گومانلێکراوان دەرکرا.

کاژێر (٦:٢٦) خولەکی بەیانی، دوکەڵ لە دەوروبەری بینای نوێی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ئەنقەرە بەرزبووەوە.

کاژێر (٦:٤٢) خولەکی بەیانی، ئەو سەربازە کودەتاچییانەی کە پردی سەر گەرووی بۆسفۆڕیان لە ئەستەنبوڵ گرتبوو، ڕادەستی هاوڵاتیان بوون.

کاژێر (٧:٥٢) خولەکی بەیانی، دەبابەیەک لە بینای سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا لە ئەنقەرە دەردەچێتو تەقە لەو زیلو بارهەڵگرە سەربازییانە دەکات کە ڕێگری لە سەر شەقامەکان دروستدەکەن.

کاژێر (١١:١) خولەکی پێش نیوەڕۆی (١٦)ی تەممووز، فەریقی یەکەم ئومیت دوندار؛ یاریدەدەری سەرۆکی گشتیی ئەرکانی سوپا، ڕایگەیاند: "لە چوارچێوەی یەکگرتوویی و پێکەوەیی سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیران، وەزیرەکان، پەرلەمانتارانو هێزە چەکدارەکان پێکەوەو لە پێناوی بەرگری لە دیموکراسیو یاسادا، ڕێگە لە هەوڵی کودەتا گیرا."

**لە مێژووی نوێو هاوچەرخی تورکیادا هەریەک لە کودەتای سەربازیی (٢٧)ی مایسی (١٩٦٠)، هۆشداریی (١٢)ی مارتی (١٩٧١)، کودەتای سەربازیی (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٠)، کودەتای پۆست_مۆدێرنی (٢٨)ی شوباتی (١٩٩٧)، هۆشداریی ئەلیکترۆنیی (٢٧)ی نیسانی (٢٠٠٧) بە جۆرێک لە کودەتا یاخود هۆشداریی سوپا بۆ حکومەت ئەژماردەکرێت.**

### ئامارەکان

لە سەرەتای کودەتاکەوە تاوەکو بەرەبەیانی (١٦)ی تەمموز، (١٨٥) هاوڵاتیی مەدەنی، (٦٣) پۆلیسو (٤) سەرباز، بە کۆیگشتی (٢٥٢) کەس کوژرانو (٢) هەزارو (٧٣٥) کەس بریندار بوون.(٦)

بە گوێرەی ئاماری دەزگا فەرمییەکانی تورکیا بە هۆی هەوڵی کودەتاکە، ئەو وڵاتە (٣٥٠) ملیار دۆلار زیانی بەرکەوتووە. لە ئاستی داهاتی تاکەکەسیشدا هەر هاوڵاتییەکی تورکیا (٢) هەزار دۆلار زیانی

بەرکەوتووە. لە لایەکی دیکەوە کودەتاکە بووە هۆی دابەزینی بەهای لیرەی تورکی بە ڕێژەی (٥٪)، بە جۆرێک بەهای دۆلارێک پێش کودەتاکە لە (٢.٨٧) لیرەوە بۆ دوای کودەتاکە بەرزبووەوە بۆ (٣) لیرە.(٧)

لە کاتێکدا پیشەسازیی تورکیا لە مانگی حوزەیرانی (٢٠١٦) هەتا ئاستی (١٧.٤) پلە بەرزبووبووەوە، لە کۆتایی تەمموزی هەمان ساڵدا ڕێژەی گەشەی پیشەسازیی ئەو وڵاتە دابەزی بۆ (٨٦.٩)، لە لایەکی دیکەوە هەناردەی تورکیا لە کۆتایی مانگی تەمموزی (٢٠١٦) بەراورد بە هەمان مانگ لە ساڵی (٢٠١٥)، بە ڕێژەی (١١.٥٪) دابەزینی بەخۆیەوەبینی، هەروەها هاوردەی تورکیایش لە دەرەوە بە ڕێژەی (١٩.٤٪) دابەزی. لە کاتێکدا تاوەکو چارەکی دووەمی (٢٠١٦) ئابووریی تورکیا بە ڕێژەی (٤.٧٪) گەشەی بەخۆیەوەبینیبوو، بەڵام لە چارەکی سێیەمی هەمان ساڵدا لە بریی گەشەی زیاتر، ئابووریی ئەو وڵاتە بە ڕێژەی (٠.٢٪) دابەزی. هەرچەندە ڕێژەی سوودی قەرزی بانکی تاوەکو (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) هەتا ڕێژەی (٨٪) دابەزێنرا، بەڵام دوای کودەتاکە هەتاوەکو مانگەکانی سەرەتای (٢٠١٨) سوودی قەرزی بانکی هەتا (٢٤٪) بەرزبووەوە.(٨) پاش هەوڵێکی زۆری حکومەتو بانکی ناوەندی، دووبارە ڕێژەی سوودی قەرزی بانکی بۆ یەکخانەیی دابەزێنرا، بەڵام ئەم کارە بە قوربانیدانی زۆرو شکانی بەهای لیرەی تورکی، بە جۆرێک لە مێژوودا شکانی بەو جۆرەی بەخۆیەوەنەبینیوە، بەدیهات.

**کودەتاچییەکان و حکومەت**

گرووپی فەتۆ قۆناغ بە قۆناغ دەستیانپێکرد. لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە فەتحوڵڵا گیولەن خۆی لە شاری ئیزمیرەوە بە بانگەوازی ئایینی دەستپێکرد. لە حەفتاکانەوە بانگەوازی ئایینییان لە مزگەوتەکانەوە هێنایەدەرەوە بۆ ناو دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەتو کۆمەڵگە. لە هەشتاکانەوە هاتنەناو کایەی پەروەردەو میدیاوە. بە جۆرێک کەسایەتییەکی وەک یاسین ئاکتای؛ ئەندامی سەرکردایەتیی ئاکپارتی، گوتوویەتی: "کاتێک بەئاگاهاتینەوە، بینیمان سەرجەم ئەو میدیایانەی لە تورکیاوە بە زمانی نەتەوەکانی دەرەوەی تورکیا پەخشدەکەن، لە دەستی فەتۆدا بووە." لە نەوەدەکانەوە گرووپی فەتۆ هاتنەناو کایەی ئابووریو بازاڕەوە. لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمەوە دەستیان گەیاندە دەوڵەمەندو بازرگانەکان. لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستویەکەمەوە بە تەواوی هەوڵی چوونەناو سیاسەتیان داوە، ساڵی (٢٠١١) فەتحوڵڵا گیولەن لە ڕێگەی ناردنی لیستێکی تایبەت بۆ ئەردۆگان، کە تێیدا ناوی ئەو کەسانەی دیاریکردبوو کە پێویستە لە هەڵبژاردنەکاندا لە سەر لیستی ئاکپارتی کاندیدبکرێن بۆ پەرلەمان،

ئەردۆگان بە تەواوی تێگەیشت لە نیەتی فەتۆو هاتنەناو کایەی سیاسەتەوە.
سەرهەڵدانی ململانێی حکومەت بە سەرۆکایەتیی ئەردۆگانو ئاکپارتی لەگەڵ گرووپی فەتحوڵڵا گیولەن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٢٠٠٨) بە دواوە، ئەمەیش ئەنجامی هاوکارییەکی لەڕادەبەدەری گرووپی فەتحوڵڵا گیولەن بوو بۆ ئاکپارتی لە بواری ئایینی، کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی بەرانبەر بە خزمەتو هاوکارییەکانی ئاکپارتی لە حیزبو حکومەتدا لە ڕووی سیاسیو ئابوورییەوە بۆ گرووپی فەتۆ، کە لە ژماردن نایەت، واتە فەتحوڵڵا گیولەن بووبوو بە باڵی ئایینی، کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی ئاکپارتیو حیزبەکەی ئەردۆگانیش بووبوو بە باڵی سیاسیی گرووپی خزمەت،بەڵام ئەم برایەتیو خۆشەویستیو پشتیوانییە نزیکەی (١٠) ساڵێک بڕیکردو وردە وردە کێشە کەوتە نێوان هەردوولاوە، ئەمەیش بە هۆی گەورەبوونی هەردوو بەرەکەوە. بە جۆرێک گرووپی فەتحوڵڵا گیولەن دەیویست بڕواتەناو سیاسەتەوەو ئاکپارتییش دەیویست لە بواری بانگەوازی ئایینیو پەروەردەییدا جێدەستی خۆی بنەخشێنێت. لە ڕاستیدا تورکیایەکی مەزن بە گەورەیی ڕووبەڕو (٨٠) ملیۆن دانیشتوانو ئابوورییەکی بەهێزو خاوەنی کولتوورو شارستانیەتێکی جۆراوجۆرەوە بەشی تەماعی گرووپی فەتحوڵڵا گیولەنو ئەردۆگانی نەدەکرد.

لە (١٧) بۆ (٢٥)ی کانوونی یەکەمی (٢٠١٣) لەلایەن ئەو دادوەرو بەرپرسە ئەمنییانەی کە سەر بە باڵی فەتحوڵڵا گیولەن بوون لە حکومەتدا، بە تۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل، ساختەکاریو دزی، هەڵمەتێکی فراوان بۆ سەر ژمارەیەک وەزیرو تەنانەت بیلالی کوڕی ئەردۆگان ئەنجامدرا. ئیدی هێڵی سووری ئەرۆدگان لەلایەن گرووپی خزمەتەوە بەزێنرا، بۆیە هەردوو بەرەکە بە بەکارهێنانی تواناکانیان لە حکومەتدا کەوتنە جەنگێکی ناوخۆیی یاسایی.

**کوشتنی سەمیح تەرزی؛ فەرماندەی هێزی تایبەت، کە هەوڵیداوە لە شەوی کودەتاکەدا دەستبگرێت بە سەربینای هێزە تایبەتەکان لە ئەنقەرە، لەلایەن جێگری ئەفسەر؛ عومەرخالیس دەمیرەوە، بە یەکەم هەنگاوی شکستی کودەتاکە دادەنرێت.**

دواجار ڕکابەرییەکەی هەردوولا لە بەرژەوەندیی بەرەی ئاکپارتی کۆتاییهات. بە جۆرێک ئەردۆگان لە ساڵی (٢٠١٤) وە هەڵمەتێکی فراوانی داخستنی بۆ سەر دەزگا پەروەردەییو ئابووریو میدیاییەکانی گرووپی خزمەت دەستپێکردو تاوەکو (٢٠١٦) تەنها سوپا لە دەستی فەتۆدا مایەوە، هەر

بۆیە وا بڕیار بوو لە پاییزی (٢٠١٦) دا کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەردۆگانو لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە سوپاو کاروباری فەرمانبەرانو دەزگای هەواڵگریی تورکیا بکرێت. چاوەڕواندەکرا لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو ئەو کەسانەی کە لەلایەن میتی تورکییەوە وەک ئەندامی فەتۆ دەستنیشانکرابوون، یان لە کارەکانیان دووربخرێنەوە، یان خانەنشینبکرێن، بە تایبەت فەرماندەو بەرپرسە باڵاکانی سوپاو هەواڵگریو دەزگای دادوەری، لەبەرئەوە گرووپی فەتۆ جگە لە بکەرانی کودەتا، بۆ ڕێگری لە فشارەکانی ئەردۆگان بەرانبەریان، هیچ چارەیەکی دیکەیان لە بەردەستدا نەمایەوە.

کێشەو ململانێکان گەیشتبوونە ئاستێک کە گرووپی فەتحوڵڵا گیولەن ئامادەبوون بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزسیۆنو هەدەپەو تەنانەت پەکەکە، دژی ئەردۆگانو حکومەتەکەی. هەروەک جەودەت یەڵماز؛ جێگری سەرۆککۆماری تورکیا، ئاماژەیپێداوە: "هەر دوای کودەتاکە، تورکیا چەندین ئۆپراسیۆنی سەربازیو هێرشی ئاسمانیی لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا، ئەمەیش هێمایە بۆ پەیوەندیی فەتۆ لەگەڵ گرووپەکانیدیکەدا." لێرەدا یەڵماز دەیەوێت بڵێت کە پەیوەندییەکانی فەتۆ لەگەڵ پەکەکەدا هێندە بەهێزبووبوو، ڕێگرییدەکرد لە هێرشی دەوڵەتو سوپا بۆ سەر پەکەکەو پەیەدە لە هەرێمی کوردستانو ڕۆژئاوا.

ئێدی لە دوای ساڵی (٢٠١٥)وەو هەتا ئێستایش لە ڕوانگەی تورکیاوە، فەتۆ تەنها مەترسی نییە بۆ سەر وڵاتەکەی خۆی، بەڵکو مەترسییە بۆ سەر هەموو ئەو وڵاتانەی کە چالاکیی تێدا هەیە.

## کاردانەوەی دامەزراوەی دادوەریو پرۆسەی لێکۆڵینەوە

دامەزراوە دادوەرییەکانی وەک داواکاری گشتیو دادگای دەستووری لە کاژێرەکانی سەرەتای ڕاگەیاندنی کودەتاوە هەڵوێستیان دژی ڕاگەیاندو بە تاوانێکی گەورەو پێشێلکردنی دەستوورییان لەقەڵەمدا. تاوەکو کۆتاییهاتنی پرۆسەکەو ڕۆژەکانی دواتریش لەلایەن داواکاری گشتییەوە (٢٨٩) داوای یاسایی لە سەرجەم ئەو شارانەی ڕوداوی پەیوەست بە کودەتاکەی تێدا ڕویدا، کرانەوە.

دوای کۆتاییهاتنی هەوڵی کودەتاکە بە شکستخواردوویی، هەڵمەتێکی فراوانی دەستبەسەرکردن، لێکۆڵینەوە، دادگاییو سزادان لە تورکیادا دەستیپێکرد.

پێش هەموو شتێک باری نائاسایی لە تەواوی وڵاتدا ڕاگەیەنرا، لە )٢٠(ی تەممووزی )٢٠١٦( دوای کۆبوونەوەی کابینەی حکومەتو دەستەی ئاسایشی نیشتیمانی ((Milli Güvenlik Kurulu (MGK)) بە پشتبەستن بە ماددەی (١٢٠)

ی دەستوور(٩) باری نائاسایی بۆ ماوەی (٣) مانگ ڕاگەیەنرا.(١٠)
ئەم بارە لە تەواوی تورکیادا بۆ ماوەی دوو ساڵ (٧) جارو هەر جارێک (٣) مانگ درێژکردنەوەی بەخۆیەوەبینی،(١١) تاوەکو لە (١٧) تەمموزی (٢٠١٨) کۆتاییهات، بەڵام ئەم بارە ئێستایشی لەگەڵدا بێت، لە هەندێک ناوچەی باکووری کوردستان هێشتا بە هۆکاری جیاواز بۆ ماوەی کاتی نوێدەکرێتەوە.(١٢)
لە لایەکی دیکەوە لە هەمان کۆبوونەوەی کابینەکەی ئەردۆگانو دەستەی ئاسایشی نیشتیمانی لە (٢٠)ی تەمموزی (٢٠١٦) پڕۆژەبڕیارێک بە ناوی بڕیار لە بریی یاسا (کاهێکا Kanun Hükmünde (KHK) (Kararname))(١٣) دەرکرا.(١٤) بە گوێرەی پڕۆژەبڕیارەکە، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، بە تەواوی دەستی والاکرا بۆ درێژکردنەوەی باری نائاسایی لە وڵات، تاوەکو ئەو کاتەی دەگاتە ئەو بڕوایەی باری وڵات ئاساییبووەتەوە. ئەمە جگە لەوەی پڕۆژەبڕیارەکە ئەردۆگانی سەربەستکردووە لە دەرکردنی هەر بڕیارێک لە سەر ئەو کەسو دامەزراوانەی بە تۆمەتی بەشداربوون لە هەوڵی کودەتاکە تێوەدەگلێن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا دەستکراوەیی ئەردۆگان دواجار پەیوەستبووە بە بڕیارەکانی دادگاو ڕێنمایی ڕاوێژکارەکانی سەرۆکایەتیی کۆمارەوە.

لە ماوەی ساڵێکدا (٢٦) کاهێکا دەرکرانو تێیاندا (١٠٠) هەزار کەس لە کارەکانیان دوورخرانەوە، نزیکەی هەزار دامەزراوەی پەروەردەیی، میدیایی، بازرگانیو خێرخوازی داخران. مافی هاوڵاتیبوون لە چەندین هاوڵاتیی تورکیا سەنرایەوە. کۆمەڵێک ئاستەنگ خرانەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیری. سیستەمی دانانی سەرۆکی زانکۆکان گۆڕانکاریی تێدا کراو تەواوی دەسەڵاتی دانانی سەرۆکی زانکۆ بە سەرۆککۆمار بەخشرا. چەندین سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە لابرانو لە جێگەیان قەییوم دانرا.(١٥)

بانگەوازەکەی ئەردۆگان لە کەناڵی (CNNTÜRK) بۆ گرتنی فرۆکەخانەو دامەزراوە ستراتیژییەکانی دەوڵەت لەلایەن هاوڵاتیانەوە، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ شکستهێنانی کودەتاکە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا جگە لە کارمەندو بەرپرسانی سەربازی، کارمەندی ئەمنیو فەرمانبەری مەدەنیو (٥) مەلایش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوەو ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە.
بە گوێرەی ڕاگەیەنراوێکی پلاتفۆڕمی داوا یاساییەکانی کودەتای (١٥)ی تەمموز،

قۆناغی یەکەمی پرۆسەی دادگاییکردنی سەرجەم تۆمەتبارانی کودەتاکە کۆتاییپێهاتووە. لەو ڕاگەیەنراوەدا کە ڕۆژی (١٠)ی تەمموزی (٢٠٢٣) بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: "پرۆسەی لێکۆڵینەوەو قۆناغی یەکەمی دادگاییکردنی هەموو ئەو کەسانەی بە مەبەست یاخود بەبێ مەبەست بەشداریی کودەتاکەیان کردووە، کۆتاییهاتووە." لەگەڵ ئەوەیشدا وەک لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژەپێکراوە، "بڕیارەکانی قۆناغی یەکەمی دادگاییکردن قۆناغی کۆتایی وەرنەگرتووەو هێشتا بەشێکیان لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەوە بڕیاری کۆتاییان لە سەر نەدراوە."

لە (٥٨) پارێزگاو سەرجەم ئەو قەزایانەی کە ناوەندو بنکەی سەربازیی تێدایە، لەلایەن داواکاری گشتیو دادگاوە پەڕاوی تایبەتی لێکۆڵینەوە کراوەتەوە. لە هەمان کاتدا لەو (٥٨) پارێزگایەدا چەندین پەڕاوی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە فەرمانبەرانی دەوڵەتو هاوڵاتیان، بە تۆمەتی بەشداریکردن لە کودەتاکەو پەیوەندییان بە گرووپی فەتحوڵڵا گیولەنەوە، کراوەتەوە.

لە ڕاگەیەنراوەکەی پلاتفۆرمی داوا یاساییەکانی کودەتای (١٥)ی تەمموزدا باس لەوە کراوە کە "لەگەڵ یەکلاییبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر داوای یاسایی و سزادانی تۆمەتباراندا، ژمارەیەک بڕیاری دادگایش هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەی دادگای تێهەڵچوونەوەدان. ئەمە جگە لە ڕەتکردنەوەی ژمارەیەک بڕیاری دادگای تایبەت بە سزادانو زیندانیکردنی تۆمەتباران لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەو دەرکردنی بڕیاری بێتاوانی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربوانی کودەتاکە، بە تایبەت ئەوانەی بە نەزانیو بەبێ مەبەست بەشدارییانکردووەو هەڵخەڵێتێنراون؛ لە سەربازو کارمەندی ئاساییو خوێندکار."

لە کۆی (٢٨٩) داوای یاسایی لە تەواوی تورکیادا، لەلایەن دادگاوە بڕیار لە سەر (٨) هەزارو (٧٢٤) کەس دەرکراوە. لە تەواوی تورکیادا هەتا ئێستا هەزارو (٦٣٤) کەس سزای زیندانیی هەتا هەتایی قورس(١٦)، هەزارو (٣٦٦) کەس سزای زیندانی هەتا هەتایی، هەزارو (٨٩٠) کەس یەک بۆ (٢٠) ساڵ سزای زیندانیان بە سەردا سەپێنراوە. هەروەها (٩٦٤) کەس "تۆمەتێکی لە سەر نییە تاوەکو سزابدرێت(١٧)و (٢) هەزارو (٨٧٠) کەس تۆمەتی بە سەردا ساغنەبووەتەوەو ئازادکراوە.(١٨)

ئەو ئامارانەی خرانەڕوو، تەنها پەیوەستن بە ئەنجامی پرۆسەی دادگایی بکەرانی هەوڵی کودەتاکە. بەدەر لەوە، بە هەزاران هاوڵاتیی تورکیا بە تۆمەتی "ئەندامیەتی، پەیوەندی، پشتیوانیو پڕوپاگەندە بۆ ڕێکخراوی فەتحوڵڵا گیولەن (فەتۆ)، پەکەکەو پەیەدە"، کە هەموو ئەمانە ئەنجامی هەوڵی

کودەتا شکستخواردووەکە بوون، یان خراونەتەزیندانەوە، یاخود تورکیایان بەجێهێشتووە، ئەمە جگە لەو سزا تاکو بەکۆمەڵانەی لەلایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیاوە، بە پشتبەستن بە کاهێکا دەریکردوون بۆ دوورخستنەوەی فەرمانبەران لە کارەکانیان، لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون، قەدەغەکردنی گەشتی دەرەوەی وڵاتو نێوان پارێزگاکانی تورکیا.

**هاکان فیدان یەکەم کەس بووە بە شێوەیەکی نهێنی ئاگادارکراوەتەوە لە هەوڵی کودەتا، خلوسی ئاکاریش یەکەم کەس بووە بە شێوەیەکی فەرمیو ئاشکرا لەلایەن کودەتاچییەکانەوە ئاگادارکراوەتەوە کودەتا.**

## جیاوازیی هەوڵی کودەتای (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆیدا

١. سەرکردەو بڕیاربەدەستانی کەسانی ئایینی بوون، بەڵام سەرکردەو بڕیاربەدەستانی کودەتاکانی پێشوو فەرماندەکانی سوپا بوون. بە واتایەکی دیکە، لە کودەتاکانی پێشوودا فەرماندەکان بڕیاریان دەردەکردو ئەفسەرو سەربازان جێبەجێیاندەکرد، بەڵام لە کودەتای (١٥)ی تەمموزدا فەرماندەکانیش جێبەجێکەری بڕیار بوون نەک بڕیاربەدەست.

٢. ئەم کودەتایە بە بەکارهێنانی شێوازی تیرۆریستی، هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پەرلەمان، سەرۆکایەتیی کۆمار و کوشتنی (٢٥٢) کەسو برینداربوونی (٢) هەزارو (٧٠٦) کەس، بە سەرنەکەوتوویی کۆتاییهات.

٣. کودەتاکە لەلایەن ئەو بەرپرسو فەرماندانەی سوپاوە نەکراوە کە خاوەن بیری سیکۆلارنو تەنها بە ئامانجی دوورخستنەوەی بەرپرسە ئیسلامیو ڕاستڕەوەکان لە دەسەڵات، بەڵکو بریتی بوو لە هەوڵی ڕێکخراوێکی زۆر گەورەو بەهێزی نێودەوڵەتیی خاوەن توانایەکی بەهێزی مرۆیی، ئابووری، ئایینیو کۆمەڵایەتیو هەتا ڕادەیەک سیاسییش. ئەو فەرماندانەی کودەتاکەی (٢٠١٦) یان کرد، لە بریی وەلائیان بۆ ئەتاتورک، وەلائیان بۆ فەتحوڵلا گیولەن هەبوو.

٤. ئەم کودەتایە دوای خۆپیشاندانەکانی گەزی پارک لە (٢٠١٣)و هەڵمەتەکانی (١٧) بۆ (٢٥)ی کانوونی یەکەمی (٢٠١٣)ی پۆلیس دژی چەند وەزیرێکو بیلالی کوڕی ئەردۆگان، خۆپیشاندانەکانی ئامەدو باکووری کوردستان لە (٧) و (٨)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٤)و هێرشی چەکداریی پەکەکەو یەپەگە بۆ ناوچەکانی باکووری کوردستانو دەستبەسەرداگرتنی چەند گەڕەکێکی

ئامەدو قەزای جزیرە بە تەواوی لە ساڵی (٢٠١٥)و زنجیرەیەک خۆپیشاندانی خوێندکارانی ئامادەیی و زانکۆ لە مەراسیمی ئاهەنگی دەرچوونیاندا کرا، واتە ئەم کودەتایە هەر وا بە سادەیی نەکراوە.

**سوودی کودەتاکە بۆ تورکیاو ئەردۆگان**

١. ئاشکرابوونی دۆست و دوژمن لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات بۆیان،
٢. یەکلاییبوونەوەی ململانێی ئیسلامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە تورکیا، بە سەرکەوتنی بەرەی ئیسلامی سیاسی،
٣. سنووردارکردنی چالاکیی گرووپە ئایینییە کۆمەڵایەتییەکان و چاودێریی بەردەوامیان،
٤. شکاندنی بیرۆکەی "هەر کاتێک پارتێکی ئیسلامی لە دەسەڵاتی تورکیادا بەهێزبێت، لە ڕێگەی کودەتاوە لادەبرێت لە سەر دەسەڵات"،
٥. بایەخدانی زیاتر بە بواری ئەمنی و سەربازی،
٦. ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا،
٧. دەرپەراندنی "هێزە چەکدارەکان" بۆ دەرەوەی تورکیاو پاککردنەوەی وڵات لێیان،
٨. شکاندنی هەژموونی ڕۆژئاوا بە سەر تورکیاوە،
٩. سەربەخۆکردنی سیاسەتی ناوخۆ، دەرەوەو بەرگریی تورکیا لە دەستی دەرەکی و هێزو گرووپە جیاوازەکانی ناوخۆی تورکیا، ١٠. کردنەوەی دەزگای میدیایی تایبەت بە ڕوماڵکردنی ڕوداوەکانی تورکیاو جیهان، بەو جۆرەی حکومەتی تورکیا دەیەوێت، بە زمانە زیندووەکانی جیهان. لە هەمان کاتدا دامەزراندنی دەزگایەکی پەروەردەیی تایبەت بە ناوی وەقفی مەعاریفەوە، بە ئامانجی کردنەوەی قوتابخانە لە دەرەوەی تورکیا، وەک جێگرەوەی دامەزراوە پەروەردەییەکانی گرووپی فەتحوڵلا گیولەن.

**لە سەرەتای کودەتاکەوە تاوەکو بەرەبەیانی (١٦)ی تەمموز، (١٨٥) هاوڵاتیی مەدەنی، (٦٣) پۆلیس و (٤) سەرباز، بە کۆیگشتی (٢٥٢) کەس کوژران. (٢) هەزارو (٧٣٥) کەس بریندار بوون. هەروەها ئابووریی تورکیا (٣٥٠) ملیار دۆلار زیانی بەرکەوتووەو هەر هاوڵاتیەکیش (٢) هەزار دۆلار زیانی بەرکەوتووە.**

کودەتای (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)، ململانێی ئیسلامی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە تورکیا یەکلاییکردەوە. ئیسلامی کۆمەڵایەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە نهێنی لە ڕێگەی کۆمەڵەی نوورو مەنزیل و تەریقەتەکانەوە لە تورکیادا دەستیپێکرد، ئەمەیش بە هۆی

قەدەغەکردنی چالاکیی ئایینی بە هەموو جۆرێک لەلایەن دەوڵەتەکەی کەمال ئەتاتورکەوە. ئیسلامی سیاسییش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە لە ژێر ناوی تەوژمو پارتی دیموکراتو ڕاسترەودا دەستی بە چالاکی کرد.

هەر لەو کاتەوە ئەگەر هاوکاریو پشتیوانی لە نێوان ئیسلامی سیاسیو ئیسلامی کۆمەڵایەتیدا هەبووبێت، ئەوا لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمو هاتنەسەر دەسەڵاتی ئاکەپەوەو بە هۆی بەهێزبوونی هەردوو بەرەی ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە، هاوکاریو پشتیوانی گۆڕا بۆ ململانێو هەتا ئاستی شکاندنی ئێسکی یەکدی درێژەیکێشا.

ئەگەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو پارتی دیموکرات بە سەرۆکایەتیی عەدنان مەندەریسو پشتیوانیی زانای کورد؛ بەدیع زەمان سەعیدی نورسی، وەک ڕابەری کۆمەڵەی نوور، شێخی تەریقەتی مەنزیل، نەقشبەندیو قادرییەکانی بەدەستهێنابێتو دەنگی موریدی شێخانو پەیڕەوانی ئیسلامی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی بووبێت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوا لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمەوە، جیابوونەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانو هاوڕێکانی لە پارتەکەی نەجمەدین ئەربەکانو دروستکردنی پارتی دادو گەشەپێدان وەک پارتێکی ئیسلامی/ ڕاسترەو/ مۆدێرنو بەدەستهێنانی پشتیوانیی گرووپە ئایینییە کۆمەڵایەتییەکانو لە سەرووی هەموویانەوە گرووپی فەتحوڵڵا گیولەنیش وەک گرووپێکی ئیسلامی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن لە تورکیا، پشتیوانیو هاوکاریی ئیسلامی کۆمەڵایەتیی بۆ ئیسلامی سیاسی لە تورکیا بردە قۆناغێکی نوێوە، بە جۆرێک خودی فەتحوڵڵا گیولەن بە ئەندازیاری حکومەتی یەکەمی ئەردۆگان دادەنرێت.

ئەو مۆدێرنبوونەی ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە تورکیا درێژەینەکێشاو پاش دەیەیەک لە دەستلەملانێو هاوکاری، ڕکابەریو یەکدیشکاندن دەستیپێکرد. هۆکاری سەرەکیی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێرنبوونی هەردوو بەرەکە، لەبەرئەوەی لە دونیای مۆدێرندا هەرچەندە بانگەشەی دیموکراسیەت بکرێت، دواجار کەسێک یاخود گرووپێک هەوڵدەدات لە سەرجەم بوارەکاندا خۆی یەکەمو ڕابەر بێتو قۆرخکاری دێتەکایەوە، هەر بۆیە سەرەڕای ئەوەی ئاکپارتی بە چالاکیی سیاسی دەستیپێکردو گرووپی فەتحوڵڵا گیولەنیش بە چالاکیی ئایینیو پەروەردەیی دەستیپێکرد، بەڵام هەردوولا ئەو پەیمانە نەنوسراوە کۆمەڵایەتییەی نێوان بەرەی ئیسلامی سیاسیو ئیسلامی کۆمەڵایەتییان لە تورکیادا فەرامۆشکرد، کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو عەدنان مەندەریس وەک ڕابەری بەرەی

ئیسلامی سیاسی لەگەڵ سەعیدی نورسیو شێخی تەریقەتە جیاوازەکان وەک ڕابەری بەرەی ئیسلامی کۆمەڵایەتی لە تورکیا لە سەر بنەمای متمانەو پاراستنی ئەمانەت بە یەکدییان دابوو.

ململانێی ئەردۆغان و گیولەن بە کۆمەڵێک هەڵمەتی فەتۆ لە ناو حکومەتو دادگاو پۆلیسدا دژی ئاکپارتیو خودی ئەردۆگانو کەسە نزیکەکانی گەیشتە لوتکەو دواجار بە کودەتایەک ململانێی ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵایەتی یەکلاییبووەوە.

جیاواز لە سەرجەم کودەتاکانی دیکە لە تورکیا، کودەتا سەرنەکەوتووەکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) تەنها هەوڵی گرووپێکی ناو سوپا نەبوو بۆ گێڕانەوەی عەلمانیەت بۆ تورکیا، بەڵکو بریتی بوو لە هەوڵی گرووپێکی ئیسلامی کۆمەڵایەتی دژی ئیسلامی سیاسیی باڵادەست بە سەر حکومەتەوە، کە لە چوارچێوەی دەستوورو یاسا بەرکارەکانی تورکیا لە ژێر چەتری دەزگا فەرمییەکانی ئەو وڵاتەدا خاوەنی دامودەزگاو پارتی سیاسیو گرووپی چەکداری نەبوو بە ڕەسمی، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا گرووپی فەتۆ ڕۆچووبووە سەرجەم دامودەزگا هەستیارەکانی حکومەتو دەوڵەتو تەنانەت ئاکپارتییەوە،(١٩) بە جۆرێک یەک لە سەر سێی سوپای تورکیا لە سەرجەم ئاستەکانیدا، وەزارەتی داد، وەزارەتی تەندروستیو وەزارەتی ئەوقافی ئەو وڵاتەی کۆنترۆڵکردبوو، لە ناو ئاکپارتییشدا هێزی گرووپی فەتحوڵڵا گیولەن لە ئاستێکدا بوو داوای لیستی تایبەتی کاندیدی خۆیانیان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە ئەردۆگان دەکرد، واتە فەتۆ وەک گرووپێکی ئیسلامی کۆمەڵایەتی خۆی بۆ خۆی دەوڵەت بوو لە ناو دەوڵەتدا، حیزب بوو لە ناو حیزبدا، وەزارەت بوو لە ناو وەزارەتدا، سوپا بوو لە ناو سوپادا.

بە گوێرەی دانپێدانانی ئەو کەسانەی لە ناو گرووپی گیولەندا بوونو دوای کودەتاکە دەستگیرکراون لە دادگا، لە بنەڕەتدا بڕیاردەری سەرەکیی کودەتا بریتی بوو لە فەتحوڵڵا گیولەنو هەریەک لە "عادل ئوکسوز، کەمال باتماز، نورەدین ئۆروچ، هارون بینیشو هاکان چیچەک"، ئەمانە پێنج "ئیمامی مۆدێرن" بوون، کە پەیوەندیی نێوان فەتحوڵڵا گیولەنو فەرماندەو ئەفسەرانی ناو سوپای تورکیایان ڕێکدەخست.(٢٠) ئیدی ململانێی ئیسلامی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا گەیشتە ئاستی تەقینەوەو تەنانەت کۆمەڵگەی تورکیایش ئامادەبووبوو بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی ئەم دوو لایەنە.

بەم جۆرە لە دوای کودەتا سەرنەکەوتووەکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)، ئیسلامی کۆمەڵایەتی بە تەواوی ملکەچی ئیسلامی سیاسی بووە، یاخود یاخیبووە لەو دەسەڵاتە سیاسییە ئیسلامییە، یان ڕایکردووەتە دەرەوەی وڵات، یان دەستیکردووە

بە خەباتی ژێرزەمینی، یاخود لە چوارچێوەی ئەو دەستوورو یاسایانەی کە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا سەپاندوویەتی‌و پەیرەودەکرێت، بەردەوامییداوە بە چالاکییەکانی‌و بەرەی ئۆپۆزسیۆنی هەڵبژاردووە.

**سەرهەڵدانی ململانێی حکومەت بە سەرۆکایەتیی ئەردۆگان‌و ئاکپارتی لەگەڵ گرووپی فەتحوڵڵا گیولەن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٢٠٠٨) بە دواوە، ئەمەیش ئەنجامی هەوڵی گرووپی فەتۆ بۆ چوونەناو کایەی سیاسەت‌و هەوڵی ئاکپارتی بۆ چوونەناو کایەی پەروەردەو دین بوو.**

**ئەنجام**

ئاگادارکردنەوەی دەزگای هەواڵگری‌و خودی هاکان فیدان پێش دەستپێکردن بە کودەتاکە لەلایەن ئەفسەرێکی سوپاوە بە نهێنی‌و پاشان ئاگاداربوونەوەی سەرۆکایەتیی گشتی ئەرکانی سوپا، هێزە چەکدارەکانی تورکیا، ئاشکراکردنی دەستپێکی کودەتا لە بەردەم خلوسی ئاکارو ڕووبەڕووبوونەوەی ناوبراو دژ بە کودەتاچییەکان، پۆلیس، ئاسایش‌و ئەمن، ڕووبەڕووبوونەوەی فەرماندەی هێزی تایبەتیی ئامەد لە ئەنقەرە بە چەک لەلایەن جێگری ئەفسەری ئێشکگری فەرماندەی هێزی تایبەتەوە لە ئەنقەرەوە کوژرانی هەردووکیان، ڕاگەیەنراوەکەی سەرۆکوەزیران پێش ئەوەی هاوڵاتیانی تورکیا تەلەفزیۆنەکانیان بکوژێننەوەو بخەون، ئاگاداربوونەوەی میدیاو لێدوانەکەی ئەردۆگان لە (CNNTÜRK)، هاتنەسەر خەتی داواکاری گشتی‌و کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ کەسانێک کە هێشتا ڕوون نەبوو ئایا دەستگیردەکرێن، یاخود بۆ ڕۆژی دوایی وەک فەرمانڕەوای تورکیا بڕیار لە سەر ژیانی دادوەرانی داواکاری گشتی دەدەن، ڕاگەیاندنی ئەنجامدانی کودەتا لە (TRT)و قەدەغەی هاتوچۆ لەلایەن کودەتاچییەکانەوە، لە بەرانبەردا هاتنەدەرەوەی هاوڵاتیان‌و ڕژانەسەر شەقامەکان، خوێندنی قورئان‌و سەڵات لە مزگەوتەکانەوەو بانگەشەی ڕووبەڕووبوونەوەی کودەتاچییەکان؛ چەندێک بەڵگە بێت بۆ سیناریۆبوونی کودەتاکە لەلایەن ئەردۆگان‌و ئاکپارتییەوە، زیاد لەوە هێمایە بۆ بوونی تۆڕێکی فراوانی ئەمنی‌و هەواڵگریی بەهێزی سەر بە ئەردۆگان‌و باڵەکەی خۆی لە ناو حکومەت‌و دەزگا ئەمنی‌و سەربازییەکانی تورکیادا، کە پێشوەخت بە پلانی کودەتاکەیان زانیوەو بە ناچاری کودەتاچییەکان پێش کاتی دیاریکراو هەڵمەتەکەیان دەستپێکردووە.

لە هەمان کاتدا هێمایە بۆ چاوکرانەوەو هوشیاربوونەوەی هاوڵاتیانی تورکیاو

شـكـانـی ئـەو تـرسـەی بـەرانـبـەر بە سـوپـاو فـەرمـانـدەكـانی هـەیـانـبـووە. ڕووبـەڕووبـوونـەوەی سـوپـایـەک لـە سـەر پـردێـک كـە ژێـرەكـەی ئـاوێكی قـوڵـە لـە ئەستەنبـوڵ، هێمایە بـۆ زینـدوویەتی گەلێکو ئامادەیی قوربانیدان لە پێناوی لەدەستنەدانی ئەو بەرپرسانەی بە دەنگی خۆیان خستوویاننەتە ئەو پلەو پۆستانە.

ئەمە جگە لـەوەی هێمایەكی ڕوون بـووە بـۆ كـۆنـترۆڵـكـردنـی نـەک تـەنها میدیای دەوڵەت، بەڵكو میدیای كەرتی تایبەتیش، بە جۆرێک لەو نیوەشەوەدا لە كاتێكدا لە هەموو لایەكەوە هەوڵی گۆشەگیركردنی ئـەردۆگـان دراوە، بـەڵام (CNNTÜRK) تـوانـی لێـدوانێكی لێـوەربـگـرێـتو ڕێـڕەوی كودەتاكە بە ئاڕاستەیەكی دیكەدا ببات.

ئـەمـە جـگـە لـەوەی ئـامـاژەیـەكی ڕوونـە بـۆ شـكـانـدنـی دەسـتـو پـێـی جـەنـەراڵـە عـەلمانییەكانی نـاو سـوپـای تـوركـیـا، بە جـۆرێـک جـێـگـری ئـەفـسـەرێـكی ئـێـشـكـگـر بـتـوانـێـت ڕووبـەڕووی فـەرمـانـدەیـەک ببێتەوە كە لەلایەن كودەتاچییەكانەوە نێردراوەو تەنانەت ئەو فەرماندەیەیشی كوشـتـووە. هـەرچـەنـدە ئـەو هێزو غیرەتە هـەر لـەلایـەن خـودی فـەتـحوڵڵا گیولـەن و بـزوتـنـەوەكـەیـەوە بـۆ ئـەفـسـەرو سەربازەكانی سوپای توركیا دروستكرا لە ڕووبـەڕووبـوونـەوەیـان لـەگـەڵ فـەرمـانـدە عەلمانییە كودەتاچییەكاندا.

لـە هـەمـان كـاتـدا هێمایەكی ڕوون بـوو بۆ ڕاستگۆیی‌و وەفـاداریی دادگاو دادوەران، بە تایبەت داواكـاری گشتی بەرانبەر بە ئەردۆگانو حكومەتو گەلی توركیا، لە كاتێكدا هێشتا ململانێی كودەتاچییەكانو حكومەت لە نیوەی ڕێگەدا بوو، داواكاری گشـتی پشـتـیـوانـیی تـــەواوی خـــۆی بـۆ ئەردۆگانو دژایەتیی بۆ كودەتاچییەكان ڕاگەیاند.

دواجار ئەوە كودەتاكەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) بوو ململانێی نیو سەدەی بەرەی ئیسلامی سیاسیو ئیسلامی كۆمەڵایەتیی لە توركیادا لە بەرژەوەندیی بەرەی یەكەم كۆتاییپێهێنا.

هـەر ئـەو پشـتـیـوانـیـیـە بـێـشـومـارەی گـەل، میـت، سـوپـا، دادگـا، پـەرلـەمـان، وەزارەتـەكـان، میـدیـاو سیاسییەكان بـوو كە توانیی ئەردۆگان بەرەو تاكڕەوی ببات، بە جۆرێک وەک بـەرپـرسـانـی ئۆپـۆزسیـۆن ئاماژەیپێدەدەن، "توركیا لـەلایـەن ڕژێمی تاكڕەوییەوە بەڕێوەدەبرێتو داهاتووی وڵات لە نێوان دوو لێوی تاكەكەسێكدا قەتیسكراوە."

---

## سەرچاوەكان

Tevfik Erdem, Türkiye'de Darbe ve.١
,١٥,٠٧,٢٠١٩ ,Müdahalelerin Kısa Tarihi, SDE
https://www.sde.org.tr/tevfik-erdem/genel/
turkiyede-darbe-ve-mudahalelerin-kisa-
٢٧,٠٥,٢٠٢٤ ,١٠٤٤٣-tarihi-kose-yazisi
.٣٥ Bianet, TSK İç Hizmet Kanunu'nun.٢
https:// ,٣١,١٠,٢٠١٣,Maddesi Meclis'te
tsk-ic--١٤٧٩٩٦/bianet.org/bianet/siyaset
maddesi-meclis--٣٥-hizmet-kanunu-nun

٢٠%BC%BCr%C٣%B٦t%C٣%C٣%٢٠%٢FSiyaset&text=Bundan%te#:~:text=madde
٢٠%٢٠ve%B١n,vermeleri%B١n%C٤%٢٠mensuplar%C٤%٢٠Kuvvetler%B١%Silahl%C٤
٢٧,٠٥,٢٠٢٤ ,٩D%٨٠%B١r.%E٢%٢٠yasakt%C٤%B١%٢٠yazmalar%C٤%B١%yaz%C٤

Temmuz darbe girişiminde ١٥ Temmuz'da ne oldu ve neler yaşandı? Dakika dakika ١٥ ,Sozcu.٣
temmuzda-ne--١٥/gundem/٢٠٢٠/https://www.sozcu.com.tr ,١٥,٠٧,٢٠٢٠ ,...yaşananlar
,/٥٩٣٣٣٥-temmuz-darbe-girisiminde-yasananlar-١٥-oldu-ve-neler-yasandi-dakika-dakika
١٥,٠٥,٢٠٢٤

https://www.youtube.com/ ,١٣,٠٦,٢٠١٧ ,YeniŞafak, TRT'dekorsanbildiri.٤
٠٥,٠٤,٢٠٢٤ ,watch?v=FZFW٠pwQQ٢M

https://www.youtube.com/ ,١٣,٠٦,٢٠١٧ ,!Yeni Şafak, Başkomutan'dan halkına çağrı.٥
٠٥,٠٤,٢٠٢٤ ,watch?v=czCknVm١٤dc

Temmuz Darbe Davaları Platformu, darbe davalarıyla ilgili istatistikleri ١٥ ,Büşra Çoban.٦
temmuz-darbe-davalari--١٥/https://www.aa.com.tr/tr/gundem ,١٠,٠٧,٢٠٢٣ ,paylaştı
٢٦,٠٥,٢٠٢٤ ,٢٩٤١٦٢٤/platformu-darbe-davalariyla-ilgili-istatistikleri-paylasti

TEMMUZ DARBE GİRİŞİMİ VE TÜRKİYE ١٥ ,Erdal Tanas Karagöl.٧
,٢٦٧٣١٦/https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file ,١٥,٠٧,٢٠٢١ ,EKONOMİSİ
٢٤,٠٢,٢٠٢٤

,milyar dolar ٣٥٠ Murat Aslan, FETÖ'nün hain darbe girişiminin ekonomiye dolaylı maliyeti.٨
temmuz-darbe-girisimi/fetonun-hain-darbe--١٥/https://www.aa.com.tr/tr,١٤,٠٧,٢٠٢٠
٢٤,٠٢,٢٠٢٤ ,١٩٠٩٩٥٩/milyar-dolar-٣٥٠-girisiminin-ekonomiye-dolayli-maliyeti

٩.بە گوێرەی ماددەی (١٢٠) لە دەستووری توركیا، لە دۆخی تێكچوونی باری ئەمنیو سەرهەڵدانی توندوتیژیو دروستبوونی مەترسی لە سەر ژیانو مافو ئازادیی هاوڵاتیان، كابینەی حكومەت بە سەرۆكایەتیی سەرۆككۆمار كۆدەبێتەوەو دوای وەرگرتنی بۆچوونی دەستەی ئاسایشی نیشتیمانی، بڕیاری ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە ناوچەیەک یاخود چەند ناوچەیەک یاخود تەواوی وڵات دەردەكات، بە مەرجێک ماوەكەی لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت. بە پێچەوانەی سەرجەم پڕۆژە یاساكانی دیكەوە، بڕیاری ڕاگەیاندنی باری نائاسایی سەرەتا لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەكرێتەوەو پاشان دەنێردرێت بۆ پەرلەمان، پێویستە پەرلەمان لەو ڕۆژەی بە دەستی دەگات، كۆبوونەوەی لە سەر بكاتو پەسەندیبكات، پەرلەمان تەنها دەسەڵاتی پەسەندكردن یاخود كەمكردنەوەی ماوەی باری نائاسایی هەیە. Türkiye Büyük Millet Meclisi, T.C. Anayasası, Seçkin Yayıncılık, Ankara, ٢٠١٨, ١٢٠. Madde, sa. ١٠٩.

AA, Cumhurbaşkanı Erdoğan: ٣ ay süreyle olağanüstü hal ilan edilmesi kararlaştırıldı,.١٠
-temmuz-darbe-girisimi/cumhurbaskani-erdogan-١٥/https://www.aa.com.tr/tr,٢٦,٠٧,٢٠١٦
٦١٢٣٦١,١٥,٠٥,٢٠٢٤/ay-sureyle-olaganustu-hal-ilan-edilmesi-kararlastirildi-٣

OHAL sona erdi: İki yıllık sürecin bilançosu, https://www.bbc. ,١٩,٠٧,٢٠١٨ ,Onur Erem.١١
٢٣,٠٥,٢٠٢٤ ,٤٤٧٩٩٤٨٩-com/turkce/haberler-turkiye

http://www.sirnak.gov.tr/yasaklama-,٠٩,٠٤,٢٠٢٤ ,T.C Şırnak Valiliği, Yasaklama Kararı.١٢
١٧,٠٥,٢٠٢٤ ,٠٩٠٤٢٠٢٤-karari

١٣.بە گوێرەی ماددەی (١٢١) لە دەستووری توركیا، لە دۆخی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی كابینەی حكومەت بە سەرۆكایەتیی سەرۆككۆمار كۆدەبێتەوەو دوای وەرگرتنی بۆچوونی دەستەی ئاسایشی نیشتیمانی، كابینەی حكومەت دەتوانێت "بڕیار لە بریی یاسا (كاهێكا)" دەربكات. هەر "كاهێكا"یەک لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەكرێتەوەو لە هەمان ڕۆژدا دەنێردرێت بۆ پەرلەمان بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی لە سەری. ڕەزامەندیی پەرلەمانیش بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی دەبێت. Türkiye Büyük Millet Meclisi, T.C. Anayasası, Seçkin Yayıncılık, Ankara, ٢٠١٨, ١٢١. Madde, sa. ١١٠-١١١.

١٤.كاهێكا بڕیارێكی تایبەتە لەلایەن سەرۆككۆمارەوە، لە سەر ڕاسپاردەی كابینەی حكومەت دەردەكرێت،

هەرچەندە ئەم بڕیارە بە جۆرێکە تەنانەت پێویستی بە ڕەزامەندیی پەرلەمانیش هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تاوەکو باری نائاسایی لە وڵات تێدەپەڕێت، کاهێکا لە بری یاسا بەرکارەکان پەیڕەودەکرێت.

١٥.Gazeteduvar.com, KHK ٢٦ damgavuran yıla ١, ٢٠١٧, ٠٧, ٢٠, .https://www.gazeteduvar.com gundem/tr/٢٠١٧/٠٧/٢٠/١-yila-damga-vuran-٢٦-khk, ٢٠٢٤, ٠٥, ٢٧

١٦.سزای زیندانی هەتا هەتایی قورس، واتە لێبوردنی گشتیو تەنانەت لێبوردنی تایبەتی سەرۆککۆماریش نایگرێتەوە.

١٧.پاش ماوەیەک هێشتنەوەیان لە زیندان، دەرکەوتووە ئەم کەسانە یان بە هەڵە دەستبەسەرکراون، یاخود بە زۆرەملێ بەبێ ئەوەی تۆمەتێکیان لە سەر بێت.

١٨.Büşra Çoban, ١٥ Temmuz Darbe Davaları Platformu, darbe davalarıyla ilgili istatistikleri paylaştı, ٢٠٢٣, ٠٧, ١٠, ttps://www.aa.com.tr/tr/gundem/١٥--temmuz-darbe-davalari-platformu-darbe-davalariyla-ilgili-istatistikleri-paylasti/٢٩٤١٦٢٤, ٢٠٢٤, ٠٥, ٢٣

١٩.Cem Duran Uzun, Beşinci Yılında ١٥ Temmuz Darbe Davaları Ve FETÖ ile Mücadele, Kriter, Aylık Siyaset, Toplum ve Ekonomi Dergisi, Yıl:٦, Temmuz-Ağustos ٢٠٢١, Sayı:٥٩, ٢٨-٢٩

٢٠.Ayhan Kla, ١٥ yıl dönümü Temmuz'un, ٢٠٢٢, ٠٧, ١٥, https://www.yenisafak.com/gundem/darbeyi-yoneten-sozde-sivil-imamlar-son-sozlerinde-de-orgute-ve-orgut-elebasina-sahip-cikti-٣٥٧٣٥٨٠, ٢٠٢٤, ٠٤, ١٤

# پاڵنەرەکانی تورکیا بۆ ئۆپراسیۆنی سەربازی لە هەرێمی کوردستان

بەختیار ئەحمەد ساڵح

## پێشەکی

هەموو ساڵێک لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی گەرماو توانەوەی بەفر لە شاخەکان، سوپای تورکیا پرۆسە سەربازییەکانی لە هەرێمی کوردستان دژی بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) توندتردەکاتەوە، هەوڵێک کە هەتا ئەمڕۆ بەبێ ئەنجام ماوەتەوە، بەڵام پێدەچێت تورکیا ئەمساڵ بیەوێت پرسی بوونی پەکەکە، بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان، یەکلاییبکاتەوە، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن، بە هاوکاریی سوپای عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان.

بۆ تاووتوێکردنی ئەو کارەو چەند پرسێکی دیکە، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، دوای (١٣) ساڵ، جارێکی دیکە سەردانی عێراقی کردەوە. سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ عێراق گواستنەوەیەکی گەورە بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا، کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گرژی و ئاڵۆزیی زۆری بەخۆیەوەبینیبوو، ئەمەیش بە هۆی کۆمەڵێک کێشەی هەڵپەسێردراوی نێوانیانەوە، کە ڕەنگە گرنگترینیان دۆسیەی پەکەکە بێت. ئەردۆگان لە سەردانەکەیدا جگە لە بەغداد،

هاتە هەولێریش، ئەنقەرە بە هاوکاریی بەغداد و هەولێر دەیەوێت شەڕی دژی پەکەکە لە عێراق بگوازێتەوە بۆ قۆناغی کۆتایی، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەبێت هێز بە پانتایی زیاتر لە (٣٠٠کم) و قوڵایی (٣٠-٤٠کم) لە خاکی عێراقدا بڵاوبکاتەوەو ناوەندێکی ئۆپراسیۆنی هاوبەشیش لەگەڵ سوپای عێراقدا دابمەزرێنێت، ئەگەرچی هەتا ئێستا هیچ پێشکەوتنێک لەو ڕووەوە بەدینەهاتووە. سەبارەت بە نیازی ڕانەگەیەنراوی تورکیا، عێراق نیگەرانییەکی زۆری هەیە لە ئۆپراسیۆنێکی لەو شێوەیە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی تورکیا لەم دواییانەدا نەخشەیەکی نوێی تورکیای پیشاندا، کە تێیدا بەشێک لە باکووری عێراقو سوریا لەگەڵ قوبرسو بەشێک لە یۆنانو ئەرمینیا خراونەتەسەر خاکی تورکیا، هەر لەبەر ئەم هۆکارە زۆرێک ترسیان لەوەیە تورکیا هەوڵی جێبەجێکردنی پلانێکی لەو چەشنە بدات، بۆ فراوانکردنی بازنەی جوگرافیای خۆی، لە ڕێگەی ئۆپراسیۆنێکی لەو شێوەیەوە. جێی ئاماژەپێدانە، ماوەی چەند ساڵێکە تورکیا ئۆپراسیۆنی سەربازی لە باکوری عێراق دەکات، لە کاتێکدا هیچ کام لەو ئۆپراسیۆنانە ڕەزامەندیی حکومەتی عێراقی لە سەر نەبووە(١). بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتە دژبەرەکانی تورکیا لە ڕووی سیاسیو ئاسایشو ئاوو ئابوورییەوە دەرهەق بە عێراق هەتا ئەو کاتەی کە دۆسێی پەکەکە یەکلایینەکرێتەوە، وەک خۆی دەمێنێتەوەو پێناچێت تورکیا تەنها بە ئیدانەکردن ڕازیببێت.

**سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ عێراق**

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقداو وەک بەشێک لە ستراتیژی وەرچەرخان بەرەو کەنداو لە پێناوی بوژانەوەیەکی خێرای ئابووریی تورکیادا، سەردانی عێراقی کردەوە. سەردانەکە چەندین ئاماژەی لەخۆگرتبوو بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی پەیوەندییەکانو هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات. لە گفتوگۆکاندا بە ڕوونی پرسەکانی ئاو، ئاسایشو وەبەرهێنانی تورکیا لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بەستراوەتەوە بەو ڕۆڵەی کە دەبێت عێراق بیگێڕێت لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان.

سەردانەکە لە ژێر ڕۆشنایی نزیکبوونەوەی ستراتیژی بەرفراوان دێت بۆ تاووتوێکردنی پرسە گرنگەکانی وەک قەیرانی ئاو، ئاسایش، ڕێگەی گەشەپێدان، زیادکردنی قەبارەی بازرگانیی دوولایەنەو داواکارییەکانی عێراق سەبارەت بە گواستنەوەی غازی سروشتیو نەوت لە ڕێگەی تورکیاوە. سەبارەت بە پرسی ئاو، کە گرنگییەکی ژیاریی هەیە بۆ عێراق، دامەزراوەی توێژینەوەی کارنێگی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە کە لە ساڵی

(٢٠٢٥)دا قەبارەی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلەو فورات بە ڕێژەی (٥٠٪) کەمدەبێتەوە(٢)، ئەمە لە کاتێکدایە کە پشکی عێراق لە ئاودا بە هۆی پڕکردنەوەی بەنداوەکانی تورکیاوە، زۆر دابەزیوە لە نزیکەی (٧٣) ملیار مەتر سێجا لە ساڵی (٢٠٠٣)، بۆ (٥٠) ملیار مەتر سێجا لە ساڵی (٢٠٢٠) کەمیکردووە.

لەگەڵ زیادبوونی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، پێویستە پرسی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی ئاو لە عێراق کاراتربکرێت، چونکە تەواوی ئەو ڕاپۆرتانەی لە سەر گۆڕانی کەشوهەوا ئامادەکراون، دەریدەخەن کە کەمیی ئاو لە ناوچەکەدا لە ساڵی (٢٠٥٠)دا بە شێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات(٣).

سەبارەت بە کاتی سەردانەکەی ئەردۆگان، سێ هۆکاری سەرەکی هەن، کە گرنگییەکەی دیاریدەکەین:

یەکەم: پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، کە دەبێت بە خێرایی جێبەجێبکرێت، لە ژێر ڕۆشنایی سەرهەڵدانی پڕۆژەی جێگرەوە.

دووەم: واژووکردنی ڕێککەوتن بۆ هاوکاریکردن لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی باشووری تورکیا.

سێیەم: ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە.

**یەکەم: پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان**

ڕێگەی گەشەپێدان، کە بە (١٢٠٠کم) هێڵی ئاسنو ئوتوبان بەندەری فاوو کەنداو دەبەستێتەوە بە تورکیاو ئەوروپاوە، بە ڕێگەی ئاوریشمی نوێ ناوزەدکراوەو ناوچەیەکی بەرفراوان لە ئەوروپاوە هەتا کەنداو دەگرێتەوە. ئەم پڕۆژەیە تەنها ئامانجی دروستکردنی پردێک نییە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەوروپادا، بەڵکو ئامانجی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی تورکیایە لەگەڵ دەوڵەتەکانی کەنداودا(٤). لەگەڵ تەواوبوونی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێداندا، کە بە خاکی عێراقو تورکیادا تێدەپەڕێت، ماوەی گواستنەوەی کەلوپەل لە نێوان ناوچەکەو ئەوروپا بۆ (٢٥) ڕۆژ کەمدەبێتەوە، لە کاتێکدا کە جوڵەی ئەو کەشتییانەی بە کەناڵی سوێسدا تێدەپەڕن، (٣٥) ڕۆژ دەخایەنێت(٥).

جگە لە لایەنە ئابوورییەکەی، ئەنقەرە مەبەستیەتی لە ڕێگەی پڕۆژەکەوە بگاتە ناوچە سوننەو تورکمان_نشینەکان لە باکووری عێراق، وەک موسڵو کەرکووک، کە موسڵ بنکەی سەربازیی بەعشیقەی تورکیای لێیەو کەرکووکیش زۆرینەی تورکمانەکانی عێراقی تێدا نیشتەجێیە. ئەنقەرە لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیەوە دەتوانێت پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکمانو عەرەبی سوننەدا دروستبکات، بۆئەوەی لە ڕێگەی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە کاریگەریی زیاتری سیاسی لە سەر ئەم پێکهاتانە بەدەستبهێنێت. ئەگەرچی سەرەتا بە شێوەیەک نەخشە بۆ پڕۆژەی ڕێگەکە کێشرابوو کە بە خاکی

هەرێمی کوردستاندا تێپەڕنەبێت، بەڵام ئێستا بە پێی نوێترین زانیاری بڕیار وایە پڕۆژەی ڕێگەکە بە بەشێکی خاکی هەرێمی کوردستانیشدا تێبپەڕێتو هەرێمیش لێیسوودمەندببێت.

### تێڕوانینی ئێران بۆ پڕۆژەکە

ئێران پێیوایە پشتیوانیی ئەمریکا لە پڕۆژەکە لە لایەکو جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکانەوە، بەرانبەرەبەکەمبوونەوەی هەژموونی خۆی لە ناو عێراقداو دواجار کاریگەریی نەرێنی لە سەر ئابووریی ئێران دروستدەکات، لە دوای سەردانی محەمەد شیاع سودانی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ ئەمریکا، جۆ بایدن؛ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سودانیی ئاگادارکردووەتەوە کە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە سەر عێراق، پێویستە تورکیا پەیوەندییەکی هاوسەنگ دروستبکات لەگەڵ وڵاتە گرنگەکانی ناوچەکەدا. پرسیاری سەرەکییش لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئێران ڕێگەدەدات هەژموونی لە عێراق کەمبکرێتەوەو لە بەرانبەردا هەژموونی تورکیا زیاتربکرێت(٦).

بە شێوەیەکی گشتی؛ ئێران، تورکیا وەک ڕکابەرێکی ناوچەیی دەبینێت، لەو ڕووەوە دەبێت باوەڕی بە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان هەبێت هەتا ڕێگری بۆ ئەنقەرە دروستنەکاتو ڕەنگە ئێران ئامادەیی گەورەتری سەربازیو سیاسیی تورکیا لە ڕێڕەوی ستراتیژیی خۆیدا ڕەتبکاتەوە، کە بە سلێمانی – کەرکووک - موسڵدا بۆ سوریا تێدەپەڕێتو تاران بە دیمەشقو بەیروتەوە دەبەستێتەوە(٧). تاران لە ڕێگەی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، کاریگەرییەکی بەهێزی لە سەر گۆڕەپانی عێراق هەیەو هەتا ئەم ساتەوەختەیش ئێران هەڵوێستێکی ڕوونی لە سەر پێشهاتە نوێیەکان نیشاننەداوەو هەتا ئێستایش کاردانەوەی ئەو ڕێککەوتنە لە سەر پێشهاتەکانی ناوچەکە هەڵدەسەنگێنێت(٨).

### تێڕوانینی ئەمریکا

ئەمریکا نیگەرانە لە ئەگەری دروستبوونی هاوکاریی سەربازیو ستراتیژیی نێوان عێراقو تورکیا، لەبەرئەوەی ئەم هاوکارییە کاریگەری دروستدەکات لە سەر هاوپەیمانەکانی، بە تایبەتی کورد لە سوریا، وەک: هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)، کە بە درێژایی سنووری نێوان تورکیاو سوریاو عێراق ئامادەییان هەیەو ئەمریکایش هاوکارییاندەکات. ئەم نیگەرانییەیش ئەو کاتە دروستبوو کە دوای ئەوەی عێراق لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا پەکەکەی وەک گرووپێکی قەدەغەکراو دەستنیشانکرد، بەم هەنگاوەیش ڕێگە بۆ هاوکاریی قووڵتر لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا ڕەخسا، بەو پێیەی ئێستا قسە لە سەر دامەزراندنی

ناوەندێکی هاوبەش دەکرێت لە نێوان هەردوو وڵاتدا، وەک ئامادەکارییەک بۆ ئۆپراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە چوارچێوەی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانیو بەدەستهێنانی سەقامگیری بۆ عێراق و تورکیا(٩)، بەڵام بەو پێیەی کە تورکیا زیاتر لە هەموو ئەندامێکی دیکەی ناتۆ، لە سوریا، لیبیاو ئازەربایجان دژی هەژموونی ڕوسیا دەجەنگێت، بۆیە لەلایەن ئەمریکاوە چاوپۆشی لە کارەکانی دەکرێت(١٠).

**دووەم: ڕێککەوتن بۆ هاوکاریکردن لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی باشووری تورکیا**

ڕەخنەی ناوخۆیی لە بێکاریگەریی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە دژی پەکەکە لە عێراق، دەتوانێت یەکێک لە هۆکارەکانی پشت بڕیاری ئەنقەرە بێت بۆ دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنی نوێ سەربازی، کە بڕیارە لە سەرەتای هاوین دەستپێبکاتو بە چەند قۆناغێک بکرێت. زیانە بەرچاوەکانی سوپای تورکیا لە چەند مانگی ڕابردوودا وەک یەکێک لە هۆکارەکانی بڕیاری ئەنقەرە بۆ پێشخستنی وادەی ئۆپراسیۆنەکانی لە قوڵایی خاکی عێراقدا باسدەکرێت.

حکومەتی ئەنقەرە بە نیازە ئۆپراسیۆنە سەربازییە نوێیەکەی لە هەرێمی کوردستانو نزیک ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بکات، هەتا پەکەکە لە چیای مەتیناو گارە دووربخاتەوە. لە ڕاستیدا تورکیا دەیەوێت بە یەک بەرد دوو نیشان بپێکێت؛ یەکەم: دوورخستنەوەی پەکەکە لە خاکی هەرێمو دووەم: دابینکردنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، ئەمەیش لە پێناوی گەیشتندا بە کەنداوی فارس لە ڕێگەی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانەوە، بەم پێیە گرنگترین ئامانجی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا دابڕینی باشوورو ڕۆژئاوای کوردستانە لە یەکدی، لە ڕێگەی دوورخستنەوەی پەکەکەوە لە سنووری پارێزگاکانی دهۆکو موسڵ(١١) و دابینکردنی ئاسایش بۆ پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان.

**لە گفتوگۆکانی وەفدی تورکیاو عێراق لە بەغداد بە ڕوونی پرسەکانی ئاو، ئاسایشو وەبەرهێنانی تورکیا لە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێداندا بەستراوەتەوە بەو ڕۆڵەی کە دەبێت عێراق بیگێڕێت لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیادا لە هەرێمی کوردستان.**

بە پێی پلانی پێشوەختە، بڕیار وایە ئۆپراسیۆنەکە لە سەر سنووری هاوبەشی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بە درێژایی (٣٧٨کم)و قوڵایی (٤٠کم) بکرێت، تێیدا شاخی گارە، شاخی

شنگال لە پارێزگای نەینەواو سنووری پارێزگاری سلێمانییش بکرێتە ئامانج. بۆ ئەو کارەیش تورکیا ئومێدی وایە جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بڕیار وایە بە هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژ بەشداری لە ئۆپراسیۆنەکەدا بکات، حکومەتی ناوەندییش بەشداریی ڕاستەوخۆی هەبێت لە بەرانبەر ملدانی تورکیا لە دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی وزە، ئاوو بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردنی لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان(١٢).

ئەوەی کە جێگەی نیگەرانییە بۆ تورکیا، ئەوەیە کە هەتا ئێستا حکومەتی عێراق ڕاینەگەیاندووە کە پەکەکە پارتێکی تێرۆریستییە، تەنها ئەم پارتەی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی عێراق ناساندووەو لەو بارەیەوە هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک لە سەر ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازیی هاوبەش لەگەڵ تورکیادا دژ بە پەکەکە یاخود دروستکردنی ناوەندێک بۆ پرۆسە هاوبەشەکانی ڕانەگەیاندووە، ئەگەرچی سەرۆکی تورکیا لە سەردانەکەیدا بۆ عێراق ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی سوورە لە سەر کۆتاییهێنان بە تیرۆر، بە شێوەیەک یاسا نێودەوڵەتییەکان پێشێلنەکرێن و ڕێز لە سەروەریی وڵاتانی دیکە بگیرێت(١٣).

**تایبەتمەندیی ئۆپراسیۆنەکە**

تورکیا پێیوایە ئەم ئۆپراسیۆنە جیاواز دەبێت، بەو پێیەی لە یەک کاتدا سنووری عێراق و سوریا کۆنترۆڵدەکرێت و بەم شێوەیەیش ڕێگری لە پەکەکە دەکرێت سەرکردایەتییەکەی لە عێراقەوە بۆ سوریا بگوازێتەوەو لە هەمان کاتدا ڕێوشوێنی پێویست لە دژی پەکەکە لە سلێمانی و شنگال و کەمپی مەخموور دەگیرێتەبەر(١٤). سوپای تورکیا لە ئۆپراسیۆنەکەدا کار لە سەر چوار ئامانجی سەرەکی دەکات، کە بریتین لە:

یەکەم: دروستکردنی ناوەندێکی هاوبەش بۆ ئۆپراسیۆن بە مەبەستی بەڕێوەبردنی شەڕەکە.

دووەم: دروستکردنی بنکەی سەربازیی نوێ لە قوڵایی (٣٠) بۆ (٤٠کم) لە خاکی عێراقدا.

سێیەم: دروستکردنی پەرژێنێکی ئاسایش لە ناوچەکانی خواکورک، مەتینا، زاب و گارە، هاوشێوەی ڕۆژئاوای کوردستان.

چوارەم: گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان(١٥).

هەتا ساڵی (٢٠١٦) ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە باکووری عێراق زیاتر کورتخایەن بوون و ئەنقەرە بە دوای دامەزراندنی بنکەی هەمیشەییەوە نەبووە لەم ناوچەیە، بەڵام دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، لە (٢٥)ی ئەیلوولی (٢٠١٧)و ڕاگەیاندنی ئیدارەی ترەمپ سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی

تورکیا لە هەرێم زیادیکردو لە ساڵی (٢٠١٨) سوپای تورکیا دەستیکرد بە دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی، بە تایبەتی کاتێک کە دەرکەوت ستراتیژی بە ئامانجگرتنی هەڕەشەکانی پەکەکە لە سەرچاوەکەیدا کاریگەرترە.

ئەنقەرە پێشبینیدەکات لە هاویندا کێشەی ئاسایشی سنوورەکان لەگەڵ عێراقدا چارەسەربکاتو ئەم ئۆپراسیۆنە بەکاربهێنێت بۆ داخستنی تەواوی سنووری (٣٧٨) کیلۆمەتری لەگەڵ عێراقدا بە رووی پەکەکەدا(١٦)، سەرۆککۆماری تورکیایش بە روونی باسی لە پێویستیی کۆتایهێنان بە مانەوەی هێزەکانی تورکیا لە خاکی عێراق کردووەو پێیوایە عێراق دەبێت هاوکاریی تورکیا بکات بۆ نەهێشتنی پەکەکە لە خاکی هەرێمدا(١٧).

لە نێوان ساڵەکانی (٢٠١٥) هەتا (٢٠١٧) شەڕەکان زیاتر لە گوندەکانەوە بووە بە ئاراستەی شارە گەورەکانی تورکیا. لە (٢٠١٧)وە ئاراستەی شەڕەکان لە شارەکانەوە گوازراونەتەوە بۆ گوندەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیاو لە ساڵی (٢٠١٩) بە دواوە زۆرترین شەڕەکان لە خاکی عێراقدا کراوە(١٨). ئێستایش تورکیا توانیویەتی باڵادەستیی خۆی بسەپێنێتو شەڕی خۆی لەگەڵ پەکەکەدا بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆیو هۆکاری سەرەکییش کارایی هێزی ئاسمانیو بە تایبەتتر فڕۆکەبێفڕۆکەوانەکانی تورکیایە، کە لە عێراقو سوریا توانیویەتی زیانی گیانیو ماددیی زۆر بە پەکەکە بگەیەنێتو پلانی ئەوەی هەیە لەم ساڵدا بە تەواوەتی ئەو ململانێیە لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلاییبکاتەوە.

**ئەوەی کە جێگەی نیگەرانییە بۆ تورکیا، ئەوەیە کە هەتا ئێستا حکومەتی عێراق ڕاینەگەیاندووە کە پەکەکە پارتێکی تێرۆریستییە، تەنها ئەم پارتەی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی عێراق ناساندووە**

جێی ئاماژەپێدانە، شەڕو ململانێکانی نێوان تورکیاو پەکەکە لە (٢٠١٥)وە هەتا (٢٠٢٤) بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە،

### سێیەم: ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە

عێراق لە دیالۆگدایە لەگەڵ واشنتۆندا، کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕێگە بۆ کشانەوەی ئەمریکا لەم وڵاتە خۆشبکات، ئەمەیش ڕەنگە پاڵ بە تورکیاوە بنێت بۆ دارشتنەوەی ستراتیژێکی نوێ لە عێراق، پێش ئەوەی جارێکی دیکە ئێران دەرفەتەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە، هاوشێوەی ئەوەی دوای کشانەوەی سەربازیی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١١)دا ڕوویدا. لە لایەکی دیکەوە تورکیا

هەوڵدەدات بگاتە ئەودیوی حەلەب، لە بەرانبەر هەوڵێکی ئێران بۆ گەیشتن بە دەریای سپیی ناوەڕاست، یەکتربڕینی ئەم دوو ستراتیژە، ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت لە سەر سنوورەکانی عێراق، بە تایبەتی لە شنگال، ڕەبیعەو دەشتی نەینەوا، کە شایەتحاڵی بوونی سەربازیی هێزە لەبرییەکانی ئێران‌و پەکەکەن، ئەمەیش واقیعێکی جوگرافییە، کە تورکیا بەپێویستیدەزانێت بە خێرایی بە سەریدا زاڵببێت‌و دۆخێکی جوگرافی دروستبکات کە خزمەت بە ڕۆڵی ناوچەیی تورکیا بکات، بە دوور لە فۆکسخستنەسەر دۆسیە ئەمنییەکانی ناوخۆ، کە ڕێگرن لەم ڕۆڵە(١٩).

**گرنگترین ئامانجی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا دابڕینی باشوورو ڕۆژئاوای کوردستانە لە یەکدی، لە ڕێگەی دوورخستنەوەی پەکەکەوە لە سنووری پارێزگاکانی دهۆک‌و موسڵ.**

### پاڵنەرەکانی تورکیا بۆ ئۆپراسیۆن

١. سەرخستنی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان: سەرکەوتنی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی هەیە بە سەرکەوتنی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیاوە دژی پەکەکە، هەروەک چۆن شکستی یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوی تر دروستدەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەنقەرە لەوە ئاگادارە کە پەکەکە دەیان ساڵە بنکەی لە عێراقدا هەیەو لە ئۆپراسیۆنەکانی چەند دەیەی ڕابردوودا نەیتوانیوە ئەم هێزە لەناوببات، هەر بۆیە بێتوانایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە ناتوانێت بەو واتایە بێت کە تورکیا دەستبەرداری دەرفەتە سەرنجڕاکێشییەکانی عێراق بێت لە بواری سیاسی‌و ئابووریدا(٢٠). ئەو ئۆپراسیۆنە سەربازییەی کە بڕیار وایە تورکیا بە هاوکاریی عێراق‌و پارتی لە هاوینی ئەمساڵدا بیکات، تەنها پەیوەست نییە بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە، بەڵکو ئەم هێرشە بەشێک دەبێت لە ستراتیژێکی بەرفراوانتر، کە جگە لەوەی عێراق لە ڕێگەی پڕۆژەی گەشەپێدانەوە لە ڕووەکانی ئابووری‌و سیاسییەوە دەبەستێتەوە بە تورکیا، سەرەتایەکیش دەبێت بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە عێراق، بە تایبەت لە ئەگەری بەهێزی پاشەکشێی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. ڕوونە کە تورکیاو عێراق پێکەوە دەیانەوێت مەترسیی پەکەکە لە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دووربخەنەوە، ئەو پڕۆژەیەی کە جێگرەوەیەکە بۆ پڕۆژەی ڕێڕەوی هیند – ئیمارات – ئیسرائیل - ئەوروپا، کە ئەگەر سەریبگرتایە (بە هۆی شەڕی غەززەوە جێبەجێنەکرا)، بەبێ

بەشداریی تورکیا دەگەیشت بە ئەوروپا.
٢. بەهێزبوونی عێراقو ئەگەری توندکردنەوەی سنوورەکانی: حکومەتی عێراق هەتا دێت، بەرەو ناوەندگەرایی زیاترو سەپاندنی دەسەڵاتی زیاتر بە سەر سنوورەکانیدا دەچێتو ئەمەیش دەرفەتی دەستوەردانو پێشێلکارییەکانی دراوسێکانی کەمتردەکاتەوە. عێراق ئێستا کاردەکات لە سەر جێبەجێکردنی پلانێکی ئاسایش بۆ تەلبەندکردنو دانانی دیواری ڕاگر لە سەر سنوورەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی وەک ئێرانو تورکیاو سوریا، تەلبەندکردنی سنووری هەرێمی کوردستان لەگەل ئێراندا لە مەندەلییەوە دەستپێدەکات بەرەو خانەقینو گوندەکانی ناحیەی قورەتووی سەر بە خانەقینو لەوێوە درێژدەبێتەوە بۆ ناحیەی مەیدانو ناوچەی بەمۆ، هەتا دەگاتە تەوێڵەو بیارەو پێنجوێن، کە بەو هۆیەیشەوە کورد ڕووبەرێکی بەرفراوان لە خاکەکەی لەدەستدەدات. تەلبەندکردنی سنووری هەرێمی کوردستان، کە درێژییەکەی بە زیاتر (٣٠٠) کیلۆمەتر مەزەندەدەکرێت، بۆ ئەوەیە کە بیانوویەک نەدرێت بە دەست ئێرانەوە بۆ بۆردوومانی سنوورەکان(٢١). لە لایەکی دیکەوە عێراق لە سنوورەکانی لەگەڵ سوریادا دیوارێکی کۆنکرێتی بە درێژایی (١٥٧) کیلۆمەتر دروستکردووە، کە لە سنووری قەزای شنگالەوە دەستپێدەکات هەتا دەگاتە سنووری شارەدێی ڕەبیعەو دواتریش ڕووباری فیشخاپوور، هەروەها بە درێژایی (١٤٩٣) کیلۆمەتری سنووری لەگەڵ ئێراندا، (٤٦٥) کامێرای حەراری بە نوێترین تەکنەلۆژیا دانــراون بۆ دەستنیشانکردنی هەر جوڵەیەک لە سەر سنوورەکان، جگە لە دیواری کۆنکرێتیی ڕاگریش، سوود لە خەندەقو تەلی دڕکاوی وەرگیراوە(٢٢). عێراق دەیەوێت تورکیاو ئێران لەوە دڵنیابکاتەوە کە بەردەوامە لە سەر ڕێکارەکانی توندوتۆڵکردنەوەی سنوورەکانی لە بەرانبەر هاتوچۆی چەکداریی پارتە بەرهەڵستکارەکانی ئەو دوو وڵاتە، ئەگەرچی تورکیا بەردەوامە لە سەر پێشێلکارییەکانیو ئێرانیش پێیوایە پارتە بەرهەڵستکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵە، دیموکراتو پارتی ئازادیی کوردستان) بەردەوامن لە سەر مەشقو ئەندامگیری.

### هەڵوێستی شاراوەی بەغداد بەرانبەر بە پەکەکە

بەغداد پاڵنەرێکی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی پەکەکە لە سنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراودا بە جڵەوکراوی بهێڵرێتەوەو نەخرێتەناو لیستی تیرۆرەوە، بەو پێیەی ئەو پارتە جگە لەوەی کارتێکی فشاری بەهێزە دژ بە تورکیا، لە هەمان کاتدا هەنگاوێکی لەو جۆرە ڕەنگە مەترسیی وروژاندنی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پارتەکەو هاوسۆزانی ناوخۆییدا دروستبکات.

گرووپە چەکدارە سەرەکییە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیو تەنانەت ڕەوتی نیشتیمانیی شیعە/ ڕەوتی سەدریش دژ بە بوونو هەژموونی تورکیان لە عێراقو وەک هەڕەشەیەک سەیردەکەن، لەم بوارەدا هەتا ڕادەیەکی زۆریش کاریگەرییان لە سەر حکومەتەکەی سودانی هەیە. ئەم گرووپانە کە هەڕەشەیانکردووە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بوونی سەربازیی تورکیا ببنەوە، پەکەکە وەک جۆرێک لە کارتی فشار دەبینن، کە دەتوانن بەرانبەر بە ئەنقەرە بەکاریبهێنن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەژموونی تورکیا، بە تایبەتی لە پارێزگای نەینەوای زۆرینە سوننەو پرسی ئاو. تورکیا هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق فراوانتربکاتو ئەمەیش بۆ گرووپە شیعەکان جۆرێکە لە هێڵی سوور. بوونی پەکەکە لە باکووری عێراق سوودی بۆ بەغدا هەیە لە مامەڵەکانی لەگەڵ تورکیادا، چونکە ئەو گرووپە کارتێکی فشار دەداتە دەسەڵاتدارانی عێراق، کە هەمیشە دەتوانن لە کاتی دانوستان لەگەڵ ئەنقەرەدا یارییپێبکەن.

لە لایەکی دیکەوە، پرسی هاوبەشی سەرچاوە ئاوییەکان هەیە، بەو پێیەی تورکیا سەرچاوەی سەرەکیی ئاوە، بە شێوەیەکی سروشتی کاریگەرییەکی زۆری هەیە. لە بەرانبەر جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانی ئەنقەرە لەلایەن بەغدادەوە، ڕەنگە تورکیا پەنابباتە بۆ کەمکردنەوەی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلەو فورات، بەمەیش فشاری زیاتر دەخاتەسەر بەغداد(٢٣).

بە هۆی ئەوەی عێراق پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو دەناسێنێت نەوەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، دانوستانەکانی ئەم دواییەی نێوان بەغدادو ئەنقەرە سەبارەت بە دۆسیەی ئاسایش کۆتاییپێنەهاتووە. بەکارهێنانی سیفەتی تیرۆریستی بۆ پەکەکە بە واتای مامەڵەنەکردن دێت لەگەڵیداو هاوکات دەبێت هێزە عێراقییەکان هاوشانی هێزەکانی تورکیا، کە لە عێراق جێگیرکراون، کاربکەن بۆ کۆتایپهێنان بە بوونی پەکەکە لە سەر خاکی عێراقو ئەمەیش دۆخێکە ئێستا نە بەغداد دەیەوێتو نە هێزەکانی نزیک لە ئێران. بە واتایەکی دیکە، حکومەتی عێراق بڕیاردەری کۆتایی نییە لە شێوازی کارلێکو مامەڵەکردنی لەگەڵ پەکەکەدا، خودی بوونو پەرشوبڵاویی گەریلاکانی پەکەکە لە شنگالو ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان جۆرێکە لە پشتیوانی بۆ ئەو پارتە لەلایەن ئێرانو لایەنە سیاسیو چەکدارەکانی شیعەی ناو خاکی عێراق، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش بڕیار لە سەر مانەوەی ئەم پارتە لە عێراق بڕیارێکی تەواو عێراقی نییە، بەڵکو بڕیارێکی دەرەکییە، کە لە ژێر فشاری ئێراندا دەدرێت(٢٤).

**بەو پێیەی کە تورکیا زیاتر لە هەموو ئەندامێکی دیکەی ناتۆ، لە سوریا، لیبیاو ئازەربایجان دژی هەژموونی ڕوسیا دەجەنگێت، بۆیە لەلایەن ئەمریکاوە چاوپۆشی لە کارەکانی دەکرێت.**

## ڕێکارەکانی پەکەکە

لە سەروبەندی ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکەدا، پەکەکە دەستیکردووە بە چۆڵکردنی دەیان بنکە، بە تایبەت زیندانەکان، دامەزراوە پزیشکییەکانو کۆگاکانی چەک، کە بە درێژایی (٣٠) ساڵ لە ژێر کۆنترۆڵیدا بووە. لە لایەکی دیکەوە، هەر کاتێک ئۆپراسیۆنێک لە ناوچەکەدا پلانی بۆ داڕێژراو ویسترا جێبەجێبکرێت، پەکەکە چووەتە سنووری ئێران، هەتا سوود لە پەناگەیەکی ئارام وەردەگرێتو دواتر دەگەڕێتەوە، لەو بارەیەوە لە (٢٠٢٤/٥/٣) یاشار گیولەر؛ وەزیری بەرگریی تورکیا، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (CNN TÜRK)دا ڕایگەیاند: "ئەندامو چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ئێران هەڵدێن، ئێمە لەو بارەیەوە بە دۆستە ئێرانییەکانمان دەڵێین کە تیرۆریستەکان بەرەو ئەو ناوچەیە هەڵهاتوون، بەڵام ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن کە شتێک لەو شوێنە نییە و ئەمەیش دۆخێکی باش نییە." لەگەڵ زیادبوونی ڕکابەریی نێوان تورکیاو ئێراندا لە سەرانسەری ناوچەکەدا، ڕەنگە تاران دوودڵ بێت لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ئەنقەرە، ئەوەیش دەتوانێت گرژییە دووقۆڵییە بەردەوامەکان زیاتربکاتو بوارێک بە پەکەکە بدات بۆ ئەوەی لە توندبوونەوەی جەنگی تورکیا ڕزگاریببێت(٢٥).

لە مانگی ئازاری ئەمساڵیشدا، پەکەکە ڕایگەیاند کە توانای مووشەکیی بەدەستهێناوە، کە بتوانێت فڕۆکەبێفڕۆکەوانی تورکیا بخاتەخوارەوە. هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە لە ساڵی (٢٠٢٣)وە گرفتیان بۆ زیاتر لە دەیان فڕۆکەبێفڕۆکەوانی تورکیا لە باکووری عێراق دروستکردووە، هەروەها ژمارەیەک ڤیدیۆی کوالێتی_نزمی ئەو ئامێرانەی بڵاوکردووەتەوە کە بەکاریانهێناوە، لەو ڕووەوە تورکیا پێیوایە پەکەکە فڕۆکەبێفڕۆکەوانو دژەفڕۆکەی لە ئێرانەوە دەستکەوتووە، (٢٦).

## ئەنجام

١. تورکیا پێیوایە دەبێت لە سەر سنوورەکانی لەگەڵ عێراقدا دۆخێکی جوگرافیی وا دروستبکات کە خزمەت بە ڕۆڵی ناوچەیی تورکیا بکات بە دوور لە نیگەرانییە ئەمنییەکانی ناوخۆ، کە ڕێگرن لە بەردەم گێڕانی ئەم ڕۆڵە، ئەو ئۆپراسیۆنە سەربازییەیش کە بڕیار وایە لە هاوینی ئەمساڵدا دژ بە پارتی کرێکارانی

کوردستان لە باکووری عێراق بکرێت، بە هەوڵێکی دیکەی تورکیا دادەنرێت بۆ کۆتاییهێنان بە بوونی ئەو پارتە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم جارە بە ئومێدی بەشداریی ڕاستەوخۆی سوپای عێراقو پارتی دیموکراتی کوردستان.

**بڕیارو ایە ئۆپراسیۆنە چاوەڕو انکراوەکەی تورکیا، شاخی گارەو شاخی شنگال لە پارێزگای نەینەواو سنووری پارێزگاری سلێمانییش بگرێتەوە.**

٢. بۆ تێپەڕاندنی دەستوەردانەکانی تورکیا، عێراق هیچ بژاردەیەکی تری نییە جگە لە بەهێزکردنی سنوورەکان، هەتا کەمترین بیانوو بدات بە دراوسێکانی، بە تایبەت تورکیاو ئێران بۆ ڕێگریکردن لە دەستوەردانی سەربازیو پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق.

٣. تورکیا هەتا ئێستا نەیتوانیوە لەگەڵ بەغداد بگاتە ڕێککەوتنێکی ئەمنیی هاوشێوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە عێراق ساڵی ڕابردوو لەگەڵ ئێراندا واژوویکرد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پارتە بەرهەڵستکارەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستانی عێراق. سەرەڕای ئەمەیش، تورکیا پێیوایە کە لە ڕێگەی هاوکارییە ئابوورییەکانەوە لەگەڵ بەغدادو فشارە دیبلۆماسییە هاوبەشەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە، وردە وردە سووددەچنێتەوە.

٤. تورکیا پرسی بوونی پەکەکە لە عێراق وەک ئامرازی فشار بەکاردەهێنێت، هەتا عێراق ناچاربکات بە سازش لە بواری تردا.

٥. تورکیا ئامانجی ئەوەیە بگاتە قووڵایی جیهانی عەرەبی سوننە، بەڵام دروستبوونی پشتێنەیەکی شیعە لە تارانەوە بۆ بەیروت بەربەست دروستدەکات لە بەرانبەر ئامانجەکەی ئەنقەرەدا بۆ گەیشتن بە پارەو بازاڕو سامانی وڵاتانی کەنداو، هەر لەم ڕوانگەیەوەیە تورکیا بایەخێکی زۆر بە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەکات، چونکە ئەو پرۆژەیە ئەو پشتێنەیە دەبڕێت.

٦. ئێران وەک ڕکابەرێکی لەمێژینەی تورکیا، بە گومانە لە بەشداریی کارای ئەنقەرە لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانو ئۆپراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر تورکیا نەتوانێت نیگەرانییەکانی ئێران بڕەوێنێتەوەو بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، بە ئەگەری زۆرەوە لە ڕێگەی هێزە لەبریەکانی لە عێراقو داڵدەدانی پەکەکە، دەتوانێت گرفت بۆ تورکیا دروستبکات.

---

### سەرچاوەکان


١.DW: بغداد: العمليات التركية داخل حدودنا تهديد للأمن القومي.

٢.https://n٩.cl/jyrfa٣.

٣.الحره: أزمة المياه في العراق.. مهد الحضارة

يتحول إلى "صحراء قاحلة:
https://٢u.pw/ERm٦٢٢VS.٤.
٥.بى بى سى: زيارة أردوغان إلى العراق: نقلة في العلاقات وقضايا معلقة في انتظار الحل.
https://٢u.pw/PfGK٩OO٥.٦.
٧.زيد سليم: كيف تؤثر زيارة أردوغان إلى بغداد على العلاقات الاقتصادية بين العراق وتركيا؟
https://٢u.pw/vrpXkqho.٨.
٩.سعيد عبدالرزاق: لهجة تركية متشائمة من بغداد... وإردوغان سيحارب بطريقة أو بأخرى.
https://٢u.pw/npfyigHX.١٠.
١١.ميدل ايست نيوز: معادله اردوغان درباره عراق؛ «امنيت در مقابل اقتصاد
https://٢u.pw/z٨dnnqLb.١٢.
١٣.ادريس اوكو دوكو: العملية التركية المناهضة لـ"حزب العمال الكردستاني" و"طريق التنمية" في العراق وجهان لعملة واحدة.
https://٢u.pw/daxzBgZ٩.١٤.
١٥.مراد اصلان: مكافحة تركيا تنظيم PKK الإرهابي وانعكاساتها الإقليمية
https://٢u.pw/NnBVZ١Xu.١٦.
١٧.مطالعات عراق: تلاش واشنگتن براى مانع تراشى در توافق راهبردى ميان تركيه و عراق
١٨. https://iraqstudy.com/politics/١٩٢٠/.
١٩.HILAL KAPLAN: Mapping the Turkish military's expanding footprint.
https://٢u.pw/٤vmj٦٠gQ.٢٠.
٢١. Levent Kemal: Turkey to launch Iraq military campaign to secure road-rail project to Gulf.
https://٢u.pw/GPaLZbBM.٢٢.
٢٣.ترك برس: تحضيرات لأكبر عملية عسكرية تركية في شمال العراق
٢٤. https://www.turkpress.co/node/١٠٠٩٠٥.
٢٥.المرصد: لهجة تركية متشائمة من بغداد...
٢٦. https://marsaddaily.com/news.aspx?id=٢٠٢١٤&mapid=٦.
٢٧.سعيد عبالرزاق: زيارة إردوغان للعراق... دلالات على مرحلة جديدة من التعاون بين الجارين.
https://٢u.pw/PCHxiWYS.٢٨.
٢٩. انفلو بلس: جدل عراقي كبير بشأن طبيعة الاتفاق مع تركيا.. ما قصة "المنطقة العازلة" وهل ضمنت بغداد حصتها من المياه؟
٣٠.https://n٩.cl/t٦os٣.
٣١.RT: الجيش التركي سينفذ عملية برية ضد الفصائل الكردية في العراق.
https://٢u.pw/nDWGmynX.٣٢.
٣٣.العرب: العملية التركية ضد الأكراد وطريق التنمية في العراق وجهان لعملة واحدة.
https://٢u.pw/AS٣٨WA٣e.٣٤.
٣٥.كرد برس: نبرد پ.ک.ک- تركيه؛ از جنگ در مناطق روستايى تركيه تا كوهستان هاى عراق.
https://٢u.pw/١٥iHfANV.٣٦.
٣٧.فراس الياس: العملية العسكرية التركية في شمال العراق:
https://٢h.ae/FeQO.٣٨.
٣٩.كرد برس: ارتباط توافقنامه آنكارا-بغداد با موجوديت پ.ک.ک در عراق.
https://٢u.pw/WmUwyOmn.٤٠.
٤١.أمواج ميديا: تأثير حزب العمال الكردستاني في العلاقات العراقية التركية.
https://٢u.pw/٢flyGGFu.٤٢.
٤٣.ميدل ايست نيوز: عراق: امنيت مرزها در بهترين وضعيت خود قرار دارد.
https://٢u.pw/٦dkaGz١.٤٤.
٤٥.أمواج ميديا: تأثير حزب العمال الكردستاني في العلاقات العراقية التركية

٤٦.https://amwaj.media/ar/article/the-pkk-factor-in-iraqi-turkish-relations.
٤٧.میدل ایست نیوز: ترکیه ٥ هزار نیروی نظامی و ٨٠ پایگاه در شمال عراق دارد.
٤٨.https://:/٢u.pw/bxLbeJ٢n.
٤٩.RFI: Turkey looks for regional help in its battle against Kurdish rebels in Iraq.
٥٠.https://:/٢u.pw/m٣adlHIQ.
٥١.أمواج ميديا: تحليل معمق: هل سيوجه الهجوم التركي "طائرات حزب العمال الكردستاني المسيرة" نحو تركمان العراق؟
٥٢.https://:/٢u.pw/usdWIEWa.

# پڕۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (گاپ) لە نێوان واقیعو لێکدانەوەی سیاسیدا

هاوبەش عەبدوڵڵا ئەحمەد[١]

**پوختە**


پڕۆژەی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (Güneydoğu Andaolu Projesi) (GAP))، کە بە پڕۆژەی "گاپ" ناسراوە، یەکێکە لە گەورەترین پڕۆژە ستراتیژییەکانی وڵاتی تورکیا، کە لە سەر هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات جێبەجێدەکرێت. وەك لە ناوەکەیدا دیارە، پڕۆژەکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (نەخشەی (١)) و بە دیاریکراوییش دەکەوێتە شارە کوردییەکانی "ئادیامان، باتمان، دیاربەکر، غازی عەنتاب، کیلیس، ماردین، سیرت، ئورفاو شرناخ"ەوە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە گلدانەوەو کۆنترۆڵکردنی ئاوی هەردوو ڕووبارەکەو سوودلێوەرگرتنی بۆ مەبەستی ئاودێریو پیشەسازیو بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا ...هتد. پڕۆژەی گاپ بە کۆیگشتی (٢٢) بەنداوو (١٩) وێستگەی کارۆئاوی لەخۆدەگرێت. ڕووبەری گشتیی ئەو پارێزگایانەی کە پڕۆژەکەی تێدا جێبەجێدەکرێت نزیکەی (٧٨) هەزارو (٩٤٧کم) چوارگۆشەیە، کە ئەمەیش یەکسانە بە (١٠.١٢٪) کۆیگشتیی ڕووبەری تورکیاو نزیکەی (١١٪)ی دانیشتوانی تورکیایش لەم ناوچەیەدا دەژین.

١)ماستەر لە جوگرافیای ئابووری لە زانکۆی مەرمەرە لە ئەستەنبوڵو مامۆستای بەشی جوگرافیا لە زانکۆی سلێمانی.

لە دیدی تورکیاوە ئامانجی سەرەکیی ئەم پرۆژەیە خزمەتکردنو گەشەپێدانی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵو باشترکردنی هەلومەرجی ژیانە لەو ناوچانەدا، بەڵام لە دیدی وڵاتانی دراوسێی وەك عێراقو سوریاوە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی سیاسییەو هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئاوی وڵاتەکانیانو دەکرێت تورکیا لە داهاتوودا ئاو وەك چەکێك لە دژیان بەکاربهێنێت.

**نەخشەی (١): ئەو پارێزگایانەی پرۆژەی گاپی تێدا جێبەجێدەکرێت.**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە

## مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی پرۆژەی (گاپ)

بیرۆکەی سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی وڵات دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مستەفا کەمال ئەتاتورك. ئەوەی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت، ئەوەیە کە بە فەرمانی ناوبراو لە ساڵی (١٩٣٥)دا، بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوەی کاروباری کارەبا دامەزرا، ئەم ناوەندەیش بە مەبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سەرچاوە ئاوییەکان دەستیکرد بە توێژینەوە، بۆ ئەم مەبەستەیش ژمارەیەك وێستگەی چاودێریی ئاووهەوایی (وێستگەی کەشناسی) لە چەند ناوچەیەکی ڕووباری فورات دامەزراند. دواتر بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووەمو

ئەو قەیرانە ئابوورییانەی کە ڕووبەڕووی وڵات بوونەوە، بەرەوپێشچوونەکانی پڕۆژەکەی هێواشکردەوە.
لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٠-١٩٦٠)دا، جارێکی دیکە دەستکرایەوە بە ئەنجامدانی پشکنینی جیۆلۆجیو تۆپۆگرافی بۆ ئەو ناوچانەی کە بڕیاربوو لە سەر هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات بەنداویان تێدا دروستبکرێت. دواتر لە ساڵی (١٩٦١) لە شاری دیاربەکر بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئاو دامەزراو بە مەبەستی پەرەپێدانو بەرەوپێشبردنی دەرامەتە سروشتییەکانی ئاوزێڵی ڕووباری فورات کۆمەڵێك توێژینەوەی ئەنجامداو لە ساڵی (١٩٦٤) ڕاپۆرتی کۆتایی پێشکەشکرد، ڕاپۆرتەکە توانای ئاودێریو بەرهەمهێنانی وزەی ڕووباری فوراتی تێدا دیاریکرابوو. لە ساڵی (١٩٦٨)دا، پێشنیاری کۆمەڵێك پڕۆژەی وەك دورستکردنی بەنداوو وێستگەی کارۆئاوی لە بەشەکانی باشووری ئاوزێڵی ڕووباری فورات کراو ئەرکی جێبەجێکردنەکەیشی درا بە کۆمپانیا بیانیو ناوخۆییەکان. لە لایەکی تریشەوە بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو شانبەشانی توێژینەوەکانی لە سەر ئاوزێڵی ڕووباری فورات، کۆمەڵێك توێژینەوەی لە سەر ئاوزێی ڕووباری دیجلەیش ئەنجامداو چۆنیەتیی سوودوەرگرتن لە ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتی خستەڕوو. دواتر لە ساڵی (١٩٧٧)دا، هەموو ئەو پڕۆژانەی کە پێشنیارکرابوو لە سەر ئاوزێڵی هەردوو ڕووبارەکە جێبەجێبکرێت، یەکخرانو لە ژێر ناوی "پڕۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ" (گاپ)دا کۆکرانەوەو لەم ڕێکەوتە بە دواوە پڕۆژەکە بە پڕۆژەی "گاپ" ناسرا.(١)
لە ساڵی (١٩٨٦)دا، پڕۆژەکە خرایە چوارچێوەی پلانی پەرەپێدانی هەرێمییەوەو لەم سۆنگەیەیشەوە کاروبارەکانی پڕۆژەکە سپێردرا بە دەزگای پلاندانانی دەوڵەت، پاشان لە ساڵی (١٩٨٩)دا، بەڕێوەبەرایەتیی گەشەپێدانی هەرێمی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دامەزراو کاروباری داڕشتنی ماستەرپلانی پڕۆژەی گاپی تەواوکرد. لە ماستەرپلانەکەدا پێشبینیی گۆڕینی ناوچەکە کراوە بۆ ناوەندێکی گرنگی بەرهەمهێنانو هەناردەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی.(٢)

**ئامانجە سەرەکییەکانی پڕۆژەی گاپ**

جگە لەوەی پڕۆژەی گاپ یەکێکە لە پڕۆژە هەرە گەورەکانی وەبەرهێنان لە تورکیا، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە نۆ گەورەترین پڕۆژەکانی دونیا،(٣) پڕۆژەکە دەکەوێتە پارێزگاکانی "ئادیامان، باتمان، دیاربەکر، گازی عەنتاب، کیلیس، ماردین، سیرت، ئورفاو شرناخ"ەوەو کۆیگشتیی ڕووبەری ئەم نۆ پارێزگایەیش نزیکەی (٧٨) هەزارو (٩٤٧) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، کە دەکاتە نزیکەی (١٠.٢٪)ی کۆیگشتیی ڕووبەری تورکیا، بە گوێرەی ئاماری ساڵی

(٢٠٢٣) کۆیگشتیی ژمارەی دانیشتوانی هەر نۆ پارێزگاکە (٩) ملیۆنو (٤١٠) هەزارو (٦٢٤) کەس بووە، (خشتەی (١))، کە ئەم ژمارەیەیش ڕێژەی (١١٪)ی کۆیگشتیی دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنێت.(٤)

**خشتەی (١): ژمارەی دانیشتوانو ڕووبەری پارێزگاکانی پرۆژەی گاپ**

| پارێزگا | ڕووبەر(کم٢) | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| ئادیامان | ٧.٣٣٧ | ٦٠٤.٩٧٨ |
| باتمان | ٧.٤٧٧ | ٦٤٧.٢٠٥ |
| دیاربەکر | ١٥.١٠١ | ١.٨١٨.١٣٣ |
| غازی عەنتاب | ٦.٨٠٣ | ٢.١٦٤.١٣٤ |
| کیلیس | ١.٤١٢ | ١٥٥.١٧٩ |
| ماردین | ٨.٧٨٠ | ٨٨٨.٨٧٤ |
| ئورفا | ١٩.٢٤٢ | ٢.٢١٣.٩٦٤ |
| سیرت | ٥.٧١٧ | ٣٤٧.٤١٢ |
| شرناخ | ٧.٠٧٨ | ٥٧٠.٧٤٥ |
| کۆ | ٧٨.٩٤٧ | ٩.٤١٠.٦٢٤ |

سەرچاوە: (TÜIK ve T.C. Milli Savunma Bakanlığı, Harita Genel Müdürlüğü)

پرۆژەکە تەنها خۆی لە دروستکردنی چەندین بەنداوو وێستگەی کارۆئاویو کەناڵی ئاودێریکردندا نابینێتەوە، بەڵکو لە پاڵ ئەمانەدا پرۆژەکە وەبەرهێنان لە بوارەکانی تری وەك باشترکردنی ژێرخانی شارو گوندو ژێرخانی کشتوکاڵیو گواستنەوەو ڕێگەوبانو پیشەسازیو پەروەردەو تەندروستیو دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون ...هتد دەکات. پێشبینیدەکرێت کاریگەرییە ئەرێنییەکانی پرۆژەکە تەنها لە چوارچێوەی ناوچەییدا نەمێنێتەوەو ڕۆڵی بەرچاوی لە پرۆژە فرەلایەنەکانی پەرەپێدان لە

سەرتاسەری تورکیادا هەبێت. پڕۆژەی گاپ لە پاڵ ئەوەی کە پڕۆژەی پەرەپێدانی دێهاتەکانو پیشەسازیو پڕۆژەکانی ئاودێری لەخۆدەگرێت، یەکێکیشە لە هەرە پڕۆژە گشتگیرو تێروتەسەلەکان لە مێژووی تورکیادا. پڕۆژەی ناوبراو بە هەموو لایەنەکانیەوە؛ ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتووری، خزمەتێکی گرنگو بەرچاوی دانیشتوانی ناوچەکە بە تایبەتیو دانیشتوانی تورکیا بە گشتی دەکاتو دەبێتە داینەمۆی بوژاندنەوەی وڵات، هەر بۆیە پڕۆژەکە یەکێکە لە کارە هەرە گرنگو لەپێشینەییەکانی دەوڵەتو کاروبارەکانی بەوپەڕی گرنگیپێدانەوە جێبەجێدەکرێت.

**پڕۆژەکە بە پڕۆژەی "گاپ" ناسراوە، یەکێکە لە گەورەترین پڕۆژە ستراتیژییەکانی وڵاتی تورکیا، کە لە سەرهەردوو ڕووباری دیجلەو فورات جێبەجێدەکرێت.**

ئامانجی سەرەکیی پڕۆژەکە خۆی لە باشترکردنی باری داراییو بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی دانیشتوانی ناوچەکەو باشترکردنی ستانداردی ژیان لەو ناوچانەو گەیاندنی بە ئاستی شارە گەشەسەندوو و پێشکەوتووەکانی تری وڵاتو کەمکردنەوەو نەهێشتنی جیاوازیی نێوانیانو بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمداریی گوندنشینانو ڕەخساندنی هەلیکاری زیاتر بۆیانو باشترکردنی توانای شارە گەورەکانی ناوچەکە بۆ لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زیاتری دانیشتوانو دەستەبەرکردنی سەقامگیریی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو گۆڕینی ناوچەکە لە هەرێمێکی بەکاربەرەوە بۆ ناوچەیەکی بەرهەمهێنەرو هەناردەکاردا دەبینێتەوە. (٥) بە کورتی ئامانجە سەرەکییەکانی پڕۆژەی گاپ خۆی لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١. باشترکردنی ژێرخانی ئابووریو کەمکردنەوەی جیاوازیی داهات لە نێوان ناوچەکەو ناوچەکانی تردا و فەراهەمکردنی جۆرێك لە هاوسەنگیی گەشەی ئابووری.

٢. بەرەوپێشبردنو باشترکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیی ناوچە دێهاتییەکان لە ڕووی بڕو جۆرو ڕەخساندنی هەلیکاری زیاترەوە لە ناوچەکەدا، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە کۆچی دانیشتوان لە ناوچە دێهاتییەکانەوە بۆ ناوچەکانی تر، هەروەها هەوڵدان بۆ هێنانەوەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی داهاتو ئەزموونی کارنو پێشتر بە هەر هۆکارێك بێت، زێدی خۆیانیان بەجێهێشتووە.

٣. زیادکردنی توانستی شارە گەورەکانی ناوچەکە بۆ لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زیاتری دانیشتوان، ئەمەیش لە ڕێگەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونو

نۆژەنکردنەوەی یەکە نێشتەجێبوونە کۆنەکان، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئاستی گەشەسەندنی ئابووریو ڕێژەی گەشەی دانیشتوانو پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی گونجاوی وا، کە بگونجێت لەگەڵ بنەماکانی گەشەسەندنی بەردەوامدا.

٤. دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە بە هۆی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەوە لە زێدی ڕەسەنی خۆیان بوونو دووبارە نیشتەجێکردنیان لە ناوچەیەکی گونجاودا، ئەمەیش بە لەبەرچاوگرتنی بنەما کۆمەڵایەتیو کولتووریو ئابوورییەکان.

٥. باشترکردنو بەرەوپێشبردنی کەرتەکانی پیشەسازی، کانزاکاری، کشتوکاڵ، باخداری، تەندروستی، گەشتوگوزارو وزە لە ناوچەکەدا.(٦)

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: پڕۆژەی گاپ یەکێکە لە پڕۆژە هەرە زەبەلاحەکانی تورکیا، چ لە سەر ئاستی ناوخۆیی بێت، یاخود دەرەکیو لە ڕووی ئابوورییەوە لە یەکێك لە ناوچە هەرە دواکەوتووەکانی وڵاتدا جێبەجێدەکرێت، ئەمەیش بە مەبەستی باشترکردنو بەرەوەپێشبردنی بارودۆخی ژیانو گوزەرانی دانیشتوانی ناوچەکەو ڕێگریکردن لە کۆچی دانیشتوانی ناوچەکە، جا چ بۆ شارەکانی تر بێت یاخود بۆ دەرەوەی وڵات. ئەگەرچی لە کاتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی ناوچەکە کەوتوونەتەژێر ئاوی بەنداوەکانەوەو حکومەتی تورکیایش ئاماژەی بەوە کردووە کە هەنگاوی جددیی ناوە بۆ قەرەبووکرنەوەیانو دووبارە نیشتەجێکردنیان لەو ناوچانەی کە لە ماستەرپلانی پڕۆژەکەدا بۆیان دیاریکراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوانە تەنها لە چوارچێوەی بەرنامەی کاری دەوڵەتدا ماونەتەوەو لە ئەرزی واقیعدا ئەنجامێکی بەرجەستەیان نابینرێت.

## بەرەوپێشچوونەکانی پڕۆژەکە

هەتا ئێستا (١٩) بەنداوو (١٤) وێستگەی کارۆئاوی تەواوکراوەو پێشبینیدەکرێت بە تەواوبوونی هەموو بەنداوەکانی پڕۆژەکە ڕووبەری (١.٨) ملیۆن هێکتار زەویی کشوکاڵی ئاودێریبکات، هەروەها بە تەواوبوونی هەموو وێستگەکان ساڵانە نزیکەی (٢٧.٣) ملیار کیلۆوات/ کاژێر، وزەی کارەبا بەرهەمبهێنێت، بەمەیش بەشێکی زۆری پێداویستیی وڵات بۆ وزەی کارەبا پڕدەکاتەوە. بۆ نموونە هەتا کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٢٢)، کۆی بڕی کارەبای بەرهەمهاتوو لە وێستگە کارۆئاوییەکانی پڕۆژەکەدا (٥١٨ ملیار کیلۆوات/سەعات) بووە، کە بەهاکەی دەکاتە نزیکەی (٣١.١) ملیار دۆلاری ئەمریکی. هەڵبەت ڕێژەی بەشداریکردنی بەرهەمی کارەبای وێستگە کارۆئاوییەکانی پڕۆژەکە نزیکەی (٥٠٪)ە، لە کۆی

وزەی کارەبای بەرهەمهێنراو لە وزەی کارۆئاوی‌و (٢٥.٦٪)ی کۆی وزەی کارەبای بەرهەمهێنراو لە سەرجەم سەرچاوەکانی تر لە وڵاتدا.(٧)

**پڕۆژەی گاپ لە نۆ پارێزگای تورکیا، کە زۆربەیان دەکەونە باکووری کوردستانەوە، جێبەجێدەکرێت، کۆیگشتیی ڕووبەری ئەم نۆ پارێزگایەیش دەکاتە نزیکەی (١٠.٢٪)ی ڕووبەری تورکیاو دانیشتوانەکەیشی ڕێژەی (١١٪)ی کۆیگشتیی دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنێت.**

سەربارى هەموو ئەمانە، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا ڕەخنەی جددییان لە بەرەپێشچوونی کاروبارەکانی پڕۆژەکە هەیەو پێیانوایە ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لە وادەی یاسایی خۆی لایداوەو کەمتەرخەمیی تێدایە. بۆ نموونە لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، سەرۆکی ئەو کاتەی پارتی داوای ئازاد (هوداپار)؛ ئیسحاق ساغڵەم، لە ڕۆژەڤی هەفتانەی خۆیدا هەڵسەنگاندنی بۆ پڕۆژەی گاپ کردووەو ئاماژەی بەوە داوە کە سەربارى تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بە سەر پڕۆژەکەدا، بەڵام هەتا ئێستا نەگەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی، ئەمەیش پێویستی بە لێپێچینەوە هەیەو پێویستە لە سەر پەرلەمان لیژنەیەکی بەدواداچوون بۆ ئەم مەبەستە دروستبکات، چونکە ویستێك هەیە نایەوێت پڕۆژەکە تەواوببێت، پێویستە لیژنەکە ئەو لایەنانە بۆ ڕایگشتی ئاشکرابکات کە دژی تەواوبوونی پڕۆژەکەن. ساغڵەم لە درێژەی گوتەکانیدا ئاماژەی بەوەیش داوە کە سەربارى تێپەڕبوونی ماوەی ئاماژەپێکراوو دابینکردنی (٣٢) ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆی، پڕۆژەکە تەنها (٤٠٪) بۆ (٤٥٪)ی تەواوبووە، ئەمەیش نیشانەی پرسیاری لای ئەوان دروستکردووە، هەروەها گوتوویشیەتی: لە ساڵی (٢٠١٦)دا وەزیری پەیوەندیدار بە پڕۆژەکە ئاماژەی بەوە داوە کە پڕۆژەکە لە ساڵی (٢٠١٩)دا دەگاتە قۆناغی کۆتایی، بەڵام سەرەڕای تەرخانکردنی (٥١.٧) ملیار لیرەی تورکی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٨) بۆ تەواوکردنی (٢٠٨) پڕۆژەی پەیوەندیدار بە پڕۆژەی گاپەوە، پارەکە خەرجکراوە، بەبێ ئەوەی بەردێك بخرێتەسەر بەردێك. پێمانوایە کەسانێك هەن کە دژی بەرەوپێشچوون‌و گەشەسەندنی وڵاتن، چونکە بە تەواوبوونی گاپ (٣) ملیۆن‌و (٨٠٠) هەزار کەس هەلیکاریان بۆ دەڕەخساو (١) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن هێکتار زەویی دێمی دەگۆڕدرا بۆ زەویی بەراوو پێداویستیی وڵات بۆ وزە دابیندەکراو لە ڕووی کشتوکاڵییشەوە وڵات دەگەیشتە قۆناغی خۆبژێوی، واتە پێویستی بە هاوردەی بەرهەمی کشتوکاڵی

نەدەما. بە کورتی، بە تەواوبوونی پرۆژەکە هەتا رادەیەکی باش کێشە ئابوورییەکان چارەسەردەبوونو جیاوازیی گەشەسەندن لە نێوان ناوچەکاندا بنەبڕدەبوو.(٨)

لە لایەکی ترەوە سەرۆکی دەستەی کارگێڕیی ژووری ئەندازیارانی کشتوکاڵی؛ ئورفا عەبدوڵلا مەلیك، لە ڕیپۆرتاژێکدا دەربارەی پرۆژەی گاپ ئاماژەی بەوە داوە کە ئەوان وەك دامەزراوەیەکی ناحکومی هەردەم بە دوای پرۆژەکەدا دەچن، ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات کە پارێزگای ئورفا پشت بە کشتوکاڵ دەبەستێتو تورکیایش وڵاتێکی کشتوکاڵییە، بەڵام نزیکەی (٣٥) ساڵە پرۆژەی گاپ لە کایەی ئاودێریدا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوەنەبینیوە، بۆیە دەپرسین: بۆچی لە کایەی ئاودێریدا بەرەپێشچوون ڕوینەداوە؟ پێویستە ئەندام_پەرلەمانەکانی هەر نۆ پارێزگاکە، جا چ بەرەی دەسەڵات بن یاخود بەرەی ئۆپۆزیسیۆن، بە دوای ئەم پرسەدا دەچنو وەبەرهێنان لە بواری ئاودێریدا بکەنە پێشینەی کارەکانیان، چونکە سەرمایەی تەرخانکراو بۆ پرۆژە ئاودێرییەکان زۆر کەمترە لە سەرمایەی تەرخانکراو بۆ کایەکانی تر. بۆ نموونە لە سێکتەری بەرهەمهێنانی وزەدا بە ڕێژەی (٩٨٪)ی ئامانجەکەی پێکاوە، بەڵام لە بواری ئاودێریدا ئەم ڕێژەیە تەنها (٣٦٪)ە، ئەگەرچی هەندێك لە پرۆژەکان بە ڕوکەش تەواوبوون، بەڵام کەموکوڕیی زۆریان تێدایە، هەروەها سەرەڕای ئەوەی لە سێگۆشەی "بۆزئۆڤا، هیلڤانو سیڤێرێك"دا پێویست بوو نزیکەی (١.٦) ملیۆن دۆنم زەوی بە ڕووی ئاودێریدا بکرێنەوە، پرۆژەکە ڕەتکرایەوەو ئەو پارەیەی بۆی دابینکرابوو، بۆ شوێنێکی تر خەرجکرا.

عەبدوڵلا مەلیك کۆمەڵێك هۆکارەکانی دواکەوتنی تەواوبوونی پرۆژەکەی بەم جۆرە خستووەتەڕوو:

یەکەم: نەبوونی ئارامیو ئاسایش لە ناوچەکەدا ئەگەرچی لە کاتی ئێستادا بە شێوەیەکی ئەوتۆ نییە، بەڵام کاریگەریی نەرێنیی هەبووە.

دووەم: کێشەکانی تورکیا لەگەڵ سوریادا لە سەر پرسی ئاو.

سێیەم: نەبوونی خەمخۆریی حکومەتە یەکلەدوابیەکەکانی تورکیا بۆ پرۆژەکەو دانەنانی پرۆژەکە وەک کاری لەپێشینەیان.

چوارەم: هۆکاری ئابووری، کەمتوانایی دەوڵەت بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەیەکی گەورەی لەم شێوەیە، سەرەتا پرۆژەکە پێویستی بە (٣٦) ملیار دۆلاری ئەمریکی بوو، بەڵام دواتر بە هۆی فراوانکردنیەوە پێویستی بە بڕەبودجەیەکی زیاتر بوو. بۆ نموونە، سەرەتا ڕووبەری زەویی بەراو بە (١) ملیۆنو (٧٠٠) هەزار هێکتار دیاریکرا، بەڵام دواتر ئەم ڕووبەرە بۆ (٢) ملیۆنو (٢٠٠) هەزار هێکتار بەرزکرایەوە، پاشان

چاوپێداخشێنرایەوەو کەمکرایەوە بۆ (١) ملیۆنو (٦٠) هەزار هێکتار. هەموو ئەمانەی کە باسکران، هۆکار بوون بۆ دواکەوتنو تەواونەبوونی پرۆژەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا.

**ئامانجی سەرەکیی پرۆژەی گاپ خۆی لە باشترکردنی ژێرخانی ئابووریی ناوچەکەو باشترکردنی ستانداردی ژیان لەو ناوچانەو گەیاندنی بە ئاستی شارە گەشەسەندووو پێشکەوتووەکانی تری وڵات دەبینێتەوە.**

لە لایەکی دیکەوە پرۆژەی گاپ نەبووەتە ڕێگر لە دواکەوتنی ناوچەکە، بۆ نموونە شاری ئورفا لە ساڵی (١٩٨٥)دا، واتە چوار ساڵ بەر لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، بە پێی پێوەری گەشەسەندنی سۆسیۆئیکۆنۆمیی لە تورکیادا لە پلەی (٥٥)دا بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ئاستی دابەزیوە بۆ پلەی (٧٣)، بێگومان ئەمەیش کۆمەڵێك هۆکاری لە پشتەوەیە، لەوانەیش: کۆچی ناوخۆیی، کە هۆکای سەرەکیی ئەم کۆچەش نەبوونی هەلیکارە لە ناوچەکەدا، ساڵانە نزیکەی (٣٥٠) بۆ (٤٠٠) هەزار کرێکاری کشتوکاڵی لەم ناوچەیەوە ڕوو لە ناوچەکانی تر دەکەن بۆ دۆزینەوەی هەلیکار. لە کاتێکدا ئەگەر لە ئورفا پیشەسازیی پشتبەستوو بە بەروبوومی کشتوکاڵی هەبوایە، ئەم جۆرە لە کۆچی دەستی کار ڕوینەدەدا، گەشەنەسەندنی ئەو پیشەسازیانەی کە پشت بە بەرهەمی خاوی کشتوکاڵی دەبەستنو نەبوونی کارگە لە شارەکەدا بووەتە هۆی ئەوەی ئەو بەروبوومانەی کە لەلایەن حکومەتو جوتیارانەوە دێنە بەرهەم، قازانجێکی ئابووریی ئەوتۆیان لێنەکرێت.(٩)

**کاریگەرییە نەرێنییەکانی پرۆژەی گاپ لە سەر ناوخۆی تورکیا**

بە گوێرەی ئەنجامی توێژینەوە پەیوەندیدارەکان پرۆژەکە لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی وردی زانستی هەڵنەسەنگێنراوەو ئەو بەشەیشی کە تەواوکراوە، زیاتر خراوەتە خزمەتی بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوییەوە، بەڵام بوارەکانی وەك کشتوکاڵ، پیشەسازی، گواستنەوە، تەندروستی، پەروەردەو فێرکردنو ...هتد، هەتا ڕادەیەك پشتگوێخراون، ئەمەیش لەگەڵ ئامانجە باڵاکانی ماستەرپلانی پرۆژەکەو ئەو بەڵێنانەیشدا یەکناگرێتەوە کە پێشوو بە خەڵکی ناوچەکە دراوە.

پرۆژەکە لە ڕووی ژینگەییەوە بووەتە هۆی هاتنەئارای دیاردەی بەخوێبوون (شۆری)ی خاكو بەبیابانبوون، بۆ نموونە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەیە بەنداوی ئەتاتورك ئاوی تێدا گلدەدرێتەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی کەناڵی ئاودێرییەوە

ناتوانرێت سوودیلێوەربگیرێت، ئەمە بۆ بەنداوەکانی تریش هەر ڕاستەو بووەتە هۆی شۆریو بێپیتی دەشتی "حەڕان"، کە یەکێکە لە هەرە زەوییە بەپیتەکانی جیهان، لە لایەکی تریشەوە لە ڕووی کولتووریو مێژوویشەوە زیانێکی زۆری بە ناوچەکە گەیاندووە، بۆ نموونە شوێنەوارە مێژوویی و کولتوورییەکانی وەك "سامسات، حەسەنکێف، زێگوما"، کە خاوەنی ڕیشەیەکی مێژووی هەزاران ساڵەن، بوون بە ژێر ئاوی بەنداوەکانەوە، ئەمە بێجگە لە ژێرئاوکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە گوندو نشینگەی مرۆیی تر.

بە گوێرەی ماستەرپلانی پرۆژەکە دەبێت قەرەبووی ئەو هاوڵاتییانە بکرێتەوە کە خاكو زێدی خۆیان لەدەستداوە، بەڵام ئەو هاوڵاتییانەی کە زەویوزارەکانیان لێوەرگیراوەتەوەو کراوە بە موڵکی میری، هیچ جۆرە قەرەبوویەکیان وەرنەگرتووەو کەوتوونەتە بارودۆخێکی مرۆیی زۆر ناهەموارەوە، دیاترین نموونەیش بۆ ئەمە ئەو هاوڵاتییانەن کە بە هۆی دروستکردنی بەنداوی ئەتاتورکەوە زەوییەکانیان ژێرئاوکەوتووەو هیچ قەرەبوویەکیشیان وەرنەگرتووە. هەموو ئەمانەی باسکران، بوونەتە هۆکاری کۆچکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە زێدی ڕەسەنی خۆیانو لەدەستدانیماڵو زەویوزارو کارو پیشەکانیان، لێرەوە دەردەکەوێت کە پرۆژەکە لە بریی پێشخستنو باشترکردنی ژێرخانی ئابووریی ناوچەکە، بووەتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێك کێشەی مرۆییو ژینگەیی لە ناوچەکەدا.(١٠)

لە لایەکی تریشەوە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێك لێکتێنەگەیشتنو ناکۆکی لە نێوان وڵاتی سەرچاوە (تورکیا) و وڵاتانی ئاوڕێژەگەدا (عێراقو سوریا) لە سەر پشکی ئاوی ساڵانە.

**پرۆژەی گاپ لە ڕووی ژینگەییەوە بووەتە هۆی هاتنەئارای دیاردەی بەخوێبوون (شۆری)ی خاكو بەبیابانبوون، بۆ نموونە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەیە بەنداوی ئەتاتورك ئاوی تێدا گلدەدرێتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کەناڵی ئاودێرییەوە ناتوانرێت سوودیلێوەربگیرێت، ئەمەیش بووەتە هۆی شۆریو بێپیتی دەشتی "حەڕان"، کە یەکێکە لە زەوییە هەرە بەپیتەکانی جیهان.**

## کاریگەریی پرۆژەکە لە سەر وڵاتانی دراوسێ (سوریاو عێراق)

پرۆژەی گاپ لە سەر هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات جێبەجێدەکرێتو سەرچاوەی ئەم دوو ڕووبارەیش دەکەوێتە تورکیاوە، بەڵام ئاوڕێژەگەکانیان دەکەوێتە وڵاتانی دراوسێوە، واتە دوو ڕووباری سنووربڕن. ڕووباری دیجلە کە درێژییەکەی نزیکەی (١٩٠٠کم)

ە، تەنها (٥٢٣کم)ی دەکەوێتە خاکی تورکیاوەو (١٣٧٧کم)ی بە خاکی عێراقدا تێپەڕدەبێت، بەم پێیەش ڕێژەی (٧٢.٤٪)ی ڕووبارەکە دەکەوێتە خاکی عێراقەوە.(١١) لە ناو خاکی تورکیادا کۆمەڵێك بەنداو لە سەر ئەم ڕووبارە دروستکراون، کە دیارترینیان بەنداوەکانی "دیجلە، دێڤڤێ گێچیدی، کراڵ کزی، باتمان، گارزانو ئیلیسوو"ە،(١٢) بەنداوی ئیلیسوو گەورەترین بەنداوی سەر ڕووباری دیجلەیەو دووەم گەورەترین بەنداوی تورکیایشە لە ڕووی توانای گلدانەوەی ئاوەوە.(١٣) فوراتیش، کە بە درێژترین ڕووباری باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا دادەنرێت، کۆیگشتیی درێژییەکەی لە سەرچاوەوە هەتا ئاوڕێژگە (٢٨٠٠کم)ە و نزیکەی (١٢٦٣کم)ی دەکەوێتە خاکی تورکیاوە،(١٤) (٧١٠کم)ی دەکەوێتە خاکی سوریاوە(١٥)و ئەوەیشی کە دەمێنێتەوە (٨٢٧کم)، دەکەوێتە خاکی عێراقەوە. گەورەترین بەنداوەکانی تورکیا، کە بریتین لە بەنداوەکانی "ئەتاتورك، کێبان، کاراکایا، بیرێجیك و کاراکامش"، لە سەر ئەم ڕووبارە دروستکراون.(١٦)

ئەگەرچی لە کاتی ئێستادا هەموو ئەو بەنداوانەی کە لە ماستەرپلانی پرۆژەکەدا هاتوون، تەواونەبوون، بەڵام ئەوانەی دروستکراون، کاریگەریی نەرێنییان هەبووە لە سەر بڕی ئاوی هاتوو بۆ ناو خاکی عێراقو سوریا، ئەمەیش ڕاستەوخۆ بێت یاخود ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی لە سەر پەیوەندییە سیاسیو دیبلۆماسییەکانی ئەم وڵاتانە بەجێهێشتووە، لەبەرئەوەی عێراقو سوریا هەتا ڕادەیەکی باش پشت بە سەرچاوە ئاوییە دەرەکییەکان دەبەستن، بۆ نموونە عێراق بە ڕێژەی (٥٣.٤٪)و سوریایش بە ڕێژەی (٧٢.٣٪) پشتبشت بە سەرچاوە ئاوییە ناخۆماڵییەکان دەبەستن، لە کاتێکدا ڕێژەی پشتبەستنی تورکیا بە سەرچاوە ئاوییە دەرەکییەکان تەنها (١٪)ە و ڕێژەی (٥٠٪)ی پێخۆرە سەرەکییەکانی ڕووباری دیجلەو (٩٠٪)ی پێخۆرە[٢] سەرەکییەکانی ڕووباری فورات دەکەونە ئەم وڵاتەوە، ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریاو بەشێکی زۆری عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان، وشك یاخود نیمچەوشکەو بڕی بارانی ساڵانەی ئێجگار کەمە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دیاردەی گەرمبوونی جیهانو گۆڕانی کەشوهەوا، عێراقو سوریای خستووەتە بارودۆخێکی ناهەموارەوە، هەروەها بە هەمان شێوەی عێراقو سوریا، تورکیایش کەوتووەتەبەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواو ئەمەیش خۆی لە کەمبوونەوەی بڕی دابارینی بەفرو باران لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەو وڵاتەدا دەبینێتەوە. پەیوەست بەم پرسەوە، توێژەران پێشبینیی ئەوە دەکەن کە لە داهاتوودا بڕی ئاوڕێکردن لە ئاوزێڵی

٢) تغذية مائية، Recharge.

هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتدا بە ڕێژەی (٣٠٪ بۆ ٧٠٪) کەمبێتەوە.(١٧)
هەموو ئەو هۆکارانەی باسکران، لەگەڵ بەردەوامیی گەشەی دانیشتوانو زیادبوونی پێداویستییەکان بۆ خواردنو ئاوی سازگار ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ هاتنەئارای پرسێک بە ناوی پرسی دابەشکردنی ئاو لە نێوان وڵاتانی خاوەن_پشك لە ئاوزێڵی ڕووبارە سنووربڕەکاندا. وەك پێشوو ئاماژەپێکرا، عێراق هەتا ڕادەیەکی زۆر پشت بە ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات دەبەستێت بۆ کشتوکاڵو بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاویو ...هتد، سوریایش هەتا ڕادەیەکی باش پشت بە ڕووباری فورات دەبەستێت، بەڵام سەرچاوەی هەردوو ڕووبارەکە دەکەوێتە وڵاتی تورکیاوەو ئەو وڵاتەیش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی خۆی سیاسەتی ئاویی تایبەتی داڕشتووەو لە چوارچێوەی پڕۆژەی گاپدا بەرنامەو پڕۆگرامە ئاوییەکانی خۆی فۆرمەلەکردووە.
تێکڕای بڕی ئاوی ساڵانەی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات نزیکەی (٨٨ ملیار/م٣)یەو ڕێژەی (٦٠٪)ی پێخۆرەکەیشی دەکەوێتە خاکی تورکیاو (٣٦٪)ی دەکەوێتە خاکی عێراقو (٤٪) یشی دەکەوێتە خاکی سوریاوە، واتە زۆربەی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی کە ئاو دەدەن بەم دوو ڕووبارە، دەکەونە وڵاتی سەرچاوەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەریەك لە عێراقو سوریا داوای بڕێکی زیاتر لەو بڕە ئاوە دەکەن کە لە ناو خاکی وڵاتەکانیانەوە سەرچاوەدەگرێتو دەڕژێتەوەناو هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتەوە، کە ئەمەیش لە دیدی تورکیاوە لەگەڵ پێوانە ئەندازیارییە دانپێدانراوە نێودەڵەوتییەکان بۆ پرسی دابەشکردنی ئاوی ڕووبارە سنووربڕەکان یەکناگرێتەوەو زیادەڕەویی زۆری تێدایە. (١٨)

**لە ڕووی کولتووریو مێژووییەوە پڕۆژەی گاپ زیانێکی زۆری بە ناوچەکە گەیاندووە، بۆ نموونە شوێنەوارە مێژوویيو کولتوورییەکانی وەك "سامسات، حەسەنکێف، زێگوما"، کە خاوەنی ڕیشەیەکی مێژوویی هەزاران ساڵەن، بوون بە ژێرئاوی بەنداوەکانەوە، ئەمە بێجگە لە ژێرئاوکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە گوندو نشینگەی مرۆیی تر.**

لە دیدی عێراقو سوریاوە، تورکیا توانای دابینکردنی ئەوە بڕە ئاوەی هەیە، بەڵام تورکیا پرسی ئاو بەسیاسیدەکاتو وەك کارتێکی فشار بەرانبەریان بەکاریدەهێنێت، ئەوەی ئەم تێگەیشتنەی عێراقو سوریایش پشتڕاستدەکاتەوە، ئەوەیە کە لە ساڵانی نەوەدەکانداو لەو دەمەی کە پرسی گرتنەوەی ئاوی ڕووباری

فورات بۆ پڕکردنی بەنداوی ئەتاتورك بووە هۆی دەربڕینی نارەزایی عێراق و سوریا لە هەمبەر ئەو کارەی تورکیا، سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا؛ "سولەیمان دەمیرێل"، لە گوتارێکیدا ئاماژەی بەوە داوە کە "ئەوان نەوتیان هەیەو ئێمەیش ئاومان هەیە، ئەگەر ئێمە داوای نیوەی نەوتەکەی ئەوان نەکەین، ئەوانیش ناتوانن داوای ئاو لە ئێمە بکەن". ئەم گوتەیەی ناوبراو لێکدانەوەی ئەوەی بۆ کرا کە تورکیا مامەڵەی سیاسی بە پرسی ئاوەوە دەکات لەگەڵ دراوسێکانیدا، هەروەها ڕایگشتییش لە هەریەك لە وڵاتانی عێراق و سوریادا بەو ئاراستەیەیە کە تورکیا لە پشت سەرهەڵدانی قەیرانی ئاووەیە لە وڵاتەکانیاندا.(١٩)

سەرهەڵدانی کێشەکانی تورکیا لەگەڵ سوریاو عێراقدا لە سەر پرسی ئاو ڕیشەیەکی مێژوویی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سالانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، یەکەمین ڕێککەوتننامە لە سەر پرسی ئاو لە ساڵی (١٩٢٦)دا لە نێوان وڵاتانی نابراودا واژووکرا، بەڵام تورکیا نەچووەژێرباری ئەو مەرجانەی کە لە ڕێککەوتننامەکەدا بۆی دیاریکرابوو، دواترو لە ساڵی (١٩٤٦)دا هەر لە سەر پرسی ئاو، "مەلیك فەیسەڵی دووەم" لەگەڵ عیسمەت ئینۆنو؛ سەرۆککۆماری ئەو کاتەی تورکیا، ڕێککەوتننامەیەکی دیکەیان لە ژێر دروشمی "دۆستایەتی و دراوسێیەتی"دا واژۆکرد، بەڵام دواتر لەلایەن هەردوو لاوە ئەم ڕێکەوتننامەیە پشتگوێخرا،(٢٠) لە ڕاستیدا هەتا ساڵی (١٩٦٠) هەم لە وڵاتی سەرچاوەو هەم لە وڵاتانی ئاورێژگەدا بە ڕادەیەکی ئەوتۆ سوود لە بەکارهێنانی ئاوی ئەم دوو ڕووبارە وەرنەدەگیرا، هەر بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان هەرسێ وڵات هەتا ڕادەیەك ئاسایی بوو، بەڵام دواتر کۆمەڵێك هۆکاری جیاجیا بوونە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ئەم وڵاتانەدا، ئەمەیش ڕێگرییکرد لە پرۆسەی هاریکاری و کاری پێکەوەیی هەرسێ وڵات بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی ئاوزێلی هەردوو ڕووبارەکەو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو پرسە. دواتر تورکیا تاکلایەنەو بەبێ گەڕانەوە بۆ عێراق و سوریا دەستیکرد بە جێبەجێکردنی پرۆژە ئاوییەکانی "گاپ" لە سەر هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات، بێگومان ئەمەیش کاریکردەسەر کەمبوونەوەی بڕی ئاوی ڕێکردووی هەردوو ڕووبارەکەو لە ئەنجامدا بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆزکرد. لە دیدی عێراق و سوریاوە تورکیا لە ئامانجە سەرەکییەکەی پرۆژەی گاپ لایداوە، کە بریتییە لە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکرنی ئاوی دیجلەو فورات و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لافاو، بەڵکو پرسی ئاو وەك کارتێکی فشار بەرانبەریان بەکاردەهێنێت، بۆیە کاتێك تورکیا دەستیکرد بە دروستکردنی بەنداوی

"کێبان" لە سەر ڕووباری فورات، سوریایش وەك وەڵامێك دەستیکرد بە دروستکردنی بەنداوی تەبقەو ئەگەر سعودیە ناوەندگیرینەکردایە، لەوانە بوو دۆخەکە بگۆڕایە بۆ پێکدادانی چەکداری، دواتر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٠ بۆ ١٩٩٠) ململانێکان لە سەر پرسی ئاو گەیشتنە لوتکە، ئەمەیش لە کاتێکدا بوو کە تورکیا پرسی ئاوی پەیوەستکردبوو بە کۆمەڵێك بابەتی ترەوە بۆ گوشارخستنەسەر سوریاو عێراق، بۆ نموونە تورکیا لە ساڵی (١٩٨٧)دا لەگەڵ سوریادا ڕێککەوتننامەیەکی واژۆکردو بەڵێنیدا کە ڕێگە بە ڕۆیشتنی (٥٠٠م٣/چرکە) ئاوبدات بە سوریا، بەو مەرجەی سوریا هاوکارییەکانی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بوەستێنێت، سوریایش بە مەرجەکەی تورکیا ڕازیبوو و بەڵێنیدا بە ڕاگرتنی هاوکارییەکانی بۆ پارتی ناوبراو، بەڵام دواتر لە کاتی هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت، جارێکی تر تورکیا ئاوی ڕووباری فوراتی گرتەوە، بۆیە هەڵە نابێت، ئەگەر بگوترێت لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بابەتی کاری پێکەوەیی بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئاو لە نێوان تورکیاو عێراقو سوریادا هەتا ڕادەیەك بە بنبەست گەیشتبوو.

بەڵگەیش بۆ ئەمە، ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لەلایەن تورکیاوە لە ساڵی (١٩٩٧)دا، کە ئەم ڕێککەوتننامەیە تورکیای پابەنددەکرد بە بەڕێوەبردنی دادپەروەرانەو دابەشکردنی ئاوی هەردوو ڕووبارەکە لەگەڵ سوریاو عێراقدا، بەڵام تورکیا دژی ڕێککەوتننامەکە وەستایەوەو ئەمەیش بووە هۆی بەردەوامیی ململانێکانو دۆخەکەیش هەتا کۆتایی نەوەدەکان درێژەیکێشا، بەڵام دواترو لەگەڵ دوورخستنەوەی سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان؛ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لەلایەن سوریاوە، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو سوریا بەرەو ئاساییبوونەوە ڕۆیشتنو لە ساڵی (٢٠٠١)دا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکردو تێیدا ئاماژەیان بە کاری پێکەوەییو ئاڵوگۆڕی زانیاریو بەکارهێنانی بەردەوامی سەرچاوەکانی ئاوو خاکی ناوچەکە کرد، کە ئەمەیش بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو سوریادا، هەرچەندە ئەم بەیاننامە هاوبەشە لە سەر ئەرزی واقیع هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەستەوەنەدا، بەڵام سەرەتایەك بوو بۆ کۆمەڵێك ڕێککەوتننامەی تری پەیوەست بە پرسی ئاو لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکەمدا. گرنگترینیشیان یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن بوو، کە لە ساڵی (٢٠٠٩) دا لە نێوان تورکیاو عێراقو سوریادا دەربارەی پرسی بەڕێوەبردنی ئاو واژۆکرا.

لە ڕاستیدا کۆمەڵێك هۆکار لە پشت بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان

ئەم وڵاتانەوە هەیە لە سەر پرسی ئاو، کە ڕەنگە گۆڕانی سیستەمی سیاسیی ناوخۆی تورکیاو هاتنەسەر دەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) لە ساڵی (٢٠٠٢)دا، کە دروشمی بنبڕکرنی کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەڵگرتبوو، لە دیارترینیان بێت.(٢١) سەردانەکەی ئەم دواییەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، بۆ عێراق و هێنانەبەر باسی پرسی ئاو لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراق و بەڵینەکانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پارتی دەسەڵاتدار لە تورکیا مەیلی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکانی هەیە لەگەڵ دراوسێکانیدا.

**سولێیمان دێمیرێل لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕایگەیاند: "عێراق و سوریا نەوتیان هەیەو ئێمەیش ئاومان هەیە، ئەگەر ئێمە داوای نیوەی نەوتەکەی ئەوان نەکەین، ئەو انیش ناتو انن داوای ئاو لە ئێمە بکەن"، ئەم گوتەیەی ناوبراو وا لێکدر ایەوە کە تورکیا مامەڵەی سیاسی بە پرسی ئاوەوە دەکات لەگەڵ دراوسێکانیدا.**

هەتا ئێستا هەریەک وڵاتی هاوبەش لە ئاوزێڵی ڕووباری دیجلەو فوراتدا نەگەیشتوون بە ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی دەربارەی دیاریکردنی پشکی هەر وڵاتێك و میکانیزمەکانی دابەشکردنی،(٢٢) لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشدا سەرباری کاریگەرییەکانی پڕۆژەی گاپ، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواو کەمیی دابارین بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی ئەو دوو ڕووبارەو پێویستە هەریەک وڵاتەکە دەستبەجێ هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەی هەر ئەگەرێك، کە لەوانەیە لە داهاتوودا ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەریەکەیان.

**ئەنجام**

لەگەڵ هاتنەئارای دیاردەی گەرمبوونی زەوی و گۆڕانکارییەکانی ئاووهەواو کەمبوونەوەی تێکڕای بڕی دابارین بۆ کەمتر لە تێکڕای ئاسایی ساڵانەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، پێداویستییەکانی مرۆڤیش بۆ ئاوی سازگار (ڕووبارو سەرچاوەکان) زیادیکردووەو لەم سۆنگەیەیشەوە بابەتی دەستڕاگەیشتن بەو سەرچاوانە هەندێک جار سەریکێشاوە بۆ دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان وڵاتاندا.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش یەکێکە لەو ناوچانەی کە پشکێکی گەورەی لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بەرکەوتووە،

بۆیە ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە ئەم جوگرافیایەوە، لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنو گلدانەوەی ئاوی ئەو رووبارو سەرچاوانەی کە دەکەوێتە سنووری وڵاتەکانیانەوە، ئەمەیش لە پێناوی بەدەستهێنانی بڕێکی زیاتر لە ئاوی سازگار بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوانی وڵاتەکانیان (خواردنەوە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، وزە، ...هتد).

هەریەك لە عێراق، سوریاو تورکیایش بەم ئاراستەیەدا کاریانکردووە، ئەگەرچی هەوڵەکانی تورکیا بەراورد بە عێراقو سوریا جددیتر بوونو ئەنجامی بەرجەستەیان هەیە وەك پرۆژەی "گاپ"، بەڵام عێراقو سوریایش هەوڵی سیاسیو دیبلۆماسیی خۆیان داوە بۆ بەدەستهێنانی پشکی وڵاتەکانیان لە ئاوی هەریەك لە رووباری دیجلەو فورات، جار جاریش لە سەر پرسی ئاو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا کێشەی تێکەوتووەو ئاراستەی جیاواز جیاوازی وەرگرتووەو تەنانەت ئەم پرسە پەیوەستکراوە بە کۆمەڵێك بابەتی ناوچەیی دیکەوە.

ئەگەرچی هەتا شەستەکانی سەدەی رابردوو بە هۆی کەمیی کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریی ئاووهەواو کەمیی ژمارەی دانیشتوانو دواکەوتووی کەرتی پیشەسازیو کشتوکاڵەوە لە ناوچەکەدا بەراورد بە ئێستا، پرسی پشکی ئاو دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو لەم وڵاتانەدا، بەڵام لە ساڵی (١٩٦٠) بە دواوەو بە تایبەتی لەگەڵ سەرەتای هەنگاوەکانی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنو گلدانەوەی ئاوی هەردوو رووباری دیجلەو فورات، کاردانەوەی عێراقو سوریا دەستیپێکرد، چونکە عێراق بە رادەیەکی زۆر پشت بە ئاوی دیجلەو فوراتو سوریایش بە ئەندازەیەکی زۆر پشت بە ئاوی فورات دەبەستێت بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوانی وڵاتەکەی.

**تا ئێستا تورکیاو عێراقو سوریا نەگەیشتوون بە رێککەوتنێکی کۆنکرێتیی هاوبەش لە سەر دیاریکردنی پشکی هەر وڵاتێكو میکانیزمەکانی دابەشکردنی ئاوی رووباری دیجلەو فورات.**

تورکیایش وەك وڵاتی سەرچاوە بۆ سوودوەرگرتنێکی ئەکتیڤو بەردەوام لە ئاوی ئەم دوو رووبارە پلانی ستراتیژیو دوورمەودای خۆی هەیە، کە ئەم پلانەیشی لە پرۆژەی "گاپ"دا بەرجەستەکردووە. ئەگەرچی لە دیدی تورکیاوە ئەم پرۆژەیە بۆ پێشخستنو باشترکردنی ستانداردی ژیانە لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە هەتا ئەم دەمە یەکێکە لە دواکەوتووترین هەرێم لە ناو هەر

حەوت هەرێمەکەی تورکیادا لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام لە دیدی هەریەك لە عێراق و سوریاوە ئەم پڕۆژەیە ڕەهەندێکی سیاسیی هەیەو تورکیا وەك کارتێکی فشار لە دژیان بەکاریدەهێنێت، ئەم سیاسەتەی تورکیایش بووەتە هۆی ناکۆکیی سیاسیی و دیبلۆماسی لە نێوان ئەم وڵاتانەدا.

لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی ئاکپارتی و گۆڕانی سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە دراوسێکانی، پەیوەندییەکان بەرەو ئاسایی‌بوونەوە چوون، کۆمەڵێك دیداریش بە مەبەستی لێکنزیکبوونەوەو لێکتێگەیشتنیش لە نێوان ئەم وڵاتانەدا جێبەجێکرا، ئەمەیش دۆخەکەی هێورکردەوە، بەڵام ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ئەم سێ وڵاتە نەگەیشتوون بە چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ پرسی دابەشکردنی ئاو، ئەمەیش لە کاتێکدایە کە بارودۆخی سیاسیی و ئەمنیی عێراق و سوریا ناجێگیرەو تورکیایش بەردەوامە لە سەر کارەکانی پڕۆژەی گاپ.

## سەرچاوەکان

T.C. Sanayi ve Teknoloji Bakanlığı.١ Güneydoğu Anadolu Projesi Son" ,(٢٠٢٢) :Durum", www.gap.gov.tr, (Erisşim tarihi .(٢٠٢٤.٠٢.١١

Güneydoğu" ,(١٩٩٧) BOZDEMIR, Nafiz.٢ Anadolu Projesi (GAP) ve Sağlık Planlamasındaki Yeri", ANKEM Dergisi, .٣٣٢ .S ,٣ :Cilt II, Sayı

Demirel" ,(٢٠٢١) Erdem, Ali Kemal.٣ yılda bitecek" ٥" "GAPtırmam", Erdoğan da bitmesi'٢٠١٠ dedi... Normalde gereken GAP, neden tamamlanmadı?", ٣VbvRkA,/Independent Türkçe, bit.ly .(٢٠٢٤.٠٢.١٩ :(Erişim tarihi

TÜIK ve T.C. Milli Savunma Bakanlığı,.٤ Harita Genel Müdürlüğü, "İl ve İlçe Yüz ölçümleri", https://www.harita.gov.tr/ .١٩ :il-ve-ilce-yuzolcumleri, (Erişim tarihi .(٢٠٢٤.٠٢

T.C. Başkanlık, Güneydoğu Anadolu.٥ Projesi, Bölge Kalkınma Idaresi Başkanlığı Güneydoğu Anadolu Projesi" ,(١٩٩٦) GAP – Az Gelişmiş Bölgelerin Potansiyel Araştırma Toplantısı Istanbul Sanayi .٢ .Odası", Istanbul, S

T.C. Sanayi ve Teknoloji Bakanlığı,.٦ GAP Bölge Kalkınma Idaresi Başkanlığı, " Güneydoğu Anadolu Projesi'nin Hedefleri", www.gap.gov.tr/gap-in- :html, (Erişim tarihi.٢٣-hedefleri-sayfa .(٢٠٢٤.٠٢.٢٠

T.C. Başkanlık, Güneydoğu Anadolu.٧ Projesi, Bölge Kalkınma Idaresi Başkanlığı Güneydoğu Anadolu Projesi Son" ,(٢٠٢٣) .٦٠-٥٩ .Durum, Yıllık Rapor", S

,(٢٠٢٠ Ağustos ١٩) DoğruHaber.٨ Yıldır Neden Bitmiyor?", bit. ٤٠ GAP" ٠٢ .٢٤ :Erişim tarihi) ,٣wVLcM٣/ly .(٢٠٢٤

Melik:" ,(٢٠٢٢ Eylül ٠٤) GAPGündemi.٩ Dedaş vatan hainliği yapıyor. Hükümet ve devlet, Dedaş'ı kamulaştırmalı", ٠١ :٣VhlXha, (Erişim tarihi/https://bit.ly

.(٢٠٢٤.٠٣
den‘١٩٧٧” ,(٢٠١٨) BİLGEN, Arda.١٠ ye Güneydoğu Anadolu Projesi‘٢٠١٧ Yılı Üzerine Nitel ve ٤٠ (GAP): GAP’ın Çok Boyutlu Bir Değerlendirme”, Ankara Issue ,٧٣ Üniversitesi SBF Dergisi, Volume .٨٢٩-٨٢٧ .S ,٣
Dicle”, TDV” ,(١٩٩٤) TUNCEL, Metin.١١ .٢٨١ .S ,٩ .İslâm Ansiklopedisi, Cilt
,(٢٠٢٠) SEPETÇİOĞLU, Mehmet Yaşar.١٢ Gap Özelinde Türkiye Su Kaynaklı” Yenilenebilir Enerji Projeleri Görünümü”, .٧ .S ,١ .Sayı ,٤ .Türk Hidrolik Dergisi, Cilt
T.C. Batman Valilği, “Ilısu Barajı ve.١٣ Erişim) ,٤٩٠bAS٦/HES”, https://bit.ly .(٢٠٢٤.٠٣.٠٩ :tarihi
Fırat”, TDV” ,(١٩٩٦) TUNCEL, Metin.١٤ .٣٢ .S ,١٣ .İslâm Ansiklopedisi, Cilt
Food & Agriculture Organization of the.١٥ Transboundary” ,(٢٠٠٩) United Nations River Basin Overview – Euphrates-Tigris”, .٣ .Italy, pp
Fırat” ,(٢٠٢٠ Ekim ٢٠) Hurriyet.١٦ Nehri nerede? Nereden doğar ve nereye dökülür? Fırat nehrinin özellikleri, üzerindeki barajlar ve uzunluğu”, https:// .٠٣ .١٠ :٣PjXUuw, (Erişim tarihi/bit.ly .(٢٠٢٤
Water” ,(٢٠١٧) .Forsythe, David P.١٧ and politics in the Tigris-Euphrates basin: Hope for negative learning?”, Water Security in the Middle East, Anthem Press, .١٦٨ .pp
** BULU, Atıl *, ÇOKGÖR, Şevket.١٨ GAP Projesi Türkiye, Irak ve” ,(٢٠٠٢) Suriye Arasında Sorun Nedeni Midir?”, .Türkiye Mühendislik Haberleri (TMH), S .٥١-٥٠
,(٢٠٢٢)**SALİHİ, Emin*, ATAY, Itri.١٩ Dicle Nehri Su Yönetiminde Yeni Bir” Aktör ve Siyasi Kriz Potansiyeli”, Topkapı .S ,٢ .Sayı ,١ .Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt .٣٧
Al-Muqdadi, Sameh W.*, Omer,.٢٠ Mohammed F.**, Abo, Rudy***, Dispute” ,(٢٠١٦)****Naghshineh, Alice over Water Resource Management—Iraq and Turkey”, Journal of Environmental .١٠٩٧ .pp ,٧ .Protection, Issue
Climate Diplomacy, “Turkey, Syria and.٢١ Iraq: Conflict over the Euphrates-Tigris”, :٣TFZ٩Xu, (Accessed/https://bit.ly .(١٢,٠٣,٢٠٢٤
,(٢٠١٣ Temmuz ١) YILMAZ, Alper.٢٢ Fırat ve Dicle Çıkmazı”, Politika Dergisi,” .١٥ :Erişim tarihi) ,٣PpooL٠/https://bit.ly .(٢٠٢٤.٠٣

# وەرگێڕان

تورکیاناسی

# مشتومڕی دەستور، پێوستی یاخود سەرقاڵکردنی شەقام

نوسینی: یوسف بوزگان (Yusuf Buzgan)
وەرگێڕانی: سەرکۆ عەلی عەبدولقادر

گفتوگۆکان سەبارەت بە پرۆسەی دارشتنی دەستوور لە تورکیا یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی کارنامەی دوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (٢٠٢٣)و هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی (٢٠٢٤) پێکدەهێنن. دەستوورەکان، کە لە ڕووی سروشتو پرۆسەی گەشەپێدانیانەوە تایبەتمەندیی گرێبەستی کۆمەڵایەتییان هەیەو لە ڕووی دامەزراندنی سیستەمو سروشتی پەیوەستکردنەوە دەبێت وەک پابەندکارێک کاربکەن، لە تورکیادا ئەمە گۆڕاوە بۆ مشتومڕێک کە لە ڕووی هۆکارە کاتییەکانو کارنامەی سیاسی حکومەتو گەڕان بە دوای مانۆڕی سیاسی کورتخایەندا بەرجەستەدەکرێت. ئەم دۆخە بۆ خۆی ئاماژەیە بۆ قەیرانی حوکمڕانیو بوارێکی نوێی گفتوگۆ دەکاتەوە سەبارەت بە پێویستیی دارشتنی دەستوورو شێوازی ئەم پێویستییە.

پاشماوەی کێشە بنەڕەتیو پێکهاتەییەکانی سەدەی یەکەمی تورکیا، سەدەی دووەمی تورکیاو داهاتووی سیاسیو چوارچێوەی بوونی دەستووریو سیستەمی دامەزراوەیی

خۆی بەبارمتەگرتووە. ئەو پرسانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە بەبێ چارەسەر ماونەتەوەو بۆ ئەمڕۆیش گواستراونەتەوە، لە چوارچێوەی کێشەی سیاسیو کۆمەڵایەتییبووندا، ئاماژەیە بۆ قەیرانی دەستووریش. چەمکی "کۆمەڵگە"، کە لە سەدەی ڕابردوودا لە تورکیادا بونیادنراوە، یەکێکە لەو کارە ئەندازیارییانەی کە توشی کێشە بووە.

لەم چوارچێوەیەدا کاتی ئەوە هاتووە بپرسین: ئایا دەکرێت "کۆمەڵگە" بینو کۆمەڵگایەک بەبێ "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"و بەبێ داڕشتنی "دەستوور"ێك کە هەموومان پێکەوە ببەستێتەوە، بونیادبنرێت؟

قەیرانەکانی مێژووی سیاسیی تورکیایش دەکرێت وەک زنجیرەیەک قەیرانی دەستووری بخوێنرێتەوە. ئەم دۆخە، کە لە ڕووی پەیوەندییەکانی هۆکارو کاریگەرییەوە بەیەکەوەگرێدراوەو ئەم بەردەوامییە لە قەیرانی دەستووریی سەدەی ڕابردوودا، جارێکی دیکە لەگەڵ ئەو کارە دەستوورییانەی کە لە ساڵی (٢٠٢٤)ەوە کراون، گەیشتووەتە بنبەست. کاتێک سەیری بارودۆخی هاوکاتی تورکیاو جیهانی ئەمڕۆ دەکەین، مەیل بە لای یاسای نۆرماتیڤ، کە بنەمای بەها بنەڕەتییەکانی وەک مافو ئازادییە بنەڕەتییەکان، ئازادیی ڕادەربڕین، خۆپیشاندانو گردبوونەوەو لەوەیش زیاتر پیرۆزیی مافی ژیانکردنە، کە لە سەدەی ڕابردوودا بەدەستهاتوون، زۆر بە بەهێزی خۆی نیشاندەدات.

لە یاساکانی کۆلۆنیالیزمەوە تا یاساکانی پشکنینی گشتیو یاسای سەربازی، لە هەوڵی کودەتاوە بۆ کردنی کودەتاکان، لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سەربازییەوە بۆ پراکتیکەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی مەدەنی، سەدەی یەکەمی تورکیا، کە دەتوانین لە چوارچێوەی ئاساییکردنەوەی باری نائاسایی کورتیبکەینەوە، وەک پێشبینییەک لە دووڕیانەکانی خۆپارێزیو ستاندارددەوە گەشەیکردووە. ئەم دۆخە، کە ئاماژەیە بۆ دوو چوارچێوەی یاساییو دەستووری جیاوازو سەربەخۆ، دەکرێت وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی دەستووری لە تورکیا نیشانبدرێت. ئەم حاڵەتە قەیراناوییە کە لە چوارچێوەی پێکهاتنو گەشەکردنو بڵاوبوونەوەی پرسی کورددا ڕویدا، ئێستا لە کورد تێپەڕیوەو دۆخێکی "نادەستووریبوون"ی لە چوارچێوەی تەواوی کۆمەڵگەی تورکیادا خوڵقاندووە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی دەستووری لە تورکیا، شوناسی بەکۆمەڵی کوردە لە چوارچێوەی ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییەو ئەو پرسیارەی کە لە دەوری ئەم ناسنامەیە لە چ جۆرە مافو ئازادییەکدا جێگیردەبن، بۆیە هەم قبوڵکردنی کورد وەک پێکهاتەیەکی سەربەخۆو هەم تێگەیشتنی ڕەتکردنەوەی کورد لە هەبوونیان، لە ڕاستیدا ئەم ڕێبازە

لە سەر بنەمایەکی دەستووری دادەنێت. ئەم شیکارییە تیشکدەخاتەسەر پاشخانێکی کورت لە پرۆسەکانی دارشتنی دەستوور لە جیهانداو دەستوور وەک دەقێکی یاسایی پابەندکەر، هەر لە میانی ئەم چوارچێوەیەدا هەوڵێک دراوە بۆ شیکردنەوەی کارنامەی ئێستا سەبارەت بە کارەکانی پرسی دەستوور لە تورکیادا. قەیرانی دەستووریی سەدەیەک لە تورکیا، کە بە هۆی پێویستیی چوارچێوەیەکی دەستووریو قوربانیدانی ئەم پێویستییە بۆ حیساباتی سیاسیو ئەولەویەتەکانی حکومەتەکان خۆیان دروستبووەو هێشتا بەردەوامە، وا پێدەچێت کارنامەی دارشتنی دەستووری ئێستا هەم لە رووی شێوازو مەودای کارکردن، هەم لە رووی سروشتەوە بەبێ کاراکتەرێک بکرێت کە لە رووی ناوەرۆکەوە هاوشێوەی تێکەڵەیەک بێت لە چیمەنتۆ، بۆئەوەی پێکیانەوە ببەستێتەوە، هەر بۆیە پرۆسەی دارشتنی دەستوور وەک بابەتی مانۆڕی سیاسیو دەستکاریکردنی کارنامەی رۆژ دێتەپێشەوە.

## پاشخانێکی کورت

دەقی یاسایی، کە بە واتا مۆدێرنەکەی بە دەستوور ناودەبرێت، بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری لە دەوروبەری سەدەی حەڤدەیەمدا بەکارهاتووەو وەک پێویستییەکی گرنگ لە چوارچێوەی بارودۆخی ئەو قۆناغەداو لە بنەرەتدا لە ئەنجامی تیۆری سیاسیی لیبراڵدا سەریهەڵداوە. هەوڵی بۆرژوازی بۆ پاراستنو پەرەپێدانی بوونی خۆیو فراوانکردنی دەسەڵاتو کایەی سیاسیی خۆی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی، هاوبەشکردنی سەروەری، پاراستنی مافو ئازادییەکانی تاکەکان، پێویستیی دروستکردنی ستانداردێکی باڵاتری ئاشکراکرد، کە بۆ فەرمانڕەواو ئەوانەی کە بەڕێوەدەبرێن لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە، هەتا هەردولا پێوەیپابەندبکرێن. ئەم مەرجە وەک خاڵێک دەردەکەوێت کە هەتا ئەمڕۆیش هەر وەک خۆی ماوەتەوە، لە چوارچێوەی پێویستیی چینی دەسەڵاتدارو نوخبە سیاسییەکان بۆ دەقێکی یاسایی پابەندکەر.

بە هۆی بارودۆخی ئەو قۆناغەوە، چڕبوونەوەی بنەڕەتی چالاکیی دەستووریخوازییش مەیلێک بەرەو فیدراڵیزم دەردەبڕێت، کە تێیدا بەکارهێنانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمە، وەک پاشاو دیکتاتۆر، کە وەک یەک کەس دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان قۆرخدەکرد، ئەمەیش لە چوارچێوەی رێکخراوێکدا هاوبەش بوو، بۆیە ئەو دەستوورانەی کە بە پاڵنەرەکانی وەک بەهێزکردنی قۆرخکاریو دەسەڵاتی ناوەندیو پابەندبوونە ئایدۆلۆژییە رەهاییەکان دروستکراون، چالاکییە دەستوورییەکانیان لەگەڵ

بنەما گشتییەکانی سەروەریی یاسادا ناگونجێن، بەو پێیە دەقی پەیوەندیدار ناتوانێت لە مانیفێستێکی ئایدیۆلۆژی زیاتر بێتو چالاکییەکانی دەستوور هەتا ئێستا لە چوارچێوەیەکدا بونیادنراوە کە لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکانی نێوان "ناوەند"و "چواردەور" ڕێکدەخات. ئەگەر ئامانجی بنەڕەتیو پێویست سەروەریی یاسا بێت، تێگەیشتن لەوەی کە ئازادییەکانو کەرامەتی مرۆڤ دەبێت پاڵنەری بنەڕەتیو پرەنسیپە نەگۆڕەکانی سیستەمی دەوڵەت بن، بنەمای چالاکییەکانی دەستووریخوازی لەم سۆنگەیەوە پێکدەهێنێتو چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئێستای ئەمڕۆ فەراهەمدەکات.

دەقە دەستوورییەکان، کە پابەندکەرنو پێگەیەکیان لە سەرووی ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە هەیە، کە ئیدارەکانی ئێستایان بە دەستەوەیەو ستانداردێکی یاسایی بالاترن، ئەو دەقانەن کە ناسنامە بە دەوڵەت وەک دەسەڵاتێکی سەروەر دەبەخشنو فۆرمی فەلسەفیو ئایدۆلۆژیو سیاسی دیاریدەکەنو گوزارشتدەکەن لەم ناسنامەیە. هاوکات دەکرێت بڵێین: مافو ئازادیو ئەرکەکانی تاکو کۆمەڵگە لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتو تاکو کۆمەڵگەدا، کە سنووری پەیوەندیو دابەشکردنی کار لە نێوان پێکهاتە سیاسیو بیرۆکراتییەکاندا دەکێشن، کە ڕێکخستنی دەوڵەت پێکدەهێنن، لەم چوارچێوەیەدا دیاریدەکرێن. ئەم پێوەرە پابەندکەرە کە سەرچاوەی گەرەنتییە بۆ پاراستنو پەرەپێدانی ئەو مافو ئازادییانەی کە لەگەڵ ئەم دەقانەدا سەریانهەڵداوە، هەروەها چەمکەکانی وەک ستاندارد، ئاساییو ئاساییکردنەوە دیاریدەکاتو لەقاڵبدەدات.

## قەیرانەکانی مێژووی سیاسی تورکیا دەکرێت وەک زنجیرەیەک قەیرانی دەستووری بخوێنرێتەوە.

دەستوور وەک دەقێک، کە لە بنەڕەتدا خزمەت بە بونیادنانی چەمکی کۆمەڵگە دەکات، لە خاڵی دیاریکردنی سەرچاوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو شەرعیەتی بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتەدا سیمایەکی دیموکراسی یان دژەدیموکراسی هەیە. داواکاریی کۆمەڵایەتیو دەستوورێک کە بە پێی ئەم داواکارییە ئامادەکراوە، تەنها وەک دەستوورێکی دیموکراسی دەتوانێت هەبێتو ئەو دەوڵەتەی کە سەر بە خۆیەتی، "دەوڵەتی یاسا" نییە، بەڵکو "دەوڵەتێکی دەستوورییە"، کە لە ستانداردێکی نوسراوی یاسا تێدەپەڕێت، یاخود وەک "دەوڵەتی مافەکان" خۆی جێگیردەکات. ئەم دەوروبەرە سیمای بنەڕەتیی مێژووی نزیکەی (٤٠٠) ساڵ

بووه، کە یەکەم نموونەی چالاکییەکانی دەستووریگەرایی تێیدا سەریهەڵداو دیارترین پاڵنەر بووه بۆ گەڕانە هاوشێوەکانی ئەمڕۆ.

ئەو بەشەی دەقی دەستووری، کە بە سروشت دەقێکی ئایدیۆلۆژییە، کە ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەی باڵادەستی تێدا دیاریکراوه، بەشێکی سەرەتای دەستوورەکانە لە چوارچێوەی دەستوورگەرایی مۆدێرندا. ئەم بەشە هەرچەندە بە گشتی لە دەقی دەستووردا نەهاتووه، بەڵام ئەو بەشەیە کە لە کاتی لێکدانەوەو جێبەجێکردنی دەستووردا ئاماژەیپێکراوه. ئەم بەشە ئیرادەی ئەو کەسانەی دەستووردادەنێن‌و فەلسەفەی دەستوورەکان‌و هۆکاری دروستبوونیان بە پێی بارودۆخی ئەو قۆناغەی کە دروستکراون‌و ئەو بنەماو بەها بنەڕەتییانەی کە لە سەری بونیادنراون، دیاریدەکات.

دەستووری ساڵی (١٩٨٢)ی تورکیا، کە ئێستا کارپێدەکرێت، پێشەکییەکەی لە چوارچێوەی مادەکانی (٢)و (١٧٦) دا خستەناو ناوەڕۆکی دەستوورەکەو ئەم بەشەی وەک ستانداردێکی دەستووری پەسەندکرد. بەم ڕێبازە مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانی وەک "ئازادیی ئایین‌و ویژدان"، "پارێزبەندیی کەسی، بوونی ماددی‌و مەعنەوی" لەگەڵ ڕاستییە ئایدیۆلۆژییەکانی زیاتر وەک "ناسیۆنالیزمی ئەتاتورک"و "ناسنامەی تورکی" (تورکچێتی) تێکەڵدەکرێن‌و هەمان گرنتیی پاراستنی یاسایی وەک ڕاستییە ئایدۆلۆژییەکانیان بۆ دەکرێت. ئەم سەپاندنە ئایدیۆلۆژییە؛ پێویستە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە نەتوانرا لە مێژووی (١٠٠) ساڵەی کۆماردا دەستوورێکی کاریگەرو گونجاو دروستبکرێت، دابنرێت‌و لەبەرچاوبگیرێت‌و لێبکۆڵرێتەوه.

لەم چوارچێوەیەدا دەستووری ئێستای کۆماری تورکیا، لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بە ڕەچەڵەکێکی توندی ئایدیۆلۆژی‌و ئیتنیکی تایبەت دەکات، وەک: "نیشتیمانی تورکیا، دەوڵەتی باڵای تورکیاو تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم، کە لەلایەن پاڵەوانی ناوازەو سەرکردەی نەمر ئەتاتورکەوە دیاریکراوه." ئەو تێگەیشتنەی کە دەوڵەت پیرۆزدەکات‌و تایبەتمەندیی مەزنی بۆ دەوڵەت دەگەڕێنێتەوه، ئەو ڕاستییە ئاشکرادەکات کە دەستووری ئێستا دووره لە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوەو خواستی کۆمەڵایەتی‌و پاڵنەرو بەها یاساییە هاوچەرخەکانی تێدا نییە.

لە بریی ئەم ڕێبازە، پەسەندکردنی تێگەیشتنێک کە لە چوارچێوەی ستانداردە یاساییە گشتگیرەکاندا لە سەر کەسەکەو مافەکانی سەنتەر بێت، ئامانجی پاراستنی ئەو تاکە بێت کە کارایی‌و واتای پێدەبەخشێت نەک سیستەم‌و ئایدۆلۆژیا، پابەندبوونێکە کە پاڵنەری مێژوویی دەیسەپێنێت بۆ داڕێژەرانی دەستوور لەمڕۆدا.

**ئەنجامی چالاکییەکانی دەستووریخوازی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە هەتا کۆماری تورکیا**

لە چوارچێوەی پێویستیی دەقێکی یاسایی ئەمڕۆدا دەتوانین بڵێین کە تێگەیشتن لە پرسی دەستووری لە تورکیاو گەڕان بە دوای چالاکییە دەستوورییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بە مەبەستی دیاریکردنی سەرچاوەی کێشەکانی ئێستاو ئایدیۆلۆژی - چەقبەستوویی سیاسی، بەسوود دەبێت. پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ تێگەیشتن لە پاشخانی پڕۆسەی داڕشتنی دەستووریی ئەمڕۆ، چ لە ڕووی میتۆد، چ لە ڕووی ناوەڕۆکو چ لە ڕووی سروشتەوە، بە تایبەت لە چوارچێوەی کاریگەرییەکانیدا لە سەر ئایدۆلۆژیای دامەزرێنەری کۆمار.

لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، کە میوانداریی فرەکولتووریو فرەناسنامەو پێکهاتەکانی بە چەندین بیروباوەڕی جیاوازەوە دەکرد، دەستوورگەرایی بە واتا مۆدێرنەکە وەک ئەنجامی پێویستیی ئەو گۆڕانکاریو پێشکەوتنانە سەریهەڵدا کە لە سەدەی حەڤدەیەمو هەژدەیەمدا لە جیهانی ڕۆژئاوا ڕویانداو دەبینین ئەم چالاکییانە زیاتر داهێنانێک بوون کە ئامانج لێیان بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندییە. بزوێنەری بنەڕەتیی زنجیرەیەک گۆڕانکاریی یاساییو دەستووری. کە لە "پەیمانی سێنێد"یەوە بۆ "قانوونی بنەڕەتی" کرا، ئەو داواکارییە کۆمەڵایەتییە نەبوو کە لەگەڵ خەباتی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیی بۆرژوازیدا سەریهەڵدا، وەک لە جیهانی ڕۆژئاوادا، بەڵکو ئەوەی کە زیاتر لە شێوەی خۆداڕشتنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتیدا ڕوودەدات، ئەمە ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەیە کە بزوتنەوەکانی داهێنان لە چالاکییە دەستوورییە هاوچەرخەکان جیادەکاتەوە. پێویستی یان پابەندبوونی دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ ڕێکخستنو گونجاندنی خۆی لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا، وەک هۆکاری بنەڕەتیو دیاریکەر، چوارچێوەیەک لە میانەی بەردەوامیی مێژووییدا دەکاتەوە لە ڕووی تێگەیشتن لە پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی پڕۆسەی داڕشتنی دەستوور لەمڕۆی تورکیادا.

جگە لەوەیش، هەرچەندە دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بە سەر چواردەوردا بەس نەبوو، بەڵام بە جەختکردنەوە لە سەر مافە بنەڕەتییەکانو هێنانەکایەی پێگەی پاراستنی یاسایی بۆ هەندێک ماف، ئەم دەقانە بوونە یەکەم ئەزموون لە چوارچێوەی چالاکییەکانی دەستووریخوازیدا. هەرچەندە دونیای مۆدێرنی ئەمڕۆ دوورە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو سیاسیی سەدەی حەڤدەیەمو هەژدەیەمەوە؛ بەڵام داواکاریی بنەڕەتی لە سەر بنەمای یاساییو گەڕانی نموونەیی لە سەر بنەمای دەستووری ئەمڕۆ زۆر لە یەک

دەچن وەک دوێنێ. ئەم گەڕان و داواکارییە بنەڕەتییە بۆ تاک ئەوەیە کە ژیانێک بە پێی کەرامەتی مرۆڤ لە سەر بنەمای ستانداردی یاسایی هاوچەرخ بژی. بونیادنانی ئەم نموونەییبوونە پەیوەستە بە بوونی حکومەت و ئۆپۆزسیۆنێکەوە کە سەرنجیان لە سەر ئامانجی "دەوڵەتێکی دەستووری" لە ناوەندی داواکاریی کۆمەڵایەتی و پاڵنەری سیاسیدا بێت. ئیرادەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمڕۆ، سروشتی تورکیای سەدەی نوێ دیاریدەکات. هەروەها ئەم هۆشیارییە لە بەرپرسیاریەتیی مێژوویی، پێویستە ڕێگری لە چڕبوونەوەی دەستکەوتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئابووری بکات.

**قەیرانی دەستوورهەموارەکانی کە پێشوو لە چوارچێوەی پێکهاتن و گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی پرسی کورددا ڕویدا، ئێستا لە کورد تێپەڕیوەو دۆخێکی "نادەستووریبوون"ی لە چوارچێوەی تەواوی کۆمەڵگەی تورکیادا خولْقاندووە.**

**دەستووری دەوڵەتی نوێ (١٩٢١)**

کۆماری تورکیا، وەک پاشماوەیەکی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، بە پڕۆسەی ئاڵۆزدا تێپەڕیوەو لە تەمەنی سەدەی ڕابردوویدا ئەزموونی پراکتیکی دەستووری جۆراوجۆری کردووە. هەرچەندە گەڕان بە دوای چوارچێوەیەکی دەستووریدا هەیە کە سیمای نەتەوەیی و ئایینی و چینایەتی و پێگەی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژیی وڵاتدا بەهێزتربکات، کە بە ڕووی گۆڕاوە ناوچەیی و جیهانییەکاندا کراوە بێت، بەڵام زۆر ئەستەمە هەتا ئەمڕۆ باس لە بوونی ئەم چوارچێوە بکرێت. هەرچەندە لە ماوەی ئەو (١٠٠) ساڵەدا چەندین دەستووری جیاواز ئەزموونکراون، بەڵام دەتوانین بڵێین دەستووری ساڵی (١٩٢١) "عەقڵانیترین" دەقە، کە پەیوەندییەکانی نێوان ناوەندو چواردەور ڕێکدەخات، سەرەڕای کەموکوڕییە زۆرەکانی، بۆیە ئەم دەستوورە کە دەتوانێت دەقێکی ئیلهامبەخش بێت لە چارەسەرکردنی قەیرانی دەستووریی ئەمڕۆی تورکیا، دەتوانرێت لەگەڵ هەلومەرجی هەنووکەییدا بگونجێنرێت و ڕێگەیەکی دەربازبوون بێت لە چارەسەرکردنی قەیرانی دەستووری. لە (٢٠)ی کانوونی دووەمی (١٩٢١)دا یەکەم بەڵگەنامەی یاسایی دەوڵەتی نوێ لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەوە لە ژێر ناوی یاسای "ڕێکخستنی بنەڕەتی"دا پەسەندکرا. ئەم پڕۆسەی داڕشتنی دەستوورە، کە بەڵگەنامەی یاسایی پچڕانێکی یەکلاییکەرەوەیە لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە کە بەرهەمی دەسەڵاتی دامەزرێنەری

ڕەسەن بێت. ئامانجی ڕەهاکردنی ئیرادەی گەل لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەی کە لە ڕێگەی پرۆسەی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆنگرەی ئەرزەڕۆم و سیڤاسدا داڕێژراون، بناغەکانی دەوڵەتی نوێی پێکهێنا.
لە ئەنجامی پرۆسەیەکی (٦) مانگیدا دەستووری (١٩٢١) گۆڕا بۆ دەقێکی یاسایی پابەندکەر کە گوزارشت لە ئاسۆی دەستووری و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی کارگێڕی و فەلسەفەی دامەزرێنەری دەوڵەتی نوێ دەکات. لە ڕۆحدا خەڵک-سەنتەرییە، لە سیستەماتیکی کارگێڕیدا لامەرکەزییە و تایبەتمەندیی گواستنەوەی دەسەڵاتی لە ناوەندەوە بۆ ناوچەکانی چواردەور هەیە.
بێگومان ئەم تایبەتمەندییە؛ لە کاتێکدا ئاماژە بە خاسیەتیەتەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەکات، کە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەو گەڕانانەی کە لە چوارچێوەی کۆنگرەی ئەرزەڕۆم و سیڤاسدا کراون، خرایەڕوو. لە هەمان کاتدا ئەوە نیشاندەدات کە بنەمای شەرعیەت لە خەڵکەوە بە گشتی دابینکراوە. لە ڕووی مۆدێلی ڕێکخراوەیی جۆری کۆنگرێسەوە، خاوەنی جۆرێک لە تایبەتمەندییە، بە جۆرێک کە هەتا ئەمڕۆیش دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت.
لەو دەقەدا بەشێک لە دەسەڵاتە گشتییەکان لە بوارەکانی وەک تەندروستی، کارە گشتییەکان، پەروەردە، کشتوکاڵ و بەرپرسیاریەتی، پەیوەست بەو دەسەڵاتانە وەک یەکەیەکی حکومەتی خۆجێیی گواستراوەتەوە بۆ پارێزگاکان. تایبەتمەندیی دەستووری ساڵی (١٩٢١)، کە دەسەڵاتی گشتیی هەتا ڕادەیەکی دیاریکراو بۆ لامەرکەز گواستەوە، نیشانەی گونجاویەتی لەگەڵ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێداویستییە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا کە تێیدا دروستکراوە. هەمان بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگترین پاڵنەری سیاسەتی ڕاستەقینەی ئەمڕۆیە.
لەم خاڵەدا فەلسەفەی بونیادنانی دەوڵەت، کە لە ساڵی (١٩٢١) دامەزرا، بە پێچەوانەی گوتاری سیاسیی ناسیۆنالیستی و پارێزکارانەی ئەمڕۆوە؛ تاکپەرستی نییە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە سیمایەکی ئۆتۆنۆمی هەیە، کە لە سەر بنەمای پرەنسیپی لامەرکەزیەت دامەزراوە.

### لە دەستووری ساڵی (١٩٢٤)ەوە هەتا ئەمڕۆ

ئەو دەستوورەی ساڵی (١٩٢١) تایبەتمەندییەکی هەبوو کە دابەشکردنی دەسەڵاتی لە ناوەندەوە بۆ ناوچەکانی دەوروبەر بڵاوکردەوە، بەڵام بە هۆکاری نەتەوەیی و ئایینی و تائیفی و ناوخۆیی لە تورکیادا، نەیتوانی ئەو بڕوانامەیە بەدەستبهێنێت کە دەقێکی جێبەجێکردن و پابەندکەری دەستوور بێت، بە پێچەوانەوە پرۆسەیەکی

دەستووریی توندی ناوەندگەرایی‌و تاکڕەوی‌و دەسەڵاتخوازی هێنایەئاراوە. دەستووری ساڵی (١٩٢٤)، کە لە دوای دەستووری (١٩٢١) کەوتە بواری جێبەجێکردنەوەو بنەمای قەیرانی دەستووریی ئەمڕۆی پێکهێنا، کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و کارگێڕیی لە سەدەی نێوانیاندا لەگەڵ خۆیدا هێنا، بۆیە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی خاڵی گواستنەوە لە دەستووری (١٩٢١) بۆ دەستووری (١٩٢٤) گرنگییەکی زۆری هەیە لە تێگەیشتن لە میتۆدو ناوەڕۆک‌و تەماحە سیاسی - ئایدۆلۆژییەکان لە پاشخانی پرۆسەی داڕشتنی دەستووری ئەمڕۆدا.

**یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی دەستووری لە تورکیا، شوناسی بەکۆمەڵی کوردە لە چوارچێوەی ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییەدا.**

سەرچاوەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و کارگێڕییانەی کە دەوڵەتی نوێی دامەزراو لە ساڵی (١٩٢١) بۆ ماوەی (١٠٠) ساڵە توشیبووە، ئەو نوخبە سیاسییانەن کە لە ژێر کۆنترۆڵی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئەو دەستوورانەدان کە لە دەستووری ساڵی (١٩٢٤) هەتا دەستووری ساڵی (١٩٨٢) داڕێژراون، کە هەتا ئێستایش ماوەو لە جێبەجێکردندایە، ئەمەیش ناتەبایی پێکهاتە لە نێوان دەسەڵاتدارە سەرەکییەکان‌و توخمە باڵادەستەکاندا ئاشکرادەکات.

شێوازی ئامادەکردنی دەستووری ساڵی (١٩٢١)و ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوە باسمانکرد، گرنگترین تایبەتمەندییە کە ئەم دەستوورە لە دەستووری دیکە جیادەکەنەوە. ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیی دەستووری (١٩٢٤) و دەستوورەکانی دواترو نەگونجانی ئەم قبوڵکردنە ئایدیۆلۆژییانە لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیادا، گرنگترین‌و بنەڕەتیترین کێشەن کە داڕێژەرانی دەستوور ناچارن چارەسەریبکەن.
هەموارکردنەوەی دەستووری ساڵانی (١٩٤٥)و (١٩٥٢)، کە ئیلهام‌و ئاماژە سەرەکییەکانی دەستووری ساڵی (١٩٢٤) بوو، دیسانەوە زیاتر لە وەڵامدانەوەی پێداویستی‌و داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان بوو، نەیدەتوانی لە ململانێ ئایدیۆلۆژییەکان‌و ڕووبەڕووبوونەوەی تۆڵەسەندنەوەی نوخبە بیرۆکراتییەکان تێبپەڕێت. هەروەها دەستووری ساڵی (١٩٦١)و دەستووری (١٩٨٢) لە ئەنجامی کودەتای سەربازییەوە سەریهەڵدا، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو دەستوورانەی پێشوو باسمانکردن،

ئەنجامی ئیرادەی سیاسەتی مەدەنیو داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان نین، بەڵکو بەرهەمی سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای ئەوانەن کە خاوەنی دەسەڵاتو هێزن.

## ئەزموونی کۆمسیۆنی ئاشتەوایی دەستووری (٢٠١١)

سەرگەرمیی دەستووری لە تورکیا، لە ساڵی (١٩٢١) هەتا (١٩٢٤)، لە (١٩٤٥) هەتا (١٩٦١)و هەتا دەستووری (١٩٨٢)، کە دەستووری ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن بوو، هەتا ڕادەیەکی زۆر وەک بەرهەمی بەریەککەوتنی سیاسیو ئایدیۆلۆژی لە نێوان ناوەندەکانی دەسەڵاتدا هاتووەتەکایەوە. هەرچەندە ئەم چوارچێوە بنەڕەتییە بنەمای لێکۆڵینەوە دەستوورییەکانی ئەمڕۆ پێکدەهێنێت، بەڵام پرۆسەی دارشتنی دەستوور، کە لە دوای ساڵی (٢٠١١)و لەو ماوەیەی کە پێیدەوترێت "پرۆسەی چارەسەرکردن"، کرا، بووە یەکێک لە دەستپێشخەرییە گرنگەکانی دوای دەستووری ساڵی (١٩٢١). هەرچەندە نەتوانرا تەواوبکرێت، بەڵام پێویستە تایبەتمەندیی جیاوازی دەستپێشخەرییەکی لەو شێوەیە لە مێژووی سەدەی ڕابردووی تورکیادا دەرببڕدرێت. لەم قۆناغەدا سوود لەوە دەبینین کە ئاماژە بە کۆمسیۆنی ئاشتەوایی دەستووری بکەین، کە لە چوارچێوەی ئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانیی تورکیادا لە ساڵی (٢٠١١) دامەزراو پرۆسەی دارشتنی دەستوور لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ئەم کۆمسیۆنەدا بوو. کۆمسیۆنی پەیوەندیدار جیاواز بوو لەوەی کە بە ژمارەیەکی یەکسان لە ئەندامانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان، بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەو کاتەی پەرلەمان پێکهێنراو بە پێکهاتەیەک درێژەی بە کارەکانی دا.

لەم ڕووەوە پرۆسەکە لە ساڵی (٢٠١١)دا هەرچەندە بە شێوەیەکی فەرمی لە ئاستی نوێنەرایەتیدا بوو، بەڵام لە چوارچێوەی پێشبینیکردنی لێکتێگەیشتنێک لە سەر بنەمای کۆدەنگیی کۆمەڵایەتی بوو و بە ڕاستی پرۆسەکانی دارشتنی دەستوور لە تورکیادا لە ڕووی گەورەیی خۆیانەوە جیاوازن. هەرچەندە گونجاوییەکەی لە هەمان کاتدا جێی ڕەخنەیە، بەڵام شێوازی وەرگرتنی بۆچوون لە نوێنەری ڕێکخراوو کۆمەڵەو دامەزراوە ناحکومییەکانو پارێزەران، تایبەتمەندییەکە کە بنەمای کۆمەڵایەتیی کارە پەیوەندیدارەکە فراوانتردەکاتو لە سەر هەمان بنەما شەرعیەتی پێدەبەخشێت. ئەم دەستپێشخەرییە، کە زەمینەسازیی بۆ دروستکردنی ڕەزامەندیی گرنگترین پایەی پرۆسەی دارشتنی دەستووری دانا، بە لەخۆگرتنی پاڵنەری کۆمەڵایەتیی جیاواز، ئەکتەرەکان کە لایەنی ململانێو ناکۆکیو کۆمەڵگەی مەدەنیین لە تورکیا، بوو بە قوربانیی ململانێی سیاسیی تەسک لەو قۆناغەداو شکستیهێنا.

لە چوارچێوەی کارەکانی کۆمیسیۆنی سازانی دەستووریدا، نوسینی (١٧٢) ماددە تەواوبوو و کۆدەنگی لە سەر کۆیگشتی (٥٩) ماددە هاتەئاراوە. هەرچەندە لە سەر بنەمای کۆدەنگیی ڕەها نەکرا، بەڵام ئەو دەستپێشخەرییەی کە باسیدەکرێت، وەک دەستپێشخەرییەکی جیاواز لە مێژووی سەدەی ڕابردووی تورکیادا جێگەی خۆی کردەوە. کۆمسیۆنی پەیوەندیدار، بە ئیرادەی تاکلایەنەی دەسەڵاتی سیاسیی ئەو قۆناغە، هەڵوەشایەوەو بووە قوربانیی دۆخی خولگەیی‌و بارودۆخی کارابووەوەی ململانێکان بە هۆی کێبڕکێی نێوان هێزەکانەوە لە سیاسەتدا، ئەمە لە کاتێکدا کۆمسیۆنەکە هێشتا کارەکانی تەواونەکردبوو.

**پرۆسەی داڕشتنی دەستووروەک بابەتی مانۆڕی سیاسی‌و دەستکاریکردنی کارنامەی ڕۆژدێتەپێشەوە.**

وەک میتۆدێک؛ ئەم لێکۆڵینەوە تێگەیشتنێکی هاوشێوە لەگەڵ دەستووری ساڵی (١٩٢١) وەک دەستوورێکی دامەزرێنەر دەگرێتەبەر، لە ناو ئەزموونە دەستوورییەکانی تورکیادا گرنگەو وەک ئەزموونێک کە شایەنی ئەوە بێت ئەمڕۆ دووبارە ئاماژەیپێبدرێتەوە، لە بەردەم کارەکتەرە سیاسییەکاندا وەستاوە.

**ئەنجام**

پابەندبوونی هەموو ئەو پێکهاتانەی دەوڵەت پێکدەهێنن بە دەستووری ئێستا، یەکێکە لە بونیادە بنەڕەتییەکانی شارستانیەتی هاوچەرخ‌و ئەنجامی تێگەیشتن لە "سەروەریی یاسا". کاتێک سەیری مێژووی کورتی سیاسەتی تورکیا دەکەین، سەبارەت بە لابردنی پارێزبەندی لە سەر ژمارەیەک پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، کە هاوسەرۆکانی ئەو حیزبەیشی تێدا بوو، لێدوانەکانی سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی ئەو سەردەمە؛ کەمال کیچدارئۆغڵو، کە گوتبووی: "پڕۆژەی هەڵگرتنی پارێزبەندی نادەستوورییە، بەڵام دەنگیپێدەدەین لە پەرلەمان‌و من پابەند نیم بە بڕیاری دادگای دەستوورییەوەو ڕێزیشیلێناگرم"، لەو ڕێبازانەن کە ئەو بنەما نایاساییەیان خوڵقاند کە ئەمڕۆ لە تورکیادا هاتووەتەکایەوە.

لەدەستدانی ئەمنیەتی یاسایی بە ناچاری دەبێتە هۆی جێگرتنەوەی ئاژاوەو حوکمڕانیی ئارەزوومەندانە، وەک ئەوەی ئەمڕۆ ئەزموونیدەکەین. ئیرادەی پابەندبوونی ڕەها بە ستانداردی یاساوە بۆ دەوڵەت زۆر گرنگە، کە بوونی خۆی وەک ڕێکخراوێکی سیاسی بپارێزێتو پەرەیپێبدات. خراپترین ڕێگە

بۆ هەستکردن بە گرنگی و پێویستیی یاسا، ئەزموونکردنی نەبوونیەتی. هەرچەندە ئەم چوارچێوەیە، کە قەیرانی دەستووریی ئەمڕۆ ئاشکرادەکات، پاشخانێکی مێژوویی هەیە، دەتوانرێت بە ئەزموونکردنی نەبوونی یاسا لە میانەی ئەنجامەکانی خاڵی وەرچەرخانی دەوڵەت لە دوای ساڵی (٢٠١٥) تێبگەین.

**دەستووری ئێستای تورکیا، ئاماژە بە ڕەچەڵەکێکی توندی ئایدیۆلۆژیو ئیتنیکی تایبەت دەکات، وەک: "نیشتیمانی تورکیا، دەوڵەتی باڵای تورکیاو تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم، کە لەلایەن پاڵەوانی ناوازەو ئەتاتورکەوە دیاریکراوە".**

نزیکەی دوو ساڵە پارتی دەسەڵاتدار لە چوارچێوەی داڕشتنو پێویستیی دەستوورێکی نوێدا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەو دانوستان دەکات، کەواتە ئایا ئەم دانوستانانەو ئەم کارنامانە، پرۆسەی داڕشتنی دەستوور، گوتارو گەڕانە، ئامانجێکە کە بە شێوەیەکی نمونەیی باس لە پێویستیی دەستوورێک بکات؟ ئایا بۆ "ستراتیژی" بەهێزکردنی ئەو گۆڕانکارییە ڕژێمییەیە کە لە ساڵی (٢٠١٧)دا کرا، یان مانۆڕێکی "تاکتیکی"یە بۆ خزمەتکردنی سیاسەتی ڕاستەقینەی ئەمڕۆو دۆخی هاوکات؟

وەڵامی هەموو پرسیارێک دەکرێت "بەڵێ" بێت. ئاشکرایە کە حکومەتی ئێستا ئامانجی چڕکردنەوەی دەسەڵاتی گشتییە لە ناوەندێکی دیاریکراودا، واتە لە کەسایەتیی سەرۆککۆماردا، بە چڕبوونەوەیەک کە سیستەمی سەرۆکایەتی بەهێزبکات، کە لە ساڵی (٢٠١٧)وە پەسەندکراوە، لە بریی دەستوورێکی جەوهەریی دیموکراسی. دەتوانین بڵێین: دانوستانەکانی ئەمڕۆ سەبارەت بە پرۆسەی دەستوورسازی، زەمینەیەکیان هەیە کە گۆڕانی ڕژێم لە ساڵی (٢٠١٧)دا بەهێزتردەکاتو بەدامەزراوەییو هەمیشەییدەکات. جگە لەوەیش، یەکێک لە تایبەتمەندییە دیاریکەرەکانی دەقێکی دەستووریی دیموکراسی؛ ڕوانگەی حکومەت بۆ مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانو سەربەخۆیی دادوەری، بە تایبەتی "یاسای دەزگای کاریگەری (Etki Ajanı Yasası)، کە لەم دواییانەدا لە چوارچێوەی "پاکێجی دادوەری نۆیەمدا (٩. Yargı Paketi) هێنرایە بەرنامەی کار، بە ئاسانی لە پراکتیکەکانی سزادانی بەکۆمەڵو زۆریی گیراوانی دۆسیەی کۆبانێو ئازادکردنی ئەوانەی بە تۆمەتی کودەتا لە زیندان ڕاگیراون، دەتوانین تێبگەین. حکومەت، کە شێوازی ڕێکخستنی مافە بنەڕەتییەکانی دەستووری ساڵی (١٩٨٢) دەخاتە ناوەندی پێویستیی دەستوورێکی

نـوێ، لـە ڕووی نـزیکبـوونـەوەی لـە مافە بنەڕەتییەکانەوە بە ئامادەکردنی "یاسای دەزگـای کاریگـەر"، بـە نزیکـەیی لـە پاش دەسـتـووری سـاڵی (١٩٨٢)ەوە جێی خۆی کردووەتەوە.

لە چـوارچێـوەی دۆسیـەی کۆبانێـدا، کە تێیدا سیاسـەتمەدارانی کوردو ئەندامانی هەدەپە دادگاییکران، ئەوە ڕاستییەکە کـە سـیـاسـەتـمـەدارانو پـارێــزەران لە چوارچێوەی سیاسەتی دیموکراسیدا لە سەری هاوڕان، کە دۆسیەی پەیوەندیدار نـمـوونـەیـەکی ڕوونــی دەســتــوەردانـی سیاسییە لـە دەسـەڵاتی دادوەریـدا. ئەو بڕیارانەی لە سەر حیسابی پابەندنەبوون بـە یـاسـا بـەرکارەکـانی نـاوخـۆی وڵاتو پـابـەنـدنـەبـوون بـە ڕێـککـەوتـنو یـاسـا نێـودەوڵـەتـیـیـە پـابـەنـدکـەرەکـانـەوە، جگە لـە بنـەمـا جـەوهـەریو ڕێکارەکان، مەبەسـتی پڕۆسـەی داڕشـتنی دەسـتـوور ئاشکرادەکەن.

کەشوهەوای سیاسیو پێکهاتەی ژمارەیی پارتی دەسەڵاتدار، کە لە دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٣١)ی ئادار لە تورکیادا سەریهەڵدا، حکومەتی ئێستا پاڵدەنێت بۆ کاری ستراتیژیو تاکتیکی نـوێ. لەم چوارچێوەیەدا نەبوونی هیچ هەڵبژاردنێک لە وڵاتدا لە (٤) ساڵی داهاتوودا پێویستی بـە دەسـتـپـێـشـخـەریی نـوێ هـەیـە، کە کارنـامـەی سـیـاسـی دیاریبکات. لە پێناو ئەمەیشدا پڕۆسـەی داڕشتنی دەسـتـوور وەک پرسێکی کارنامەیی زۆر عەقڵانی لە ڕووی ئەندازیاریی کارنامەدا دەردەکەوێت. ئەم دۆخە دەتوانرێت وەک چارەسـەرێکی هێورکەرەوە هەژماربکرێتو بەردەوامیی قەیرانی دەستووری لە تورکیاو پێویستیی دەستوورێک کە بتوانێت پابەندکەر بێت لە چارەسـەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان، نیشاندەدات.

**ئەو تێگەیشتنەی کە دەوڵەت پیرۆزدەکاتو تایبەتمەندیی مەزنیی دەداتەپاڵ، ئەوڕاستییە ئاشکرادەکات کە دەستووری ئێستای تورکیا دوورە لە خواستو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیو پاڵنەروبەها یاساییە هاوچەرخەکانی تێدا نییە.**

لەگەڵ کێشە کەڵەکەبووە مێژووییەکانو ڕەنـگـدانـەوەی دۆخی گشـتیی وڵاتـەکـەو جیهان لەمڕۆدا، تورکیا توشی قەیرانێکی دەســتــووری بــووە، لــە چــوارچـێـوەی بـەرەنـگـاربـوونـەوەی دۆخـی ئـابـووریو تـەنگەتاویی سیـاسی، پێدەچێت پارتی دەسـەڵاتـدار مشـتومڕی دەسـتـوورێکی نـوێ بهێـنێـتـەئاراوەو لـە دەرفـەتێکیـشـدا لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بیگشتێنێت بە سـەر وڵاتو کۆمەڵگەدا، ئەمەیش وەک تاکتیکێکی کورتمەودای پاری دەسەڵاتدار دێتەبەرچاو. هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٣١)ی ئـادارو ئـەو دۆخــەی بـە هـۆی

کێشـە نـاوخـۆیـیو دەرەکـیـیـەکـانـەوە هـاتـووەتـەئـاراوە، پـڕۆسـەی هـەمـواری دەسـتـووری لـە چـوارچـێـوەی نـۆڕمو ئاساییکردنەوەی سیاسەتدا؛ بارودۆخی ناوخۆی تورکیای کـردووە بە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی بـەردەم بـەرەی ئۆپۆزسیۆن.

هەنگاوی یەکەم بەرەو چارەسەرکردنی نموونەیی کێشە بنەڕەتییەکانی تورکیاو گەیاندنی بۆ ئاستی شارستانیەتە هاوچەرخەکان، کە ئامانجی ستراتیژیی ویستی دامەزرێنەری کۆمارە، هێنانەکایەی دەسـتـوورێـکـی مـەدەنـیو فـرەیـیو دیموکراسییە. دامەزراندنی مافی مرۆڤو کولتووری کۆمەڵایەتیو سیاسی، کە بە ئیرادەی دڵسۆزیی ڕەها بۆ ئەم دەستوورە دابمەزرێت، تاکە واقیعێکە کە پێویستە، هەر بۆیە پێویستە پرەنسیپی بنەڕەتیی سـەدەی دووەمـی تـورکیا (Türkiyenin İkinci Yüzyılı) بریتی بێت لە ڕێگری لە فیداکردنی ئەم واقیعە بۆ بارودۆخە کاتیو بەرژەوەندییەکان.

---

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت**

http://spectrumhouse.com.tr/cgi-sys/suspendedpage.cgi

file:///C:/Users/SABAT/Downloads/pdf.١-Documents/Anayasa-Tartismalari

# بۆچی گرژییەکانی نێوان تورکیا و ڕوسیا لە هەڵکشاندایە؟

سەرچاوە: مركز الاهرام للدراسات السياسيه والاستراتيجيه

وەرگێڕان: تورکیاناسی

بەم دواییانە پەیوەندییەکانی تورکیاو ڕوسیا گرژیو ئاڵۆزیی بەرچاوی بەخۆیەوەبینیوە، ئەمەیش بە هۆی نەبوونی کۆدەنگیی نێوان هەردوو وڵات لە بارەی هەندێک پرسی ئاڵۆزەوە. ئەم گرژییانە زیاتر بە ڕوونی دەرکەوت، کاتێک حکومەتی تورکیا جارێکی دیکە پرسی نیمچەدوورگەی کریمای وروژاندەوە.

لە (١٦)ی ئاداری (٢٠٢٤)و بە بۆنەی دەیەمین ساڵیادی لکاندنی ئەو نیمچەدوورگەیەوە لەلایەن ڕوسیاوە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕەتیکردوە دانبنێت بە لکاندنی کریما لەلایەن ڕوسیاوەو جەختی لە سەر پشتیوانیی تورکیا بۆ یەکپارچەیی خاکو سەروەریی ئۆکرانیا کردەوە، ئەمەیش ڕوسیای توڕەکردو ڕەخنەی لەو لێدوانانە گرتو داوایکرد تورکیا خۆی لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەی بپارێزێت.

لە (١١)ی شوباتی ئەمساڵیشدا ئەو ناکۆکییانە زیاتر پەرەیسەند، کاتێک کرێملین بڕیایدا بە دواخستنی سەردانەکەی ڤلادیمیر پوتین؛ سەرۆکی ڕوسیا، بۆ تورکیا بۆ کاتێکی تر، دواخستنی ئەو سەردانەیش، بەشێکی پەیوەست بوو بە ناڕازیبوونی مۆسکۆ لە گۆڕانی دیدی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاوە، بە هۆی دەستبەرداربوونی لە پاراستنی هاوسەنگیی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکەدا.

**پاڵنەرە سەرەکییەکانی گرژی نێوان مۆسکۆو ئەنقەرە**

زۆر هۆکار هەن کە ڕۆڵیان هەیە لە پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان تورکیاو ڕوسیا لەم دواییانەدا، کە دەتوانرێت بەم شێوەیە بخرێتەڕوو:

یەکەم/ تورکیا جوڵەو هەنگاوەکانی ڕوسیا بەرەو ئۆکرانیا ڕەتدەکاتەوە: تورکیا دژی هەڵوێستی ڕوسیایە لە بارەی پرسی نیمچەدورگەی کریماوە، هەروەها دژایەتیی هەنگاوە سەربازییەکانی ڕوسیا لە ئۆکرانیا دەکات، ئەمەیش جێی نارەزایی مۆسکۆیە. ئەنقەرە بە بەردەوامی داگیرکارییەکانی ڕوسیا بۆ سەر نیمچەدوورگەی کریما ڕەتدەکاتەوە، هەروەها دوپاتیکردەوە کە بەردەوامدەبێت لە چاودێریکردنی پێشهاتەکانی ناو کریما، لە لایەکی دیکەوە دۆخی تورکە تەتارەکانی کریمای خستووەتە لیستی ئەنجێندا ستراتیژییەکانیەوە. هەندێک لە خەملاندنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەنقەرە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتگیری لە بزوتنەوە ئیسلامییەکان دەکات دژی نفوزی ڕوسیا لە ئاسیای ناوەڕاستدا، ئەمە جگە لە پێشکەشکرنی پاڵپشتیی دارایی بۆ ئەو بەشەی ئۆکرانیا لە تاتارەکانی کریما.

لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای هەوڵەکانی ئەنقەرە بۆ ڕۆڵی ناوەندگیری و بەرقەرارکردنی ئاشتی لە نێوان مۆسکۆو کیێڤدا، دەستوەردانی سەربازیی ڕوسیای لە ئۆکرانیا ڕەتکردەوەو لەم دواییانەیشدا تورکیا زیاتر جەخت لە سەر دەستپێشخەرییەکانی بۆ پێویستیی کۆتایهێنان بە شەڕو پاراستنی یەکگرتوویی خاکەکانی ئۆکرانیا دەکاتەوە.

دووەم/ ڕەزامەندیی تورکیا لە سەر ئەندامبوونی سویدو فینلەندا لە ڕێکخراوی ناتۆ: گرژییەکانی نێوان ئەنقەرەو مۆسکۆ لەم دواییانەدا زیاتر پەرەیسەندووە، دوای ئەوەی پەرلەمانی تورکیا لە (٢٤)ی کانوونی دووەم ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ ئەندامبوونی سوید لە ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)، ئەمە جگە لەوەی لە (٣١)ی ئازاری (٢٠٢٣)دا ڕەزامەندیی دەربڕیبوو بۆ تێپەڕاندنی پڕۆژەیاسایەک کە ڕێگە بە فیلەندا دەدات بچێتەناو هاوپەیمانییەتییەکەوە. ڕەزامەندیی ئەنقەرە بۆ ئەندامیەتیی سویدو فینلەندا، مۆسکۆی تووڕەکردووەو ترسی هەیە لە جێگیرکردنی یەکەکان و دامەزراندنی ژێرخانی سەربازیی ناتۆ لە نزیک سنوورەکانی، بۆیە گۆڕانکاریی سیاسەتەکانی تورکیا بەرەو ئەندامیەتی سویدو فینلەندا کاردانەوەی نەرێنیی بە سەر پەیوەندییەکانی تورکیاو ڕوسیادا هێناوەو ڕەنگە ببێتە هۆی پێکدادانی نێوان ئەنقەرەو مۆسکۆ لە داهاتوودا.

بە گوێرەی لێکدانەوەکانی ڕوسیا، تورکیا لە دەربڕینی ڕەزامەندی بۆ ئەندامیەتیی سوید لە ناتۆ، بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی

مۆسکۆی لەبەرچاونەگرتووە، کە پێیوایە ئەندامبوونی سویدو فینلەندا لە ناتۆ هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕوسیا، بە تایبەتی لە ڕووی کاراکردنی هاوپەیمانییەکەوە، کە زیاتر لە سنوورەکانی نزیکدەبێتەوەو بەشێک لە توانا سەربازییەکانی سنووردار دەکات، هەروەکو کەشتیگەلی ڕوسیا لە دەریای باڵتیک.

**ڕوسیا پێیو ایە تورکیا لە دەربڕینی ڕەزامەندی بۆ ئەندامیەتی سوید لە ناتۆ، بەرژەوەندییە ستر اتیژییەکانی مۆسکۆی لەبەرچاونەگرتووە.**

سێیەم/ نزیکبوونەوەی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا: لەم دواییانەدا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە دژایەتی ڕوسیا دەکەن لەوەی پێشهاتێکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینیوە، بەو پێیەی بازنەی کۆدەنگیی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن فراوانبووە، وەک لە سەردانەکەی هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، بۆ ئەمریکا دەرکەوت، کە لە (٧)و (٨)ی ئاداری ئەمساڵدا بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی تایبەت بە میکانیزمەکانی ستراتیژیی تورکیا-ئەمریکا ئەنجامیدا، کە پێشتر لە کۆبوونەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، لەگەڵ جۆبایدن؛ هاوتا ئەمریکییەکەیدا، لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی گرووپی (٢٠) لە ڕۆما لە ساڵی (٢٠٢١) بڕیار لە سەر پێکهێنانی درابوو.

پەیوەندییە بەرگرییەکانی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی، دوای ئەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا ڕەزامەندیی دەربڕی لە سەر گرێبەستی فرۆشتنی فڕۆکەی (F١٦) بە تورکیا، هەروەها هەڵگرتنی ئەو سزایانەی کە واشنتۆن لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپ؛ سەرۆکی پێشووی ئەمریکادا، بە سەر فەرمانگەی پیشەسازیی بەرگریی تورکیادا سەپێنرابوو، لە ژێر یاسای "بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ئەمریکا"دا.

پەیوەست بەو باسەوە، نیگەرانییەکانی ڕوسیا زیاتر دەرکەوتن، دوای ئەوەی تورکیا بە فەرمی پەیوەندیکرد بە دەستپێشخەریی قەڵغانی ئاسمانیی ئەوروپییەوە (ESSI)، بە سەرۆکایەتیی ئەڵمانیا لە (١٦)ی شوباتدا. بیرۆکەی قەڵغانی ئەوروپی، کە بەرلین لە ساڵی (٢٠٢٢)و لە سەروبەندی سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکرانیادا خستیەڕوو، لە چوارچێوەی هەوڵێکدایە بۆ دروستکردنی سیستەمێکی موشەکیی کورتو مامناوەندو دوورمەودای یەکگرتوو بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەوروپا لە مەترسییەکانی ڕوسیا.

چوارەم/ بلۆککردنی هەژمارە بانکییەکانی ڕوسیا: بانکەکانی تورکیا ڕێوشوێنی تایبەتیان گرتەبەر بۆ داخستنی هەژماری

کۆمپانیا ڕوسییەکان، ئەمە جگە لەوەی تورکیا هەموو ئەو ڕێکارە پێویستانەی لە سەر هاوڵاتیانی ڕوسیا توندترکردەوە کە ئارەزووی بەدەستهێنانی کارتی بانکییان لە تورکیا دەکرد. گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی تورکیا پەیوەستە بە خواستی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاواو کەمکردنەوەی بوارەکانی ناکۆکییەوە لەگەڵیاندا، بە تایبەتی دوای بڕیارەکەی جۆبایدن؛ سەرۆکی ئەمریکا، لە (٢٢)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا، کە ڕێگەی بە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا داوە ڕێوشوێن لە دژی بانکە بیانییەکان بگرێتەبەر، کە هاوکارن لە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سزاکان دەیانگرێتەوە لە ڕوسیا، یان ئاسانکاریدەکەن بۆ دابینکردنی هەندێک کەرەستەو ئامێر بۆ کۆمەڵگەی سەربازی-پیشەسازیی ڕوسیا. لێرەدا جۆرێك لە تێگەیشتن لەلایەن ئەنقەرەوە هەیە بۆ داواکارییەکانی واشنتۆن، سەبارەت بە پێویستیی پەیوەستبوون بەو سزا لاوەکییانەی کە بە سەر مۆسکۆدا سەپێنراون، لەوانەیش: داخستنی هەژماری کۆمپانیا ڕوسییەکان لە بانکەکانی تورکیا . لەم ڕووەوە هەندێك دەڵێن کە کۆمپانیا ڕوسییەکان تورکیا وەک ترانزێت بەکاردەهێنێن لە بواری بازرگانیدا، بە تایبەت بازرگانیی نەوت و گاز، کە بە هۆی سزاکانی خۆرئاواوە بۆ سەر کەرتی وزەی ڕوسیا هەناردەکردنی بەرهەمەکەی بۆ بازارە جیهانییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەتەوە. هەروەها سنووردارکردنی بەکارهێنانی بانکە تورکییەکان لەلایەن هاوڵاتیانی ڕوسیاوە، کاریگەریی نەرێنیی لە سەر جوڵەی بازرگانیو وەبەرهێنان لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەبووە.

پێنجەم/ چڕکردنەوەی هاریکاریی بەرگری لەگەڵ کییڤدا: گرژیی نێوان ئەنقەرەو مۆسکۆ جیاناکرێتەوە لەو پەرەسەندنەی کە لە پەیوەندییە بەرگرییەکانی نێوان ئەنقەرەو کییڤدا ڕوودەدات، بەو پێیەی کۆمپانیای "بایکار ماکینا"ی تورکی کاردەکات بۆ تەواوکردنی دروستکردنی کارگەیەکی فڕۆکەیبێفرۆکەوان لە ئۆکرانیا لە ساڵی (٢٠٢٥)، بە تایبەتی کە کۆمپانیا تورکییەکە پلانی هەیە بزوێنەری (٣٢٢F-AI)ی ئۆکرانی بەکاربهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی فڕۆکەیبێفڕۆکەوانی سەروو دەنگی (Bayraktar Kızılelma). نیگەرانییەکانی ڕوسیا سەبارەت بە هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان ئەنقەرەو کییڤ پەرەیسەندووە، هەروەک بە ڕوونی لە ڕاگەیاندنی دیمیتری پیسکۆڤ؛ وتەبێژی کرێملین، لە (٩)ی ئابی (٢٠٢٢) دا دەرکەوت، کە ئەگەر کارگەیەك بۆ فڕۆکەیبێفڕۆکەوانی "بایراکتار"ی تورکیا لە ئۆکرانیا دەربکەوێت، ئەوا سوپای ڕوسیا وەک بەشێک لە داماڵینی چەک لە ئۆکرانیا دەستبەجێ لەناویدەبات.

شەشەم/ ڕێگریی مۆسکۆ لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا: سەرەڕای پاڵپشتیی مۆسکۆ لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لە کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوو لایەنی تورکیاو سوریادا لە ئاستە

جیاجیاکان بە ئامانجی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، بەڵام گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هەڵوێستی مۆسکۆدا ڕوویدا، بە تایبەت لە سەروبەندی خولی بیستویەکەمی کۆبوونەوەکانی "ئاستانە" بۆ چارەسەری سیاسی لە سوریا، کە لە (٢٦)ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا مۆسکۆ جەختی لەوە کردەوە کە پێداگریی تورکیا لە سەر نەکشانەوەی هێزەکانی لە خاکی سوریا ڕێگری لە هەوڵەکانی ئاساییکردنەوە دەکات، هەروەها ئەلێکساندەر لاڤرێنتیڤ؛ نێردەی سەرۆککۆماری ڕوسیا لە سوریا، لە (٢٦)ی کانوونی دووەمدا ڕایگەیاند: "بوونی تورکیا لە سوریا ڕێگریدەکات لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات."

لە ڕوانگەی تورکیاوە، توندیی هەڵوێستی ڕوسیا بەرانبەر بە نزیکبوونەوەی سوریاو تورکیا لەم کاتەدا، پەیوەستە بە دیدی نەرێنیی سەرکردایەتیی ڕوسیا سەبارەت بە گۆڕینی هەڵوێستی ئەنقەرە بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاواو دەستبەرداربوون لە هەڵوێستی بێلایەنانەی بەرانبەر بە قەیرانی ئۆکرانیا. حەوتەم/ پەرەسەندنی کێبڕکێ لە سەر پرسەکانی دەرەوە: گرژیی نێوان مۆسکۆو ئەنقەرە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی هەر لایەنێک بۆ گەمارۆدانو بێلایەنکردنی ئەوی دیکە لە ناوچەکانی جێنفوزی هاوبەشدا. ئەوەی لێرەدا زیاتر ئاشکرایە، ویستی ئەنقەرە بوو بۆ ئیستغلالکردنی سەرقاڵی ڕوسیا بە جەنگی ئۆکرانیا بۆ بەهێزکردنی بوونی خۆی لە ناوچەی قەفقاز، بە تایبەتی کۆمارەکانی تورکزمان، جگە لە فراوانکردنی بوونی مەیدانی خۆیان لە گۆڕەپانی سوریا، لە بەرانبەردا ڕووسیا لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی خۆیو ڕکابەریکردنی نفوزی تورکیا لە لیبیاو ڕۆژئاوای ناوچەکانی ئەفریقا.

**یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی هێرشەکانی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لەلایەن تورکیاوە پەیوەندیی بە بوونی تورکو تاتارەکانەوە هەیە لە دوورگەی کریما.**

### ئەگەری مەترسیدار

لەبەر ڕۆشنایی پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان ئەنقەرەو مۆسکۆدا، ئەگەری کاردانەوەی توند لە سەر پەیوەندییەکانی ڕوسیاو تورکیا هەیە، کە دیارترینیان فراوانبوونی ناوچەی ناکۆکییەکانی نێوان ڕوسیاو تورکیایە، لە کاتێکدا پێشبینیدەکرێت تورکیا بەردەوامبێت لە دژایەتییەکانی بەرانبەر بە دەستوەردانی سەربازیی ڕوسیا لە ئۆکرانیا، کە لەم دوایانەدا بانکەکانی تورکیا هەندێك هەژماری بانکیی ڕوسیایان بلۆککرد، پێدەچێت مۆسکۆ لە قۆناغی داهاتوودا ڕێگری لە ئەگەری جموجۆڵە سەربازییەکانی تورکیا بکات لە دژی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)

لە باکووری سوریا، بە تایبەتی کە جۆرێك لە پارێزبەندیی ڕوسیا بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل لە ناوچەکانی مەنبەج و تەل ڕەفعەت لە باکووری ڕۆژهەلاتی سوریا هەیە. هەروەها پێشبینیدەکرێت مۆسکۆ وەلامی ئەو بانگەوازانە نەداتەوە کە سەرۆککۆماری تورکیا لە سەروبەندی دیدارەکەی لەگەڵ ڤۆلۆدیمیر زێلێنسکی؛ سەرۆکی ئۆکرانیادا، لە (٨)ی ئازاری ئەمساڵ داوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لوتکەی ئاشتیی لە نێوان مۆسکۆو کییڤدا کردبوو، ئەنقەرەیشی وەک ناوبژیوانێک لە قەیرانی ئۆکرانیا دەستنیشانکردبوو.

**ڕەزامەندی کۆنگرێسی ئەمریکا لە سەر فرۆشتن و نۆژەنکردنەوەی فڕۆکەی (F١٦) بە تورکیاو هەڵگرتنی سزاکان بە سەرکەرتی پیشەسازیی بەرگریی تورکیادا ڕەوتی پەیوەندییەکانی تورکیاو ڕوسیای زیاتر ئاڵۆزکرد.**

لە ئاستێکی پەیوەندیدارادا، پێشبینیدەکرێت مۆسکۆ هەوڵی وەبەرهێنان بدات لە کارتی فشاری غازدا، بۆئەوەی لە قۆناغی داهاتوودا فشارەکانی لە سەر ئەنقەرە زیاتربکات، بە تایبەتی کە تورکیا پشت بە دابینکردنی نزیکەی (٧٠٪)ی پێداویستییەکانی غاز لە ڕوسیاوە دەبەستێت. هەروەها پێدەچێت گرژیی نێوان ئەو دوو لایەنە ببێتە هۆی وەستانی هەندێک پڕۆژەی هاوبەش، کە گرنگترینیان دامەزراندنی "ناوەندی غاز"ی ڕوسیایە لە تورکیا، کە مۆسکۆ دەیەوێت ئەو ناوەندە بکاتە سەکۆیەک بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ وڵاتانی دیکە، لەوانەیش: وڵاتانی ئەوروپا.

دەتوانین بڵێین سەرەڕای پەرەسەندنی ناکۆکیی نێوان مۆسکۆو ئەنقەرە سەبارەت بە ژمارەیەکی بەرفراوان لە پرسی ناوچەیی، ئەمە بەو واتایە نییە کە پەیوەندییەکان گەیشتوونەتە ئاستی دابڕان، ڕەنگە هەردوو وڵات مەیلیان هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووری ئەو جیاوازیو پەیوەندییانەو بە پێی بەرژەوەندییە پراگماتیکییەکانی هەردوولا دایبڕێژنەوە، بەو پێیەی هەردوو وڵات پەیوەندییەکی ئابووریی گەورەیان بەیەکەوە هەیە، بە جۆرێک ساڵانە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیان بە نزیکەی (٦٢) ملیار دۆلار مەزەندەدەکرێتو هەوڵی زۆریش هەیە بۆ (١٠٠) ملیار دۆلار زیادیبکەن.

---

**لینکی بابەت لە ئینتەرنێت**

https://acpss.ahram.org.eg/News/21148.aspx

# نزیکبوونەوەکانی تورکیاو میسر؛ ئاڵنگاریو بەرژەوەندیی هاوبەش

نوسینی: جان ئاجون – محەمەد عەبدولڕەحمان عەلی
وەرگێڕانی: ئیسماعیل حاجی زەڵمی

**پوختە**

تورکیاو میسر، وەك دوو وڵاتی خاوەن هێزو کاریگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەمیشە گرنگییان بە پەیوەندیی نێوانیان داوە، هەرچەندە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی ئەم دوو وڵاتە، پەیوەندییەکانیان چەندین بەرزیو نزمیو هەورازو نشێویی بەخۆیەوەبینیوە، بەڵام مێژوو، کولتوورو شارستانیەتی هاوبەشو نزیکیی جوگرافیی نێوانیان وایکردووە پەیوەندیی نێوانیان پەیوەندییەکی ستراتیژی بێتو هەردوولا ناچاربن بەردەوامی بەو پەیوەندییانە بدەن.

پەیوەندیی نێوان تورکیاو میسر، یەکێکە لە هۆکارە گرنگو کاریگەرەکان لە سەر پێشهاتە جیپۆلەتیییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە هێزو تواناو کاریگەریی هەریەکەیان لە سەرکردایەتیکردنو ئاڕاستەکردنی پرسە جۆراوجۆرەکان لە ناوچەکەدا ناتوانرێت پشتگوێبخرێت، لە دە ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانیان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار ڕۆیشت، بە جۆرێك هەتا ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە هەنگاویاننا! بە تایبەت لە سەر هەندێك پرسی جیۆپۆلەتیکی وەك ئەو پێشهاتانەی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستو

نزیک لیبیا ڕویاندا، بەڵام سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا بۆ قاهیرە، دوای دوازدە ساڵ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو، ڕەنگە کاریگەریی ئەرێنی لە سەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات دروستبکات.

**وشە کلیلییەکان:** "تورکیا، میسر، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندییەکانی تورکیاو میسر".

## دەروازە

ساڵی (٢٠٢١) پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو میسر چەند هەنگاوێکی گرنگی بە ئاراستەی نزیکبوونەوەی هەردوو وڵات بەخۆیەوەبینی، ئەمەیش دوای پێکهێنانی شاندێکی تەکنیکی بوو، بە مەبەستی دەسپێکردنەوەی دانوستان، دواتریش تەوقەکردنێکی سەرپێیی هەردوو سەرۆککۆمار؛ ئەردۆگانو عەبدولفەتاح سیسی، لە تشرینی دووەمی (٢٠٢٢) لە مەراسیمی کردنەوەی پاڵەوانیەتیی جامی جیهانیی تۆپیپێدا لە وڵاتی قەتەر، خواستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییکان بۆ ئاستێکی باشتر هاتەکایەوە، دواتریش سەردانەکەی سەرۆککۆماری تورکیا بۆ قاهیرەی پایتەختی میسر لە (١٤)ی شوباتی (٢٠٢٤) گرێوگۆڵی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی کردەوەو بووە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەنقەرەو قاهیرەدا.

لە کاتێکدا ناوچەکە ڕووبەڕووی کێشەو ئاڵنگارییەکان بووەتەوە، هەردوو وڵات ئێستا بیر لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دەکەنەوە، هەر بۆیە مەیلی وەلانانی ناکۆکییەکانی ڕابردوو لەلایەن هەردوو وڵاتەوە سەریهەڵداوە، ئەنقەرەو قاهیرە لە هەوڵی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێن لە پەیوەندییەکانی نێوانیان، هەنگاوەکان بە ئاراستەی نزیکبوونەوە، وایکردووە لە کۆمەڵێک پرسدا کە دەتوانن دانوستانبکەنو ڕێگەخۆشکەرن بۆ نزیکبوونەوەیان، ئەو پرسانە لەلایەن هەردوو وڵاتەوە بخەنەسەر مێزی گفتوگۆ، لە هەمان کاتدا ئەو پرسانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکیو لەیەکدوورکەوتنەوەیان بسپێرن بە کاتو ئێستا بە هەڵواسراوی بهێڵنەوە، ئەمەیش وەك ستراتیژو ڕاستەڕێگەی نزیکبوونەوەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، بە تایبەت دوای سەردانەکەی ئەردۆگان لەلایەن هەردوو وڵاتەوە تەماشادەکرێت.

## ئاڵنگارییەکان

تورکیاو میسر ئێستا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاڵنگاریی گەورە بوونەتەوە، بە تایبەت دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە، ئاوارەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی فەڵەستین، پلانەکانی ئیسرائیل بۆ نیشتەجێکردنی بەشێکی دانیشتوانی غەززە لە دەرەوەی فەڵەستین، لە هەمان کات ئەو هەنگاوە

شەڕانگێزییەی وڵاتی ئەسیوبیا دژ بە میسر، گۆڕانکاری و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە، جەنگی ڕوسیاو ئۆکرانیا، ئەو قەیرانە ئابوورییەی ڕووبەڕووی میسر بووەتەوە، هەموو ئەمانە هەڕەشەیەکی جددین، کە ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە بوونەتەوە، یەکێکی تر لەو ئاڵنگارییانە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی میسرە، کە بۆ زیاتر لە (١١٠) ملیۆن کەس بەرزبووەتەوە، ئەمەیش پێویستی بە بودجەی زیاتر لە (٤٠٠) ملیار دۆلاری ساڵانە هەیە، جگە لەوەی کەرتە سەرەکی و ستراتیژییە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە ژێر هەژموون و کۆنترۆڵی سەربازیدان، نایەکسانی لە دابەشکردنی داهات وایکردووە دانیشتوانی ئەو وڵاتە ڕوووبەڕووی گرفت ببنەوە، بە جۆرێك ئێستا دەیان ملیۆن هاوڵاتیی میسری بە دەست نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانەوە دەناڵێنن.

لە ڕووی بازرگانی دەرەکییەوە میسر ساڵانە ڕووبەڕووی کورتهێنان دەبێتەوە، بە جۆرێك هاوردەکردن لەو وڵاتە ساڵانە دەگاتە نزیکەی (٩٠ – ١٠٠) ملیار دۆلار، لە کاتێکدا هەناردەکردنی لە نێوان (٤٥ - ٥٠) ملیار دۆلاردایە، ئەمەیش لە ئەنجامی ئەوەدایە کاتێک وڵاتێک دوچاری گرفت دەبێتەوە، بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك، بەشێکی زۆری پێویستییە سەرەکییەکانی لە دەرەوە هاوردەدەکات، بۆ ئەمەیش پێویستی بە دراوی بیانی هەیە، بۆ کورتهێنانی ئابووریی ئیدارەی ئەو وڵاتە پشتی بە کەرتی گەشتیاری و داهاتی کەناڵی سوێس و گواستنەوە دراوی بیانی لە میسرییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات بەستووە.

دیارترین دەرکەوتەی ئەو قەیرانە ئابوورییەی میسر پێیداتێپەڕدەبێت (قەیرانی کەمیی باڵانسی پارەدانە)، کەمیی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانییە، لە ماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوویسەرۆکایەتیی عەبدولفەتاح سیسی هەتا ساڵی (٢٠٢٤) قەرزی دەرەکیی ئەو وڵاتە (١٦٦) ملیار دۆلاری تێپەڕاند، لە کاتێکدا یەدەگی دراوی بیانی لە بانکەکانی میسر بەو پارانەی کە دەوڵەتانی کەنداو ڕەوانەی بانکە میسرییەکانیان کردووە، نزیکەی (٣٥) ملیار دۆلارە، جگە لەوە، ئەو وڵاتە لەم ساڵدا واتە (٢٠٢٤) ڕووبەڕووی خشتەی گەڕاندنەوەی قەرزەکان دەبێتەوە، کە بڕەکەی (٣٠) ملیار دۆلارە، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی نیشانیبدات ئەو وڵاتە بە چ تەنگژەیەکی ئابووریدا گوزەردەکات، بە پێی ئامارەکانی بانکی ناوەندیی میسر، قەرزە کورتخایەنەکان لە ساڵی (٢٠٢٢)دا لە (٨٠٪)ی یەدەگی دەرەکی تێدەپەڕێنن، بەڵام ئەم ژمارەیە گەیشتووەتە دوو هێندە بە بەراورد بە ساڵی (٢٠٢١)، لە هەمان کاتدا میسر لە وەرگرتنی قەرز لە سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، لە دوای ئەرجەنتین بە دووەم وڵات دادەنرێت کە زۆرترین قەرزی ئەو سندوقە بەکاردەهێنێت، ئێستایش

لە دانوستاندایە بۆ وەرگرتنی قەرزی نوێ. بە گوێرەی ئاماژەکان، دانوستانەکان لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتیی دراودا لە قۆناغی کۆتاییدان، بۆ وەرگرتنی قەرزێکی نوێ بە بەهای سێملیار دۆلار.

بۆ وەرگرتنی قەرز چەند مەرجێک لەلایەن سندوقی نێودەوڵەتیی دراوەوە خراوەتەڕوو، گرنگترینیان بریتین لە دابەزاندنی بەهای دراوی "جونەیهی" میسری بەرانبەر بە دۆلار، کشانەوەی سوپا لە دەستوەردانە ئابوورییەکانی وڵات، هەروەها فرۆشتنی هەندێک وەبەرهێنانو پرۆژەی گرنگ لەو وڵاتە بەبیانییەکان، بەڵام ئابووریناسان هۆشداریانداوە لەوەی پەسەندکردنی ئەم مەرجانە دەبێتە هۆی زیادبوونی قەبارەی هەڵئاوسان لە وڵاتدا، هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی فشار لە سەر گوزەرانو بژێویی خەڵک، کە هەتا دێت، قورستر دەبێت، جگە لەو زیانانەی بەر کەرتی گەشتیاریی میسر کەوتووە، بە هۆی جەنگو ململانێکانی غەززە، لە لایەکی ترەوە کۆنترۆڵکردنی گەروی بابولمەندەب لە دەریای سوور لەلایەن حوسییەکانی یەمەنەوە، کە ڕێگریدەکەن لە تێپەڕبوونی کەشتییەکانی ئیسرائیلو هاوپەیمانەکانی ئەمەیش خۆی لە خۆیدا بە واتای لەدەستدانی نیوەی داهاتی ساڵانەی میسر دێت، کە داهاتی ساڵانەی زیاتر لە (١٠) ملیار دۆلارە لە ڕێگەی کەناڵی سوێسەوە.

جگە لە لایەنی ئابووری، کۆمەڵێک مەترسیی جیۆپۆلەتیکیی زۆر گرنگ بۆ سەر میسر هەن. دیارترینیان هێرشە بەردەوامەکانی غەززەو پلانی ئیسرائیل بۆ گواستنەوەی دانیشتوانی کەرتی غەززە بۆ نیمچەدوورگەی سینا. ئەم دۆخە وەک هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر دۆزی فەڵەستینو ئاسایشی نیشتیمانیی میسریش دەردەکەوێت. زۆر پرسی گرنگ هەیە کە میسری توشی کێشە کردووە، وەک ئەو مەترسیيانەی بەنداوی ڕێنێسانس، کە ئەسیوبیا لە سەر ڕووباری نیل دروستیکردووە، ئەمەیش مەترسییەکی جددییە بۆ سەر ئاسایشی ئاوی میسر، لە هەمان کاتدا ململانێ ناوخۆییەکان لە سودان، نەبوونی ڕژێمێکی سەقامگیر لە لیبیا؛ بەشێکی تری ئەو مەترسیيانەن کە لە سەر ئاسایشو ئارامیی سیاسیو ئابووریی ئەو وڵاتە هەیە.

بە هەمان شێوەی میسر بابەتی گرنگ بۆ توركیا هەن، لە کاتێکدا ناتوانرێت توركیا بەراوردبکرێت بە میسر، بەڵام ئەو وڵاتەیش ڕووبەڕووی ئاستەنگیی جۆراوجۆر بووەتەوە، بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە، هەرچەندە بەردەوام هەوڵدەدات بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی هەژماری جارەکیو زیادکردنی نەختینەیی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی لە ڕێگەی گۆڕانکاریی نوێی سیاسییەوە، لە هەمان کاتدا توركیا ئامانجی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانە لەگەڵ وڵاتانی

ناوچەکەدا، بە بەردەوامی لە هەوڵی زیادکردنی خۆشگوزەرانیی ئابووریدایە لە ڕێگەی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە نوێیانەی کە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ڕەخساوە. هەنگاوەکانی لە گەشەکردنو گەشەپێدانو پلانە بەردەوامەکانی بۆ سەرکردایەتیی هەناردەکردن لە ئامانجە ئابوورییە ستراتیژییەکانیدایە.

ئەگەر لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە تەماشای تورکیا بکەین، دەبینین ستراتیژییەتی ئەو وڵاتە بریتییە لە ڕێگریکردن لە پێکهێنانی هاوپەیمانی دژی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، هەروەها بەدەستهێنانی پشکێک لە سەرچاوەکانی وزەی ناوچەکە، یەکێکی تر لە مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی ئەو وڵاتە لە سوریاوە سەرچاوەیگرتووە، کە بریتییە لە پشتیوانیی ئەمریکا بۆ پارتی یەکێتیی دیموکرات (پەیەدە)و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، کە بە لقی سوریای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دادەنرێن، بە بڕوای ئەنقەرە ئەم هەنگاوە، مەترسییە ئەمنییەکانی بەردەم تورکیا زیاددەکات، لەگەڵ ئەوەیشدا ناسەقامگیری لە لیبیا، شەڕی ئۆکرانیاو ڕوسیا، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، لەو بابەتانەن کە هاوشێوەی میسر تورکیا توشی کێشە دەکەن.

بۆ هەردوو وڵات، پێشهاتو ئاڵنگاریی ناوچەیی هاوبەش وادەکات کە پێکەوە کاربکەن، سیاسەتی دەرەوەی تورکیاو میسر لە بوارەکانی بەرژەوەندیی جوگرافیای هاوبەشدا لە زۆر شوێندا یەکدەگرنەوە، وەك: "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقاو جیهانی ئیسلامی".

**تورکیاو میسر ئێستا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاڵنگاریی گەورە بوونەتەوە، بە تایبەت دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەرکەرتی غەززە، ئاوارەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی فەڵەستین، پلانەکانی ئیسرائیل بۆ نیشتەجێکردنی بەشێکی دانیشتوانی غەززە لە دەرەوەی فەڵەستین.**

## خاڵە هاوبەشەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا

یەکێك لەو بوارانەی کە هاوبەشییەکی جوگرافیایی گرنگ پێکەوەیان دەبەستێتەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی دەرەوەی میسرو تورکیا، ئەوەیە سیاسەتی دەرەوەی میسر لە سێ بازنەدا نوێنەرایەتیدەکات؛ بازنەی عەرەبی، بازنەی ئیسلامیو بازنەی ئەفریقا. هەرچەندە ئەم سیاسەتە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنەی بەخۆیەوەبینیوە، بەڵام هەتا ئێستایش ئەم ڕەهەندانە سیاسەتی دەرەوەی میسر دیاریدەکەن.

لە هەمان کاتیشدا ئەگەر تەماشابکەین، تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایش بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاریيان بەسەردا هاتووە، لەبریی ئەوەی ڕێبازێکی تاکلایەنە بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا پەیڕەوبکات، وردە وردە پەرەیسەندووەو بووەتە مۆدێلێک کە تێیدا ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا هاوسەنگبن، لە ناویاندا جیهانی ئیسلامیو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقا.

ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقا بەهێزبوو، بە تایبەت لە سەردەمی پارتی دادو گەشەپێداندا دەرکەوت، هەر بۆیە ئەو بوارانەی کە لە سیاسەتی دەرەوەی هەردوو وڵاتدا گرنگییانپێدەدرێن، هەتا ڕادەیەکی زۆر یەکدەگرنەوە، تێکگەیشتنو تێڕوانینی هاوبەشە دەتوانێت ببێتە هۆکاری هاتنەکایەی دیبلۆماسیەتێکی ئەرێنیو هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات.

**ئەفریقا**

کیشوەری ئەفریقا یەکێکە لەو ناوچانەی کە میسرو تورکیا دەتوانن هەماهەنگیو کاری پێکەوەیی تێدا بکەن، بەوەی هەردوو وڵات کاریگەریی ئەرێنییان لە وڵاتانی ئەفریقادا هەیە، بەو پێیەی میسر لە ڕابردوودا یەکێک بووە لە گەورەترین لایەنگرانی بزوتنەوە سەربەخۆییەکانی ئەفریقا، تورکیایش هەژموونی خۆی لەو ناوچانەدا هەبووەو پڕۆژەکانی گەشەپێدانی جێبەجێکردووەو ڕێبازی سیاسیی ئابووریی تایبەتی خۆی هەبووە، کە لە ڕێگەی زۆرێک لە دامەزراوەو کۆمپانیاکانەوە جێبەجێیکردووە.

**هەریەک لە تورکیاو میسر لە بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقاو جیهانی ئیسلامیدا هاوبەشن، لە هەمان کاتدا هەریەکەیان دەیەوێت خۆی ڕابەرایەتیبکات لەو ناوچانە.**

ئەم کاریگەرییە گەورەیە ناوبانگێکی باشی بۆ هەردوو وڵات دەستەبەرکردووەو سوودیانلێوەرگرتووە، لە هەمان کاتدا دەرفەتێکی گەورەیە بۆ فراوانبوونی زیاترو هاوکاریی زیاترو دۆزینەوەی بەرژەوەندیی هاوبەشو کاری پێکەوەیی لەگەڵ وڵاتانی کیشوەری ئەفریقادا، بە تایبەتی کاتێک گەلانی ئەم کیشوەرە بە دوای هاوبەشی نوێدا دەگەڕێن وەک جێگرەوەیەک بۆ هاوبەشە ڕۆژئاواییەکان، ئەمەیش بە ڕوونی لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەم دواییەدا، کە لە نەیجیریا، بورکینافاسۆو گابۆن ڕوویانداوە، دەبینرێت، ئەمە جگە لە جێگیرکردنی سەربازی ڕوسیاو فراوانبوونی هەژموونی چین لە کیشوەرەکەدا.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ڕەنگە تورکیا ڕۆڵی ناوەندگیریی گرنگی هەبێت لە

کێشەی ئاوی نێوان میسرو ئەسیوبیا لە چوارچێوەی بەنداوی ڕێنیسانسدا، بە تایبەتی دوای شکستی ئەمریکاو کۆمکاری عەرەبیو ناوەندگیریی سعودیە، ئێستا میسر بە دوای ناوەندگیریدا دەگەڕێت.
لە لایەکی ترەوە، هەردوو وڵات دەتوانن پێکەوە کاربکەن بۆ کۆتایهێنان بە ململانێی مەدەنی لە سودانو دەستەبەرکردنی سەقامگیریی سیاسی لەو وڵاتە.
پرسی لیبیایش ئەو پرسە بوو کە زیاتر لە جاران لە ئەفریقا دوو وڵاتی خستەململانێوە. هەردوو وڵات لە بابەتی سیاسەتی لیبیا جیاوازییان هەبوو، میسر پشتیوانیی لە جەنەڕاڵ حەفتەر دەکرد، لە کاتێکدا تورکیا پاڵپشتیی لە حکومەتی ڕێککەوتنی نیشتیمانی دەکرد، بەڵام لەم کاتەدا ئاشتییەکی ڕێژەیی بەدیهاتووەو دەتوانرێت کۆدەنگییەکی سیاسیی گەورە لە لیبیا بەدیبهێنرێت، ئەویش بە کەڵکوەرگرتن لە کاریگەرییەکانی میسرو تورکیا، چونکە سەقامگیرکردنی وڵاتێکی دەوڵەمەند بە نەوتی وەك لیبیا، بۆ بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات گرنگە.
بەرژەوەندییە ئابوورییەکان یەکێکە لە گرنگترین تەوەرەی پەیوەندییەکانی تورکیاو میسر. لە کاتێکدا وەبەرهێنانی تورکیا لەم کیشوەرەدا نزیکەی (٦) ملیار دۆلارە، وەبەرهێنانی میسر نزیکەی (١٠.٢) ملیار دۆلارە، بەڵام ئەم ژمارانە بەس نین بۆ هەردوو وڵات، هەر بۆیە هەردووﻻ بە دوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێن بۆ زیادکردنی ئەو وەبەرهێنانانە، بۆیە دەبینین ژمارەی نوێنەرایەتییە دیبلۆماسییەکانی میسر لە ئەفریقا (٤٣) نوێنەرایەتییە، لە کاتێکدا تورکیا (٤٤) نوێنەرایەتیی دیبلۆماسیی لە ئەفریقا هەیەو ئەمەیش گوزارشت لە ڕادەی بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات دەکات لە کیشوەری ئەفریقا.

### ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە قۆناغێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆخێکی ناسەقانگیر بەخۆیەوەدەبینێت، دەوڵەتانی ناوچەکە خەریکە دەڕوخێنو شەڕی بەوەکالەت بەرەو فراوانبوون دەچێت، زۆر گرنگە تورکیاو میسر کاربکەن بۆ دووبارە جێگیرکردنەوەی سەقامگیری لە ناوچەکەدا لە سەر بنەمای پلانێکی ئەمنی، چونکە هیچ کام لە وڵاتان نایانەوێت درێژە بە ململانێ بدەن. بۆ ئەمەیش ئەولەویەت دەدەن بە پێکهێنانی حکومەتەکان، کە توانای جێگیرکردنی هاوسەنگیی نەتەوەییو تائیفییان هەبێت، بە تایبەت لە عێراقو سوریادا، کە توانای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتانەیان هەبێت، هاوکات هەڵوێستی هاوبەشیان هەیە لە بەرانبەر ئەو کۆمەڵکوژییەی کە ئیسرائیل لە غەززە دەیکات. لە کاتێکدا هەردوو وڵات نیگەرانن لە ململانێی بەوەکالەت لە نێوان ئەمریکاو ئێرانو بریکارەکانیان، بەڵام تێڕوانینیان بۆ ململانێو شەڕو ئاشتی لە ناوچەکەدا جیاوازە.

میسر وەک گەورەترین وڵاتی عەرەبی پاراستنی سەروەریو یەکپارچەیی خاکی عێراقو سوریا لەپێشینەی کارە گرنگەکانی خۆی دەزانێت. هەروەها تورکیا لەگەڵ میسر هاوڕایە لە پاڵپشتیکردنی یەکڕیزیو سەروەریی عێراقو سوریا. ئەمە پرسێکە کە میسرو تورکیاو ئێران لە سەری ڕێککەوتوون. جگە لەوەیش، پاراستنی ئاسایشی عێراقو سوریا بۆ تورکیا گرنگە لە ڕووی پاراستنی سنوورەکانەوە، بە تایبەت پرسی پەنابەران، بەڵام میسر بە گومانەوە سەیری بوونی تورکیا لە باکووری عێراقو سوریا دەکات.

لە (١٣)ی نیسانی (٢٠٢٣) سامح شوکری؛ وەزیری دەرەوەی میسر، لە دیدارێکیدا لەگەڵ مەولود چاوش ئۆغڵو؛ وەزیری ئەو کاتەی دەرەوەی تورکیادا، ئاماژەی بەوە دا لەگەڵ تورکیادا جیاوازیی بیروڕایان سەبارەت بە سوریا هەیە، بە تایبەت لە پشتیوانیکردن لە گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا، هەروەها بڵاوەپێکردنی هێزەکانی تورکیا لە سوریا. هاوکات میسر ڕەخنەی لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراقو سوریا هەیە.

لە ڕووی کردارییەوە ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا لە عێراقو سوریا پەیوەندیی بە هێشتنەوەی یەکپارچەیی خاکی هەردوو وڵات هەیە، بوونی تورکیا لەو وڵاتانە هاوسەنگییەك لە بەرانبەر هێزی ئێراندا دروستدەکات، بۆیە میسر نایەوێت ببینێت ئەم دوو وڵاتە عەرەبییە بە تەواوی بکەونەژێر کاریگەری ئێرانەوە، هەر بۆیە پێشبینیدەکرێت هەڵوێستی میسر بگۆڕێت لەگەڵ گواستنەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ تورکیادا بۆ قۆناغێکی نوێ.

## ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستو ناوچەی وزە

لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا چەند پرسێکی گرنگ هەردوو وڵات بەیەکەوە گرێدەداتەوە، ئەوانیش ناوانو پێناسەی ناوچەو سنوورییەکانی دەسەڵاتی دەریای ناوەڕاستو هەبوونی سەرچاوەکانی وزەیە لەو ناوچەیەدا.

**کیشوەری ئەفریقا یەکێکە لەو ناوچانەی کە میسرو تورکیا دەتوانن هەماهەنگیو کاری پێکەوەیی تێدا بکەن، بەوەی هەردوو وڵات کاریگەریی ئەرێنییان لە وڵاتانی ئەفریقادا هەیە.**

بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٩) لە نێوان تورکیاو لیبیادا واژووکرا، ناوچەکانی دەسەڵاتی دەریایی نێوان هەردوو وڵاتی دیاریکرد، لێرەیشەوە ناکۆکییەکان جارێکی تر سەریانهەڵدایەوە، میسر لە (٦)ی ئابی (٢٠٢٠) بە واژووکردنی ڕێککەوتنی

سنووردارکردنی سنووری نێوان یۆنان‌و میسر وەڵامی ئەم هەنگاوەی تورکیای دایەوە، ئەو سنوورانەی بە ڕێککەوتن کێشراون، دەکەونە نێوان هەردوو هێڵی درێژیی (٢٦٠٠٠٠و ٢٨٠٠،٠٠)، هەروەها بە پێی ڕێککەوتننامەی واژووکراوی تورکیا لە ساڵی (٢٠٠٣)، ئەو وڵاتە لە باشووری قوبرس دەستبەرداری (١١) هەزارو (٥٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشە بووە بۆ ئیدارەی قوبرس، هەر بە پێی ئەو ڕێککەوتننامە نوێیەی لە نێوان میسرو یۆنان واژووکراوە، میسر دەسەڵاتی دەریایی بە هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە زیاددەکات، لە بەرانبەردا تورکیا جارێکی دیکە دەسەڵاتی کۆنترۆڵی دەریایی لە ناوچەکەدا نامێنێت، لە کاتێکدا ئەنقەرە دەیەوێت لەو ڕوانگەیەوە مامەڵەبکات کە ناوەندی دەوڵەتانی کەناردەریایە.

تورکیا نەیدەویست میسر بە پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ یۆنان‌و باشووری قوبرس لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دژی ئەو هەنگاوهەڵبگرێت، پێیوایە ئەمە لە بەرژەوەندیی ئەو دوو وڵاتەدا نییە. سەرەڕای گرژییەکانی لەگەڵ تورکیا، لە هەندێک بابەتدا میسر بە وریاییەوە هەنگاوینا، بەو ئاڕاستەیەدا کارینەکرد هەموو دەرگاکان دابخات. مەولوود چاوش ئۆغلو لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ سامح شوکردا جەختیکردەوە، میسر لە کاتی واژووکردنی ڕێککەوتنی دەریایی لەگەڵ یۆناندا، بەرژەوەندییەکانی تورکیای لە ناوچەکەدا لەبەرچاوگرتووە.

لە ڕاستیدا یەکێک لە گرنگترین ئەو ناوچانەی کە هەردوو وڵات دەتوانن هەماهەنگی تێدا بکەن، ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستە. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لە بواری غازدا، کە لە ساڵی (٢٠٠٦) لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژووکراوە، بە پێی ئەم یاداشتی لێکتێگەیشتنە کۆمپانیایەک بە ناوی "تێرغاز" بە هاوبەشی (٥٠-٥٠) لە نێوان میسرو بۆتاش دادەمەزرێت. ئەم کۆمپانیایە ئەرکی دامەزراندنی بۆڕییەک دەبێت بۆ گواستنەوەی غازو بەبازاڕکردنی لە میسرەوە بۆ ئەوروپا، بەڵام ئەم پرۆژەیە بە هۆی بەهاری عەرەبییەوە گرفتیتێکەوت، دواتر لەگەڵ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، لە میانەی لوتکەی گرووپی (٢٠)، کە لە نیودەلهی؛ پایتەختی هیندستان بەڕێوەچوو، لە ئەیلوولی (٢٠٢٣)، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، عەبدولفەتاح سیسی؛ سەرۆککۆماری میسری ئاگادارکردەوە کە تورکیا گرنگی بە بوژاندنەوەی هاوکارییەکانی لەگەڵ میسر دەدات لە بوارەکانی گازی سروشتیی شل‌و وزەی ئەتۆمی، ئەمەیش بە پێی داتاکانی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوتی عەرەبی (OAPEC)، تورکیا لە پلەی یەکەمدایە لە هاوردەکردنی غازی شل لە میسرەوە بە پشکی (٤١$) لە کۆیگشتیی

هەناردەکردن لە چارەکی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٣)دا.

**پرسی لیبیا**

یەکێکی تر لە پرسە گرنگەکان، کە پەیوەستە بە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستەوە، پرسی لیبیایە. میسر هەر لە سەرەتاوە گومان لە بوونی سەربازیی تورکیا لە لیبیا هەبووە، بەڵام تورکیا چەندین جار پشتڕاستیکردووەتەوە بوونی تورکیا لە لیبیا بە ئاڕاستەی کارکردن دژی بەرژەوەندییەکانی میسر نییە. لە لایەکی ترەوە، هەردوو لایەنی میسریو تورکیا دووپاتیدەکەنەوە کە سەقامگیریی لیبیا لە بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوو وڵاتدایە. بە تایبەت کە میسر لە ساڵی (٢٠٢١)ەوە شێوازی کارکردنی بەرانبەر بە لیبیا گۆڕی، ڕەنگە نزیکبوونەوەی میسرو تورکیا لە سەر مەلەفی لیبیا بەردەوامبێت، چونکە لیبیا دراوسێی میسرە، ئەمەیش گرنگیی ستراتیژیی هەیە بۆ تورکیا، هاوکات لە ڕووی پەیوەندییە مێژوویی و جیۆپۆلەتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستیشەوە بەهای ستراتیژیی بۆ تورکیا هەیە. هەردوو وڵات خوازیاری کۆتایهێنانن بە ململانێکانیان لەو وڵاتە، بۆ ئەم مەبەستەیش سەقامگیری بە چارەسەرێکی سیاسی دەزانن. هەروەها باشبوونی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات کاریگەریی ئەرێنیی لە سەر چارەنووسی لیبیا دەبێت، بەو پێیەی بنەمای ئەو ڕێککەوتنەی کە کۆتایی بە دابەشبوونی میحوەریی ڕۆژئاوا - ڕۆژهەڵات لە لیبیا دەهێنێت، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرەو قاهیرەوە، لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت هەنگاوی گرنگ لە کاتی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ قاهیرە بەدیبکرێت.

**دۆسیەی فەڵەستینو ئیسرائیل**

پرسی فەڵەستین یەکێکە لەو پرسە بنچینەییانەی کە لە دوای ئۆپراسیۆنی تۆفانی ئەقسا، وەك پرسێکی سیاسیی هاوبەش لە نێوان تورکیاو میسردا تەماشادەکرێت، دەستدرێژیو پێشێلکارییەکانی ئیسرائیلو جینۆسایدی دانیشتوانی غەززە؛ کاردانەوەی قاهیرەو ئەنقەرەی لێکەوتەوە. هەرچەندە بزوتنەوەی حەماس وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر میسر تەماشادەکرێت، هاوکات کۆمەڵکوژیی ئیسرائیل بۆ سەر خەڵکی سڤیل لە غەززەو خواستی گواستنەوەی خەڵکی غەززە بۆ نیمچەدوورگەی سینا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی میسر ڕاڤەدەکرێت. لەم چوارچێوەیەدا سیاسەتەکانی تورکیاو میسر لە سەر یەك هێڵ یەکدەگرنەوە. تورکیا لە دوای دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، بە ڕوونتر لە میسر لە دژی ئیسرائیل وەستایەوە، لە هەمان کاتدا پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا

ڕاگــرت. تـورکـیـاو ئیـسـرائـیـل بـە یـەك ئاڕاسـتـە باڵـیـۆزەکانیـان کـشـانـدەوە، لە پلاتـفـۆڕمە نێودەوڵەتییەکان بە توندی دەسـتـیـان بـە بـەئـامـانـجـگـرتـنی یـەکـتـری کـرد. پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل بە شێوەیەکی بەرچاو ئاڵۆزبوو، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەردۆگان بۆ پێناسەکردنی حەماس وەک بزوتنەوەیەکی تیرۆریستی، بەڵـێـنـیـدا بـزوتـنـەوەکـە بـە بـزوتـنـەوەی خـۆڕاگـریو بـەرگـریـکـردن لـە گـەلـەکـەی بناسێنێت، لە لێدوانەکانیشیدا ڕایگەیاند کە ئیسرائیل دەوڵەتێکی تیرۆریستییە.

لـە کاتێکدا تـورکـیـاو میسـر لـە هـەوڵـدان لە زووترین کاتدا ئاگربەستی هەمیشەیی لە غـەززە ڕابگـەیـەنرێت، بۆیە باشـتربوونی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان توانای ئەوەیان پێدەدات پێکەوە هەنگاوی بەرچاوتر لە سـەر پرسی غـەززە بنێن. هـەروەهـا تورکیا پاڵپشتیی میسـر دەکـات لـە کـردنـەوەی دەروازە سـنـوورییـەکانی نـێـوان میـسـرو غـەززە، بۆئەوەی هاوکارییە مرۆییەکان بە شێوەیەکی فراوان بگاتە ناوچەکە.

بـەدەر لـە پرسی فـەڵـەسـتـین، میسـر لـەم سـاڵانـەی دوایـیـدا هـەوڵی باشـترکـردنی پەیوەندییـەکانی لـەگـەڵ "ئیـسـرائـیـل"دا داوە، بـە تـایبـەتی لـە ڕۆژهـەڵاتی دەریـای نـاوەڕاسـتـدا، ئـەمـەیـش ڕەنـگـە لـە سـەر حیسابی تورکیا بووبێت، بەڵام ئاڕاستەی ڕوداوەکـان بـەو شـێـوەیـە نـەبـوون کـە لـە نـێـوان هــەردوو وڵاتــدا خــوازراو بـوو. لە کاتێکدا لە ساڵی (٢٠١٩) میسر کۆڕبەندی غــازی دەریــای نــاوەڕاسـتی دامــەزرانـد، "ئیـسـرائـیـل" یـەکێك بـوو لـە ئەندامانی ئـەم کۆڕبـەنـدە، بـەمـەیـش هـەنگاوێک لـە تورکیای لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا دووردەخـــاتـــەوە، بـــەڵام ئـیـسـرائـیـل هەڵوێستی خۆی گۆڕیو بەبێ گەڕانەوە بۆ میسر پەیوەندییەکانی لەگەڵ یۆنانو قـوبـرسی یـۆنـانی گـەشـەپێدا. لـە لایـەکی دیـکـەوە، خـواسـتی میـسـر بـۆ بـوون بـە ناوەندێکی جیهانیی غـازی شـل، لـەگـەڵ خـواسـتـە هـاوشـێـوەکانی ئیـسـرائیـلـدا ناکۆکەو یەکناگرێتەوە.

**هاتنەکایەی کۆمەڵێک پیشهاتی نوێی نەرێنی لە پەیوەندییەکانی میسرو ئیسر ائیل ئەگەری نزیکبوونەوەی تورکیاو میسر زیاترو خێر اتردەکات.**

هاوکات ویستی ئیسرائیل بۆ دامەزراندنی نـۆکـەنـدی "بـن گـوریـۆن" وەك کـەناڵێك بازرگانی گومانێکی جددیی لە لای میسر دروسـتـکـردووە، بـەوەی کاریگـەریی نەرێنی لە سەر کەنداوی سوێس دروستدەکات، کە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی میسر بۆ بەدەستهێنانی دراوی بیانی.

لە لایەکی ترەوە ئیسرائیل بە بەکارهێنانی کارتی غازی سروشتی خۆی فشارێکی زۆر دەخـاتـەسـەر میـسـر، ئـەمـەیـش بابـەتێکە ئـیـدارەی مـیـسـر پـێـشـوازیـلـێـنـاکـات،

چونکە کاتێک ئۆپراسیۆنی تۆفانی ئەقسا دەستیپێکرد، کۆمپانیای شیڤرۆنی ئیسرائیلی ڕاگرتنی هەناردەکردنی غازی سروشتیی ئیسرائیلی بۆ میسر لە ڕێگەی بۆریی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ڕاگرت، بۆیە گومانی میسری بەرانبەر بە "ئیسرائیل" زیاترکردو لە بەرانبەردا ئەگەری نزیکبوونەوەی تورکیاو میسر زیاترو خێراتردەبێت.

**بەرژەوەندییە ئابوورییە هاوبەشەکان**

میسرو تورکیا خاوەنی پێگەی ستراتیژیی زۆر گرنگن لە ناوچەکەدا، لە هەمان کاتدا کۆنترۆڵی ڕێڕەوی دەریایی زۆر گرنگی وەک "گەرووی بۆسفۆر، نۆکەندی سوێس و داردانێل" دەکەن، بۆیە هاوکاریی لۆژیستیی نێوان هەردوو وڵات گرنگە، ئەمەیش گرنگییەکی ستراتیژیی بۆ هەردوولا هەیە، لە لایەکەوە بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیاو سروشتی تەواوکەری نێوانیانەوە، لە لایەکی ترەوە میسر نوێنەرایەتیی دەروازەی باکوورو ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا دەکات بۆ تورکیا. هەروەها میسر وەک پردێک وایە لێیەوە تورکیا دەگات بە ئەفریقا، لەم دواییانەدا وەبەرهێنانی تورکیاو بوون و کاریگەریی لەو ناوچەیە زیادیکردووە، بۆیە ژێرخانی لۆژیستی و شوێنی میسر ئاسانکاری بۆ تورکیا دەکات بۆ گەیشتن بە قووڵایی ئەفریقا. لە لایەکی ترەوە، تورکیا وەک پەنجەرەی ئۆرایا وایە بە ڕووی میسردا، ڕەنگە تورکیا ڕۆڵێکی هاوشێوەی هەبێت لە بازرگانیی میسر لەگەڵ ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕوسیاو چیندا.

لە بازرگانیی نێودەوڵەتیدا هەردوو وڵات دەتوانن پاڵپشتیی یەکتری بکەن، چونکە ڕێککەوتننامەی دووقۆڵییان لە بواری بازرگانیدا لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە هەیە، کە بریتی بوو لە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد لە نێوان میسرو تورکیادا، لە گرنگترین بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە بریتین لە لابردنی باج و بەربەستی ناگومرگی لە بەردەم بازرگانیکردن بە کاڵاکان.

ئەم ڕێککەوتنانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان میسرو تورکیا لە سەردەمی حوسنی موبارەکدا بووەتە ستراتیژی. لە سەردەمی "محەمەد مورسی"و لە دوای ساڵی (٢٠١١)، پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی گەشتیاری و پیشەسازی و بازرگانیدا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی. یەکێک لە نموونە هەرە گرنگەکانی ئەم گەشەسەندنە واژووکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن بوو سەبارەت بە هاوکاری لە بواری گواستنەوەی وشکانی و ترانزێت، کە لە ساڵی (٢٠١٢)دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەرچەندە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە سەر ئاستی سیاسی ئاڵۆزبووە، بەڵام قەبارەی بازرگانیی هاوبەشی نێوان

هەردوو وڵات بەردەوامبووە، بە جۆرێك قەبارەی ئاڵوگۆڕ گەیشتووەتە (١٥) ملیار دۆلار. جگە لەوەیش، بەهای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان میسرو توركیا تەنها لە ساڵی (٢٠٢٢)دا (٧.٧) ملیار دۆلار بووە.
لە ڕاستیدا میسر دووەم گەورەترین وڵاتی عەرەبییە كاڵا هەناردەی توركیا دەكاتو سێیەم وڵاتی هاوردەكردنی كاڵای توركیایە، هەر ئەمەیش وایكرد لە دانوستانەكانی ئەم كۆتاییەیشدا هەردوو وڵات بڕیاریاندا لە بریی دۆلار دراوی ناوخۆیی لە بازرگانیدا بەكاربهێنن، لە تێڕوانینی توركیادا میسر شوێنێكی گرنگە بۆ وەبەرهێنانەكانی. لە سەردەمی شۆڕشی میسردا، وەبەرهێنانی توركیا گەیشتە دوو ملیار دۆلار، بۆیە پێشبینیدەكرێت میسر جارێكی دیكە ببێتە ناوەندێك بۆ وەبەرهێنانی توركیا، بە تایبەتی دوای باشتربوونی پەیوەندییەكان لە سەر ئاستی سیاسی.

**میسر وەک گەورەترین وڵاتی عەرەبی پاراستنی سەروەری و یەكپارچەیی خاكی عێراق و سوریا لە لە پێشینەی كارە گرنگەكانی خۆی دەزانێت.**

**هاوكاریی ئەمنی**

هاوكاری لە بواری هەواڵگری و بەرهەمێنانی توانای بەرگریی بەردەوامی ململانێی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پەرەسەندنی ئاڵۆزییەكان و هەڕەشە تیرۆریستییەكان، هەموو ئەمانە بنەمایەكن بۆ هاوكاری و هەماهەنگیی هەردوو وڵات لە بواری ئاسایشدا. لە لایەك ناسەقامگیری لە وڵاتانی وەک "سوریا، لوبنان، لیبیاو سودان" مەترسییەكی گەورە بۆ سەر هەردوو وڵات دروستدەكەن، لە لایەكی ترەوە هەڵوێستی شەڕانگێزانەی ئیسرائیل بەرانبەر بە غەززە لە جینۆسایدو كۆمەڵكوژیی خەڵكی بێتاوانی غەززە، وادەكات هەردوو وڵات لە زۆرێک لە بارودۆخە ئەمنییەكاندا پێكەوە كاربكەن. هاوكاریی بەردەوامی نێوان دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانیی توركیاو هەواڵگریی گشتیی میسر لە زۆرێک لە فایلە ئەمنییەكان، گرنگیی هاوكاریی ئەمنیی نێوان هەردوو وڵات پشتڕاستدەكاتەوە، چونكە لە ماوەی تاریكترین قۆناغەكانی نێوان هەردوو وڵات لە سەر ئاستی سیاسیدا ئەم هاوكارییە نەوەستاوە، بۆیە پێشبینیدەكرێت لەم قۆناغە نوێیەدا هاوكاریی ئەمنی و بە تایبەت هەواڵگری لە نێوان هەردوو وڵاتدا زیاتربێت. یەكێک لە فایلەكانی هاوكاریی ئەمنی، كە توانای بەرزی لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەیە، كەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی توانای بەرگرییە، بە تایبەت لە بواری هاوكاریی سەربازیدا. توركیاو میسر وەک دوو وڵات دەردەكەون، كە گەورەترین پیشەسازی و

توانای بەرهەمهێنانی بەرگریان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەرچەندە میسر بەرهەمهێنەرێکی گرنگە، بەڵام دەیەوێت سوود لەو پێشکەوتنە وەربگرێت کە تورکیا لە ساڵانی ڕابردوودا لە پەرەپێدانی پیشەسازیی سەربازیدا بەدەستیهێناوە. کۆمپانیاکانی پیشەسازیی بەرگریی تورکیا دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو بۆ میسر بگێڕن، چونکە جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی چەک "سیاسەتێکی حەتمی" بووە بۆ میسر.

میسر یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی زرێپۆش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەناوبانگترین زرێپۆشەکانی "زرێپۆشی ئەلفەهدە"یە، کە میسر هەناردەی هەندێک وڵاتی عەرەبیو ئەفریقیی دەکات، هەر بۆیە هەردوو وڵات چاوەڕوانی چەندین فایلی هاوکاریی سەربازین. هەندێک ئاماژە هەیە کە ئەم هاوکارییە سەربازییە لە ئێستاوە دەستیپێکردووە. یەکەم نیشانەی ئەم هاوکارییە لە (١٦)ی تەمموزی (٢٠٢٣) دا بوو لە کۆبوونەوەی نێوان محەمەد سەلاحەدین مستەفا؛ وەزیری دەوڵەتی میسر بۆ بەرهەمهێنانی سەربازیو ساڵح موتلو شان؛ باڵیۆزی تورکیا لە قاهیرە، کە بۆ تاووتوێکردنی ڕێگەکانی هاوکاریی نێوان هەردوولا لە بواری سەربازیدا کرا، لە لایەکی ترەوە، وەزیری بەرهەمهێنانی سەربازیی میسرو سەرۆکی کۆمپانیای پیشەسازیی بەرگریی تورکیا (هالووک گورگون)و زۆرێک لە کۆمپانیاکانی پیشەسازیی بەرگریی تورکیا وەک ئاسێلسان، هەڤڵسان، توساس، ڕۆکێتسان، بیر کادارو بی ئێم سی بەشدارییان لە کۆبوونەوەکانی بەرگریو سەربازی لە پێشانگای پیشەسازییەکانی ساڵی (٢٠٢٣) (EDEX)دا کرد، کە لە قاهیرە بەڕێوەچوو، ئاماژەیەکی تری گرنگ ئەوەیە کە هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، بەر لە سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ قاهیرە، لە لێدوانێکدا باسی ئەوەی کرد کە دەکرێت چەکی تورکیا بە میسر بفرۆشرێت، زۆرێك لە پێشهاتە پەیوەندیدارەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە هاوکاری لە بواری پیشەسازیو بەرهەمهێنانی بەرگریدا بوارێکی گرنگ دەبێت لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا.

**ئەنجام**

سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ قاهیرە لە (١٤)ی شوباتی (٢٠٢٤)دا، ڕەنگە سەرەتای سەردەمێکی نوێ بێت لە نێوان هەردوو وڵاتدا، لە کۆتاییشدا ئاڵنگاریی جیۆپۆلەتیکیی ناوچەییو بەرژەوەندییە هاوبەشەکان پێویستیی کارکردنی پێکەوەیی لە نێوان ئەنقەرەو قاهیرەدا دەهێنێتەکایەوە، هەروەها وەلانانی گرفتو کێشەکانی ڕابردوو، کە هەردوو وڵات ڕووبەڕووی یەکتری دەبوونەوە، وەک دوو زلهێزی ناوچەیی لە بواری جوگرافیدا

وایکرد بیر لە هەنگاونان بەرەو ستراتیژی پێکەوەکارکردن بکەنەوە، بە تایبەت لەم قۆناغە ئاڵۆزەدا، کە دەوڵەتانی ناوچەکە خەریکە دەڕوخێن‌و شەڕی ناوخۆو شەڕی بەوەکالەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و ئەفریقا سەرهەڵدەدات، زۆر گرنگە کە هەردوو وڵات بتوانن لە سەر بنەماو بنچینەیەکی ئەمنی؛ سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگێڕنەوە. لەوانەیە گەیشتن بە هەڵوێستێکی هاوبەش‌و ڕوون لە دژی ئەو کۆمەڵکوژییەی کە لەلایەن ئیسرائیلەوە لە غەززە کردوویەتی، هەنگاوێك بێت کە ببێتە هۆی لێکنزیککردنەوەی زیاتری هەردوو وڵات.

**بە گوتەی بەرپرسانی باڵای میسر، جیاوازیی بیروڕا لە نێوان قاهیرەو ئەنقەرەدا سەبارەت بە سوریا هەیە، بە تایبەت لە بابەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریاو مانەوەی سوپای تورکیادا لەو وڵاتەدا.**

سەبارەت بە تورکیا، باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میسردا ڕەنگە ڕێگەخۆشبکات بۆ ئەوەی هەژموون‌و دەسەڵاتی خۆی لە ئەفریقا زیادبکات، پەیوەندییەکی نزیکترو قوڵتر لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا دروستبکات، کاریگەریی بەرجەستەی لە سەر پرسی فەڵەستین، بە تایبەت لە غەززە، هەبێت. لە هەمان کاتدا تورکیا بەم هەنگاوە بەشداریی گرنگ دەکات بۆ گەیشتن بە سەقامگیریی سیاسی لە لیبیا، ئەمەیش گرنگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا. بە هەمان شێوە بۆ میسر دەتوانێت هێزێکی زیاتر پەیدابکات لە بەرانبەر هەڕەشە جیۆپۆلەتیکییەکان لە ئەفریقادا، لە لە کاتی بوونی بە هاوبەشێکی ستراتیژی لەگەڵ تورکیادا.

پاڵپشتیی تورکیا لە پرسگەلێکی وەک ئەسیوبیاو سودان‌و لیبیا ڕەنگە بتوانێت جارێکی دیکە ببێتە هاوبەشێکی گرنگی ئابووری بۆ میسر، هەروەها دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت کە بە پشتیوانیی تورکیا لە بەرانبەر هەڕەشەکانی ئیسرائیلدا میسر خۆڕاگرانەتر مامەڵەبکات. جگە لەوەیش، ئەم هەنگاوە دەروازەیەکی گرنگ دەبێت بۆ پەرەسەندنی گەشتوگوزار، لە هەمان کاتدا ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی تورکیا کاڵاو شتومەك هەناردەی بازاڕەکان بکات، چونکە تورکیا لەم کاتەدا لە دۆخێکی سەختی ئابووریدایە.

هاوبەشیی نێوان تورکیاو میسر لە بواری پیشەسازی‌و بەرهەمهێنانی توانای بەرگریدا دەبێتە هۆی زیادبوونی تواناو کاریگەریی دەبێت لە سەر هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانی ئەو دوو وڵاتە. هەروەها ئەگەری بەکارهێنانی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی وزە لە میسرو

ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستیش دەبێتە هۆی هێنانەدیی بەرژەوەندیی هاوبەش، ئەمەیش بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوو وڵاتدا، لە سەر بنەمایەکی جێگیرو سەقامگیر گرنگە.

## لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت

https://rouyaturkiyyah.com/research-articles-and-commentaries/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%82%D8%A7%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B5%D8%B1%D9%8A-%D8%A7%84%D8%AA%D8%AD%D8%AF%D9%8A%D8%A7%D8%AA-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B5%D8%A7%D9%84%D8%AD-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B4%D8%AA%D8%B1%D9%83%D8%A9

https://rouyaturkiyyah.com/file/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%82%D8%A7%D8%B1%DD9%83%D9%8A%20%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B5%D8%B1%D9%8A:%20%D8%A7%D9%84%D8AA%D8%AD%D8%AF%D9%8A%D8%A7%D8%AA%20%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B5%D8%A7%D9%84%D8%AD%20%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B4%D8%AA%D8%B1%D9%83%D8%A9/1000

# ستراتیژی دوای هەڵبژاردن و سیاسەتی تورکیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نوسینی: بورهانەدین دوڕان (Bürhanettin Duran)
وەرگێڕانی: لاڤە ڕەسوڵ

زۆرێک لە پرسەکانی وەک ناسنامە، دابەشکردنی داهات، سیستەمی سیاسی، دیموکراسیو پێگەی تورکیا لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا لە بەردەستن بۆ بەرهەمهێنانی چەندین گوتاری ڕکابەر لە ژێر ناونیشانی "دەستووری نوێ"دا. داینامیزمی وڵات لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵناسیو نادڵنیاییەکانی جیهانی داهاتوودا، دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن ناچاردەکات سیاسەتی نوێی کاریگەر دروستبکەن.

پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٣١)ی ئاداری ئەمساڵی تورکیا، نەخشەڕێیەک بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادەدەکەن، ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە تورکیا دەچێتەناو ژینگەیەکی نوێوە، کە "ڕکابەریی بەرهەمهێنانی سیاسەت" خێراتردەبێت. بێگومان ئەم ژینگەیە لەلایەن هەردوو سیاسەتی حیزبو ڕێڕەوی ئابوورییەوە ڕەنگدانەوەی پێشهاتەکانی سیاسەتی دەرەوە لە سەر تورکیا لەقاڵبدەدرێت. شێوازی سیاسیی نوێو

دەستپێشخەرییەکانی جەهەپە، کە متمانەبەخۆبوونی لە بەرزبوونەوەدایە، ئەو ڕێگەیەی کە حکومەت بەدوایدادەکەوێت، کۆنگرەی پارتی باش (İYİ Parti)و هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ بۆ پارتەکەو جێبەجێکردنی سیاسەتی بلۆک لەلایەن سەرۆکی نوێوە، ئەوەی پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی) لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە لەو شارەوانییانەی بەدەستیهێناوە، جێبەجێیدەیکات، لە سەرەوەی ئەجێندای سیاسی دەبێت.

گرژییەکانی نێوان ئێرانو ئیسرائیل، قەیرانی غەززە، شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیا، ئۆپراسیۆنی دژ بە پەکەکە لە عێراق، کۆبوونەوەی ئەردۆگانو بایدن، سەردانەکەی پوتن بۆ تورکیاو هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە مانگی تشرینی دووەمدا؛ وەک بابەتگەلێکی شیاو دەردەکەون، کە لەوانەیە کاریگەریان لە سەر سیاسەتی ناوخۆی تورکیا هەبێت.

زۆرێک لە پرسەکانی وەک ناسنامە، دابەشکردنی داهات، سیستەمی سیاسی، دیموکراسیو پێگەی تورکیا لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا کاندیدن بۆ بەرهەمهێنانی چەندین گوتاری ڕکابەر لە ژێر ناونیشانی "دەستووری نوێ"دا. دایناميزمی وڵات لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵناسیو نادڵنیاییەکانی جیهانی داهاتوودا حکومەتو ئۆپۆزسیۆن ناچاردەکات سیاسەتی نوێی کاریگەر دروستبکەن. هەروەها کۆی ئەوانە دەتوانێت بە "ئاڵنگاریی نوێی سیاسەت" ناوببات. لە یەکەم کۆبوونەوەی فراکسیۆنی حیزبەکەی لە پەرلەمانی تورکیا دوای هەڵبژاردنەکان، ئەردۆگان گوتارێکی پێشکەشکرد، کە تێیدا ئاماژەی بەوە کرد چۆن "لە هەڵبژاردنەوە فێربینو نوێبینەوە". ئەردۆگان، کە بە توندی دەستی بە هاوپەیمانیی کۆمارەوە گرتووە، مۆراڵو ئومێدی لە حزبو دەنگدەرانی چاندووە. گوتارەکەی بە ئیرادەی نوێبوونەوەو خەباتو خزمەتکردنی میللەت کۆکرایەوە. ئەردۆگان جەختیکردەوە لە سەر بەخۆداچوونەوەو ئەو نوێکردنەوەیەی کە پێویستەو ڕێگریکرد لەوەی ڕەخنەی خودی لە ئاکپارتیو بەرپرسانی، کە بە شێوەیەکی ڕەخنەی "گشتگیرو ڕاستگۆو بوێرانە" بەڕێوەدەچێت، بە ئاراستەیەکی نەرێنیدا ببرێتو دژی پارتەکەی بەکاربهێنرێت. هەروەها ئاماژەی بەوەیش کردووە کە هیچ کات لە هەوڵەکانیان بۆ بەڕێوەبردنی تورکیا دەستبەردارنابن.

لە لایەکی دیکەوە، گوتارەکەی ئەردۆگان پەیامی هەستیاریی بۆ ئۆپۆزسیۆن لەخۆگرتبوو. ئەردۆگان لە ڕێگەی بەکارهێنانی "لە ئاستی فەرمانڕەوایی ناوەندیو سەرۆکایەتیی کۆمارو پەرلەماندا، هەروەها لە ئاستی شارەوانییەکانو حکومەتە خۆجێییەکاندا لە (٨١) پارێزگای تورکیا تەنها یەک دەسەڵاتدار هەیە"وەو پاشان

لە بەکارهێنانی ئەم ڕستانەی خوارەوەدا ئۆپۆزسیۆنی بەئامانجگرتبوو، هەر ئەمەیش سیاسەتی داهاتووی بەرەی دەسەڵاتدار بەرانبەر بە ئۆپۆزسیۆن لەخۆدەگرێت.

ئێمە لە پێناوی خەرجکردنی سەرچاوەکانی شارە جیاوازەکانماندا بۆ خەڵکی ئەو شارانە خۆیان نەک بۆ "گرووپە تیرۆریستییەکان"و ئاژانسەکانی ڕیکلامو ئەوانەی چاویانبڕیوەتە سەروەتو سامانی هاوڵاتیانمان، ئەوەی پێویست بێت، دەیکەین. بە دڵنیاییەوە ڕێگەنادەین ڕێکخراوی تیرۆریستیی جوداخواز جارێکی دیکە دەست بە سەر شارەکانمانو هاوڵاتیانماندا بگرێت.

ئەردۆگان جەختی لەوە کردوە کە هەندێک کەس، بە شێوەی خۆیان، هەوڵدەدەن پێکهاتەیەکی دوانە لە تورکیا، وەک "حکومەتی ناوخۆیی"و "حکومەتی ناوەندی"، دابمەزرێنن. لە (٨١) پارێزگاکەماندا تەنها یەک حکومەت هەیە، ئەویش سەرۆکو کابینەکەیە کە خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی (١٤ – ٢٨)ی ئایاری (٢٠٢٣)دا ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتیان پێسپاردووە.

هەروەها چۆنیەتیی پێکهاتنی ڕێڕەوی سیاسەت لە تورکیا لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا بەوە دیاریدەکرێت کە جەهەپە کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا پلەی یەکەمی پارتە سیاسییەکانی وڵاتی گرتووە، چی دەکاتو چی ناکات؟ "ڕێزگرتن لە دەسەڵاتو ئەنجامدانی گفتوگۆو ئۆپۆزسیۆنی کاریگەر"، واتە شێوازێکی نوێی سیاسەت پیشاندەدات یاخود نا. لە لایەکەوە جەهەپە دەیەوێت لەگەڵ دەسەڵاتدا گفتوگۆ لە سەر کێشە سەرەکییەکانی وڵات بکاتو پێشنیارو ڕێگەچارە پێشکەشبکات، لە لایەکی دیکەیشەوە ئامانجی ئەوەیە ببێتە دەنگی چینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەو هاودەمی کێشەکانیان بێت. ئەم گوتارانە ئەوە پیشاندەدەن کە مەیدانی سیاسەت لە تورکیا زۆر گەرموگوڕ دەبێت. گوتاری نوێی ئۆزگیور ئۆزێل؛ سەرۆکی جەهەپە، سەبارەت بە دۆزی فەڵەستینو نیازی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو بۆ چوونەناو کێشمەکێشمی سیاسەتی دەرەوە، نیەتی جەهەپە بۆ نوێکردنەوەی گوتاری حیزبی لە هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا نیشاندەدات. ئەم ئامادەکاریانەی ئاکپارتیو جەهەپە بۆ خێراکردنی "کێبڕکێی سیاسەت" نیشانەی ئەوەیە کە دیموکراسی لە تورکیا بەهێزتردەبێت، ئەمەیش زۆر گونجاو دەبێت بۆ ژینگەی دوای هەڵبژاردن لە "دیالۆگو گفتوگۆی گشتگیر" بۆ ئەوەی ببێتە پرۆسەیەکی گفتوگۆئامێزی بونیادنەر بۆ کێشەکانی وڵات. گفتوگۆ لە سەر دەستووری نوێ دەکرێت، بە شێوەیەک بکرێت کە بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکات. چۆنیەتیی مامەڵەکردنی جەهەپە لەگەڵ ئەنجامەکانی سیاسەتی ئابووریی

حکومەت‌و ڕێکارە کارگێڕییەکانی دەمپارتی لە شارەوانییەکان‌و ئۆپراسیۆنی دژی پەکەکە لە عێراق یەکەم دەرفەت‌و مەیدانی تاقیکردنەوە دەبێت بۆ ئەو حیزبە. بەم جۆرە بە دڵنیاییەوە ململانێی سیاسی بەهێزترو توندتریشدەبێت.

لە لایەکی دیکەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پارتی باش (İyi Parti)دا ڕوودەدات. لە (٢٨)ی نیسان، موساڤات دێرڤیش ئۆغلو لە کۆنگرەی نائاسایی پارتی باش وەک سەرۆکی نوێی پارتەکە هەڵبژێردرا. دێرڤیش ئۆغلو، کە ماوەیەک سەرۆکی ئولکو ئۆجاکلاری بووە، لێپرسراوی لقی ئیزمیری پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) بووە، ساڵی (٢٠١٢) کاندید بووە بۆ سەرۆکایەتیی مەهەپە، جێگری سەرۆکی پارتی باش‌و سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو حیزبە بووە لە پەرلەمانی تورکیا، بە پشتیوانیی سەرۆکی پێشووی پارتی باش مێرال ئاکشەنەر، بەڕێوەبردنی پرۆسەیەکی سەختی لەئەستۆگرتووە. هەڵبەت بەشداریکردنی ئاکشەنەر لە کۆنگرەی نائاسایی پارتەکەی، بەڵام خۆکاندیدنەکردنی بۆ سەرۆکایەتیی ئەو حیزبە، پەیوەندیی بە شکستی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٣١)ی ئاداری ئەمساڵەوە هەیە، کە تەنها (٣.٧٦٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

پەیڕەوکردنی سیاسەتی هاوپەیمانی لە ساڵەکانی (٢٠١٩)و (٢٠٢٣)ی پارتی باش، کە لە سەر هێڵێکی مەترسیدار دامەزراوە، لە سەردەمی ئاکشەنەردا هیچ خێرێکی بۆ ئەم حیزبە نەبوو. چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣) بەجێهێشتنی مێزی شەش_قۆڵی‌و هاوپەیمانیی میللەت لەلایەن سەرۆکی پارتی باشەوەو دوای کەمتر لە (٢٤) کاژێر گەڕانەوەی بۆ سەر هەمان مێز، ئەو پارتە سیاسییەی بە تەواوی هاڕی. هەروەها وەک پارتە ڕاستڕەوەکانی تری پێکهێنەری هاوپەیمانیی میللەت، بە هۆی هاوپەیمانییەوە لەگەڵ جەهەپەدا دەنگدەرەکانی لەدەستدا. جگە لەوەیش، ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو بۆ ئەوەی جەهەپە دەنگی چین‌و توێژە ڕاستڕەوەکانی شارە ناەندییەکانی تورکیا ڕابکێشێت، لە هەمان کاتدا دەرفەتێکی بۆ سەرۆکی شارەوانییەکانی وەک ئەکرەم ئیمام ئۆغلوو مەنسور یاڤاش ڕەخساند، کە سەرەڕای دەسەڵاتی پارتی باش، مەیلی دەنگدەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

**گرژییەکانی نێوان ئێران‌و ئیسرائیل، قەیرانی غەززە، شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیا، ئۆپراسیۆنی دژبە پەکەکە لە عێراق، کۆبوونەوەی ئەردۆگان‌و بایدن، سەردانەکەی پوتن بۆ تورکیاو هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە مانگی تشرینی دووەمدا، وەک بابەتگەلێکی شیاو دەردەکەون، کە لەوانەیە کاریگەرییان لە سەر سیاسەتی ناوخۆی تورکیا هەبێت.**

لە ڕاستیدا مەترسییە سەرەکییەکەی بەردەم پێگەی پارتی باش لە ناو چین‌و توێژی ڕاستڕەوی تورکیادا لە ماوەی سەرۆکایەتیی موساڤات دارڤیش ئۆغڵوو سیاسەتی ئۆزگیور ئۆزێلی سەرۆکی جەهەپەیە، هەر ئەمەیش مەترسیی جیابوونەوەی سێیەم لە پارتی باشدا دەهێنێتەئاراوە. وەک دەردەکەوێت، ئۆزێل دەیەوێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لەلایەن پشتیوانانی بیرۆکەی دامەزراندنی هێڵی سێیەمەوە، واتە بەدەر لە هاوپەیمانیی کۆمارو هاوپەیمانیی میللەت بە دووی ڕێگەی سێیەمدا دەگەڕێن. بە واتایەکی دیکە، سەرۆکی جەهەپە دەیەوێت ئەو مەیدانە پڕبکاتەوە کە لەلایەن پارتی باش‌و پارتە ڕاستڕەوەکانی دیکەوە هەوڵی پڕکردنەوەو سەرنجڕاکێشانی دەنگدەرەکانی دەدرێت. ئەگەر موساڤات دارڤیش ئۆغڵوی سەرۆکی پارتی باش بەردەوامبێت لە جێبەجێکردنی ئەو گوتەو سیاسەتەی کە لە کۆنگرەی پارتەکەیدا پێشکەشیکرد، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو ڕێزە تایبەتەی ئۆزگیور ئۆزێل بەهەدەردەڕوات کە بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆککۆماری نیشاندا لە چاوپێکەتنەکەی لەگەڵ ناوبراودا لە کۆشکی کۆماریی تورکیا.
سەرەڕای هەموو ئەو گرێوگۆڵانەی لە بەردەمیدایە، پێدەچێت دەرفەتی پێکهێنانی هاوپەیمانی یاخود ڕێگەی سێیەم لە سیاسەتی تورکیادا لە بەردەم دەمپارتیدا زیاترو ئاسانتر بێت وەک پارتی باش، ئەمەیش بە سوودوەرگرتن لە شەپۆلی نەتەوەپەرستیی کوردی لە تورکیا. پێویستە ئەوەیشمان لەبیرنەچێت کە لەم ڕۆژانەدا چاوپێکەوتنەکانی ئۆزگیور ئۆزێل‌و ئەردۆگان دەکرێن‌و گفتوگۆ دەربارەی دەستووری نوێ لە ئارادایە، هێشتا دەرفەت لە بەردەم پارتی باشدا ماوە بۆ خۆڕێکخستنەوەو چاکبوون. پێویستە چاودێرییەکی وردی ئەو ڕێگە نوێیە بکرێت کە ئۆزێل گرتوویەتیەبەر، ئاخۆ بە کوێ دەگات؟ یەکەم تاقیکردنەوەی بانگەشە سیاسییە نوێیەکانی جەهەپە، پارتی باش، دەمپارتی‌و پارتی ڕەفاهی نوێ (یەڕەپە) بە سەرۆکایەتیی فاتیح ئەربەکان هەردوو بابەتی هەمواری دەستوورو ئۆپراسیۆنە بۆ سەر پەکەکە لە خاکی عێراقدا.

**ئەردۆگان باسی لەوە کردووە کە هەندێک کەس، بە شێوەی خۆیان، هەوڵدەدەن پێکهاتەیەکی دوانە لە تورکیا وەک "حکومەتی ناوخۆیی"و"حکومەتی ناوەندی" دابمەزرێنن. لە (٨١) پارێزگاکەماندا تەنها یەک حکومەت هەیە، ئەویش سەرۆک‌و کابینەکەیە کە خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی (١٤ – ٢٨)ی ئایاری (٢٠٢٣) ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتی پێسپاردووە.**

## دیبلۆماسیەتی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژەڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیسان زۆر پڕو فراوانە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکە وڵات بوو لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڤیتۆی دژی ئەندامیەتیی تەواوی فەڵەستین بەکارهێنا. ئیسرائیل هێرشێکی کرد کە ئاماژە بوو بەوەی دەتوانێت هێرشبکاتەسەر دامەزراوە ناوەکییەکانی ئێران لە ئەسفەهان. هەروەک چۆن لە هێرشەکانی (١٣)ی نیسانی ئێران بەبێ کێشەو زیان لێیدەرچوو، ئەم هێرشە هیچ زیانێکی نەبوو. لە کاتێکدا ئەمریکاو وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا سزای نوێیان بە سەر ئێراندا سەپاند، گۆتێرێس؛ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، هۆشداریدایە ئێرانو ئیسرائیلو ڕایگەیاند کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لێواری کارەساتدایەو داوای "کۆتایهێنان بە سووڕی تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی" دەکات. میدیاکان ڕایانگەیاند واشنتۆن گڵۆپی سەوزی داوە بە ئۆپراسیۆنە زەمینییەکانی ئیسرائیل لە ڕەفا لە بەرانبەر کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ ئێراندا. هەروەک چۆن محەمەد بن عەبدولڕەحمان بن جاسم ئال سانی؛ سەرۆکوەزیرانی قەتەر، ڕایگەیاند کە ڕۆڵی ناوەندگیری وڵاتەکەی لە نێوان ئیسرائیلو حەماسدا هەڵدەسەنگێنێتەوە، بە بیانووی ئەوەی کە سوکایەتییپێدەکرێت. فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا لەگەڵ ئیسماعیل هەنیە؛ سەرۆکی حەماسدا لە دەوحە کۆبووەوە. دوای کۆبوونەوەکە، فیدان ڕایگەیاند کە حەماس" باڵە سەربازییەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە"، ئەمەیش "دوای چارەسەرێکی دوو دەوڵەتی هاوتەریب لەگەڵ سنوورەکانی ساڵی (١٩٦٧)دا. لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی ئاکپارتیدا لە پەرلەمان، بەراوردکردنی حەماس لەلایەن ئەردۆگان بە "هێزە نەتەوەییەکان" سەرنجیڕاکێشاو ڕاستەوخۆ دوای ئەوە هاتە ئەستەنبوڵ، لەگەڵ هانیەدا کۆبووەوە. سەردانی وەزیری دەرەوەی میسر؛ شوکری بۆ تورکیا ئەوە نیشاندەدات کە هەموو ئامادەکارییەکان بۆ کۆبوونەوەی ئاستبەرزی ئەنجومەنی هاریکاریی ستراتیژیو دانوستانەکانی ئاگربەستی هەمیشەیی لە غەززە بابەتی سەرەکین.

**یەکەم تاقیکردنەوەی بانگەشە سیاسییە نوێیەکانی جەهەپە، پارتی باش، دەمپارتیو پارتی ڕەفاهی نوێ (یەڕەپە) بە سەرۆکایەتیی فاتیح ئەربەکان، هەردوو بابەتی هەمواری دەستوورو ئۆپراسیۆنە بۆ سەرپەکەکە لە خاکی عێراقدا.**

ئەم پێشهاتانە کە تەنها بەشێکیان خرایەڕوو، دەریدەخەن کە گرژییەکان

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كەمدەبنەوەو پێكهێنانی هاوپەیمانیو یەكگرتنەكانیش بەرەو هەڵكشان دەڕوات، لە كاتێكدا كە سووڕی تۆڵەسەندنەوەكانی نێوان ئێرانو ئیسرائیل نیشانەكانی خاوبوونەوەی لێدەركەوتووە، پێشبینیدەكرێت جارێكی دیكە ململانێی ئیسرائیلو فەڵەستین لە ڕیزی پێشەوەی كێشەكاندا بمێنێتەوە. زەحمەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتوانێت سەقامگیریو ئاسایشو ئارامی لە دونیای ئاژاوەگێڕیی ئەمڕۆدا بەدەستبهێنێت، كە شەڕو تیرۆرو داگیركاری هەمیشە ئامادەبووە، تەنانەت لە ساڵانی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوودا كە دەگوترا جەنگی سارد كۆتاییهاتووەو جیهان گەیشتووەتە نەزمێكی لیبراڵی. ئاسیا كە بە گەشەی ئابووری لە دەیەكانی ڕابردوودا ناسراوە، ئێستا لە دۆخی دابەزینی گەشەكردنو قەیرانی بازرگانیو سیاسەتی چین بە ئاراستەی باشووری ئاسیاو قەیرانی تایوانو فراوانكردنی هاوپەیمانییەكانی دژەچین لەلایەن ئەمریكاوەوەیە. ترسی ئەوە هەیە ئەم ڕەوتە نەرێنییە لە داهاتوودا ململانێی نوێ بەرهەمبهێنێت. بە هەمان شێوە جێگیربوونی وێنای ڕوسیا وەك "هەڕەشەیەك" لە هزری سیاسەتمەدارانی ئەوروپیدا پێویستی بە ئامادەكاری هەیە بۆ گرژییە نوێیەكان، بە تایبەتی لە باڵكان. بە دڵنیاییەوە، فرەجەمسەری لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا؛ لە كاتێكدا كە مەترسیو نادڵنیاییو ناكۆكیی نوێ لە زۆربەی ناوچەكانی جیهاندا بەرهەمدەهێنێت، بەڵام ڕەوتی ئاساییكردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕاوە بۆ ناكۆكییەكانی ئیسرائیل-فەڵەستینو ئیسرائیل - ئێران. ناسەقامگیری لە دەریای سوور بەردەوامە. بۆ وڵاتانی ناوچەكە كابوسێكە كە ئەم ململانێیانە "دەبنە هەمیشەیی"و "ناكۆكیی نوێ دەستپێبكەن.

**سەرەڕای هەمووئەو گرێوگۆڵانەی لە بەردەمیدایە، پێدەچێت دەرفەتی پێكهێنانی هاوپەیمانی یاخود ڕێگەی سێیەم لە سیاسەتی توركیادا لە بەردەم دەمپارتیدا زیاترو ئاسانتر بێت وەك پارتی باش، ئەمەیش بە سوودوەرگرتن لە شەپۆلی نەتەوەپەرستیی كوردی لە توركیا.**

لە ژینگەیەكی وادا ئەردۆگان سەرقاڵی چالاكییەكی نوێیە، كە باس لە پرسە گرنگەكانی ناوچەكە دەكات. گەیشتن بە ئاگربەستی هەمیشەیی نێوان ئیسرائیلو حەماس، پاراستنی ئەجێندای چارەسەری دوو دەوڵەتی، كەمكردنەوەی گرژییەكانی نێوان ئێرانو ئیسرائیل، ئۆپراسیۆنی دژی پەكەكە لە عێراق، هاوكاریی ستراتیژی لەگەڵ

میسر لە سەر زۆر بابەت لە غەززەوە هەتا لیبیا، بەهێزکردنی ئاسایشی وڵاتانی کەنداو، سۆماڵ، لەگەڵ پرسەکانی وەک هاوکاریی ئەمنی لەگەڵ هەندێک وڵاتی تری ئەفریقاو دەستەبەرکردنی سەقامگیری لە دەریای سووردا لە بواری بەرژەوەندیی دیبلۆماسیی تورکیا دەبێت. بێگومان ئەم چالاکییانە بە دانوستانی نوێ لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا، یەکێتیی ئەوروپاو یۆنان بەردەوامدەبێت. سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ واشنتۆن، کە لە سەر داوای تورکیا دواخرا، چاوەڕواندەکرێت لە ڕووی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانو سیاسەتی ناوچەییەوە گرنگ بێت. گۆڕانکاری لە ڕێڕەوی پەیوەندییەکان دوای کۆبوونەوەکانی ئەردۆگانو ئۆباماو ئەردۆگانو ترەمپ دەکرێت وەک نموونە یادبکرێتەوە. هەردوو لایەن هەوڵدەدەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو کەشوهەوا ئەرێنییەی کە بە فرۆشتنی فرۆکەی (ئێف-١٦)و پەسەندکردنی ئەندامیەتیی سوید لە ڕێکخراوی ناتۆ دەستیپێکردووە، پرسگەلێکی نوێی هاوکاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. گرنگیی کارکردن لەگەڵ تورکیادا، کە یەکێکە لە زلهێزە دەرکەوتووەکان لە جیهانی فرەجەمسەری ئاڵۆزو شێواودا، پرسێک دەبێت کە زلهێزەکان هەتا دێت، زیاتر هەستیپێدەکەن.

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت**

Seçim Sonrası Stratejiler ve Türkiye’nin Ortadoğu Siyaseti, Çerçeve Burhanettin Duran | Kriter Dergi.

# چاوپێکەوتن

تورکیاناسی

# "ناساندنی پەکەکە وەک گرووپێکی تیرۆریستی لەلایەن بەغدادەوە ئاماژەیە بۆ شکستی تورکیا لە ڕووی دیبلۆماسییەوە"

سازدانی: توركياناسی



توێژەر و نوسەر د. مستەفا پێکۆز لە زانکۆی ستارسۆرگ (Starsourg) بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی سیاسەتدا بەدەستهێناوە. خاوەنی (١٠) کتێبی چاپکراوە بە زمانی تورکی. گوتارو توێژینەوەکانی بەردەوام لە سایتو ناوەندەکانی توێژینەوەی تورکیا بڵاودەکرێتەوە، ئێستا بەڕێوەبەری نوسینی ناوەندی توێژینەوە ستراتیژییە جیهانییەکانە (Küresel StratejilerMerkezi) لە تورکیا.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز د. مستەفا پێکۆزدا (Dr. Musafa Pkoz)

**توركياناسی:** دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی تورکیا لە حوزەیرانی (٢٠٢٣)، هاکان فیدان وەک وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە زنجیرەیەک سەردانی یەکلەدواییەکی بۆ وڵاتانی کەنداو، ئەمریکا، عێراقو چەند وڵاتێکی ئەوروپی ئەنجامدا، لە ڕوانگە سیاسییەکەیەوە ئەم سەردانانە چۆن دەخوێنرێتەوە؟

**د. مستەفا پێکۆز:** وەک دەزانرێت، لە (١٤)ی مایسی (٢٠٢٣) هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا کرا، بە هۆی ئەوەی لە خولی یەکەمدا هیچ کاندیدێک

(٥٠+١٪)ی بەدەستنەهێنا، هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار کەوتە خولی دووەمەوە، کە لە (٢٨)ی مایس کراو ڕەجەب تەیب ئەردۆگان (٥٢٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. ئەردۆگان وازی لە هەندێک هەنگاوی سیاسی هێناوە کە لە پێش هەڵبژاردن دیاریکردبوو بۆ ئەوەی بیکات، بۆ نموونە: سیاسەتی "هەڵئاوسان ئەنجامی زیادکردنی فایزە"ی وازلێهێنا، واتە دەستکرا بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی سووی قەرزی بانکی، کە پێشوو بە ڕێنمایی ئەردۆگان بەردەوام کەمدەکرایەوە، بەم جۆرە گەڕایەوە بۆ ئەو سیاسەتە ئابوورییەی چەندین ساڵ وەک کولتوورێک لە تورکیادا پەیڕەوکراوە. مەهمەت شیمشەکیش، کە لەلایەن سەرمایەدارانی جیهانییەوە دەناسرێتو پشتیوانیدەکرێت، وەک وەزیری دارایی دانراوە، کە قسەی سەرەتاو کۆتایی لە لای خۆیەتی.

گۆڕانکاریی دووەمی ئەردۆگان لە وەزارەتی دەرەوەدا بوو، هاکان فیدان وەک وەزیری دەرەوە دانرا، کە چەندین ساڵ سەرۆکایەتیی دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانی (میت)ی کردووە. باس لە کۆمەڵێک سوودی هاکان فیدان وەک وەزیری دەرەوە دەکرا. بە هۆی ئەوەی چەندین ساڵ سەرۆکی میت بووە، دیوی پشتەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان ئاگادار بووەو هەتا ڕادەیەکیش وەک خاوەن قسە لە دەرکردنی بڕیارەکاندا دەناسرێت. ئەوەی دیارە، هاکان فیدان دەیەوێت لە سیاسەتی دەرەوەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێتیی ئەوروپاو ئەمریکادا ستراتیژێکی گونجاو لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراوی ناتۆدا پەیڕەوبکات. بەم جۆرە، جیاواز لە خولی پێشوو، کە مەولوود چاوشئۆغلو وەزیری دەرەوە بوو، فیدان دەیەوێت چالاکتر لە هاوکێشە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکاندا ڕۆڵبگێڕێت.

**تورکیاناسی:** کەواتە دەتوانێت ئەو کاریگەرییەی چاوەڕێدەکرێت، دروستیبکات؟

**د. مستەفا پێکۆز:** دەکرێت باس لە دژیەکییەک لە نێوان ئەو توانایانەی هاکان فیدان نیشانیداوەو ئەنجامەکانی بکەین. بۆ نموونە: زۆر قورسە بڵێین بەراورد بەو هەوڵە چڕوپڕەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا داویەتی، دەستکەوتێکی ئەرێنیی بەدەستهێنابێت. هەرچەندە لە سەرەتای جەنگی غەززەوە ئەنقەرە هەوڵیداوە ڕۆڵی چالاک ببینێت لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەو ناوەندگیریدا، بەڵام هێشتا لە دەرەوەی هاوکێشەکەدا هێڵراوەتەوە. سەرەڕای بوونی ئەمریکا، میسر، قەتەر، عەرەبستانی سعودیەو تەنانەت هەندێک جار حەماسیش خراوەتەناو پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانەوە، بەڵام هێشتا تورکیا نییە لەو هاوکێشەیەدا. نموونەی دووەم بریتییە لە هەوڵە بەردەوامو دوورودرێژو

چرەکانی ئەنقەرە لەگەڵ بەغدادا. هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوە، ئیبراهیم کالن؛ سەرۆکی میت، یاشار گیولەر؛ وەزیری بەرگری، واتە ئەو سێ کەسەی کە بڕیاربەدەستی تەواون بە سەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، سەردانی بەغدادو هەولێریان کرد. چەقی گفتوگۆکانیش بریتی بوو لە ناساندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) وەک "گرووپێکی تیرۆریستی"و ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی هاوبەش. دواجار لە سەردانەکەی ئەردۆگانیشدا هەمان داواکاری جەختی لە سەر کرایەوە، بەڵام لەلایەن بەغدادەوە جگە لە ناوهێنانی پەکەکە وەک "ڕێکخراوێکی نایاسایی" بە شێوەیەکی لاستیکی هیچ هەنگاوێکی دڵخۆشکەر بۆ تورکیا نەنراوە. تەنانەت بەرپرسانی عێراق ڕایانگەیاند: بە پشتبەستن بە بەڵێننامەی ئاوارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (١٩٥١)، ئامادەن بەرپرسانی پەکەکە وەک میوان لە وڵاتەکەیاندا قبوڵبکەن.

بە هەمان شێوە سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە سوریا، میسر، عەرەبستانی سعودی، لیبیاو تەنانەت یۆنانیش گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە، بەڵام ئەنجامی چاوەڕوانکراو بەدەستنەهات. لە چوارچێوەی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەدا، هەرچەندە هاکان فیدان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێتو هاوکیشەی نوێی سیاسی دروستدەکات، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە پێگەیەکی کاریگەر بۆ تورکیا لە ئاستی سیاسەتی هەرێمیو نێودەوڵەتیدا فەراهەمبکات.

**تورکیاناسی:** کەواتە دەرکەوتنی یاخود هێنانەپێشەوەی هاکان فیدان، بەدەر لە مەبەستەکانی دیکەی تورکیا، وەک ئامادەکارییەکی ناوبراوە بۆ کاندیدکردنی لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٨) بۆ پۆستی سەرۆککۆمار لەلایەن ئاکپارتییەوە؟

**د. مستەفا پێکۆز:** بەڵێ، هەتا ڕادەیەک باس لە کاندیدکردنی هاکان فیدان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار لە (٢٠٢٨) دەکرێت، بەڵام ڕۆڵبینینی هاکان فیدان لە سیاسەتی دەرەوەدا بە تەنها ڕێگە بۆ ناوبراو ناکاتەوە بۆ کاندیدبوونو بردنەوەی پۆستی سەرۆککۆمار، پێش هەموو شتێک بڕاردەی ئەردۆگان خۆی گرنگە، ئەوەتا هەر لە ئێستاوە لە ئاستی ناوخۆدا ئەردۆگان هەوڵی هەمووارکردنەوەی دەستوور دەدات، ئەمەیش لە پێناوی ڕێگەدانیدا بە خۆی، بۆئەوەی بۆ جاری سێیەم بتوانێت خۆی کاندیدبکات بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، بەڵام دەستووری ئێستا ڕێگە بە ئەردۆگان نادات بۆ جاری سێیەم خۆی کاندیدبکات، بۆیە لە دۆخی مانەوەی دەستوور بەم جۆرە پێویستە قسە لە سەر بژاردەکانی خودی ئەردۆگان، بژاردە جیاوازەکانی ناو ئاکپارتی، بڕیاری ئەردۆگان لە نێوان هەڵبژاردنی ئەندامانی خێزانەکەی یاخود کەسانی متمانەپێکراوی ناو ئاکپارتی، بە جۆرێک بتوانێت کۆنترۆڵیانبکاتو

لە ژێر دەستی خۆی دەرنەچن. بۆ نموونە: دەکرێت بژاردەی ئەردۆگان سەلچوق بایراکتاری زاوای بێت، یاخود لە ناو ڕێکخستنەکانی ئاکپارتییەوە بڕیار لە سەر بژاردەکردنی کەسێک بدرێت. لە ناو ئەم هاوکێشە جیاوازو بەیەکداچووانەدا دەکرێت هاکان فیدان یەکێک بێت لە کاندیدەکان، بەڵام بە خوێندنەوەی هاوکێشەی ململانێی هێزە جیاوازو ڕکابەرکانی ناو ئاکپارتیو خێزانی ئەردۆگان، سەختە بگۆڕێت، هاکان فیدان یەکێکە لە کاندیدە بەهێزەکان. بۆ نموونە: لە ڕوانگەی ڕێکخستنو پشتیوانیی جەمارییەوە سەرەڕای ئەوەی هاکان فیدان کوردە، هەتا ئێستا وەک وەزیری دەرەوە نەیتوانیوە قسەیەک لە سەر داواکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کوردەکان بکات، یاخود پەیوەندی لەگەڵ پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی)دا دروستبکات.

**تورکیاناسی:** تورکیا لە ماوەی ساڵێکدا دوو هەڵبژاردنی یەکلاییکەرەوەی بەخۆیەوەبینی. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماردا سەرکەوتنی هاوپەیمانیی کۆمار، ئاکپارتیو خودی ئەردۆگان بەدیهات، بەڵام لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا هەم ئاکپارتیو هەم ئەردۆگان توشی شکستێکی گەورە بوون. لە بەرانبەردا بەرەی ئۆپۆزسیۆنو کوردەکانیش سەرکەوتنی گەورەیان تۆمارکرد، کەواتە سەرکەوتنێکی مەزنو شکستێکی گەورەی ئەردۆگان لە دوو هەڵبژاردندا لە ماوەی (١٠) مانگدا چۆن ڕاڤەبکەین؟

**د. مستەفا پێکۆز:** گۆڕانی بۆچوونو بژاردەی جەماوەر لە ماوەی (١٠) مانگدا جێی پرسیارو لێکۆڵینەوەیە. بۆ تێگەیشتن لەم پرسیارەو بەدەستهێنانی وەڵامێکی دروست بۆی، پێویستە لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە ئایندەی سیاسەت لە تورکیاوە لێیبڕوانین.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماردا هاوپەیمانیی کۆمار، کە لە ئاکپارتیو پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) پێکهاتبوو، بەبێ مەرجو سنوور سەرجەم دامەزراوەو کەرەستەکانی دەوڵەتیان بەکارهێنا. سەرەڕای بەردەوامیو قوڵبوونەوەی بەردەوامی قەیرانی دارایی، بەڵام لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەوڵەت زۆرترین ئاسانکاریی لە بواری ئابووریو باشکردنی ژیانی هاوڵاتیاندا بەدیهێنا، لە بەرزترین ئاستدا پڕوپاگەندەکرا. بۆ نموونە: پڕوپاگەندەی گفتوگۆی تەلەفۆنی نێوان کەمال کلیچدارئۆغڵو؛ کاندیدی هاوپەیمانیی میللەت بۆ پۆستی سەرۆککۆمارو موراد قەرەیڵان؛ یەکێک لە سەرکردەکانی پەکەکە، بە سەر تابلۆی ڕیکلامی شەقامە سەرەکییەکانەوە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ هەڵواسران، ئەو پڕوپاگەندەیە بوو بە ڕۆژەڤی میدیا زەبەلاحەکانی تورکیا بۆ

ماوەی چەندین ڕۆژ. دەنگۆی "مانەوەو ئایندەی تورکیا پەیوەستە بە سەرکەوتنی هاوپەیمانیی کۆمارەوە" کاریگەریی زۆری لە سەر دەنگدەر هەبوو، بەڵام بەرەی ئۆپۆزسیۆن نەیتوانی هەنگاوی پێویست بنێت بۆ زامنکردنی متمانەی خەڵکی لە بەرانبەر لێشاوی بێشوماری پڕوپاگەندەی دەسەڵاتدا. بە تایبەت هەوڵەکانی مێراڵ ئاکشەنەر؛ سەرۆکی ئەوکاتەی پارتی باش، بۆ دابەشکردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن سەرکەوتوو بوو. هەروەها لە یەک کاتدا کوردبوونو عەلەویبوونی کەمال کلیچدارئۆغلۆ ئامرازێکی دیکەی پڕوپاگەندەی بەرەی نەیاری بوو. بە هۆی هەموو ئەم هۆکارانەوە هەم هاوپەیمانیی کۆمار لە پەرلەمان زۆرینەی بەدەستهێنا، هەم ئەردۆگان پۆستی سەرۆککۆماری بردەوە.

**هاکان فیدان دەیەوێت لە سیاسەتی دەرەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێتیی ئەوروپاو ئەمریکادا ستر اتیژێکی گونجاو لەگەڵ ئامانجەکانی ڕیکخراوی ناتۆدا پەیرەوبکات.**

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٣١)ی ئاداری (٢٠٢٤) هەموان دەیانزانی دۆخی ئابووری بە هۆی پەیڕەویکردنی لە سیاسەتی هەڵەی ئابوورییەوە چۆن تێکچووە، سەرەڕای مەترسییەکانی دوای چەندین ساڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئابووریی هەڵە، دواجار ئەردۆگان دەستبەرداری ئەو سیاسەتە ئابوورییە بووەو گەڕایەوە بۆ سیاسەتی ئابووریو سەرمایەداریی باوو مەهمەت شیمشەکی وەک تاکە دەسەڵاتداری ئابووریی تورکیا داناوە. شیمشەک بە کرداری سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتیی دراوی جێبەجێکردو خودی ئەردۆگانی ئاگادارکردووەتەوە کە لەم بوارەدا لە هیچ بڕیارێک پاشەکشەناکات، لە ماوەی دوو هەڵبژاردندا کە تەنها (١٠) مانگی خایاندووە، سیاسەتی ئابووری بە تایبەت دۆخی چینی خوارەوەی کۆمەڵگەی هەژاندووە. بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو شەپۆلە دژەی لە هەڵبژاردنەکانی (١٤)ی مایسی (٢٠٢٣) چاوەڕێدەکرا، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا خۆی نواند. وەک چۆن لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣)دا سەرکەوتن بۆ ئەردۆگان بوو، لە (٢٠٢٤)دا شکستی بۆ مایەوە. لە هەردوو هەڵبژاردنەکەیشدا وەک پێویست لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لە ئاکپارتیو کاندیدەکانی نەکرا. لەبەرئەوەی تەواوی سەرکەوتنەکان لە ناوچەوانی یەک سەرکردەوە دەبینرا، کە ئەویش ئەردۆگان بوو، بۆیە پێویستە شکستی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٤)یش بخرێتەئەستۆی ئەو، بۆیە ناکرێت

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٣١)ی ئاداری (٢٠٢٤) تەنها وەک شکستێک بۆ پارتی دەسەڵاتداری تورکیا ڕاڤەبکرێت، بەڵکو زیاد لەوە پێویستی ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ڕیشەیی لە ناو ئاکپارتیدا نیشاندەدات.

**تورکیاناسی:** لەم هەڵبژاردنەی شارەوانییەکاندا ڕێژەی بەشداریی دەنگدەر بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بە تایبەت لە شارەکانی باکووری کوردستان، ئێوە هۆکارەکەی بۆچی دەگێڕنەوە؟

**د. مستەفا پێکۆز:** بە بۆچوونی من هەتا ڕادەیەک دابەزینی ئاستی بەشداریی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا کاریگەریی لە سەر ئەنجامەکەی نابێت، لەبەرئەوەی زۆر سەختە مەیلی ئەو دەگدەرانە دیاریبکرێت کە بەشداریی هەڵبژاردنیان نەکردووە. ئەمە دەکرێت جۆرێک لە پڕوپاگەندە یاخود پێشبینییەک بێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەڵسەنگاندێکی هەڵەیە. دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان باس لەوە دەکرێت گوایە بەشێک لە دەنگدەرانی ئاکپارتی وەک کاردانەوەیەک بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردووەو ئەمەیش بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی ئەو پارتە دادەنرێت، بەڵام من دژی ئەو ڕاڤەکردنەم. بە گشتی ڕێژەی بەشدارینەکردنی دەنگدەر لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا (١٥٪)یە. ڕاستە لەم هەڵبژاردنەدا ڕێژەکە زیادیکردووە، بەڵام ئەو هاوڵاتیانەی بایکۆتی سندوقەکانی دەنگدانیان کردووە، ناتوانین بزانین دەنگیان بە چ پارتێک دەدا، ئەگەر بەشدارییانبکردایە. جگە لەوەیش، ئاکپارتی لە پێناوی گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندیی خۆی هەزاران دەنگدەری بە پاس و فڕۆکەی سەربازی لەو ناوچانەی دڵنیا بووە لە سەرکەوتنی خۆی، بە ڕێژەیەکی بەرچاو گواستووەتەوە بۆ ژمارەیەک پارێزگای وەک قارس، شرناخ، بەتلیس، بینگۆڵو قەزای باکووری کوردستان، ئەمەیش کاریگەریی لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبووە.

**تورکیاناسی:** دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، زۆرینەی چاودێران باس لەوە دەکەن پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بووە بە یەکەم پارتی تورکیاو پارتی ڕەفاهی نوێیش پلەی سێیەمی گرتووە، بەڵام ئەگەر دەنگی دەنگدەرانی پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی) وەک "دەنگی کاتی"، کە بۆ کاندیدەکانی جەهەپە ڕۆیشتووە، بخرێتەوەسەر حسابی دەمپارتی، ئەو کاتە ئاکپارتی لە پلەی یەکەمی پارتە سیاسییەکاندا دەمێنێتەوە، جەهەپە دووەمو دەمپارتی پلەی سێیەم وەردەگرێت. ئێوە چی دەڵێن؟

**د. مستەفا پێکۆز:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیش وەک پێوەر وەرنەگرین، بە گوێرەی دوایین ڕاپرسییەکانی پەیوەست بە پێوانی مەیلی دەگدەر، جەهەپە (٣٣-٣٥٪)،

ئاکپارتی (٢٨-٣١٪)، دەمپارتی (٩-١١٪) و پارتی ڕەفاهی نوێ (٧-٨٪)ی دەنگە پێشبینیکراوەکان بەدەستدەهێنن. ئەو ئەندامو لایەنگرانەی دەمپارتییش، کە دەگوترێت دەنگیان بە کاندیدانی جەهەپە داوە، بۆیە ناونراون "دەنگی کاتی"، بە هۆی ئەوەوەیە کە دەنگدەر لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا زیاتر چاوی لە توانای کاندیدو پڕۆژەی خزمەتکردنی شارەکەیدایە. بەڵگەیش بۆ ئەمە، دەنگدەرانی دەمپارتییە لە ئەستەنبوڵو شارە گەورەکانی خۆرئاوای تورکیا، کە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣) دەنگیان بە کاندیدی دەمپارتی داوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دەنگیان بە کاندیدانی جەهەپە داوە.

**هەرچەندە لە سەرەتای جەنگی غەززەوە، ئەنقەرە هەوڵیداوە ڕۆڵی چالاک ببینێت لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەو ناوەندگیریدا، بەڵام هێشتا لە دەرەوەی هاوکێشەکەدا هێڵراوەتەوە. بە دڵنیاییەوە لە ئایندەدا هاوکێشەی سیاسی لە تورکیادا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردادێت.**

**توركياناسی:** دوای تێپەڕینی نزیکەی سێ مانگ لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، جگە لە چەند هەوڵێک، قەیوم لە شارەکانی باکووری کوردستان دانەنراوە، بە تایبەت سزادانی ئەحمەد تورک؛ سەرۆکی شارەوانیی ماردینم لە دۆسیەی کۆبانیدا بە (١٠) ساڵ زیندانی، بابەتی دانانی قەییوم دەکاتەوە؟

**د. مستەفا پێکۆز:** دانانی قەییوم لەلایەن ئاکپارتییەوە بە هیچ شێوەیەک یاسایی نەبووە، هەموان دەزانن بابەتێکی سیاسی بووە. پێشوویش دەزانرا لە پشت دانانی قەییومەوە سیاسەتی پاکتاوکردنی کورد خۆی مەڵاسداوە، دەوڵەت هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە هەوڵیدا لە وان ئیرادەی خەڵک پێشێلبکات، بەڵام بە هۆی ئەنجامدانی خۆپیشاندانو نارەزایەتیی توند لە زۆرێک لە شارەکانی باکووری کوردستانو لەگەڵ دەمپارتیدا کاردنەوەی ژمارەیەک پارتی سیاسی دژی بڕیارەکە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناچاربوو ڕەزامەندیی پێدانی بەڵگەنامە بە عەبدوڵڵا زەیدانل کاندیدی براوەی هەڵبژاردنەکان لە وان بدات، کەواتە ئەم پرۆسەیە هێشتا بەردەوامە، هەرچەندە سێ مانگ بە سەر هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیبێتو قەییوم دانەنرابێت، ئەمە واتای دەستبەرداربوونی دەوڵەت نییە لەو سیاسەتەی. سزادانی ئەحمەد تورک، کە یەکێکە لەو کەسانەی بەردەوام پشتیوانی لە دیموکراتیو دانوستانو ڕێککەوتن دەکات، بە (١٠) ساڵ زیندانی، بە تۆمەتی "ئەندامیەتی

لە ڕێکخراوی تیرۆریستی"، هەڵوێستی بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا بەرانبەر کێشەی کورد دەردەخات. ئەوەیشمان لەبیرنەچێت، بڕیارەکەی دادگا بەرانبەر بە ئەحمەد تورک هێشتا قۆناغی دادگای تێهەڵچوونەوەو ئەنجومەنی دادوەریی ماوە.

**تورکیاناسی:** دوای دوو هەڵبژاردنەکەی ساڵی (٢٠٢٣)و (٢٠٢٤) گۆڕانکاریی گەورە لە ناو بەشێک لە پارتە سیاسییەکانی تورکیادا کرا، هەم ڕێژەی دەنگو تونای سیاسیی پارتەکان گۆڕا، هەم ژمارەیەک گۆڕانکاری لە ئاستی باڵای بەشێک لە پارتە سیاسییەکاندا کرا، لەمەودوا پرۆسەی سیاسی لە تورکیادا بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات؟

**د. مستەفا پێکۆز:** بێگومان ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کاریگەریی خۆی لە سەر پارتە سیاسییەکان هەبووە، ئەگەر جەهەپە زۆرترین شکستی لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣) خواردبێت، ئەوا سەرکەوتووترین پارتی سیاسی بووە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٤)، ئەم دۆخە بۆ ئاکپارتی، بەڵام بە پێچەوانەی جەهەپە هەر ڕاستە. یەکتربینینی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆکی ئاکپارتیو سەرۆککۆماری تورکیا لەگەڵ ئۆزگیور ئۆزێلدا؛ سەرۆکی جەهەپە، پەیوەندیی بە ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە هەیە، واتە پارتی دەسەڵاتدار ناچاربوو پرۆسەی ئاساییکردنەوە (Normallrşme) دەستپێبکات. بە دڵنیاییەوە لە ئایندەدا هاوکێشەی سیاسی لە تورکیادا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردادێت. بۆ نموونە: دەکرێت هەڵبژاردنی پێشوەختە لە پاییزی (٢٠٢٥) یاخود لە بەهاری (٢٠٢٦)دا ببێتە ڕۆژەڤی گەرمی تورکیاو بکرێت، لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی دەمپارتی لە شارە کوردییەکاندا لە ڕوانگەی باڵادەستیی هێزەوە زۆر گرنگە. بە تایبەت دوای ڕوداوەکانی (٢٠١٥)، کە بە "ڕوداوەکانی خەندەق" ناسراوە، لە ڕووی دەروونییەوە جۆرێک لە شکستو دۆڕاوی باڵی بە سەر دەروونی تاکی کورد لە تورکیادا کێشاوە، بەڵام ئێستا دۆخەکە بۆ براوەییو سەرکەوتن گۆڕاوە. هەروەها ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕێگەیکردووەتەوە بۆ پرۆسەی لێپێچینەوە لە ناو ئاکپارتیدا، بە تایبەت لە بابەتی بەردەوامی هاوپەیمانی لەگەڵ مەهەپەو وەک بەشێک لە بەرپرسانی ئاکپارتی ئاماژەیپێدەدەن، "گەڕانەوەی پارتەکەیان بۆ بنەماو پێوەرە بنەڕەتییەکانی دامەزراندنیو دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێی سیاسی لەگەڵ کوردەکان"دا دەبێتە هۆی خۆکۆکردنەوەی ئەو پارتە لە زۆر ڕوانگەوە. لەبیرمانەچێت، ئەو کاتەی ئاکپارتی پرۆسەی ئاشتیی جێبەجێدەکرد، بە تەنها خۆی ڕێژەی دەنگەکانی گەیشتبووە (٤٩٪).

**تورکیاناسی:** بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگی پارتی ڕەفاهی نوێو فراوانبوونی

ڕێکخستنەکانی بە واتای پەسەندکردنی ئەو پارتە لەلایەن خەڵکەوە وەک جێگرەوەی ئاکپارتی نییە؟ بە تایبەت بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٨) پارتی ڕەفاهی نوێ وەک بەهێزترین پارتی میللی گێۆروش‌و ئیسلامییەکانی تورکیا نابێت؟

**هەموو ئەو کەسە ئیسلامی‌و پارێزکارانەی کە دڵیان لە ئاکپارتی ڕەنجاوە، بەڵام جێگرەوەی ئەو پارتەیان نەدۆزیوەتەوەو بە ناچاری دەنگیانپێداوەتەوە، ئیدی لەمەودوا پارتی ڕەفای نوێ دەبێتە پارتە دڵخوازەکەی ئەو کەسانە.**

**د. مستەفا پێکۆز:** بەهێزبوونی پارتی ڕەفاهی نوێ دۆخێکی کاتی نییەو دەتوانین بڵێین: بەردەوامیشدەبێت، لە هەمان کاتدا کشانەوەی کەسایەتی‌و دەنگدەرو ئەندام‌و لایەنگرە ئیسلامییەکان لە ئاکپارتی‌و چوونەناو پارتی ڕەفاهی نوێ جێی سەرسوڕمان نابێت. پێویستە بپرسین: ئایا پارتی ڕەفاهی نوێ دەتوانێت لە یەک کاتدا باوەش بۆ ئیسلامی‌و پارێزکارو دیموکراتەکان بکاتەوە؟ لە ڕاستیدا گومانێکی زۆر لە سەر ئەم بابەتە هەیە، واتە هەموو ئەو کەسە ئیسلامی‌و پارێزکارانەی کە دڵیان لە ئاکپارتی ڕەنجاوە، بەڵام جێگرەوەی ئەو پارتەیان نەدۆزیوەتەوەو بە ناچاری دەنگیانپێداوەتەوە، ئیدی لەمەودوا پارتی ڕەفاهی نوێ دەبێتە پارتە دڵخوازەکەی ئەو کەسانە.

**تورکیاناسی:** تورکیا لە لایەکەوە لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتی دراوسێیدا ناکۆکیی هەیەو لە شەڕدایە، لە لایەکی دیکەیشەوە لە ناوخۆدا بە دەست ململانێی سیاسیی توندو قەیرانی ئابووری‌و هەڵئاوسانی خێراوە دەناڵێنێت، لە دۆخێکی لەم جۆرەدا بانگەشە بۆ هەمواری دەستوورو دارشتنەوەی دەستوورێکی مەدەنی هەتا چەند عەقڵانییەو دەتوانرێت لە مەیداندا جێبەجێبکرێت؟

**د. مستەفا پێکۆز:** بەڵێ، هەر لە ژیانی ڕۆژانەوە دیارە کە تورکیا کەوتووەتەناو قەیرانێکی ئابووریی قووڵەوە. خۆی لە خۆیدا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو دۆخەی هاتووەتەئاراوە، بریتییە لە نەبوونی دەستوورێکی دیموکراتی لە تورکیادا. سەرەڕای چەندین هەموار تێیدا، بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە تا ئێستا تورکیا لە ڕێگەی دەستوورێکی سەربازییەوە بەڕێوەدەبرێت، کە لەلایەن ئەو ژەنەڕاڵانەی کودەتای (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٠)یان کردووە، نوسراوەتەوە. لە هەمان کاتدا ئاراستەی تورکیا بەرەو ڕژێمی تاکڕەوی‌و دوورکەوتنەوە لە سیستەمی فرەیی‌و بەشداریی هەموان لە بڕیارەکاندا دەڕوات، ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی هێزی بڕیار لە دەستی تاکەکەسێکدا

مۆنۆپۆلبکرێتو ئەوانی دیکەیش پشتیوانی لەو تاکەکەسە وەربگرن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارو خوستەکانی خۆیان، دواجار ئەم سیستەمەیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە سیاسیو ئابوورییەی کە ئێستا تورکیا گیرۆدەیبووە. ئایا لە دۆخێکدا کە دەستوورێکی دیموکراتی نەبێتو دەوڵەت بە سیستەمی دیموکراتی بەڕێوەنەبرێت، دەتوانرێت قەیرانی ئابووری تێبپەڕێنرێت؟ وا دیار نییە کە تێبپەڕێنرێت.

**توركیاناسی:** کەواتە ئەو گوتەیەی ئەردۆگان (پێویستمان بە دەستوورێکی مەدەنییە)، کە لە دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە جەختی لە سەر دەکاتەوە، هەتا چەند نزیکە لە ڕاستییەوە؟

**د. مستەفا پێکۆز:** نەک تەنها جەختکردنەوەی سەرۆککۆمار لە سەر پێویستی بە دەستوورێکی مەدەنی بۆ تورکیا، تەنانەت نوعمان کورتوڵموشی؛ سەرۆکی پەرلەمانیش، دوای هەڵبژاردنەکان بە ئامانجی هەمواری دەستوور زنجیرەیەک سەردانی بۆ لای پارتە سیاسییەکان کردووەو بەردەوامیشە، لێرەدا ئەوەی گرنگە، بۆچی سەرۆککۆمار جەخت لە سەر دەستوورێکی مەدەنی دەکاتەوە؟ جگە لەوەیش، ئایا سنوورو مەودای دەستووری مەدەنی هەتا کوێیەو چۆنە؟ لە لایەکی دیکەوە، بە گوێرەی دەستووری ئێستا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لەلایەن خەڵکەوە پێویست بە دەنگی (٥٠+١٪) دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا ئەردۆگان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا ناتوانێت ڕێژەی (٥٠+١٪)ی دەنگی هاوڵاتیان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا بەدەستبهێنێت، بۆیە زۆر جار لەگەڵ جەختکردنەوە لە سەر "پێویستیی دەستووری مەدەنی" ئاماژە بەوەیش دەدات کە "مەرجی (٥٠+١٪) بۆ بردنەوەی پۆستی سەرۆککۆمار مایەی سەرسوڕمانە؟" بۆیە پڕۆژەپێشنیارێک بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی تورکیا ئامادەدەکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم ڕێژەیە، یاخود بە جۆرێک بێت کە ئەو کاندیدەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا، وەک براوە ئەژماربکرێت. پێویستە ئەوەیش بپرسین: ئایا ئەردۆگانو هاوپەیمانەکانی ئامادەن قسە لە سەر هەمواری چوار ماددەی سەرەتای دەستووری کارپێکراو بکەن، لەبەرئەوەی لە چوار ماددەی سەرەتای دەستووری ئێستادا هیچ مەودایەک بۆ ئازادیو دیموکراتی نەهێڵراوەتەوە، وەک لە ماددەی چوارەمی دەستووردا هاتووە، "سێ ماددەی سەرەتای ئەم دەستوورە ناگۆڕدرێت". ئایا لە هەمواری دەستووردا خواستو داواکارییە کۆمەڵایەتی، کولتووریو سیاسییەکانی کورد چۆن پێشوازیلێدەکرێت؟ لەبەرئەوەی پێویستە سەرۆککۆمار مەبەستی لە "دەستووری مەدەنی" ڕوونبکاتەوە، ئایا

هەتا چەند ئەو خواستانەی کوردو لایەنە نەیارو ئۆپۆزسیۆنەکانی تێدا جێدەبێتەوە؟

**تورکیاناسی:** دۆسیەی کۆبانی چۆن راڤەدەکەن؟ هەرچەندە سزای قورس بە سەر سەلاحەدین دەمیرتاش‌و فیگەن یوکسەداغ‌و چەند بەرپرسێکی دیکەدا سەپێنرابێت. لە بەرانبەردا سزای سوک بە سەر ژمارەیەک بەرپرسی هەدەپەو بڕیاری بێتاوانی بۆ ژمارەیەک بەرپرسی دیکەیش دەرچوو، کەواتە ئەمە بەڵگە نییە لە سەر بەیاساییبوونی دۆسیەکە؟

**د. مستەفا پێکۆز:** دۆسیەی کۆبانی هەر لە سەرەتاوە بە بەهانەی سیاسی کراوەتەوەو هیچ دۆخێکی یاسایی نییە، ئەمەیش بە ڕوونی لە لێدوانێکی هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیادا دەرکەوت، کاتێک گوتی: "لەبەرئەوەی تێڕوانینی ئەوروپا لەم بابەتانەدا سیاسییە، ئێمەیش وەک کاردانەوەیەک مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئەم داوایەو هاوشێوەکانیدا دەکەین." زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین: لە دۆسیەی کۆبانیدا بڕیارەکان هیچ پاڵپشتێکی یاساییان نییە. هەرچەندە چەند کەسێک لەم دۆسیەیەدا بڕیاری بێتاوانییان لە سەر دەرچوو، بەڵام لە ڕاستیدا قسەکردن لە سەر یاساییبوون‌و نەبوونی ئەم دۆسیەیە تێنەگەیشتنە لە یاسا. بۆ نموونە: بە تۆمەتی "تێکدانی یەکێتی‌و یەکپارچەیی وڵات" سزای (٤٢) ساڵ زیندانی بە سەر سەلاحەدین دەمیرتاشدا سەپێنراوە، بەڵام دادگا پێمانناڵێت کە دەمیرتاش چۆن یەکپارچەیی وڵاتی تێکداوە.

**لە دۆخێکدا کە دەستوورێکی دیموکراتی نەبێت‌و دەوڵەت بە سیستەمی دیموکراتی بەڕێوەنەبرێت، پێناچێت بتوانرێت قەیرانی ئابووری تێبپەڕێنرێت.**

ئەو ڕاپۆرتەی بۆ دۆسیەی کۆبانی ئامادەکرابوو، پێویست بوو ئەو هەموو گوتارو لێدوانانەی ئەردۆگان‌و دەوڵەت باخچەلیشی بگرتایەتەوە، کە لە دژی کورد کردوویانەو هێما بووە بۆ دابەشکاری‌و پارچەکردنی خاکی وڵات. جگە لەوەیش، بڕیاری بێتاوانی بۆ هەندێک کەس کە لە کاتی خۆیدا لەگەڵ دەمیرتاش‌و هاوڕێکانی بڕیاربەدەستی هەدەپە بوون‌و زیندانیکردنی دەمیرتاش لە کوێی یاسادا جێیدەبێتەوە؟ دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپایش دانی بەوەدا ناوە کە لە دۆسیەی کۆبانیدا پایەی سیاسی بڕیاردەر بووە نەک پایەی یاسایی. لە سەر هەموو ئەو تۆمەتانەی کە بە هۆیەوە سزای (٤٢) ساڵ زیندانی بە سەر دەمیرتاشدا سەپێنراوە لە تورکیا، دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا بڕیاری بێتاوانیی دەرکردووە، ئەمەیش بەڵگەیە لە سەر حسابنەکردن بۆ بڕیارەکانی

داگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا لەلایەن تورکیاوە.

**تورکیاناسی:** هەتا چەند پارتی بانگەوازی ئـازاد (هـوداپـار)و دۆسـیـەی کوشـتـنی یاسین بورۆ، کە ئەندامی ئەو پارتە بووە، ڕۆڵیان هەبووە لە قورسکردنی سزاکان لە دۆسیەی کۆبانیدا؟

**د. مستەفا پێکۆز:** پێش هەموو شتێک لە ڕوداوەکانی (٦-٨)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٤)و خۆپیشاندانەکانی دیکەیشدا زۆرینەی کوژراو، بریندارو قوربانییەکان ئەنـدامو لایەنگری هـەدەپە بـوون، بە پێـچـەوانـەیـشـەوە نـە دەمـیـرتـاشو نە هیچ کەسێکی دیکە بە هۆی دۆسیـەی کوشتنی یاسین بورۆوە سزایان بە سەردا نەسەپێنراوە، هەرچەندە کوشتنی یاسین بـورۆ گـۆڕدرا بۆ دۆسیـەی پڕوپاگەندەی ڕۆژانـــە. بـە هـۆی بـڕیـاری بێـتـاوانـی دەمـیـرتـاشو هـاوڕێـکـانـی لـە دۆسـیـەی کۆبـانـیـدا نـە ئـەردۆگـانو نـە دەوڵـەت_ باخچەلی ئیدی ناتوانن بڵێن: دەمیرتاش بەرپرسە لە کوشتنی یاسین بورۆ.

**تورکیاناسی:** بە لەبەرچاوگرتنی دوایین پێشهاتەکان لە تورکیادا، کێشەی کوردو پرۆسەی ئاشتی بە کوێ دەگات؟

**د. مـسـتـەفـا پـێـکـۆز:** هـەتـا کـێـشـەی کــورد چـارەسـەرنـەکـرێـت، پـرۆسـەی بــەدیــمــوکــراتــیــکــردنــی تــورکــیــا جێبەجێناکرێت. ئـەم کێشەیەیش لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دیموکراتیانەو لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا چارەسەری بـۆ دەدۆزرێــتــەوە. پێـویـسـتـە دەوڵـەت بــاش بـزانـێـت، بـە لـەبـەرچـاوگـرتـنی پەیوەندییە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان، جگـە لـە چـارەسـەری دیـمـوکـراتـیـانـەی کـێـشـەی کـــورد، هـیـچ چـارەیـەکـی دیکەی نییە. پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـتو بـەردەوامـی جـەنـگـەکان زەمـیـنـەسـازیـدەکـەن بـۆ فـراوانـبـوونی بـەرەکـانـی جـەنـگ. بـەبـێ بـیـنـیـنی ئـەم ڕاستییانە، دەوڵەت لە ڕێگەی "جەنگێکی ئاسـتـیـنـاوەنـدی"یـەوە دژی پـەکـەکـە، وا دیـارە لـە بـەرنـامـەیـدا نییە چـارەسـەری کێشەی کورد بکات. بۆئەوەی تورکیا ببێت بـە هێزێکی نـاوچـەییو سیاسـەتی خـۆی بە ڕووی جیهاندا فراوانبکات، تەنها بە داننان بە بوونی کورددا وەک پێکهاتەیەکی ســەرەکـیـی وڵاتو دەوڵــەتــەکــەی دەتوانێت بەو ئامانجەی بگات. لەمڕۆدا پەیـوەنـدییـەکی بەهێز لـە نێـوان تـورکـیـاو هـەرێمی کوردسـتـانی عێراقـدا هـەیـە. لە عـێراق کـێـشـەی کــورد چــارەســەربــووەو تـورکـیـایـش پـەسـەنـدیـکـردووە، کـەواتـە هـەمـان چـارەسـەر بـۆچی لـە تـورکـیـایـش جێبـەجێنـەکرێت! ئـەمـە لـە کـاتـێـکـدا دۆخی کۆمـەڵایـەتیو سـیـاسیو مێژوویی یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرێکی لەم جۆرە. بە ڕوانین لە مێژووی (٤٠) ساڵەی جەنگ لە تورکیا، ئاشکرایە کە بە جەنگو کوشتار ئـەم کێـشـەیـە یـەکـلایـیـنـەکـراوەتـەوە. بـە هـۆی جـەخـتـکـردنـەوەی تـورکـیـا لـە سـەر چـارەسـەری کێشـەکە بـە جـەنگو

ئۆپراسیۆن، لە ئایندەدا شاهیدی کۆمەڵێک کێشەو قەیرانی سەختو ئاڵۆز دەبین، کە ڕووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە، لەبەرئەمە لە چوارچێوەی تورکیایەکی بەدیموکراتیبوودا، پێویست بە دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێی ئاشتی دەکات، کە چارەسەری پرسی کورد بکات، لەمەیشدا تورکیا قازانجدەکات.

**لەبەرئەوەی ئێستا ئەردۆگان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا ناتوانێت ڕێژەی (٥٠+١٪)ی دەنگی هاوڵاتیان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا بەدەستبهێنێت، بۆیە زۆرجار لەگەڵ جەختکردنەوە لە سەر "پێویستیی دەستووری مەدەنی" ئاماژە بەوەیش دەدات کە "مەرجی (٥٠+١٪) بۆ بردنەوەی پۆستی سەرۆککۆمار مایەی سەرسوڕمانە؟"**

**تورکیاناسی:** دوای سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیا بۆ بەغدادو هەولێر لە نیسانی ئەمساڵدا، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراقو هەرێمی کوردستاندا بەرەو کوێ هەنگاودەنێت؟ بە تایبەت لە سێگۆشەی هاوکاریی ئەمنی، دۆسیەی ئاوو ڕێگەی گەشەپێداندا؟

**د. مستەفا پێکۆز:** بێگومان سەردانەکەی ئەردۆگان لە ڕوانگەی تورکیاوە زۆر زۆر گرنگ بوو، پێویستە بزانین پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق هەتا ئێستا پەیوەندییەکی ستراتیژیی پتەو نییە، لە ڕاستیدا پەیوەندییەکانی تاران و بەغداد، یاخود ڕیازو بەغداد بەهێزترن، بەراورد بە کاریگەریی سیاسەتی ئێران لە سەر عێراقو بەهێزبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو عەرەبستانی سعودی، بەڵام پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ بەغدادا بە جۆرێک نییە کە تورکیا بتوانێت کاریگەریی بە سەر بڕیارەکانی بەغدادەوە هەبێت. هەروەها تێڕوانینی تورکیا بۆ شارە گەورەکانی وەک موسڵو کەرکووک، کە بە شاری دەوڵەتی عوسمانیی دەزانێت، کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لە سەر ڕێککەوتنەکانی نێوان بەغدادو ئەنقەرە. دووەمیان پرسی ئاوە، کە مایەی مشتومڕی نێوان هەردوولایەو پێدەچێت لە ئایندەیشدا ببێتە هۆکارێکی پێکدادانەکان. پێموایە "پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان"، کە لەلایەن تورکیاوە زۆر دەهێنرێتەبەرباس، لە هاوکێشە هەرێمییەکاندا کاریگەریو قورساییەکی وەهای نابێت. تورکیا لە بەرانبەر هەوڵەکانی کردنەدەرەوەی لە هاوکێشە هەرێمییەکاندا، لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە کاردانەوە دژی دەوڵەتە ئەڵتەرناتیڤەکانی خۆی دەنوێنێت، بەڵام شانسی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە زۆر کەمە. تورکیا لە بەرانبەر هاوکاریکردنی عێراق لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێداندا،

بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکەی خستووەتەسەر مێزی گفتوگۆکان لە بەغدادو هەولێر، بەڵام پێناچێت ئەم هۆکارەیش کاریگەریی پێویست دروستبکات.

**تورکیاناسی:** سەرەڕای هەوڵە بێوچانەکانی تورکیا، تەنانەت ئەردۆگانیش نەیتوانی بەرپرسانی عێراق ڕازیبکات بەوەی لەلایەن بەغدادەوە پەکەکەوە وەک گرووپێکی تیرۆریستی بناسرێت، کەواتە تورکیا بە تەنها خۆی دەتوانێت پەکەکە لەناوببات؟

**د. مستەفا پێکۆز:** عێراق پەکەکەی تەنها وەک گرووپێکی قەدەغەکراو ناساند، تەنانەت بەرپرسانی بەغداد، لە چوارچێوەی پەیماننامەی جنێفدا، ئامادەن بەرپرسانی پەکەکە وەک میوان لە وڵاتەکەیان قبوڵبکەنو سەلامەتیی گیانیان بپارێزن. لەم ڕوانگەیەوە سەرەڕای فشارەکانی تورکیا، نەناساندنی پەکەکە وەک گرووپێکی تیرۆریستی لەلایەن بەغدادەوە، ئاماژەیە بۆ شکستی ئەنقەرە لە ڕووی دیبلۆماسییەوە. ئەگەر عێراق پەکەکەی وەک تیرۆریست بناساندایە، ئەوا ڕەوایەتیی زیاتر بۆ ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا لە خاکی عێراق دەهاتەکایەوە. ناساندنی پەکەکە وەک تیرۆرست لەلایەن عێراقەوە، دەرفەتێکی زێڕین دەبێت بۆ جێگیربوونی تورکیا لە ڕووی سەربازییەوە لە باکووری عێراق بە یەکجاری. عێراقیش زۆر بە باشی ئەم دۆخە هەستپێدەکات.

جگە لە بەغداد، پێویستە تورکیا دەربارەی سنوورو ماوەی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی لە خاکی عێراقدا بە ڕوونی زانیاری بە تاران، ڕیازو واشنتۆن بدات. ئەوە ڕاستییەکە کە ڕێگە بە هیچ ئۆپراسیۆنێکی بێسنوورو بێمەرجی تورکیا نادرێت، دەسەڵاتدارانی ئەنقەرەیش دەیزانن.

دەکرێت پەکەکە لە ڕووی سەربازییەوە پاشەکشەبکات، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تەسکبکرێتەوە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە لەناوبچێت، بە پێچەوانەوە ڕەنگە لە هەندێک ناوچەی دیکەدا زۆر لەوە زیاتر بەهێزببێت کە پێشبینیدەکرێت.

**تورکیاناسی:** ماوەیەکی زۆرە تورکیا هەڕەشەی "تەواوکردنی پشتێنەی ئەمنی لە باکووری عێراق" دەکات، ئایا پارێزگای سلێمانی بەشێک دەبێت لە ئامانجەکانی تورکیا لە ئەگەری ئەنجامدانی ئەو ئۆپراسیۆنە بەرفراوانەی بانگەشەی بۆ دەکات؟

**د. مستەفا پێکۆز:** بە دڵنیاییەوە پێکدادانەکان هەتا دێت، فراوانترو توندتردەبنەوە، لە دۆخێکی لەم جۆرەدا بەشدارینەکردنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە ئۆپراسیۆنەکانی تورکیادا دژی پەکەکە، لە ڕوانگەی ئەنقەرەوە بۆشاییەکە کە پێویستە پڕبکرێتەوە. لە بەرانبەر هاوکێشەی ئەنقەرە - هەولێر،

هاوکێشەی سلێمانی – تاران - واشنتۆن هەیە، هەر بۆیە هاکان فیدان؛ وەزیری درەوەی تورکیا، هەوڵدەدات فشارێکی زۆر لە سەر سلێمانی دروستبکات، بەڵام پێموانییە ئەنجامێکی دڵخۆشکەری بۆ تورکیا لێبکەوێتەوە.

**توركیاناسی:** دوای هەڵبژاردنی ئۆزگیور ئۆزێل وەک سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، هەڵوێستو گوتاری ئەو حیزبە بەرانبەر بە کوردو دەمپارتی بە ئەرێنی گۆڕانی بە سەردا هاتووە، ئایا ئەم گۆڕانکارییە ئەنجامی هاتنی ئۆزێلە بۆ سەرۆکایەتیی جەهەپە، یاخود گۆڕانی سیاسەتی حیزبەکەیە بەرانبەر بە کوردو دەمپارتی؟

**د. مستەفا پێکۆز:** بە دڵنیاییەوە هەڵوێستەکانی ئۆزگیور ئۆزێلو ئەکرەم ئیما ئۆغڵو؛ سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوڵ، لە کێشەی پێنەدانی ڕەزامەندی بە سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراوی وانو دۆسیەی کۆبانی بەرانبەر بە کورد ئەرێنیو جێی بایەخ بوو، بەڵام لە ڕوانگەی ڕۆڵی مێژوویی جەهەپەوە سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کورد، هێشتا تێڕوانینێکی ڕوونی نییە. لە ئایندەدا هەڵوێستی جەهەپە لە پەرلەمانەوە سەبارەت بە چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورد کاریگەریی لە سەر پەیوەندییەکانی ئەو حیزبە لەگەڵ دەنگدەرانی کوردو دەمپارتیدا دەبێت، بەو پێیەی چارەسەری کێشەی کورد بەشێکە لە سیاسەتی دەوڵەت، کەواتە دەکرێت کلیلی چارەسەری ئەم کێشەیە لەم قۆناغەدا لە چوارچێوەی ویستی هاوبەشیی ئاکپارتیی دەسەڵاتدارو جەهەپەی دایکی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی تورکیادا بێت.

**ئەو ڕاپۆرتەی بۆ دۆسیەی کۆبانی ئامادەکرابوو، پێویست بوو ئەو هەموو گوتارو لێدوانانەی ئەردۆگانو دەوڵەت_ باخچەلیشی بگرتایەتەوە، کە لە دژی کورد کردوویانەتەوەو هێما بووە بۆ دابەشکاریو پارچەکردنی خاکی وڵات.**

**توركیاناسی:** دوای شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی، لە لایەکەوە بەرپرسانی هەدەپە/ دەمپارتی دەستگیردەکرێن، لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی دەنگەکانی هەدەپە/ دەمپارتی کەمدەبێتەوە، هەڵبژاردنەکانی مایسی (٢٠٢٣) باشترین بەڵگەیە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**د. مستەفا پێکۆز:** کێشەی لەدەستدانی دەنگی هەدەپە/ دەمپارتی دۆخێکە کە پێویستی بە ڕاڤەکردنە لە چەندین لایەنەوە. بەشێکی پەیوەندیی بە هەڵەی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی کوردییەوە هەیە لە تورکیا. بۆ نموونە: شێوازی دیاریکردنی کاندیدەکانی، ئەو ڕێککەوتنانەی واژوویکردوون، جێی ڕەخنەی توندن.

لە لایەکی دیکەوە فشارەکانی دەوڵەت، کە بە هۆی خۆپیشاندانەکانی (٦-٨)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٤)وە بۆ پشتیوانی لە کۆبانیو ڕوداوەکانی هەڵکەندنی خەندەق هەتا ئێستا بەردەوامە، هۆکار بووە بۆ دەستەمۆکردنو ترساندنی تاکی کورد. هەروەها دەستەواژەو پرۆسەی بەتورکیاییبوون (Türkiyelileşme) وەک پێویست نەتوانرا بگەیەنرێت بە دەنگدەری هەدەپەو ڕاڤەبکرێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دەمپارتی لە شارە کوردییەکاندا سەرکەوتنێکی گرنگی بەدەستهێنا. ئەو گفتوگۆ ناوخۆییانەی لە ناو پارتەکەدا کراو دواتر لە سەر بنەمای سەرنجو پێشنیاری دەنگدەران، ئەو سیاسەتو بانگەشەی هەڵبژاردنەی پەیڕەوکرا، توانیی ئامانجی خۆی بپێکێت. سەرەڕای سیاسەتی دانانی قەییومو هەوڵەکان بۆ داخستی هەپەدە، بەڵام دەنگدەری کورد بە ڕاشکاوی پشتیوانیی خۆی بۆ دەمپارتی دووپاتکردەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، ئەگەر بەرپرسانی دەمپارتی هۆشداریو ئاگادارکردنەوەو سەرنجەکانی دەنگدەرانیان بەهەندوەرنەگرن، لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا توشی سزای گەل دەبن. ئەوەیشمان لەبیرنەچێت، ئاکپارتی ڕێژەیەکی بەرچاو دەنگدەری کوردی لەدەستداوە، ئەمەیش بە هۆی ڕێککەوتنی ئەو حیزبە لەگەڵ مەهەپەداو تەنانەت پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەتەوەپەرستانەی مەهەپەوە لەلایەن ئاکپارتییشەوە.

**توركیاناسی:** هەم لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣)و هەم لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا جۆرێک لە ناتەبایيو ڕکابەری لە نێوان باڵی سەڵاحەدین دەمیرتاشو باڵی هاوسەرۆکو مەکتەبی سیاسیی هەدەپە/ دەمپارتیدا هەستپێکراوە، ئەم ڕکابەرییە لە کوێوە سەرچاوەدەگرێت؟

**د. مستەفا پێکۆز:** پێموانییە جیاوازییەک هەبێت لە نێوان دەمیرتاشو بەرپرسانی دەمپارتیدا لە سەر ستراتیژی گشتیی ئەو حیزبە، لەبەرئەوە ناکرێت وەک دوو گرووپ یان دوو باڵی ناو دەمپارتی وێنایانبکەین. دەمیرتاش یەکێکە لەو سەرکردانەی کە لەناو جەماوەرەوە پشتیوانییەکی باشی هەیە. ئەگەر لە بۆچوونو وتارەکانی دەمیرتاشدا جۆرێک لە ڕەخنە بە ئاڕاستەی هەدەپە/دەمپارتی یاخود جیاوازیی تێڕوانین هەبێت، ئەمە واتای ڕکابەریو پێکدادانی ناو ئەو حیزبە ناگەیەنێت.

**لە عێراق کێشەی کورد چارەسەربووەو توركیایش پەسەندیکردووە، کەواتە هەمان چارەسەر بۆچی لە توركیاش جێبەجێنەکرێت!**


لەبەرئەوەی دەمیرتاش لە زینداندایە، ناتوانێت سەرکردایەتیی حیزبێک بکات، بەڵام دەتوانێت سەرنج و ڕەخنەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە. وازهێنانی ناوبراویش لە سیاسەتی ئەکتیف لە دوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی (٢٠٢٣) جۆرێک بوو لە دەستلەکارکێشانەوە، هەتا ببێت بە نموونە بۆ بەرپرسانی دیکەی هەدەپە، بۆئەوەی خۆیان بدەنەبەر ڕەخنەی خودیو شکست قبوڵبکەنو دەست لە پۆستەکانیان بکشێننەوە.

**تورکیاناسی:** لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەست بە زیادبوونی تەوژمی نەتەوەپەرستیو فاشیزم لە تورکیا دەکرێت، بە تایبەت لە ڕوداوەکانی پەیوەست بە ئامەدسپۆرەوە هەڵکشانی تەوژمی نەتەوەپەرستیی تورک دژ بە کورد دەبینرێت. وەک کاردانەوەیەک، هەڵکشانی نەتەوەپەرستیی کوردی لە تورکیا هەتا چەند ئەگەرێکی کراوەیە؟ لە دۆخێکی لەم جۆرەدا مەترسیی پێکدادانی کۆمەڵایەتی دروستنابێت؟

**د. مستەفا پێکۆز:** پێش هەموو شتێک، سەرکەوتنی ئامەدسپۆر وەک یەکەمی خولی یانە پلەدووەکانی تورکیا، هێندەی سەرکەوتنی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا گرنگە. نەک تەنها لە ئامەدو باکووری کوردستان، بەڵکو لە دەرەوەی وڵاتیش کوردان خۆشحاڵیی خۆیان بۆ سەرکەوتنی ئامەدسپۆر دەربڕی. بە داخەوە، لە هەر شوێنێکی تورکیاوە گوتاری فاشیزمیو نەتەوەپەرستی دژی ئامەدسپۆر بڵاوکرایەوە، بە تایبەت لە یاریی نێوان ئامەدسپۆرو بورساسپۆردا، هەڵواسینی وێنەی ئۆتۆمبێلی جۆری (Beyaz Toros) و کەسایەتییەکی وەک مەحموود یەڵدرم، کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو وەک فاعیلی مەجهول دەستی بە خوێنی سەدان کوردی باکووری کوردستان سووربووە، وەک هەڕەشەو مەترسییەکی گەورەو ئاشکرا بۆ سەر کورد ڕاڤەدەکرێت، تەنانەت پارتێکی وەک مەهەپە پشتیوانیی خۆی بۆ بورساسپۆرو هاندەرانی دەربڕی. لەگەڵ ئەمانەیشدا، پێموانییە لە تورکیا پێکدادانی کۆمەڵایەتی یاخود شەڕی ناوخۆیی کوردو تورک بێتەکایەوە. لە نزیکەی (١٦) ملیۆن دانیشتووی ئەستەنبوڵ نزیکەی (٥) ملیۆن هاوڵاتیی کوردی تێدایە. ئەم دۆخە لە شارە گەورەکانی دیکەی تورکیایش هەر وایە. هەرچەندە بە هۆی سیاسەتی دەوڵەت یاخود ڕکابەریی پارتە سیاسییەکانەوە هەندێک جار پێکدادانی سنووردار دێتەئاراوە، بەڵام ئەم دۆخە سەرناکێشێت بۆ پێکدادانی کۆمەڵایەتی لە ئاستی فراواندا. تەنانەت ماوەی (٤٠) ساڵە جەنگ لە نێوان دەوڵەتی تورکیاو پەکەکەدا بەردەوامە، بەڵام هیچ کاتێک ئەم جەنگە سەرینەکێشاوە بۆ شەڕی ناوخۆ.

خوێندنەوەی کتێب

تورکیاناسی






# کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕاودا

## (Değişen Ortadoğu’da Kürtler)

* فەرهاد قادر کاکۆ
* ناوی کتێب: کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕاودا
(Değişen Ortadoğu’da Kürtler)
* نووسەر: ئاڵتان تان (Altan Tan)
* زمان: تورکی
* چاپخانە: ناوەندی چاپەمەنیی چرا (Çıra Yayınları)
* یەکەم چاپ: (٢٠١٢)
* کۆتا چاپ: چاپی سیازدەیەم – (٢٠١٥)
* ژمارەی لاپەڕە: (٣٣٨)

**پوختە**

"کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕاودا" باس لە کێشەی کورد دەکات لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە هەتا سەرەتای سەدەی بیستویەکەم.
ئاڵتان تان دەیەوێت لەم کتێبەیدا پێمانبڵێت چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیادا تەنها پێدانی مافە سەرەتاییەکانو ئازادیی ڕادەربڕینو ناسنامەو زمانو جلوبەرگ بە کوردەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو مافانەدا چارەسەری چەندین کێشەیەی دیکەیە کە بە هۆی کێشەی کوردەوە سەریانهەڵداوەو کوردەکانی باکووری کوردستانی بۆ دوو بەرەی سەرەکی دژ بە یەک دابەشکردووە. لە لایەکی دیکەوە ئەو کێشانەی لە ئەنجامی کێشەی کوردەوە سەریانهەڵداوە، قوڵتردەبنەوەو کێشەی تازەیش دێتەپێشەوە.
لەم کتێبەدا هەر بابەتێک لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی عوسمانییەوە تاوەکو هاتنەسەر تەختی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) (Adalet ve Kalkınma Partisi) (AKP)و پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کورددا باس لە لایەنێکی کێشەی کورد دەکاتو دواجار بە کۆی کتێبەکە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە درێژایی نزیکەی سەدەو نیوێک دەخاتەڕوو، بۆیە ئەم کتێبە لەگەڵ ئەوەی کێشەی کوردی لە چوارچێوەیەکی گشتیدا خستووەتەڕوو، وەک شاهیدێکی ڕوداوەکانی ئەو ماوە مێژووییە، لە ڕوداوە مێژووییەکانی پەیوەست بە کێشەی کوردەوە ڕاماوە.

**ئاڵتان تان کێیە؟**

ئاڵتان تان لە باوکێکی کوردو دایکێکی تورک لە (١١)ی ئەیلوولی (١٩٥٨) لە شاری باتمانی باکووری کوردستان لەدایکبووە، بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵکی ماردینە. باوکی دوای کودەتا سەربازییەکەی (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٢) لە زیندانی سەربازیی ئامەد لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیلەدەستداوە.
ئاڵتان تان ساڵی (١٩٨١) بەشی ئەندازیاریی شارستانیی لە ئەکادیمیای ئەنقەرە تەواوکردووە. ساڵی (١٩٩٠-١٩٩١) لە مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕەفا (Refah Partisi) کاریکردووە، ساڵی (١٩٩٣) یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی گۆڕانکاریی گەورە (Büyük Değişim Partisi)و وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە. پاش خۆهەڵوەشاندنەوەی پارتی گۆڕانکاریی گەورە، ئاڵتان تان ساڵی (١٩٩٤) چووەتەناو پارتی دیموکراتەوە (Demokrat Partisi)و بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠٢) لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی گەل (هادەپ) (Halkın Demokrasi Partisi) (HADEP) بووە.
لە هەڵبژاردنەکانی خولی بیستوچوارەمینی پەرلەمانی تورکیا، کە لە (١٢)ی حوزەیرانی (٢٠١١) بەڕێوەچوو، وەک کاندیدی

ئامەدی لیستی کارو دیموکراسیو ئازادی Emek, Demokrasi ve Özgürlük) (Bloğu بووەتە پەرلەمانتار، لە هەردوو خولی (٢٥)و (٢٦)ی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیادا وەک کاندیدی ئامەدی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) (Halkların Demokratik Partisi) هەڵبژێردراوە. ساڵی (٢٠١٨) لە هەدەپە کشاوەتەوەو هەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەو ساڵەدا بووە بە کاندیدی ئەستەنبوڵی پارتی سەعادەت، بەڵام دەنگی پێویستی بەدەستنەهێنا. ئەندامی گرووپی پەرلەمانتارانی دۆستی تورکیاو ئەنگۆلایە. وەک نوسەرو سیاسییەکی کورد ئاڵتان تان گوتاری بۆ ڕۆژنامەکانی دیموکراسی (Demokrasi)، ڕۆژەڤی نوێ (Ynei Gündem)، شەفەقی نوێ (Yeni Şafak)، زەمان (Zaman)، ئازاد (Özgür)، سیاسەت (Politika)، هەڵوێستی ڕەسەن (Özgün Duruş)، ئەستێرە (Star)و گۆڤارەکانی زەمینی نوێ (Yeni Zemin)و بەڵێننامە (Sözleşme) نوسیوە.

لەگەڵ نوسین و لێکۆڵینەوەکانیدا، خاوەنی چەند کتێبێکە، کە گرنگترینیان بریتییە لە "کێشەی کورد یان برایەتیی تەواو یان یان هەموان پێکەوە کۆیلەیی، کوردەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕاودا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەپێی حەزرەتی ئیبراهیم، بەڕێوەبردن بە ناوی خوداوە، ڕاست بەرەو کۆماری سێیەمو درێژترین سەدە".

ئاڵتان تان زمانەکانی کوردی، تورکی، ئینگلیزیو عەرەبی دەزانێتو باوکی (٦) منداڵە.

## بەشەکانی کتێبی "کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕاودا"

ئاڵتان تان کە بە توێژینەوەکانی دەربارەی کێشەی کورد دەناسرێت، کتێبی "کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕاودا"ی لە چوارچێوەی (٧) بەشدا خستووەتەڕوو. لەم کتێبەدا کۆمەڵێک بابەتو ئەنجامی گرنگ دەربارەی کێشەی کورد خراوەتەڕوو. نوسەر لە سەر بنەمای ئەو ڕوداوانەی خۆی بینیویەتیو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم کتێبەی ئامادەکردووە. لە هەمان کاتدا سەرنجو پێشنیارەکانی خۆی لە سەردەمی نوسینو بڵاوکردنەوەی کتێبەکەدا بۆ حکومەتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆککۆماری تورکیاو سەرۆکی گشتیی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) خستووەتەڕوو، کە لە دەستپێکی پرۆسەی ئاشتیو کرانەوەی تورکیادا بووە. لە سەرەتای کتێبەکەیدا نوسەر لە بارەی مێژووی کوردو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسلامدا باس لەوە دەکات کە "کوردەکان لەو خەڵکانە بوون کە هەر لە سەرەتاوە ئیسلامیان قبوڵکردووە، بە هەزاران زانای ئیسلام لە ناو کورددا پەروەردەبوون". لەوەیش گرنگتر، ئاڵتان تان ئاماژە بەوە دەدات کە "لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشدا

کوردەکان بە بڕبڕەی پشتی جوڵانەوە ئیسلامییەکانی ناو تورکیا دادەنرێن."
لە بارەی پەیوەندییەکانی کوردو تورکەوە لە ڕابردوودا، ئاڵتان تان باس لە پشتیوانیی میرنشینە کوردییەکان دەکات لە شەڕی چاڵدێرانداو دەنوسێت: "لە شەڕی چاڵدێراندا (٢٥) میرنشینی کورد پشتیوانیی سوڵتان یاوز سەلیمیان کردو لە بەرانبەر شا ئیسماعیلی سەفەویدا وەستانەوە، ئەمەیش گەورەترین وەرچەرخان بووە لەپەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ هەریەک لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیو سەفەویدا، کە ئەو پشتیوانییەی کوردەکان (٤٠٠) ساڵی خایاندووە."
ئاڵتان تان لەم کتێبەیدا ئاماژە بە دوو ڕوداوی مێژوویی گرنگ دەکاتو دەیەوێت بە ناڕاستەوخۆ بڵێت: ڕوداوگەلێکی لەم جۆرە هۆکار بووە بۆ دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی. ئاڵتان تان دەربارەی باشووری کوردستانو پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیادا دەنوسێت: "بەریتانییەکان ویستیان دەوڵەتێکی پادشایی بۆ کوردستان دروستبکەن، بەڵام بە هۆی هەڵوێستی توندی شێخ مەحمودەوە لەو بڕیارەیان پەشیمانبوونەوە." وەک ئاڵتان تان باسیدەکات، "شێخ مەحموودی بەرزنجی، کە خەڵکی سلێمانی بوو، گوتوویەتی: تەوقە لەگەڵ کەسێکدا ناکەم کە ڕووی لولەی تفەنگەکەی کردبێتە سوڵتان."
بەم هۆیەوە بەریتانیەکان پاشگەزبوونەوە لە دروستکردنی دەوڵەت بۆ کوردەکان. پاشان ئاماژە بە بەڵگەیەکی دیکە لەو بارەیەوە دەکات، کە لە هەمان کاتدا وەک ساویلکەیی کوردەکانو ڕەفتاری دوژمنکارانەی دەوڵەتی تورک باسیدەکات. وەک ئاڵتان تان دەیگێڕێتەوە: "سەرۆکی کۆمەڵەی تەعالی کورد لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا سەید عەبدولقادر فەتوایەکی دەرکردووە، کە نابێت هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی دیکەی جیاواز بدەینو ئەمە خیانەتێکە بەرانبەر بە برا تورکەکان"، بەڵام بە تەنزەوە ئاڵتان تان ئاماژە بەوە دەدات کە "دەوڵەتی تورکیا لە بەرانبەر ئەم فەتوایەدا وەک وەفایەک ساڵی (١٩٢٥) سەید عەبدولقادری لە بەردەم مزگەوتی گەورەی دیاربەکر لەسێدارەدا."

### ئاڵتان تان لە باوکێکی کوردو دایکێکی تورک هاتووەتەژیانەوە.

نوسەر دێتەسەر باسی دروستبوونی دەوڵەتو پێیوایە کە "سەردەمی دەوڵەتی نەتەوایەتی بەسەرچووەو لە سەردەمی جیهانگیریدا دەوڵەتی نەتەوەیی بە هیچ جۆرێک چارەسەری کێشەکان ناکات."
ئاڵتان تان بۆ پشتیوانیی بۆچوونەکەی بیرەوەرییەکانی جەنگی یەکەمی

جیهانیدەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لە کاتێکدا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا وڵاتانی وەک ئەڵمانیاو بەریتانیاو فەڕەنسا خوێنیان لە کەلەی یەکدیدا دەخواردەوە، ئێستا سنوورەکانی نێوانیان لادەبەن."
لە باسی چەمکی "کورد"دا باس لەوە دەکات کە "کوردەکان هەموو ئەو کەسانەن بە زمانی کوردی قسەدەکەن و لە هەمان کاتدا پێکهێنەرو کارتێکراوی کێشەی کوردن." بەو واتایەی ئەوەی کە لە ناو کێشەکەدایە، خودی کوردەکانن و ئەوەیشی کە کاریگەریی لە سەر دروستدەبێت لە ئەنجامی کێشەی کوردەوە، هەر خودی کوردەکان خۆیانن.
ئاڵتان تان لە باسی مێژووی کورددا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە "کوردەکان بە هەزاران ساڵ لەمەوبەر لەم ناوچە جوگرافییەدا، کە بە دڵی جیهانی ئیسلامی دانراوە، ژیاون."
ئاڵتان تان لەگەڵ ئەوەی ژمارەی کوردەکان بە (٣٠) ملیۆن کەس دەخەمڵێنێت، باس لەوە دەکات کە ئەو ژمارەیە دابەشبوون بە سەر چەند دەوڵەت و ناوچەیەکی جوگرافیی جیاوازدا، هەر ئەوەیش وایکردووە پەرت و بڵاوبنەوەو نەتوانن پێکەوە هەموویان کیانێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروستبکەن.
وەک نوسەری کتێبەکە ئاماژەیپێداوە، کێشەی کورد لە تورکیاو دەوڵەتانی دیکەیشدا دواجار سەریکێشاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری و زیانمەندی یەکەم کوردەکان بوون و ژمارەیەکی زۆریان لێ کۆمەڵکوژکراوە. لێرەوە نوسەر بانگەشە بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی و دانوستان لە سەر کێشەی کورد لە تورکیادا دەکات و پێیوایە کە "هەتاوەکو ئاشتییەکی جێگیر لە تورکیادا فەراهەمنەیات و پێکدادانەکان بە تەواوی و یەکجاری نەوەستێنرێن، هیچ مەودایەک بۆ چالاکیی مەدەنی و چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد نایەتەئاراوەو تورکیایش ڕزگارینابێت لە دەستوەردانی سەربازی." وەک ئاڵتان تان ئاماژەیپێدەدات، "ئەمەیش باشترین ئامرازی باڵی سەربازی و ئەوانەیە کە دژی چارەسەری سیاسی و مەدەنیانەی کێشەی کوردن لە سەر مێزی گفتوگۆ."
ئاڵتان تان دەربارەی ئەو مافانەی لەلایەن دەوڵەتە جیاوازەکانەوە بە کورد ڕەوابینراوە، پێیوایە بە پێی دەوڵەتەکان و بارودۆخی کوردەکانی ئەو دەوڵەتە ئەو مافانە جیاوازن. بە بۆچوونی نوسەر، "ئەگەر لە هەندێک بارودۆخدا کێشەی کوردو مافەکانی لە وڵاتانی تورکیا، عێراق، ئێران، سوریاو ڕوسیادا وەک یەک بن، ئەوا لە چەند بوارێکی دیکەدا جیاوازیی ڕوونیان هەیە." بەم جۆرە هەرچەندە دەوڵەتەکان هەوڵبدەن لە لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەر بەم کێشەیە بگرن و کۆنترۆڵیبکەن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو کێشەیە دەگاتە خاڵی چەقبەستوویی و ئیدی دەتەقێتەوە.

نوسەر دێتەسەر باسی کێشەی کورد لە تورکیاو دەنوسێت: "سیاسەتی ناوخۆیی تورکیا لە ئاستی هەرێمی یاخود نێودەوڵەتیدا بێت، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کێشەی کوردەوە." لێرەدا نوسەر دەیەوێت خوێنەر تێبگەیەنێت کە لە ناوخۆی تورکیادا بە هەر جۆرێک هەنگاوبنرێت، دواجار چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە پەیوەستەبن بە کێشەی کوردەوە. بە واتایەکی دیکە، تاوەکو کێشەی کورد لە تورکیادا چارەسەرنەکرێت، کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە چارەسەرنابن.

**ئاڵتان تان دەیەوێت لەم کتێبەیدا پێمانبڵێت چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیادا تەنها پێدانی مافە سەرەتاییەکانو ئازادیی ڕادەربڕینو ناسنامەو زمانو جلوبەرگ بە کوردەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو مافانەدا چارەسەری چەندین کێشەیەی دیکەیە، کە بە هۆی کێشەی کوردەوە سەریانهەڵداوەو کوردەکانی باکووری کوردستانی بۆ دوو بەرەی سەرەکی دژبە یەک دابەشکردووە.**

بەم جۆرە ئاڵتان دەیەوێت دەسەڵاتدارانی تورکیا بەئاگابهێنێتەوە لەوەی کە ئەگەر دەیانەوێت کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەیان چارەسەربکەنو پەلبهاون بۆ دەرەوەی سنوورەکانیان، دەبێت پێش هەموو شتێک کێشەی کورد لە وڵاتەکەیاندا بە دیوی چارەسەرکردندا یەکلاییبکەنەوە. لێرەوەیە ئاڵتان تان پێیوایە کێشەی گەورە بۆ تورکیا وەک تورکەکان خۆیان دەڵێن، کێشەی قوبرس نییە، بەڵکو کێشەی گەورە لە بەردەم هەنگاوەکانی تورکیادا پرسی کوردە.

لێرەوە کێشەی کورد لە تورکیادا پەیوەستدەکات بە وڵاتانی خۆرئاواوەو باس لەوە دەکات وڵاتانی ئەوروپا هەر بابەتێکی تورکیا پەیوەستدەکەنەوە بە کێشەی کوردەوە. نوسەر پێیوایە ئەو دەوڵەتانەی دەیانەوێت تورکیاو وڵاتانی ناوچەکە لاوازبکەن، کێشەی کورد بە تەواوی کارتێکی فشاری بەهێزە بە دەستیانەوە. لێرەدا نوسەر دەیەوێت دوو پەیام بگەیەنێت، یەکەم: دەیەوێت بڵێت کێشەی کورد گەیشتووەتە ئاستێک کە هەر لایەنێک دەیەوێت، بۆ مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریدەهێنێت، لە هەمان کاتدا دەیەوێت بە تورکیاو بەرپرسانی وڵاتانی ناوچەکە بڵێت: تاوەکو کێشەی کورد چارەسەرنەکەن، چاوەڕێمەبن کێشە ناوخۆییەکانی تورکیاو کێشە هەرێمییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەرببێت. بەم جۆرە ناتوانرێت لە ناوچەکەدا هەنگاوێکی ئەرێنی بە

ئاڕاستەی سەقامگیریی ناوچەکە بنرێت.
نوسەر لە بابەتی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوورو باس لەوە دەکات کە "سەرەڕای ئەوەی کوردەکان لە سەردەمی سەلجوقیو عوسمانییەکانەوە تاوەکو ئێستا بە درێژایی هەزاران ساڵ بێبەشن لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان، بەڵام هەر درێژەیان بە ژیان داوە، ئێستا داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو ڕوداوە گورچکبڕانەی بە سەر کورددا هێنراونو ناچاربووە لە ڕێگەی شۆڕشەوە داوای مافەکانی خۆی بکات."
ئاڵتان تان دێتەسەر قەدەری کوردبوونو ئەو ڕاستییە دێنێتەبەرچاوی خوێنەر کە "هیچ کەسێک ناتوانێت پێش هاتنەدونیای بڕیار لە سەر لەدایکبوونی خۆی بدات، کوردبوون قەدەری ئەو کەسانەیە کە لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) لەدایکدەبن. لە دوای لەدایکبوونیش هیچ کەس ئامادە نییە نکوڵی لە نەژادی خۆی بکات."
ئاڵتان تان لەم کتێبەیدا کێشەی کورد تەنها لە چوارچێوەی پێدانی مافەکانی کورد لە تورکیادا نابینێت، بەڵکو نوسەر دەستدەخاتەسەر کۆمەڵەبرینێکی کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیادا، کە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشەی کوردو مانەوەی ئەو کێشەیەن بەبێ چارەسەری ڕیشەیی. ئاڵتان تان لێرەدا باس لە چەند کێشەیەک دەکات کە بە هۆی کێشەی کوردەوە سەریانهەڵداوەو پێیوایە چارەسەری ڕیشەیی پرسی کورد واتە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دیکەیش، کە خەریکە کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیادا بۆ دوو بەرەی دژبەیەک دابەشدەکات.
لێرەدا ئاڵتان تان باس لە دابەشبوونی کوردەکانی باکووری کوردستان دەکات بە سەر بەرەی چەپو بەرەی ئیسلامی/ ڕاستڕەودا. لە کاتێکدا وەک ئاڵتان تان باسیدەکات، بابەتی بیروبۆچوون و باوەڕداری بابەتێکی کەسییەو بەشێکە لە ئازادییە کەسییەکان، بەڵام کێشەی کورد لە تورکیادا ئەم بابەتەی والێکردووە هێزە چەپەکان بە جۆرێک لە کێشەی کورد بڕوانن‌و هێزە ئیسلامیو ڕاستڕەوە کوردییەکانیش بە جۆرێکی دیکە لە کێشەکە بڕوانن‌و هەردوولا پڕۆژەو دونیابینیی خۆیانیان هەیە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، دەوڵەتیش هەتا بتوانێت، هەوڵدەدات کێشەکانی نێوان ئەو دوو بەرەیە قوڵتربکاتەوە، بەو هیوایەی سوود لەو ناکۆکییانەی نێوان هەردوو "بەرە شۆڕشگێڕە کوردییەکە" وەربگرێتو لە ئەنجامدا بە هۆی لاوازییانەوە کۆنترۆڵیانبکات، یاخود هاوڵاتیان بێزاربن لەو ململانێیەی ئەو دوو بەرە کوردییە، کە لە ژێر چەتری خەباتو کوردایەتیدا دەیکەن، بەم جۆرە دانیشتوانی باکووری کوردستان فەرمانڕەوایی دەوڵەتی تورکیا وەک باشترین جێگرەوە پەسەندبکەن.

ئاڵتان تان لێرەدا چارەسەرکردنی کێشەی کورد زۆر فراوانتر لێکدەداتەوەو پێیوایە چارەسەری ئەو کێشەیە چارەسەری دەیان کێشەی دیکەی وەک دابەشبوونی کۆمەڵگە بە سەر بەرەی چەپو بەرەی ئیسلامی، دەوڵەمەندبوونێکی نائاسایی خەڵکانێک لە سایەی جێبەجێکردنی ئابووریی سەرمایەداریو هەژاربوونی لەرادەبەدەری چینێکی دیکەیە. جگە لەوەیش، چارەسەری کێشەی کورد جارێکی دیکە بونیادنانەوەو رێکخستنەوەی تەواوی دامودەزگا دەوڵەتیو کۆمەڵایەتییەکانە لە ناوچەکەدا، بە تایبەت دامەزراوەی پەروەردەو خوێندنی باڵا.

ئاڵتان تان لە درێژەی کتێبەکەیدا داوادەکات واز لە "خەیاڵپڵاویی دیموکراسیی تورکیا" بهێنرێت، لەبەرئەوەی وەک نوسەر لە کتێبەکەیدا نوسیویەتی: "هەرچەندە وابزانین لە وڵاتێکی دیموکراتیدا دەژیین، هەر لەم وڵاتەدا خەڵکانێک هەن کە ناتوانن بە ناسنامەی خۆیانەوە، کە کوردبوونە، بژین."

کاتێک لە ساڵی (٢٠١٢)دا ئاڵتان تان ئەم کتێبەی لەچاپداوە کە ئەو کاتە پرۆسەی ئاشتیو کرانەوەی تورکیا بە رووی کورددا دەستیپێکردبوو. نوسەر بە وردی دۆخی ئەو کاتەی تورکیاو پرۆسەی ئاشتیی شیکردووەتەوەو تەنانەت ناڕاستەوخۆ پێشبینیی ڕوداوەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆی پەیوەست بە ڕاگرتنی پرۆسەی ئاشتیو تێکچوونی پەیوەندییەکانی کوردو دەوڵەتی تورکیاو ئاکپارتیی کردووە.

**ئاڵتان تان لە کتێبەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە "لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشدا کوردەکان بە بڕبڕەی پشتی جوڵانەوە ئیسلامییەکانی ناو تورکیا دادەنرێن".**

لەو کاتەی ئەم کتێبە نوسراوە، بەرەی چەپڕەوی کوردی تورکیا لە چوارچێوەی پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە) (Barış ve Demokrasi Partisi) (BDP) درێژەی بە خەباتی سیاسیی خۆی داوەو دەتوانرێت بگوترێت کە پەرلەمانتارەکانی هەتا رادەیەکی زۆر وەک نوێنەری کوردەکان لە پەرلەماندا چالاکییان ئەنجامداوە. لێرەدا ئاڵتان تان بوونی پەرلەمانتارانی بەدەپە لە پەرلەمانی تورکیادا "وەک شانسێک" وێنادەکات لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیو کرانەوەدا. نوسەر باس لەوە دەکات کە "بەدەپە لە پەرلەمانداندایە، بۆیە دەتوانێت داوای مافەکان بکات، ئەگەر لە پەرلەمان بکرێتەدەرەوە، لە مافەکانیشی بێبەشدەکرێت." لێرەدا وەک پێشبینییەکو ئاگادارکردنەوەیەکی بەرپرسانی ئاکپارتیی دەسەڵاتداری تورکیا، ئاڵتان تان ئاماژە بەوە دەکات کە "هەرچەندە ئاکپارتی بەردەوام بانگەشەی

دیموکراسیو کرانەوە دەکات، بەڵام دەبێت لەبیرینەچێت کە دیموکراسی واتە قبوڵکردنی هەموو دیدو بۆچوونە جیاوازەکانو هەڵکردن لەگەڵیاندا، هەرچەندە لەگەڵ بۆچوونەکانی تۆیشدا یەکنەگرنەوەو دژ بن."

ئاڵتان تان بەشی کۆتایی کتێبەکەی بە گوتەیەکی سەرۆککۆماری تورکیا؛ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، دەستپێدەکات، کە ساڵی (٢٠٠٥) لە ئامەد کردوویەتی. ئەردۆگان لە سەردانێکیدا بۆ ئامەد، کە بە یەکەم هەنگاوی پرۆسەی ئاشتیو کرانەوەی تورکیا بە ڕووی کورددا هەژماردەکرێت، گوتی: "کێشەکە ناوی کێشەی کوردە، کێشەی منە، من چارەسەریدەکەم، هەندێک جار دەوڵەتانیش هەڵەدەکەن، پێویستبکات، داوی لێبوردن لە هاوڵاتیانیان دەکەن."

**لە بارەی پەیوەندیی کوردو تورکەوە ئاڵتان تان نوسیویەتی: "لە شەڕی چاڵدێر اندا (٢٥) میرنشینی کورد پشتیو انیی سوڵتان یاوزسەلیمیان کردو لە بەر انبەر شا ئیسماعیلی سەفەویدا وەستانەوە، ئەمەیش گەورەترین وەرچەرخان بووە لە پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ هەریەک لە ئیمپر اتۆریەتی عوسمانیو سەفەویدا."**

لێرەوە ئاڵتان تان، پشتبەست بەم گوتەیەی ئەردۆگان، ژمارەیەک داواکاریی کوردەکانی باکووری کوردستانی لە کتێبەکەیدا خستووەتەڕوو، ئەمانەیش کۆمەڵێک داواکاریی گرنگو سەرەکیو پێویستی ئەو کاتەی کوردەکانی باکووری کوردستان بوون:

١. بەو پێیەی لە تورکیادا جگە لە نەتەوەی تورک، چەندین نەتەوەی دیکە دەژین، کەواتە پێویستە چەمکی "هاوڵاتیی تورک"، کە لە دەستووری ئەو وڵاتەدا جێگیرکراوە، بۆ چەمکی "هاوڵاتیی تورکیا" بگۆڕدرێت.

٢. مۆڵەتدان بە دانانی وانەی زمانی کوردی وەک وانەیەکی "بژاردە" لە قوتابخانەکاندا.

٣. گێڕانەوەی ناوە بنەڕەتییەکانی شارو لادێ کوردییەکان بە شێوەیەکی فەرمی. لێرەدا ئاڵتان تان پێیوایە کارەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ گۆڕینی ناوی شارو گوندە کوردییەکانی باکووری کوردستان تەنها لە سەر کاغەز بووەو جگە لە نوسراوە فەرمییەکان، لە ناو خەڵکدا بەکارناهێنرێت، چونکە وەک نوسەر باسی دەکات، "هەرچەندە لە نوسراوە فەرمییەکانو میدیادا ناوە تورکییەکەی ئەو شارو گوندانە بهێنرێت، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچەیە هەر بە ناوە کوردییە کۆنەکەوە باس لەو شارو گوندانە دەکەن."

٤. جێبەجێکردنی سیستەمی لامەرکەزیو دانانی پارێزگارەکان بە هەڵبژاردن.

٥. دەرکردنی لێبوردنێکی گشتیی سیاسیی بۆ ئەوانەی لە "چیاکانو زیندانەکانو دەرەوەی وڵات" دەژینو ناتوانن بگەڕێنەوە تورکیا.
٦. پێویستە لە ڕێگەی دەستوورەوە گرنتیی پاراستنو قبوڵکردنی دینو زمانو مەزهەبە جیاوازەکان بکرێت. لێرەدا ئاڵتان تان ئاماژە بە ڕاستییەکی تاڵ دەکات، کە وەک پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچاوانی تورکیای دیموکراسییەوە دەدرەوشێتەوە!، ئەو ڕاستییەیش ئەوەیە کە "هەتا ئێستایش چەندین هاوڵاتیی کورد هەیە سڵدەکاتەوە لەوەی بڵێت: کوردم."
٧. لەگەڵ مۆڵەتدان بە دامەزراندنی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی کوردی، پێویستە لە تەلەفزیۆنە ئەهلیو تایبەتەکانیشدا بۆ ماوەی (٤٥) خولەک هەتا کاژێرێک مۆڵەت بە پەخشکردنی بەرنامە بە زمانی کوردی بدرێت. لێرەدا نوسەری کتێبەکە باس لەوە دەکات هێشتا خەڵکێکی زۆر لە باکووری کوردستان تەنها کوردی دەزانن.
٨. زیندانیی سەربازیی (١٢)ی ئەیلوولی دیاربەکر دابخرێتو بکرێت بە مۆزەخانە.
٩. چارەسەرکردنی کێشەی (٣) ملیۆن هاوڵاتیی کورد، کە لە نزیکەی (٣) هەزار گوندی باکووری کوردستانەوە کۆچیانکردووە بۆ شارەکان. بەشێکی ئەم هاوڵاتیانە بە ناچاری کۆچیان بۆ شارەکانی خۆرئاوای تورکیا کردووە، پێویستە جارێکی دیکە لە ڕووی دەروونیو کۆمەڵایەتییەوە ئەم کەسانە پەروەردەبکرێنەوە، بە جۆرێک سڵنەکەنەوە لە باسکردنی ڕەچەڵەکو نەژادی خۆیان، کە کوردە.

**ئاڵتان تان دەربارەی باشووری کوردستانو پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیادا نوسیویەتی: "بەریتانییەکان ویستیان دەوڵەتێکی پادشایی بۆ کوردستان دروستبکەن، بەڵام بە هۆی هەڵوێستی توندی شێخ مەحمودی بەرزنجییەوە لەو بڕیارەیان پەشیمانبوونەوە."**

سەرەڕای بەردەوامیی پرۆسەی ئاشتیو کرانەوە بە ڕووی کورددا لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٥)دا، کەچی لە کۆی ئەو داواکارییانەی ئاڵتان تان، هەتا ئێستا تەنها خاڵی دووەمو هەشتەم لەلایەن حکومەتی تورکیاوە جێبەجێکراوە.
سەرەڕای هەموو ئەم کێشانە، ئاڵتان تان دەوڵەتو حکومەتی تورکیا بە شاری ئەستەنبوڵ دەچوێنێت. لێرەدا پەندێکی تورکەکان خۆیان دەهێنێتەوە، کە پێیانوایە "متمانە بە کەشوهەواو ئافرەتی ئەستەنبوڵ ناکرێتو بەردەوام لە گۆڕاندان." ئاڵتان تانیش پێیوایە متمانەکردن بە دەوڵەتی تورکو ئەو سیاسەتەی کە پەیڕەویدەکات، کارێکی هەڵەیەو "دەوڵەتی تورکیا هەر ماوەیەک لە ئاوازێک دەخوێنێت."
لەگەڵ ئەوەیشدا هەرچەندە تورکەکان خۆیان بەردەوام جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە گەورەترین کێشەی تورکیا

کێشەی قوبرسە، بەڵام ئاڵتان تان پێیوایە لەو بۆچوونەیاندا تورکەکان بەهەڵەداچوون، تان باس لەوە دەکات کە "گەورەترین کێشەی تورکیا کێشەی کوردە، بە جۆرێک کێشەکە گەیشتووەتە بنبەستو دەبێت چارەسەری ڕیشەیی بۆ بدۆزرێتەوە." لە هەمان کاتدا ئاڵتان تان ئاماژە بەوە دەکات کە "وەک چۆن چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا کلیلی چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتەیە، بە هەمان شێوە دەرگا لە سەر چارەسەری کێشەی قوبرسیش دەخاتەسەرپشت."

لە هەمان کاتدا نووسەری کتێبەکە وەک پێشبینییەک بۆ لەشکرکێشیو ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیو هەوڵی پەلهاویشتنی بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی "خاکە داگیرکراوەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی"، کە لە دوای بەهاری عەرەبییەوە، بە تایبەت لە عێراقو سوریاو لیبیادا چڕبووەتەوەو لە هەمان کاتدا وەک ئامۆژگارییەک بۆ بەرپرسانی تورکیا، ڕوو لە فەرمانڕەوایانی دەوڵەت دەکاتو پێیاندەڵێت: "هەتاوەکو کێشەی کورد لە ناوخۆی تورکیادا چارەسەرنەکەنو پشتیوانیی کوردەکان بەدەستنەهێنن، نەک پەلهاویشتنتان بۆ دوورترین سنوورەکانی عوسمانی، تەنانەت ناتوانن بپەڕنەوە بۆ ئەوبەری خابوور." لێرەدا مەبەستی ئاڵتان تان لە هەرێمی کوردستانو قەندیلە، کە تورکیا بە پەناگەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی دادەنێتو بەردەوام هەڕەشەی ئۆپراسیۆنێکی هێندە فراوانی سەربازی دەکات، کە "لە پڕ لە نیوەشەوێکدا" هەرێمی کوردستانیشی لەگەڵدا ڕابماڵێت، بۆیە ئاڵتان تان پێیاندەڵێت کە چارەسەری کێشەی کوردو لەناوبردنی پەکەکە لە ناوخۆی تورکیادایە نەک ڕامالینی هەرێمی کوردستان.

**نوسەرلەم کتێبەیدا جەخت لە سەر بەسەرچوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکاتەوەو باس لەوە دەکات کە "لە سەردەمی جیهانگیریدا دەوڵەتی نەتەوەیی بە هیچ جۆرێک چارەسەری کێشەکان ناکات."**

ئاڵتان تان لە کۆتایی کتێبەکەیدا دەیەوێت سەرنجی بەرپرسانی دەوڵەتو خوێنەر ڕابکێشێتو ئەو ڕاستییە بە گوێی تورکەکانو بەرپرسانی دەوڵەتدا بدات کە "هەروەک چۆن کوردەکان بە درێژایی هەزاران ساڵ لەگەڵ تورکەکاندا پێکەوەژیانیان قبوڵکردووە، بە هەمان شێوە ئێستایش هەمان بارودۆخ قبوڵدەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم کوردانە ئیدی پێکەوەژیانیان بەبێ ناسنامەی ڕەسەنی خۆیانو ناوچەیەکی جوگرافیی دیارکراو بە خۆیان قبوڵناکەن."

چەمکناسی

تورکیاناسی

# میللی گیۆروش
# (Milli Görüş)

تورکیاناسی

میللی گیۆروش (Milli Görüş)، کە لە تورکیادا بە ئەربەکانی (Erbakancılık) یش ناسراوە، وەک تەوژمو ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامیو سیاسی لەلایەن نەجمەدین ئەربەکان (Necmettin Erbakan)ەوە دامەزراوە. ئەم تەوژمە لە ساڵی (١٩٦٩) لە ڕێگەی جوڵانەوەی سەربەخۆکان (Bağımsızlar Hareketi)و پاشان دامەزراندنی پارتی نیزامی میللی (Milli Nizam Partisi)یەوە هاتووەتە مەیدانی سیاسەتەوە لە تورکیا.

میللی گیۆروش (Milli Görüş) لە زمانی کوردیدا بە واتای "بیری نەتەوەیی" دێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم تەوژمە لە ناوەڕۆکو سیاسەتی کارکردنیدا ئاماژە نییە بۆ بیری نەتەوەپەرستیو فاشیزمی تورکی، بەو واتایەی "بیری نەتەوەیی" لە تورکیا زیاتر لە سەر بنەمای بیری نەتەوەیی ئیسلامی بونیادنراوەو زیاتر جەخت لە سەر بنەما و بەها باڵاکانی ئیسلام دەکاتەوە نەک بیری نەتەوەپەرستی تورکی.

بە خوێندنەوەی بنەما سەرەکییەکانو هێڵە گشتییەکانو سیاسەتی کارکردنی، دەتوانین "میللی گیۆروش" وەک "ئیخوان موسلیمین"ی تورکیا ناوزەدبکەین. بە واتایەکی

دیکە "ئیخوان موسلیمین" لە میسرو جیهانی عەرەبیو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵەی ئیسلامی (الجماعة الاسلامیة) لە پاکستانو باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاو "میللی گیۆروش" لە تورکیاو جیهانی تورکیدا وەک سێکوچکەی تەوژمی ئیسلامی سیاسی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە جیهانی ئیسلامی وێنابکەین.

لە ژێر سایەی تەوژمی "میللی گیۆروش"دا هەریەک لە پارتی نیزامی میللی (Milli Nizam Partisi)، پارتی سەلامەتیی میللی (Milli Selamet Partisi)، پارتی ڕەفاه (Refah Partisi)، پارتی فەزیلەت (Fazilet Partisi)، پارتی سەعادەت (Saadet Partisi)و پارتی ڕەفاهی نوێ (Yeniden Refah Partisi) دامەزراوە. دامەزرێنەری پێنج پارتی یەکەم خودی نەجمەدین ئەربەکان بووە، بەڵام پارتی ڕەفاهی نوێ لەلایەن فاتیح ئەربەکانی کوڕی نەجمەدین ئەربەکانەوە لە ساڵی (٢٠١٨) دامەزراوە. جگە لە پارتی سەعادەتو ڕەفاهی نوێ، ئەو چوار پارتەی دیکە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە داخراون.

ئێستا هەریەک لە پارتی سەعادەتو پارتی ڕەفاهی نوێ خۆیان بە میراتگری "میللی گیۆروش" دەزانن و یەکدی تۆمەتباردەکەن بە لادان لەو بنەماو هێڵە گشتییانەی کە نەجمەدین ئەربەکانو هاوڕێکانی "میللی گیۆروش"یان لە سەر بونیادناوە.

هەرچەندە بەشێک لە توێژەرو شارەزایانی کاروباری تورکیاو ئیسلامی سیاسی لەو وڵاتە پارتی دەنگی گەل (Halkın Sesi Partisi)، پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) (Adalet ve Kalkınma Partisi) (AK Parti)، پارتی ئایندە (Gelecek Partisi)و پارتی دیموکراسیو تێپەڕاندن (دەڤا پارتی) (Demokrasi ve Atılım Partisi) (DEVA Partisi) وەک یەکێک لە پارتەکانی سەر بە "میللی گیۆروش" ئەژماردەکەن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئایدۆلۆژیاو پەیڕەوی ناوخۆو هێڵە گشتییەکانی ئەم پارتانە لەگەڵ "بیری نەتەوەیی"دا یەکناگرنەوە، ئەمە جگەلەوەی بەرپرسانی باڵای ئەو پارتانەیش ئامادە نین خۆیان وەک درێژکراوەی "میللی گیۆروش" وێنابکەن، لەبەرئەوە ناتوانرێت هیچ یەکێک لەو پاراتانە وەک بەشێک یاخود یەکێک لە پارتەکانی "میللی گیۆروش" هەژماربکرێن.

"بیری نەتەوەیی" پێیوایە تورکیا دەتوانێت بە هێزو توانای ئابووریو مرۆیی خۆی هەڵبسێتەوەو گەشەبکات، هەروەها بە پشتبەستن بە ڕابردووی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیو پاراستنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە، تورکیا دەتوانێت هەنگاوی خێراتر بنێتو بەرەوپێشبڕوات.

"میللی گیۆروش" پشتیوانی لە "ئابووریو بازاڕی ئازاد" دەکات، بە مەرجی نەبوونی "سوو". بە هەموو جۆرێک دژی ئاڵوگۆڕی دراوە وەک ماڵو موڵک، ئەمەیش

لەبەرئەوەی لە دۆخێکی لەم جۆرەدا "دادپەروەری نابێت، بەهێزەکان زیاتر بەهێزدەکات."

ئەو پارتانەی لە ژێر چەتری "میللی گیۆروش"دا دامەزراون، لە خولەکانی (١٩٧٤، ١٩٧٨، ١٩٩٦و ١٩٩٧) توانیویانە بگەنە دەسەڵاتو بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی دیکەدا حکومەت پێکبهێنن. لە ساڵی (١٩٩٧) خودی نەجمەدین ئەربەکان وەک سەرۆکوەزیرانی تورکیا دەستبەکاربووە.

لە ماوەی دەسەڵاتداریی نەجمەدین ئەربەکاندا هەڵمەتی پیشەسازیی قورس (Ağır Sanayı Hamlesi)، گرووپی (D٨)، سیستەمی حەوز پێکهێنراوە. "میللی گیۆروش" بە ڕابەریی ئەربەکان هەوڵیداوە لەگەڵ وڵاتانی جیهانی ئیسلامی ڕێکخستنی هاریکاریی ئابووریی ئیسلامی (İslam Ekonomik İşbirliği Teşkilatı)، یەکێتیی ڕێکخستنی سەربازی (Askeri Birliği Teşkilatı) دروستبکات.

**نەجمەدین ئەربەکان (Necmattin Erbakan)**

لەگەڵ باسکردنی "میللی گیۆروش" لە تورکیا دەستبەجێ نەجمەدین ئەربەکان وەک ڕابەری ئەم تەوژمە دێتەبەرباس. تەنانەت لە لای هەندێک کەس نەجمەدین ئەربەکان لە پێش چەمکی "میللی گیۆروش" بەکاردەهێنرێت. هەروەها لەگەڵ پیربوونی ئەربەکانو کشانەوەی لە مەیدانی سیاسەتدا، تەوژمی "میللی گیۆروش"یش هەتا رادەیەکی زۆر لاوازبووە، هەر بۆیە ناسینی ئەربەکانو تێگەیشتن لە تێڕوانینو بۆچوونەکانی وەک بەشێک لە ناسینو تێگەیشتن لە تەوژمی "میللی گیۆروش" دادەنرێت.

ئەربەکان لە (٢٩)ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٦) لە قۆنیا لە خێزانێکی ئاییندار لەدایکبووە، بە هۆی زیرەکییەوە لە خوێندندا ساڵێک پێش تەمەنی خۆی دەستدەکات بە خوێندنی بنەڕەتیو دوای تەواوکردنی ئامادەیی لە قۆناغی دووەمی زانکۆی تەکنیکیی ئەستەنبوڵ، بەشی ئەندازیاریی میکانیکی دەست بە خوێندن دەکات. لەگەڵ تەواوکردنی زانکۆدا وەک یاریدەدەری توێژەر لە هەمان زانکۆ دەستبەکاردەبێت، بە هۆی لێهاتوویییەوە وانەی پێدەرێت، دواتر لە زانکۆی (Aachen Teknik) لە ئەڵمانیا لەگەڵ ئامادەکردنی سێ تێزی دکتۆرا لە ماوەی سێ ساڵدا بڕوانامەی دکتۆرای پێدەبەخشرێت.

لە هەڵبژاردنەکانی (١٩٦٩) ئەربەکان وەک پەرلەمانتاری سەربەخۆی پارێزگای قۆنیا سەردەکەوێت بۆ پەرلەمان. بەم جۆرە سەرەتای دەرکەوتنی تەوژمی "میللی گیۆروش" لە ناو پەرلەمانی تورکیاوە دەردەکەوێت. ئەربەکان لە (٢٦)ی کانوونی دووەمی (١٩٧٠) پارتی نیزامی میللی دادەمەزرێنێت، بەڵام تەمەنی

پارتەکە زۆر نابێتو لە (٢٠)ی مایسی (١٩٧١) لەلایەن دادگای دەستوورییەوە دادەخرێت. ئەم پیاوە نەوەستاوەو لە (١١)ی تشرینی یەکەمی (١٩٧٢) پارتی سەلامەتیی میللی دادەمەزرێنێت، بەڵام لە (١٦)ی تشرینی یەکەمی (١٩٨١) ئەم پارتەیش دادەخرێت. پاشان ئەربەکان لە (١٦)ی تەمموزی (١٩٨٣) پارتی ڕەفاه دادەمەزرێنێت، ئەم پارتەیش لە (١٦)ی تشرینی یەکەمی (١٩٩٨) داخراوە. هەڵبەت پێش داخستنی پارتی ڕەفاه، ئەربەکانو هاوڕێکانی هەستیان بە مەترسیی داخستنی پارتەکەیان کردووە، هەر بۆیە لە (١٧)ی کانوونی یەکەمی (١٩٩٧) پارتی فەزیلەت دادەمەزرێنن، تەمەنی ئەم پارتەیش تەنها (٤) ساڵ دەبێتو لە (٢٢)ی حوزەیرانی (٢٠٠١) بە بڕیاری دادگای دەستووری دادەخرێت. دواجار لە (٢٠)ی تەمموزی (٢٠٠١)، ئەربەکان لەگەڵ هاوڕێکانیدا پارتی سەعادەت (Saadet Partisi) دادەمەزرێنێت.

لە (٢٧)ی شوباتی (٢٠١١) لە کاتێکدا سەرۆکی گشتی پارتی سەعادەت بووە، نەجمەدین ئەربەکان لە تەمەنی (٨٤)ساڵیدا کۆچیدوایی دەکات.

**دامەزراوە سێبەرەکانی "میللی گێۆروش"**

جگە لەو پارتە سیاسیانەی کە لە ژێر چەتری "میللی گێۆروش"دا دامەزراون، بە دەیان ڕێکخراو، سەندیکاو گرووپی جیاواز لە سێبەری ئەم تەوژمەدا دامەزراون، هەرچەندە زۆرێکیان بێکاریگەر ماونەتەوەو هەندێکیشیان داخراون، بەڵام تاوەکو ئێستا ژمارەیەک دامەزراوەی نزیک لە "میللی گێۆروش" لە مەیدانی سیاسەت، پەروەردە، میدیاو ئابووریدا لە تورکیا بەردەوامن لە کارو چالاکی.

گرنگترین دامەزراوە سێبەرەکانی "میللی گێۆروش"، کە هەتا ئێستا چالاکنو بە ناسراون، بریتین لە ڕێکخراوی (MİLKO) گەنجانی ئەنادۆڵ (ئاگەدە) Anadolu (AGD (Gençlik Derneği)، وەقفی گەنجانی میللی (مەگەڤە) Milli Gençlik (MGV (Vakfı)، ناوەندی توێژینەوە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان (ئێسام) Ekonomik ve Sosyal Araştırmalar (ESAM (Merkezi)، ڕێکخراوی جانسویو (Cansuyu Derneği)، ڕێکخراوی کرێکارانی تەکنیکی (تێکدەر) Teknik (TEKDER (Elemanlar Derneği)، ڕێکخراوی مامۆستایانی بەهەست (ئۆودەر) Şuurlu Öğretmenler (ÖĞ-DER (Derneği)، یەکێتیی فەرمانبەرانی دینی (دینبیردەر) Din (DİN-BİR-DER (Görelileri Birliği)، ڕیکخراوی نێودەوڵەتیی میدیاو پەیوەندی (ئودەم) Uluslararası Medya ve (UDM (İletişim Derneği)، وەقفی میللیی گێۆروش (Milli Görüş Vakfı).

کورد لە میللی گێۆروشدا

وەک هەر گرووپێکی ئیسلامی/ پارێزکاری تورکیو کوردی لە باکووری کوردستانو تورکیا، "میللی گیۆروش"یش یەکێکە لەو شەش گرووپە ئیسلامییە/ پارێزکارەی کە ژمارەیەکی زۆری کوردەکان پشتیوانییانکردووەو لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بە کاندیدەکانی ئەو پارتە سیاسییە داوە کە نوێنەرایەتیی "میللی گیۆروش"ی کردووە، بەڵام دوای دروستبوونی ئاک پارتی بە هەمان شێوەی تورکە ئیسلامیو پارێزکارەکان ژمارەیەکی زۆری کوردە ئیسلامیو پارێزکارەکانیش کەوتنە پشتیوانیی ئاکپارتیو ئەردۆگان.

پەیوەست بە کێشەی کوردەوە لە تورکیا، تێڕوانینی "میللی گیۆروش" لە چوارچێوەی بۆچوونو سیاسەتی نەجمەدین ئەربەکاندا بەرجەستەبووە. لەم چوارجێوەیەدا گوتەیەکی ئەربەکان لە تورکیاو دونیادا ناوبانگی دەرکردووە، کاتێک گوتوویەتی: "ئەگەر تورکو کورد لەیەکجیابکرێتەوە، نە تورک دەمێنێتەوەو نە کورد، بەڵام ئەگەر پێکەوە یەکبگرنو نموونەی بەرەنگارییەکانی چەنەکالە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا نیشانبدرێت، نە ئینگلیز دەمێنێتەوە، نە فەڕەنساو ئیسرائیل."

هەروەها وەک میتحەت سانجار هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) Halkların (Demokratik Partisi) (HDP ئاماژەیپێداوە، "لە بابەتی چارەسەری کێشەی کورددا، ئەربەکان خاوەنی پێگەیەکی تایبەتو کاریگەرە." تەنانەت سانجار پێیوایە کە "یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کودەتای (٢٨)ی شوباتی (١٩٨٢) بۆ ڕێگری بووە لە هەوڵەکانی نەجمەدین ئەربەکان بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتی لە تورکیا."

لەگەڵ ئەمانەیشدا، تێڕوانینی "میللی گیۆروش" سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستانو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی هەمان تێڕوانینە بنەڕەتیو گشتییەکانی دەوڵەتی تورکیایە، کە بە هەموو جۆرێک دژی دابەشبوونی دەوڵەتی عێراقەو هەمیشە جەخت لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەنەوە، ئەمەیش "بە هۆی مەترسییانەوە لە پەلهاویشتنی بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کوردەکان لە عێراق بۆ ناو وڵاتی خۆیانو تێکچوونی سنوورە جێگیرکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست."

---

**سەرچاوەکان**

١.Ömer Çınar, Türk siyasi hayatınd Milli Nizam Partisi (MNP), Kitapdostu Yayınları, Birinci baskı, İstanbul, ٢٠١٦.

٢.Cuma Çiçek, Ulus, Sınıf, Din, Türkiye'de Kürt Mutabakatının İnşaası, İletişim Yayıncılığı, Birinci Baskı, İstanbul, ٢٠١٥, Sayfa ١٠٧.

٣. Kemal Öztürk, Yeniden Refah-AK Parti İttifakı Bir Krizin Başlangıcı, ٠٨,٠٣,٢٠٢٤, https://kemalozturk.com.tr/blog/

yeniden-refah-ak-parti-ittifaki-bir-krizin-baslangici/, ١٢,٠٥,٢٠٢٤

٤. İslam Düşünce Atlası, Necmettin Erbakan: Türkiye'de İslamcı siyasî düşüncenin önde gelen isimlerinden, siyasetçi ve Millî Görüş hareketinin kurucusu, https://islamdusunceatlasi.org/necmettin-erbakan/٤٥٧, ١٤,٠٥,٠٢٤.

٥. Wikipedia Türkçe, Milli Görüş, https://tr.wikipedia.org/wiki/Mill%C٣%AE_G%C٣%B٦r%C٣%BC%C٥%٩F#Tarih%C٣%A٧e, ١٨,٠٥,٢٠٢٤

٦. Yeniakit, "Türk ile Kürt'ü ayırırsanız ne Türk kalır ne de Kürt", ١٤,٠٩,٢٠١٥, https://www.yeniakit.com.tr/haber/turk-ile-kurtu-ayirirsaniz-ne-turk-kalir-ne-de-kurt-٩٣٦٥٧.html, ١٤,٠٥,٢٠٢٤

٧. Rudaw Turkish, Sancar: Erbakan'ın Kürt sorununun çözümü arayışlarında özel bir yeri var, ٢٨,٠٢,٢٠٢١, https://www.rudaw.net/turkish/middleeast/turkey/٢٨٠٢٢٠٢١, ١٤,٠٥,٢٠٢٤

٨. İlkehaber, 'Milli Görüş' Bağımsız Kürt Devleti için ne düşünüyor?, ١٢,٠٧,٢٠١٤, https://www.ilkehaber.com/haber/milli-gorus-bagimsiz-kurt-devleti-icin-ne-dusunuyor-٣٠٠٩٦.htm, ٢٥,٠٤,٢٠٢٤

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری توركیاناسی

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێڕان

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپكراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیكەری نووسین و توێژینەوەكان لەم بەشانە پێكدێت: پێشەكی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەكان.

٣. پێشەكی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.كۆی توێژینەوەكە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەكان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەكی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەكییەكان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆكی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕاوان و چاوپێكەوتنەكان بە زمانی كوردی

بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری تورکیاناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمان شێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).
نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

**گۆڤار و توێژینەوە**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

ÖZTAY, Oğuz Han, (2022), 31 Mart 2019 Yerel Seçimleri Özelinde Bir Değerlendirme, İletişim Çalışmaları Dergisi, 4. Yıl, Sayı 1, Cilt 8, Sa 101

**ڕۆژنامە**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

**ماڵپەڕ**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya (٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).

نمونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).

نمونە: محمد قراسويى، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامى، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسى: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و

ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەر بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نمونە: يوتيوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

































گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی
سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی تورکیاناسی

ژمارە ( ٤ ) ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠٢٤